# چەپکێك لە
# حەماسەی پێشمەرگە

**برایم چووکەڵی**

پووشپەڕی ١٣٩٩

چەپکێك لە
حەماسەی پێشمەرگە
نووسینی: برایم چووکەڵی
پێداچوونەوە: عەلی بداغی
پووشپەڕی ۱۳۹۹
دیزاین: ئەیوب شەهابی‌راد
چاپ: چاپخانەی شوان- هەولێر

پێشکێشە بە گوڵاڵە محەممەدزادە،
کە نەتەنیا لە تەواوی ناخۆشییەکانی
ژیانمدا بە هەموو وجوودییەوە
شەریك و، هەمیشە یارمەتیدەری
بەڕێوەبردنی ئەرکەکانم بووە،
بەڵکوو خۆی و نزیکترین ئازیزانیشی
لە ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی
نەتەوەکەیدا خوێنیان لێ چۆڕاوە.

# وتەیەك لەبارەی ئەم کتێبە

کتێبی «چەپکێک لە حەماسەی پێشمەرگە» کە ئێستا لەبەر دەستدایە، پێکهاتوە لە کۆمەڵێک عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگە کە بۆ ستوونێکی ڕۆژنامەی «کوردستان» بەناوی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»م دەنووسی. دیارە بەپێی توانا هەرجارەی حەماسەیەک لە قارەمانانی دێموکراتم لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان زیندوو دەکردەوە. دواتر بەباشم زانی کە ئەو نووسینانە لە توێی پەرتووکێکدا و لە کتێبخانەی کوردیدا جێگای خۆی هەبێ، بۆ ئەوەی تۆزی فەرامۆشی لە داستانەکانی قارەمانەتیی پێشمەرگە نەنیشێ.

بۆ من کارێکی سانا نییە بتوانم پەڕ بە پەڕی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە بنووسمەوە. چونکە ئەم مێژووە پڕ سەروەرییە نە قەڵەم دەرەوەستی دێ و نە لە ئامێزی کاغەز و دەفتەردا ئۆقرە دەگرن. قارەمانانی ئەو مێژووە خوێناوییە کەم نین، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو، نەتەوەی کورد خوێنی لەبەر ڕۆیشتوە، ئەویش خوێنی کەسانێک کە لە بژاردە و هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵ بوون. ئەوان بە جوامێریی خۆیان سەلماندیان کە کورد نەتەوەیەکی زیندوویە و بۆ ئەستاندنی مافەکانی لەسەر پێیە. کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەدەینەوە و وەک فیلمێکی تراژێدی لە خەباتی خوێناویی گەلمان دەڕوانین، زۆر مێرخاس و جوامێران دەبینین. شەهیدانی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، نموونەی ئەو قارەمانانەن کە ناوی بەرز و یادی ئازیزیان لە کارنامە و پێشینەی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتدا، هەر لە بێستوونەوە تا ئاگری دەدرەوشێتەوە.

بۆ منی خۆشیلەخۆنەدیو کارێکی ئاسان نییە بۆ یەکەیەکەی فیداکارییەکانی پێشمەرگە یا باشترە بڵێم هێزە خەباتکارەکانی حیزب بەدواداچوون بکەم. وەختێک باس لە فیداکاری و خەباتی پێشمەرگەکانی حیزبێکی سیاسی دەکەین، مەبەست تەواوی ئەندامانی ئەو حیزبەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو بوارەکاندا (لە باری سیاسی، تەشکیلاتی، ماڵی، تەداروکاتی، کۆمەڵایەتی و هتد) ەوە بەشداری چالاکییەکان بوون و لە مەیداندا بوون.

دیارە خەباتی گەلێک بەبێ پێشڕەوایەتیی حیزبێکی شۆڕشگێر کە ئەرکی هەرە گرینگی دیاریکردنی ڕێبازی سیاسی بۆ ئەو گەلە و هەڵبژاردنی شێوەی خەبات لە قۆناغی دیاریکراودایە، هەرگیز سەرکەوتوو نابێ. بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە کە پێویستمان بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی خەباتی خۆمان و ئەزموون وەرگرتن لە شکان و سەرکەوتنەکان و تاڵی و سوێرییەکانی ساڵانی ڕابردوومان نییە. یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی نەسڵی تازەی گەلەکەمان ئەوەیە، ڕووداو و کارەساتەکانی نێو ژیان و خەباتی تێکۆشەرانی نەسل یا نەسلەکانی پێش خۆیان، بخوێننەوە و لێیان ورد ببنەوە. چونکە ئەو ڕووداوانە و کاریگەرییەکانیان هەر تەنیا پێوەندییان بە ڕابردووەوە نییە و، پێویستە دەرس و ئەزموونەکانیان بکەن بە چرای ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی ئێستا و داهاتووش. دیارە نەسلی ڕابردوو لەبەر ئەوەی بۆ خۆی لە نێو ڕووداوەکان و فیداکاری و بەرخۆدانی سەردەمی خۆیدا بووە و، کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و نیزامییەکانی داسەپاو لەلایەن دەسەڵات و ڕێژیمی زۆرداری سەردەمی خۆی بە چاوی خۆی دیتوە، دەبێ ئەزموونەکانی خۆی بگێڕێتەوە و بیگوێزێتەوە بۆ نەسلی دوای خۆی. ڕووداوەکانی قۆناغی خەباتی چەکداریی گەلەکەمان لەوانەن کە پێویستە تۆمار بکرێن و بنووسرێنەوە و بە مەبەستی شارەزایی نەسلەکانی ئێستا و داهاتوو لێیان، کاریان لە سەر بکرێ.

جێگەی شانازییە کە قارەمانانی دێموکرات لە هەموو هێزەکانی سەر بەو حیزبە گیانیان لە پێناوی ئازادی و سەربەستیی نیشتماندا بەخت کردوە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی و ئازایەتییان تۆمار کردوە. هێزە قارەمانانەکانی حیزبی دێموکرات لە زۆربەی ناوچەکاندا زۆر جار ڕووی

داوە سەرتاسەری ڕۆژێک و، زۆر جار دوو ڕۆژ، سی شەو و ڕۆژ بە چەکی سووک لە بەرامبەر شەپۆلی ئینسانیی هێزی داگیرکەردا ڕاوەستان. ئەوان بە خۆڕاگری و پێشکێش‌کردنی خوێنی خۆیان نیشانیان داوە کە دوژمنی فاشیست بە شەپۆلی ئینسانی و جبەخانەی زەبەلاح و چەکی پێشکەوتوو ناتوانێ هێز و بیروباوەڕی ڕۆڵەکانی دێموکرات لاواز بکا.

ئەوەی من وەک یەکێک لە کاراکتێرەکانی نێو خەباتی چەکداریی حیزبەکەم دەستم بۆ ئەو کارە بردوە، دەتوانن وەک لاپەڕەیەک لە داستانی خۆڕاگری و بەرخۆدانی پێشمەرگە چاوی لێ بکەن. دیارە مێژووی خەبات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان بە دەیان هەزار لاپەڕە و بە سەدان و هەزاران پەرتووک لەخۆ دەگرێ. لە ڕاستیدا هەموو کەلێن و قوژبن و هەوراز و نشیو و دەسکەوتەکانی پڕ لە شانازیی خەباتی چەکداری، کاری ڕۆژانەی پێشمەرگە و فیداکاریی هێزەکانی حیزب کە وەک ئەستێرەی دەرەوشاوەی ئاسمان تروسکەیان دێ، قەڵەمی من توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە کە هەمووی سەروەریی گەلێکی چەوساوەیە. ئەوە کارێکە کە دەبێ بەپێی پلان و بە بەشداریی کۆمەڵێک کەس و بە پشتبەستن بە سەرچاوە و دۆکیۆمێنتی پێوەندیدار بە مێژووی دەوڵەمەندی خەبات و بەربەرەکانیی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات بکرێ.

خۆشەویستان!

لەم نووسینە کورتەدا بە دەرفەتی دەزانم ڕێز و سپاس و خۆشەویستیی خۆم پێشکەش بەو هاوڕێیانەم بکەم کە لە ڕاستیدا هاوکاریی بەنرخیان کردووم و بۆ خستنەڕووی ئەو پەرتووکەم مایەیان لەخۆیان داناوە. بەڕێز عەلی بداغی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بە وەختی خۆی و لە کاتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەدا پێیدا چۆتەوە. هەروەها هاوڕێی دەستڕەنگینم کاک ئەییوب شەهابی‌ڕاد کە وەک هەمیشە بە ئامادەکردنی بەرگی کتێبەکە و مونتاژی نێوەرۆکەکەی هاوکاریی کردم و سەرەڕای پڕکاریی هەمیشەیی، کاتی خۆی بۆ تەرخان کرد.

هەروەها لە هێندێک ناوچە کە من لێیان دوور بووم، ئەگەر پرسیار یان ناڕوونییەک لەسەر عەمەلیاتێک هەبوایە، خۆشەویستانێک هاوکارییان کردووم کە جێی خۆیەتی سپاسیان بکەم. ئەو بەڕێزانە لەو کەسانە بوون کە

لەو جۆرە کاتانەدا بە هانامەوە هاتوون و لە وڵامدانەوە درێغیان نەکردوە.
ماوەتەوە بڵێم شانازی بە هەموو ئەو ڕۆژانەوە دەکەم کە یەک بە یەکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شانازیی تێدا خوڵقاندوە و بەرگریی لە نیشتمانی جوانی کوردستان کردوە و خوێن و گیانی خۆی پێ بەخشیوە. چونکە ئەگەر ئەو ڕابردووە و ئەو خۆ بەختکردنە نەبوایە و، ئەگەر بەربەرەکانی و فیداکاریی بەرامبەر دوژمن لە گۆڕێدا نەبوایە و پێشمەرگەی کوردستان قۆڵی لێ هەڵنەماڵیبا، ڕێگای داهاتوو بۆ نەوەی دواتری ئەم نەتەوەیە زۆر تاریک دەبوو. ئێستا لە سایەی ئەو فیداکاری و خوێندانەیە کە کورد شانازی بە ڕابردووی خۆیەوە دەکا. هەست بە سەربەرزی دەکا کە سەری بۆ داگیرکەران دانەنواندوە و خوێنی لاوەکانی بۆتە چرای ڕووناکی بەر پێی تێکۆشەرانی خەبات بۆ ڕزگاریی کوردستان.
لە کۆتاییدا ئەم پەرتووکەم پێشکەش بە هاوژینم گوڵاڵە محەممەدزادە دەکەم کە نەک هەر لە ناخۆشییەکانی ژیانمدا بە هەموو وجوودییەوە شەریک و، هەمیشە یارمەتیدەری بەڕێوەبردنی ئەرکەکانم بووە، بەڵکوو خۆی و نزیکترین ئازیزانیشی لە ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیدا خوێنیان لێ چۆڕاوە. پێشکێش بە ئەو کە دوو برای لەم ڕێگەیەدا شەهید بوون و خۆیشی لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا برینی قورسی هەڵگرت، بەڵام بەخۆشییەوە بڕوابەخۆتر لە جاران، لە سەنگەری تێکۆشان و لە ژیانی خەباتکارانەماندا، هەر وا هاوڕێ و بەردەوامە.

برایم چووکەڵی
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی

# تۆ بڵێی ئەم کتێبانە پێویست بن؟

ئێمە منداڵ بووین، عومەر موختاری لیبیمان ناسی. چۆن؟ لە فیلمێکی سینەماییدا. فیلمێک، کە پیاوێکی پیر پاڵەوانەکەیەتی. سەرکردەی ڕزگاریخوازی لیبی، کە دژی داگیرکەریی ئیتالیاییەکان ڕاپەڕی، کەچی پاش ئەوەی سوپاکەی دەشکێنن، دەیگرن و لە سێدارەی دەدەن، بەڵام ئیتر عومەر موختار بە پەتی سێدارەوە لەبەر چاوی ئێمە کەسێکی شکستخواردوو نەبوو، پاڵەوانێک بوو، کە غەدری داگیرکەر تێکی شکاند. سەرکەوتوویەک، کە تا دنیا بە دنیایە شانازیی ڕزگاریخوازانی گەلەکەیەتی و لەسێدارەدرانیشی پەڵەیەکە بە نێوچاوانی ئیتالیاییەکانەوە.
هەر ئێستا هەموو جیهان بە ورد و درشتەوە بڕوایان بە جوولەکەکان کردوە کە بەڵێ نازییەکان شەش میلیۆن کەسیان لێ پاکتاو کردوون، بەڵام چۆن کارێکیان کرد دنیا بەوە بزانێ؟ ئاخۆ تەنیا بە هەوڵی دیپلۆماتیک و دادخوازی و هاواری نێودەوڵەتی؟ نەخێر، ئەوەی هەموو دنیای بە قەناعەت گەیاند، ئەو لێشاوی فیلم و دراما و ڕۆمان و چیرۆک و بەڵگەنامانە بوون، کە چاپ کران و بڵاو کرانەوە. لێرەوە دەزانین کتێب چ کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ناساندنی میللەتێک و وشیارکردنەوەی مرۆڤەکان هەیە.
ئێمە چیمان کردوە؟ تا ئێستا هیچ. مێژوویەکمان هەیە پڕ لە گوڕەی نەگریسی داگیرکەر و غەدر و خیانەت و کوشتاری بەکۆمەڵ و ڕاوەدوونان و ئاوارەیی و ماڵبەکۆڵی و هاوکات پڕ لە بەرگری و بەگژداچوونەوە و بەرەنگاریی قارەمانانەی پێشمەرگە و خەباتی بێپسانەوە و هەوڵدان بۆ ڕزگاری لە کۆت و نیری یەخسیری.
هەر کام لەو وێستگە مێژووییانەمان هەڵدەگرن سەدان

ڕۆمانیان لێ بنووسرێتەوە و سەدان فیلمی سینەمایی و دراما و بەڵگەفیلمیان لێ دروست بکرێ. بەڵام مخابن تا ئێستا جگە لە هێندێ وردەهەوڵی دڵسۆزانە، شتێکی ئەوتۆ نەکراوە.
کاک برایم چووکەڵی، لەو ساڵانەی ڕابردوودا هەوڵێکی جوان و شێلگیرانە و دڵسۆزانەی داوە بۆ تۆمارکردن و زیندووڕاگرتنی ئەو لاپەڕە سوورانەی مێژوو، کە تێیاندا دڕندەیی دوژمن و لێقەوماویی میللەتەکەمان و ئازایەتی و گیان لەسەردەستیی پێشمەرگەکانی کوردستان بەڕوونی نیشان دراوەتەوە. ئەوەی چووکەڵی کردوویەتی، هەنگاوێکی گەورە و باشە، کە یاد و بیرەوەری و ناوی شەهیدەکانمان بەرز ڕادەگیرێ و نەوەکانی داهاتوو لەو مێژووە ئاگادار دەبنەوە کە ئەوان نەیاندیتووە، بەڵام نووسەری ئەم کتێبە تێیدا ژیاوە. ئەم کتێبە بە زمانێکی پوخت و خۆش و ڕەوان نووسراوە. هەمووی بەڵگەی مێژووە. دەستی نووسەرەکەی خۆش بێ و یاد و ناوی شەهیدەکانمان بەرز بێ و نموونەی کاک برایم و ئەو بەرهەمانەش زۆر بن.

ڕەسووڵ سوڵتانی
٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩

# ڕزگاری لە داوێنی ژنێکەوە!

ئێوارە درەنگانێک لە گوندی «کانیشقاقان»ی ناوچەی ئاڵەشێنی بۆکان ٤ کادری فیداکار و بە ئەزموون چاوەڕوان بوون سێبەری ئێوارە دابێ هەتا شوێنی پشوودان بگوازنەوە و خۆیان بۆ تێکۆشانی سبەی ئامادە بکەن. ئێوارەی هەمان ڕۆژ واتە ١٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ ئەو چوار تێکۆشەرە لەئاوایی کانیشقاقان وێڕایی بەسەر کردنەی خەڵکی ئاوایی کە هەموو پشت و پەنای پێشمەرگە بوون ئەرکە حیزبییەکانیان ڕاپەڕاند و بۆ خۆپاراستن لە چاوی دوژمن کاتژمێر ١١ی شەو بە بێ خشپە و زۆر بەنهێنی لە ئاوایی وەدەرکەوتن. پاش بڕینی ڕێگایەکی دوور و لەکاتێکدا شەکەتی خەریک بوو بڕستیان لێ ببڕێ خۆیان گەیاندە گوندی «کەرێزان»ی ناوچەی ئاڵەشین و بڕیاریاندا لەم گوندە بمێننەوە و سبەی خەریکی کاروباری حیزبیی خۆیان بن. ئەو پۆلە تێکۆشەرە کە ئەرکدار کرابوون سیاسەتەکانی حیزبەکەیان بەرنە نێو خەڵک و ئەوان لە پیلانە دژی گەلییەکانی ڕێژیم ئاگادار کەن و پەیامی هێزی پێشمەرگەیان پێ بدەن کە هەمان درێژەدان بە ڕێگای شەهیدانە، بەو بیرانەوە خۆیان خزاندە نێو گوند و لە دوو ماڵ دامەزران.

مانەوە لەنێو خەڵکی دڵسۆزی ئەو گوند و دڵنیابوون لەوە کە سبەی بەشێکی دیکە لە ئەرکەکانیان بەباشی بەجێ دێنن و خەڵک بە دیداری خۆیان شاد دەکەن، خەوێکی خۆشی بە نسیب کردن. بە تایبەتیش کە ماندوویەتی لەپێی خستبوون و چیدیکە توانای دانیشتنیان نەبوو. ئەوان بە نێو ڕایەڵکەیەکی بەهێزی دوژمندا خۆیان گەیاندبوە ئەو ناوچەیە کە تەنیا ورە و ئیمانی پێشمەرگە دەی توانی شتی وا بکا. سەرەڕای مۆڵگەیەکی زۆری دوژمن، بەداخەوە سیخوڕ و خۆفرۆشیش دەوری

دژبەری پێشمەرگەیان دەگێڕاو چوارچاو دەگەڕان سۆراغیان بکەن‌و بۆ وەرگرتنی دەسخۆشانە هێزەکانی دوژمنیان لێ ئاگادار بکەن.
خاوەن ماڵ کە لەخۆشیی دیداری پێشمەرگە هەموو شتێکی لەبیر چووبۆوە هەر لەهاتوچۆدا بوو. جارێک سەری ئەو ژوورەی دەدا کە قارەمانەکانی لێ بوو، جارێک دەچۆوە لای خێزانی و دەستووری دەدا چێشتی خۆشیان بۆ لێ بنێ. ئەو هەموو گیانی ببوە رێز و حورمەت بۆ ڕۆڵەکانی و نەیدەزانی چۆنیان پەزیرایی لێ بکا کە شایانی ئەوان بێ. دەگەڵ ئەوەکە لەخۆشیی دیداری پێشمەرگەکان دەپێستی خۆی‌دا جێی نەدەبۆوە، نیگەرانییش هەموو وجوودی داگرتبوو. ئەو دەیزانی دوژمن بێ ڕەحمە و ناوچەکەش بە تەواوی تەنراوە. لە بوونی جاسووسی نێوخۆییش بێ‌خەبەر نەبوو، بۆیە هەر دەستی هەڵ دێنا و دەپاڕایەوە ڕۆڵەکانی مەحفووز بن.
سەعات دەی بەیانی کادرە ماندوویی‌نەناسەکان کاتێک وەخەبەر هاتن هەستیان کرد بە هۆی ڕێگا ڕۆیشتنی زۆر بن لاقیان بلۆقی کردوە و خوێنی لێ دێ. بەو حاڵەش وەسەر خۆیان نەهێنا و وێڕای نان خواردنی بەیانی دەگەڵ خانەخوێ کەوتنە قسەوباس و پرسیار کردن لە وەزعی هێزەکانی ڕێژیم. ئەوان زۆر بە وردی پرسیاریان دەکرد و هەوڵیان دەدا زانیاریی هەرچی زیاتر وەدەست بێنن. خانە خوێش دڵسۆزانە ئەوەی دەیزانی بۆی دەگێڕانەوە و هەموو جارێش نفرینی بۆ جاش و جاسووسەکان دەنارد. قسەکان بە دەم سیاسەتەوە گەرم بوون کە وەخۆ هاتنەوە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ بوو. ئینجا سفرە ڕازایەوە و بۆنی شۆرباو فڕووجی کوردەواری ئەو نێوەی پڕ کرد. کادرەکان لە لایەک بەو زانیارییانەی وەدەستیان کەوتبوو خۆشحاڵ بوون و لە لایەکی دیکەش سفرەیەکی ڕەنگینیان لەپیش بوو کە بە تەواوی مەستی کردبوون. ئەوان هەموو وجوودیان ببوە غرووری پێشمەرگانە و هەستیان دەکرد دەنێو دڵی خەڵکەکەیان‌دا هیچ دوژمنێک ناتوانێ زەفەریان پێ ببا.
خۆ بەژووورداکردنی مێر منداڵێک و خەبەری ئەوە کە ماشێنی پاسداران هات، هەموو شتێکی لێ تێک دان. بەڵام خۆیان شلوێ نەکرد و نەیان هێشت تووشی شڵەژان بن. ئەوان کە قاڵبووی

مەیدانی خەبات بوون، زۆریان لەو ڕۆژانە دیتبوو و گەلێک جار هەر بەدەستەی چووکە زەبری گەورەیان لە سوپای دوژمن وەشاندبوو. هەر بۆیە بەرنامەی دیفاعێکی جانانەیان دارشت و بڕیاریان دا هەتا دوا گوللە شەڕ بکەن و ڕێگا نەدەن دوژمن بەسەریاندا زاڵ بێ.

جاش و پاسداری بەڕەوە و بە ترسەوە خۆیان بە ماڵاندا کرد بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان شک نەکەن. ئەگەرچی کوڕانی دێمۆکڕات زۆر لەو ڕۆژانەیان دیتبوو و هەمیشە ئامادە بوون بمرن بەڵام تەسلیم نەبن کەچی وادیار دوژمن بە تەیاری بەسەری داداون. بەرە بەرە هێزەکانی دوژمن لەو ماڵە نیزک بوونە کە کادرەکانی لێ بوو. دەوری ماڵیان گرت و بە هیوا بوون بە زیندوویی بیان گرن. تێکۆشەرانی دێمۆکڕات قامک لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ بۆ شەڕێکی قارەمانانە بەڵام نابەرامبەر ئامادەی بەرەنگاری بوون. هەر چوار تێکۆشەر زیاتر لە ٥ ساڵ ئەزموونی دیفاعیان هەبوو و لە هەموو مەیدانەکاندا خۆیان تاقی کردبۆوە. کاتژمێری یەک و چارەگ پاسدارێک خۆی بە ژووریدا کرد کە سمایل یەکەم ڕەگباری لێدا و تەختی عەرزی کرد. بەمجۆرە شەڕ دەستی پێکرد و هەر ویزەی گوللە بوو دەبیسترا. شەڕێکی نابەرامبەر لەنێوان ٤ گیانبازی ڕێگای ئازادی کە دیفاع لە خاک و نیشتمان ئەرکیان بوو لە لایەک و سەدان کەس لە هێزەکانی دوژمن کە بۆ گرتنی ئەو چوار کەسە هاتبوون لە ئاواییەکی ١٥ ماڵیدا درێژەی کێشا. خەڵکی ئاوایی بە گەورە و چووکەوە دڵیان لە لای پێشمەرگەکان بوو و نیگەرانیی بەتەواوی دای گرتبوون. ئاخر هێزێکی زۆر بە چەکی جۆراوجۆرەوە دەوری چوار کەسیان دابوو کە دەرباز بوونیان زۆر حاستەم دەهاتە بەرچاو.

لەم کاتە ناسکەدا عەولا دووژنە، سمایلی ڕەزایی، عێزەدین حوسێنی و عوسمان خورشیدی بەڵێنیان دووپات کردەوە کە تا دوا فیشەک شەڕ بکەن. ئەگەر نەیانتوانی دەرباز بن، دوا گوللە لە خۆیان بدەن و پێش بە دیل بوون بگرن. دوژمن کە حەوت کوژراوی هەبوو وەک ورچی برینداری لێ هاتبوو. ئەوان سەر لەنوێ خۆیان سازمان داوە و ئەوجار ئاڵقەی گەمارۆی ئەو ماڵەیان تەنگتر کرد. لە کاتێکدا ئاڵقەی گەمارۆ توندتر دەبوو فیشەکی پێشمەرگەکان بەرەو تەواو بوون

دەچوو. عەبە دووژنە بڕیاری خۆکوشتنی‌دا و هاوڕێکانیشی بەڵێنیان دا وەک ئەو بکەن. هەموو بە یەکەوە بیست و هەشت خەشابیان بەرە و ڕووی هێزەکانی دوژمن هاویشتبوو و تەنیا یەکەی فیشەکێکیان ڕاگرتبوو. لە پێش‌دا سمایل و عیزەدین ئاخرین گوللەیان لە خۆیان دا و لەبەر چاوی هاوڕێکانیان گیانیان بە کوردستان ئەسپارد. پاشان عەبە کە پێی ناحەقی بوو لەپاش هاوڕێکانی بمێنێ پێش ئەوەی بکەوێتە دەست دوژمن دوا گوللەی لە مێشکی خۆی دا و خوێنی خۆی تێکەڵی هاوسەنگەرانی کرد. عوسمان گوللەی نەمابوو خۆی بکوژێ بەڵام کاتێک دیتی هاوڕێکانی ئاخرین گوللەیان لە خۆیان داوە هەر ئەوەندە بوو شێت نەبێ و نەی‌دەزانی چ بکا. ئاخر ئەو هەموو فیشەکەکانی بە دوژمنەوە نابوو و ئەوەندی توانیبووی لێی کوشتبوون. ئەو دواجار بە پڕتاو خۆی بە حەوشەی ماڵێک‌دا کرد. دیتی چەند ژن خۆیان مات کردوە و باسی پێشمەرگەکان دەکەن و بۆیان دەپاڕێنەوە. یەک لەو شێرەژنانە هەرکە عوسمانی دیت خێرا کۆشی هەڵدایەوە و گوتی وەرە ژێر کراسەکەم کوڕم با نەت دۆزنەوە. عوسمان کە فیشەکی پێ نەمابوو و قەولیشی دابوو نەیەڵێ بەدیل بگیرێ، ناچار خۆی خزاندە ژێر کراسی ئەو دایکە بە جورئەتە. هێزەکانی دوژمن دەیان زانی چوار پێشمەرگە لەو گوندە بوون و ئێستا سێ کەسیان خۆیان کوشتوە کەوابوو دەبێ یەکیان مابێ. بەڵام هەرچی گەڕان کەسیان بۆ نەدۆزرایەوە و ناچار ئاواییان بەجێ هێشت. بەم جۆرە دامێنی دایکێکی دڵسۆز تێکۆشەرێکی لە مەرگ ڕزگار کرد و ئەوەش جارێکی دیکە سەلماندی خەڵک و پێشمەرگە گیانێکن لە دوو جەستەدا.

# قەڵای سەربەرزی یا «قلعه ضد انقلاب»

ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پێشمەرگە لەخۆبووردووکانی هێزی بێستوون هێرشیان کردە سەر پایەگای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گوندەکانی «نیەر»، «تەنگیسەر» و «میراو» کە لە ئاکامدا شەش پایەگا لەو ناوچەیە دەستیان بەسەردا گیرا و دەیان کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بەدیل گیران. نرخی ئەو سەرکەوتنە گیانی سێ شۆڕەسواری کورد بوون کە ئەگەرچی گلان، بەڵام بوونە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەم ڕووداوەیان ئێستاش وەک سەرکەوتنێکی لەبیر نەکراو لەبیر و زەیندا بمێنێتەوە.
دوابەدوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شوێنی عەمەلیاتەکە، چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی وەخۆ کەوتن. ئەوان ڕۆژی دوای عەمەلیاتەکە پەلاماری گوندی تەنگیسەریان دا و ڕۆژی دواتر هێرشیان بردە سەر ئاوایی نیەر و مغوولئاسا کەوتنە گیانی خەڵک. لێدان و کوتان و بەربوونە گیانی خەڵکی ئاسایی و مەدەنیی گوندەکە دەسپێک و یەکەم کاریان بوو. ئەوەی لەو گوندە چاویان پێکەوتبا دەسبەسەر و بەرێی شاری سنەیان دەکرد، بەڵام دیار بوو کە خەریکە پیلانێکی چەپەڵی دیکە و گەورەتر لەوە دەگێڕن. هێزەکانی دوژمن هەر لە یەکەم ساتەکانی هێرشەکەیان بۆ سەر ئاوایی، ژمارەیەک کوردی بەدناویان بۆ سووتاندنیماڵەکان دیاری کردبوو. ڕێژیم کە ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی پتر لە هەموو کاتێک دەرخستبوو، ٢٠ ماڵ لە تەنگیسەر و ٨٠ ماڵیان لە نیەر ئاگردا و تەختی زەوییان کردن. تاوانی خاوەنی ئەو ماڵانە ئەوە بوو باوەڕشیان بۆ ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان کردوونەوە و نان و پێخۆریان داونەتێ تاوانی هەرە گەورەتریان ئەوە بوو ئامادە نەبوون حاشا لە خوشک و براکانی خۆیان بکەن و گوێڕایەڵی هێزەکانی سپای پاسداران و ملکەچی داواکانیان بن.

لە ماوی حەوتوویەکدا ئەوەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئەوناوچەیەی هێنا مرۆڤ پێی شەرمە بیگێرێتەوە و قەڵەم پێی سەخڵەتە بینووسێتەوە.
جارێک خەڵکەکەیان تەنگەتاو دەکرد کە دەبێ بە خێرایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێ بهێڵن و بچنە عێراق، دوایە ئۆخژنیان نەدەهات و دەیانگوت نابێ ئاوا ئاسان لە بەر دەستمان ڕزگارتان بێ و هەمووتان دەکوژین.
هەر لەو ماوە کورتەدا نزیک بەسەد کەس لە خەڵکی ئاوایی کە گیرابوون بەڕێی زیندانی سنە کران و دەیان کەسی دیکەیان وەک دیل و کۆیلە نایە بەر بێگارییەکانی سپا. قین لە دڵی و بڵێسەی ڕقی سپای پاسداران و هەستی دوژمنکارانەی ڕێژیم شتێک نەبوو بەوەندە دامرکێ. ئەوان هاتن دەیان کەسی خەڵکی ئاواییان لە شوێنێک کۆکردەوە و لە ٢٠ میترییەوە بەردەسڕێژی چەکەکانیان دان، جینایەتێک کە زمان لە گێڕانەوەیدا لە گۆ دەکەوێ. لەززەتی ئینسانکوژیی هێزەکانی ڕێژیم بووە هۆی ئەوەی کە ٢٥ کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئاوایی برینی سووک و قورس هەڵبگرن، بێ ئەوەی ڕێگەیان بدرێتێ لە هیچ کوێیەک چارەسەری برینەکانیان بکەن، بەڵام ئەوە کۆتایی ئەو بەسەرهاتە نییە.
ڕێژیم کە بڕیاری ڕووخاندنی هەر هەموو ئەو ئاواییە ٤٠٠ ماڵییەی دابوو، لە ترسی تۆڵەی پێشمەرگە لەوە پاشگەز بۆوە، بەڵام هەموو ئەو بنەماڵانەی ڕۆڵەکانیان لە نێو هێزی پێشمەرگەدا بوون و ژمارەیان نیزیک بە ٥٠ کەس دەبوون، لە ئاوایی دەرکران.
پاش جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ترسنۆکانە و نابەجێیەی ڕێژیم، سپای پاسداران چەند مۆڵگە و بنکەی نیزامیی دیکەی لە ئاوایی تەنگیسەر و میراو دانا و ژمارەیەک لە خەڵکەکەشی بەزۆر چەکدار کردن، بەڵام لە نیەر نە پایەگای دانا و نە کەسیشی چەکدار کرد، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک متمانەی بە خەڵکی ئەو گوندە نەبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ناوی «قلعەی ضد انقلاب»یان بەسەر گوندی نیەردا بڕی، بە حەق هەر واش بوو؛ چونکی وەک چیایەکی سەرکەش لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی هێزەکانی کۆماریدا ڕاوەستابوو. لە نێو خەڵکیشدا نیەر بەهۆی حەماسە و فیداکاریی خەڵکەکەی نازناوی «قەڵای سەربەرزی»ی پێدرا و ئێستاش هەر بەو نازناوە دەناسرێتەوە.

ڕێژیم دوای ئەم ڕووداوە و سەرباری هەموو ئەو تاوان و خراپەکارییانەی کردبووی حەوتووی دوو جار بە چەند گرووپێکی زەربەت، ئەویش بە ترس و دڵەخورپەی زۆرەوە دەچووە ئەو گوندە و تا دەگەڕانەوە نیوەعومر دەبوون. وەک بۆ خۆیان لە هەندێ شوێن باسیان دەکرد داروبەردی ئەو گوندەیان لێ پێشمەرگە بوو.

ئەوان بۆ شاردنەوەی ترسەکەیان و زاڵبوون بەسەر دڵەخورپە و شکاندنی تینوێتیی ناخیان هەموو جارێ سووکایەتییان بە خەڵکەکە دەکرد و بەردەبوونە گیانیان، بەڵام ئەوەی پتر لە هەموو شتێک داخ لە دڵی دەکردن ئیمان و ورە و باوەڕی ئەو خەڵکە بوو کە بۆیان دەستەمۆ نەدەبوون. خەڵکی ئاوایی هەموو جارێ لە نەبوونی هێزە سەرکوتگەرەکاندا ماڵە سووتاوێکی ئاوەدانییان دەخستەوە سەرپێ و باوەشیان بۆ بنەماڵە پێشمەرگە دەرکراوەکان دەکردەوە و بە نهێنی دەیانهێنانەوە سەر ماڵ و حاڵ و ژیانیان. چیرۆکی سەرکوتی خەڵک لەلایەن هێزەکانی ڕێژیم و خۆڕاگرییان لەبەردەم ئەو شاڵاوەدا، تراژیدیک و لەو شێوەیە زیاتر لە ساڵێکی خایاند و لە شێوازی دیکەدا ئێستاش درێژەی هەیە.

بەمجۆرە بوو کە قەڵای سەربەرزی هەروا بە سەربەرز مایەوە و تەواوی ئەو تاوانکاری، سوکایەتی پێکردن، جینایەت و سیاسەتی سەرکوت و کوشت و کوشتاری خەڵک لەلایەن داگیرکەرانەوە نەیتوانی خەڵکی قارەمان و خۆڕاگری نیەر بەچۆک دابێنێ و کەوییان بکا. ئەو دوای ئەو برینە قورسەی هەڵیان گرتبوو لە وەرز و ساڵانی داهاتووشدا پتر لە پێشوو پشتیوان و یار و یاوەری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات مانەوە. ماڵ نەبوو لەو گوندە کە پێشمەرگە هەست بە ئاسوودەیی و ئەرخەیانی نەکا تێیدا، زۆر جار بووە کە پێشمەرگەی بریندار تەنانەت بە پۆل لەو گوندە ماونەتەوە و لەلایەن خەڵکەوە تیمار کراون و شاردراونەتەوە. پیرانی ئەو گوندە هەموو دەمێ وانەی نیشتمانپەرەستی و پێشمەرگەخۆشەویستییان فێری منداڵان و نەوەی تازە پێگەیشتووی ئاوایی دەکرد و سەنگەری خەباتیان پێ ئاوەدان دەکردنەوە.

نیەر، واتە قەڵای سەربەرزی سەنگەرێکی گەمارۆ دراو بە ئیمان و باوەڕی کوردایەتی بوو کە هێچکات دەستی ڕێژیمی نەگەیشتێ و لە نێو دیرۆکی حەماسە و خوێنی ڕۆژهەڵاتدا بە درەوشاوەیی مایەوە.

دیارە نیەر لەم دەڤەرە و لەو کاروانەدا تەنیا نەمایەوە و گەلێ دەستەخوشکی دیکەی بۆ پەیدا بوون. ڕووداوەکان پێمان دەڵێن لە نیوەی دووهەمی دەیەی ١٣٦٠دا ئیدی تەنیا نیەر و تەنگیسەر نین کە ئەو بارە قورسەیان کەوتۆتە سەرشان، بەڵکوو ئاوابیەکانی «سەرڕێز» و «گواز»یش بوونەتە دەستەخوشکی ئەو گوندانە و زۆر گوندی دیکەش هاتوونە نێو ئەم گۆڤەندەوە کە نیەر سەرچۆپیەکەی دەکێشا.

چیرۆکی حەماسەی خەڵکی ئەم ناوچەیە نە یەک و دوون و نە لە تاقەتی ئەو نووسراوەیەدان، لە جەنگەی زۆرترین و سەختترین شەڕە داسەپاوەکاندا خەڵکی ئەو گوندانە هێزی پشتیوانی پێشمەرگە بوون، بە ئیمان و فیداکارییەوە داڵدەیان دەدەن، دابینیان دەکردن و بریندارەکانیان بۆ تیمار دەکردن و بۆ سەنگەریان بەڕێ دەکردنەوە. ئەم ناوچەیەی کوردستان بەسەرهاتی خۆی لە مێژووی قوربانیدانی ئەو نیشتمانەدا بە خوێن و ئاگر و دووکەڵ نووسیوەتەوە و لە پێناو سەربەستیی ئاو خاک و نیشتماندا زۆری بەخشیوە. ئەم چیرۆکە نە تەواو دەبێ و نە دەبڕێتەوە. ئەو کاروانە ئێستاش هەر بەڕێگاوەیە و ئەو خەڵکە هەروا قارەمانە درێژەدەری ڕێگای شەهیدانن، گوندێکی بچووک لەو نیشتمانە کە زیاتر لە ٥٠ شەهیدی لە ئامێزی دایکی نیشتماندا جێیان گرتوە و خەڵکەکەی هەروا بە ئیمان بە ڕێبازی پیرۆزیان، قەڵای سەربەرزییان بە سەربەرزی و ئاڵای حیزبەکەیان هەروا شەکاوە ڕاگرتوە.

# ڕەشبەڵەکی فرمێسکەکان

لەمێژ بوو دەستی دابوە چەک و کۆڵەپشتی بەکۆڵەوە. بڕیاری دابوو کە لەگەڵ گەلەکەی بژی چونکە باش لە دەرد و مەرگی گەلەکەی حاڵی بوو. ئەو لە گوندێک لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان لەدایک ببوو کە کۆمەڵێک کوڕی ڕۆژی تەنگانەی لێ کەوتبۆوە و وێڕای ئەوان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا شانی وەبەر دابوو. بە پێی ئەو پلە تەشکیلاتییەی کە لە نێو حیزبدا پێی درابوو وەک کادرێکی بەتوانا لە نێو خەڵکدا کاری دەکرد. ئەو، لاوێکی بەتوانا و بەبڕیار، دەم بەپێکەنین، هەڵسووڕ و چالاک، دڵگەورە، خەڵکدۆست و ڕاستگۆ بوو. هەموو ئاواتی گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەی بوو.

عەوڵا حاجیعەوڵا ناسراو عەوڵا سوور دەزگیراندار بوو. ئەو لەگەڵ کچێکی ڕووسوور بە خۆشەویستی و ئەوینی پێشمەرگانەوە پەیمانی ژیانی هاوبەشیان بە یەکتر دابوو. ئەوینی دەزگیران و ئەویندارییی نیشتمان وەها کاریان کردبووە سەر ناخ و دەروونی عەوڵا کە ماندوویی نەناسێ و شەو و ڕۆژی بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی لە یەکتر گرێ بدا. ئەو لە بەفرانباری ١٣٦٤ بووکەکەی گوێستەوە. لەو ڕۆژەدا بووک بە نهێنی لە ماڵی باوکی لە مەهاباد ڕا گەیشتە قەرەگۆل. ماڵی زاوا ڕوون نەبوو کوێیە، چونکی زاوا پێشمەرگە و هەر دەمەوە و لە شوێنێ بوو. بەڵام بۆ ئەوانەی دڵیان پڕە لە گڕی ئەوین هەر بستەخاکێکی بن میچی ئاسمان کە بە سەربەستی تێیدا بژی، نیشتمانێکە پڕ بەختەوەری.

عەوڵا سوور وێڕای چەند هاوسەنگەری لەشوێنێکی ئاستەم خۆیان حەشار دابوو بەڵکوو زوو ئێواری بێ و بە نێو خێڵی جاسووس و مولگەکانی دوژمندا خۆیان بگەیەننە ئاوایی. عەوڵا چاوی لە خۆر بڕیبوو و دەیدواند. دەیگوت چییە چاوت بەرایی دیتنی زاوایەتیم نادا، باشە بەو سارده زستانە لەو سەرە چیدەکەی و بۆ ناچیتەوە ماڵەکەی خۆت. دە بڕۆ با منیش بچم تاوێ لای نازدار حەیرانەکەم وەحەسێم...

زەردایـی ڕۆژ بـەرەبـەرە بارگە و بنەی تێکەوە پێچا و شـەوی قـەڵای مـەردان جێگای پێ لێژ کـرد. عـەوڵاسـوور ڕەخـت و تفەنگ لەقەد لەهەموو ڕۆژەکانی دیکە بە قەڵافەتتر و ڕێکوپێکتر لە پێشەوە ملی ڕێگەی بـەرەو قەرەگۆل دەبـڕی. بیر و خـەیاڵ هەموو شتێکی لەبیر بردبۆوە و هەموو خـەیاڵی لای بنەماڵەکەی و خاتوونەکەی دڵـی بـوو کـە ئەمشەو هاتبوو پەیمانی هەمیشەیی لـەگـەڵ یەکتر ببەستێ. هاتبوو هەتا لە گرمەی شـەڕ و خەباتە خوێناوییەکەدا مەسیحا نەفەس هەناسەیەک بە بـەری ژیانی عـەوڵادا بکاتەوە و بڵێ وەک ئەو ئامادەیە بۆ ژیـان بمرێ نـەوەکوو بۆ مـردن بـژی...

نیزیک بـەرەبـەیـان خۆیان بە ئاواییدا کـرد. سـەگـوەڕ و دەنگی کەڵەشێری بەرەبەیان بێدەنگیی ئاواییان دەشکاند. هاوڕێکانی عەوڵا لە چەند شوێنێک جێگیر بوون و ئەویش ڕووی کردە ماڵی خۆیان، دەیزانی کە هەموو چاوەڕوانی چوونەوەی ئەون. لەگەڵ سەگوەڕەکە باوکی عەوڵا هاتبووە کۆڵان هەتا بە دەنگی کوڕە پێشمەرگەکەیەوە بـچێ و یـەکـەم کـەس بێ قـەڵافـەتـی میـرانـەی لـە ئامێز بـگـرێ...

خۆشی گـەڕابـووە هەناوی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و لێو بـەبزە دەهـاتـن و دەچـوون و بـە دەوری عـەوڵادا دەهـاتـن. عـەوڵا چـاوی پـڕ حـەز و هـیـوای جـارجـارە دەبـڕییـە بـووکـەکـەی و بـە شـەرمـەوە چەند قسەیەکیان لەگەڵ یەکتر دەکـرد. کـەس نەیزانی کـات بـۆ هـێندە تیژ تـێپـەڕی و بـەیـان بـۆ هیندە زوو ئـەنگـوت.

خەڵکی ئاوایی کەوتبوونە جموجۆڵ. ماڵی باوکی عەوڵا کە لە دەوری دێ بوون بۆ ڕەواندنەوەی گومان هەرکەس بەلایەکدا بڵاوەی کرد، عەوڵاسوور لەبەر ئەوەی ئاشکرا نەبێ خۆی خزاندبووە حەشارگەیەکی دوو میتری کە لە کەلێنێکی چووکەوە لێی وەژوور دەکـەوت و بە فانووسیکی نەفتینە ڕووناک دەبۆوە. ئەم شوێنە ئاسوودە نەبوو، بەڵام زۆر جار ئەوی لە مەترسی ڕزگار کردبوو. زاوا لە فیکری تێپەڕینی ڕۆژ وەک ڕۆژانی دی بوو، بەڵام بووک خەم و خەفەتێکی قورستر دایگرتبوو، خەمی ئەوە نا کە هێشتا لەگەڵ دڵدارەکەی تێرقسە نەبووە و لێی هەڵبڕاوە، خەفەتێکی بە ژانتر. خورپەیەک کەوتبووە دڵی کە نەکا چاوی دوژمن پێی زانیبن. نەکا نەیاری بەدکار پیلانی بەدەستەوە بن و

بیانەوێ گراوەکەی لێ بستێنن. دڵی ئەو لە خۆڕا غایلەی نەکربوو، چونکی هێشتا سیوادی بەیانیی نەدابوو کە فرکەفرکی ماشینی جاش و پاسداران هەموو ئاوایی قەرەگۆلی نوقمی تەپ و تۆز و بێدەنگییەکی سامناک کرد.
هێزەکانی دوژمن هەتا بەر دەرگای ماڵی عەوڵا گیر نەبوون و یەکجێ لە دەوروو‌بەری ئەوێ دامەزران. دایک و خوشکی عەوڵا هەرچی گوتیان کە کەسمان لە ماڵ نییە و کوڕمان نەهاتۆتەوە کەس نەیبیست. سەرەتا کادێن و تەویلەی ماڵییان ئاگردا. عەوڵا کە هەموو شتێکی دەدی و دەیزانی کە ڕۆژی چارەنووسە. ناوبراو وادە و بەڵێنەکانی بیر دەهاتنەوە کە بە هاوسەنگەرانی دابوون، بە شەهیدانی دابوون و لەگەڵیان ژیابوو. دەیزانی کە چاوی مێژوو بەسەریەوەتی. دەیزانی ئەو چرکەساتانە دەبنە ئەفسانە و منداڵانی داهاتووی کوردی پێ گۆش دەکرێن، دەیزانی کە کاتی خوڵقاندنی حەماسەیەکی دی هاتووە.
عەوڵا چاوەڕوانی ئەو نەما کە بگەنە سەری، بۆ خۆی لە حەشارگە تێپەڕی و ئاگری لەسەر پشتی جاش و پاسداران کردەوە. ئەو پەیتا پەیتا سەنگەری دەگواستەوە و لەگەڵ هەر شوێنەگۆڕکێیەک ڕێژنەی فیشەکی بەسەر دوژمندا دەباراند و لە خوێن و تۆزی وەردەدان.
دوژمن ئەوەی هەیبوو لە کاری کرد، شوێنی عەوڵایان گەمارۆ دا و داوایان لێکرد خۆی بەدەستەوە بدا، بەڵام نەعرەتەی مەردانەیان لێ بیست کە یان مەردانە مردن یان ئازاد ژیان....
هێزی دوژمن دایکی عەوڵا دێنێتە گۆڕەپانی شەڕەکە و ئەو دەکەنە تکاکار بۆوەی خۆی بەدەستەوە بدا، خافڵ لەوەی عەوڵای قارەمان بە شیری ئەو دایکە و لاواندنەوەی ئەم شێرەژنە گۆش کراوە. دایک و کوڕ لە ئامێزی یەکدا، دایک بۆ کوڕی بە مراد نەگەیشتووی ئاگری لە هەناو بەربووە و کوڕ گەردەن ئازایی ئەوە لە دایکی دەکا نەیتوانیوە وەک شایانی خۆیەتی خزمەتی بکا. عەوڵا شێعرەکەی «گۆران» دەچرپێنێتە گوێی دایکی:
پێی بڵێن بە بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
«نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتن و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو سەرم بەخشم لە پێناوی وڵاتێکدا
ئەوی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا»
هێزی دوژمن چەندی کرد و هێنای و بردی نەیتوانی عەوڵا بە چۆکدا

بێنێ، ئەوەی برستی لە عەوڵا بڕی بڕانی فیشەک و تەقەمەنی بوو. عەوڵا کە لە کازیوەی بەیانەوە تا نیوەڕۆ شەڕی کردبوو، دەیزانی هەر فیشەکێک بۆ ئەو چەندەی بایەخ هەیە. ئەوەی پێی بوو بە پێخۆر بە دوژمنەوەی نابوو و تاقە فیشەکێکی ڕاگرتبوو کە ئەگەر نەگەیشتە شەو، نەیەڵێ بە زیندوویی بکەوێتە بەر دەستی ناحەزانی گەل.

دەنگی دوافیشەکی عەوڵا کە لە خۆی دا، بێدەنگییەکی سامناکی بەسەر ئاوایی و شەڕگەدا ساز کرد، بەو حاڵەش هێزەکانی دوژمن ورەی چوونە پێشی بۆ لای سەنگەری عەوڵایان نەبوو. چەند کەس لە بنەماڵەی عەوڵایان ناردە شوێنەکە و بە شین و ڕۆڕۆی ئەوان زانییان کە دەتوانن زەفەر بە تەرمی بێ گیانی ئەو پاڵەوانە بەرن کە زیاتر لە شەش سەعات بە تاقی تەنێ لە بەرامبەر هەموویان وەستابوو...

ڕۆژی ١١ی بەفرانبار بوو. ڕۆژی شایی و ڕەشبەڵەکی فرمێسکی چاوان بوو کە بەلێزمە دەهاتنەخوار و بەدوای یەکدا سەرەو خوار دەبوونەوە و یەکیان دەگرت و تێکەڵاو بە یەکتری دەبوون و دەبوونە یەک و لە نێو خوێنی خۆشەویستێکدا سەمایان دەکرد. ئەوان بۆ مەرگێک هەڵدەپەڕین کە هەر ئەو ژیانە بوو، بڕانەوەی نەبوو شیوەن و گریان لێزمەی فرمیسکەکان هەر لەزیاد بوون دابوو.....

فەرماندەی هێزی زەبوونی دوژمن کە لە بەیانییەوە سەری لە ئازایەتی و دلێریی عەوڵا سووڕمابوو، کاتێ لەشی بێ گیان و ساردەوەبووی عەوڵای دی، نەیتوانی ددان بە جەرگیدا بگرێ و هیچ نەڵێ... لە نێو شەپۆر و شین و لاواندنەوەی بنەماڵەی عەوڵادا ئەو دەنگەش تێکەڵ بوو: «ئافەرین پیاو بۆ ئازایەتیت... بەڵام حەیف کە ئاوای لێهات...»

# لەزیندانیش‌دا پێشمەرگە بوون!

سیاسەتی زەبروزەنگ نواندنی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی خۆی زۆر لاوی کوردی هان داوە کە مەرگی سەربەرزانە لە پێناو ژیانێکی سەربەستیدا بە بایەختر بزانن تا بە چۆک‌داهاتن لە بەرامبەریدا. هەگبەی شاخ و شۆڕش ئەمجارەیان باس لە چوار پێشمەرگەی ئەو کوردستانە دەکا کە چۆن بە فیداکاری و بەرگریی خۆیان چۆکیان بە ویست و بڕیاری دوژمن دادا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەمەیدانی کردەوە و لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا زەبوون و داماو بووە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمەش پەنای بۆ زۆر شتی دیکە بردوە، وەک بەزۆر چەکدارکردنی خەڵکی گوندەکان و درووستکردنی سیخور بۆ ئەوەی بتوانێ زەبر لە هێزی پێشمەرگە بوەشێنێ.

ماوەیەک بوو حیزب بڕیاری دابوو بۆ پێوەندیی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە و خەڵک لە نێوخۆی کوردستان تیمی تەشکیلاتیی کادرە بە ئەزموونەکان لە ناوچەکاندا لە گەڕان و جەولەدا بن.

چوار کادری لێوەشاوە و لەکڵ‌دەرهاتووی ناوچەی پیرانشار بۆ یەک لەو ئەرک و مەئمورییەتانە لەو ناوچەیە دیاری کرابوون. عەبدوڵڵا تەبەرزە، سەلاح خزرپور، مراد ڕەحیمزادە و ئیدریس هورمزی ئەو چوار کەسە بوون کە بە بەرنامەی وردی کار و تێکۆشانی سیاسی و نیزامی و تەشکیلاتی خۆیان بۆ ئەو ئەرکە ئامادە دەکرد و دواجار لە کۆتایی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٨دا بەرەو قووڵایی خاکی کوردستان وەڕێکەوتن.

ئەو تیمە بە قەبارە بچووک بەڵام بە بیروباوەڕ لە بن‌نەهاتووی پێشمەرگە لە گەڕانی خۆیان لە ناوچەکەدا زۆر کاریان کرد، ڕوویان لە هەرجێیەک دەکرد باوەشیان بۆ ئاوەڵا بوو، ئەوان لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ خەڵکدا ماهییەتی سیاسەتەکانی ڕێژیمیان بۆ ڕوون دەکردنەوە، لە نێو خەڵکەکەدا کاری ڕێکخستنیان دەکرد و تامەزرۆیی ڕوح و تاسەی خۆیان و خەڵکیان بە ئاوێتەبوونیان لەگەڵ یەکتری دەشکاند.

ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٨، ئەوان لە گوندی قەڵاتی نەڵێنی

ناوچەی مەنگوڕانی پیرانشار بوون. ئەوان کە ڕێگایەکی دووریان بڕیبوو، بێ خشپە و بێ هەست و خوست هەنگاویان دەنا بۆ ئەوەی نەکا بەکرێگیراوان و رایەڵکەی سیخوڕەکانی دوژمن هەست بەبوونیان بکەن. لە ماوەی ئەو دوو حەوتوویەدا دووهەم جار بوو ئەوان دەچوونە ئەو گوندە، ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێک بوو کە بەرپرسانی سەرووی حیزب پێیان سپاردبوون. نیوەشەو بوو گەیشتنە جێی مەبەست و دەنگیان لە پەنجەرەی ئەو ماڵە هێنا کە دەبوا چووبان. ژنی ماڵێ کە دەیانناسی پێیان دەڵێ مێردەکەی لە ماڵێ نییە و با کاتێکی دی بێنەوە، ئەوانیش کە لە بوونی خاوەن ماڵ لە ماڵێ بە شک و گومانن، نایانەوێ ئاوەدانی بەجێبڵن و بۆ ئەوەش لەو کاتەدا کەسانی دی هەست بە بوونیان و هاتنیان نەکەن، هەروەها بۆ پشوودان و پاشان جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان ڕێی ماڵی شەهیدێکی حیزب دەگرنە بەر کە هەردەم وەک قەڵای خۆڕاگری لە پشتی حیزبەکەیان و هاوسەنگەرانی ڕۆڵە شەهیدەکەیان بوون.

ئەوەی لەو نێوەدا پێشمەرگەکان هەستیان پێنەکردبوو ئەوە بوو کە چەند بەکرێگیراوێکی خاین بە نیشتمان و زید بۆ خەڵاتەشڕەیەکی نۆکەری چاویان بەسەریانەوە بووە و شوێنپێیی هەڵگرتوون.

پێوشوێنی خاین بۆ ئەوەی خەڵاتێکی نۆکەری وەرگرێ چاوی بەسەریانەوەیەو سێبەری شومی جێ پێیی هەڵگرتبوون. پێشمەرگەکانی حیزب دڵنیا لە شوێنی مانەوەیان و حەساوە لە ئامێزی گەرمی خاوەن ماڵدا بەرنامەی کاریی ڕۆژانی داهاتوویان دادەڕشت. لەولاش داڵاشەکانی سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعات بوون کە بە ئاگاداربوون لە حزووری ئەو پۆلە پێشمەرگەیە پیلانیان بۆ زەبرلێدان و لەداوخستنیان دادەنا.

سبەی قاوڵتوون چەند ماشێنێکی سپای پاسداران هاتنە نێو گوندەکە و هێمنیی ئاواییان شێواند، پێشمەرگەکان دەست لەسەر چەک ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە ڕووداوێک بوون، بەڵام هێزەکانی سپا پاش ماوەیەک لە ئاوایی وەدەرکەوتن و ئەوەش جۆرێک دڵنیایی پێدان کە بە شوێنیان نەزاندراوە، بەڵام مەخابن کە ڕاپۆرتی سیخوڕ و ناحەزانی گەل کاری خۆی کردبوو.

نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هێزێکی زۆری ئیتلاعاتی پیرانشار و ورمێ

دەرژێنە نێو گوند و بە سەدان چەکدار دەوری ئەو ماڵە دەدەن کە پێشمەرگەکانی لێی پشوو دەدەن. ڕۆڵە بوێر و چاونەترسەکانی گەل و نیشتمان کە گەلێ ڕۆژ و ساتەوەختی ئاوایان دیبوو، خۆیان بۆ تاقیکارییەک و تۆمارکردنی سەروەرییەکی دیکە ئامادە کردبوو، ئەگەرچی دەیانزانی ڕۆژێک و ئەزموونێکی زۆر سەختیان لەبەردەم دایە.

پێشمەرگەکان دەیانزانی خەڵکی ئاوایی چەندەیان بۆ بە پەرۆشن، بەڵام چ یارمەتییەکیان لە دەست نایە، دەشیانزانی کە ڕۆژی هەڵمەت و سەلماندنی سەرکەوتنی ئیمان و باوەڕە بە سەر ژمارەی هێزدا، بۆیە لە کاتێکدا پەیتا پەیتا جاشەکان داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێدەکردن، پێشمەرگەکان ئاگری فیشەکیان بەسەردا باراندن و پێیان گوتن ئامادەن بە هەڵۆیی لە ژیان بێبەش بن، نەک قالاوئاسا بە درێژایی تەمەن ڕووڕەش بن...

شەڕ دەستی پێکرد، شەڕی ماڵ بە ماڵ لە ئاواییەکی بچووکدا، شەڕی ڕووناکی و تاریکی، شەڕ لە نێوان باوەڕی ڕەوا و دەسەڵاتی ئەهریمەن، لە نێوان هێزێکی پۆشتە و پەرداخی دوژمنی داگیرکەر و چوار پێشمەرگەی بە ئیمان کە ئێستا ئیدی دوای سەعاتێک بەرەنگاری هەر چواریان بریندار و شەکەت ببوون، بەڵام بە زاماریش لە پێ نەدەکەوتن و هەدایان نەدەدا.

مراد لەگەڵ ئەوەشدا کە برینی قورسی هەڵگرتبوو، چەکەکەی لە دەستی پەڕی. ئەو دەیزانی کە نابێ بەدیل بگیرێ و توانای نەبوو خۆی بگەیەنێتە چەکەکەی و فیشەکێک لە خۆی بدا. سەلاح خۆی گەیاندێ و گوتی تاقەت بێنە. مراد چاوێکی پڕ لە تکا و پاڕانەوەی برییە هاوڕێکەی و گوتی «با دەست دوژمن نەکەوم، تکایە شەهیدم بکە». ئەوەی گوت و دواهەناسەی دا...

نارنجەکێک فڕێ درایە سەنگەرەکەی عەولا. ئەو زۆر بوێرانە پڕی دایە تا بۆ دوژمنی باوێتەوە، بەڵام مەخابن نارنجەک تەقییەوە و دەستی عەولای هەلاهەلا کرد. ئەو ئەگەرچی هێشتا هەناسەی دەدا، بەڵام هەموو چاوی پاڕانەوە بوو کە هاوڕێیانی شەهید بکەن و نەکا زیندوو بمێنێ...

سەلاح و ئیدریس مابوون. ئەوان بە برینداری هەم شەڕیان دەکرد و هەم چاوێکیان بە هاوڕێ لەپێکەوتووەکانیان بوو. شەو داهاتبوو، بەڵام شەڕی نابەرامبەری هێزێکی هەتا ددان پۆشتە و پەرداخ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی بریندار هەروا درێژەی هەبوو. سەلاح و ئیدریس

فیشکەیان پێ نەما و چەکەکانیان بێدەنگ بوون. کات بۆ دالاشەکان ڕەخسابوو. بە پرتاو هێرشیان کردنە سەر. عەولا هێشتا گیانی تێدا مابوو. لێو بەبزە وێنەی منداڵەکانی گرتبووە دەستە ساغەکەی و لێیانی دەڕوانی. جاشێک گەیشتە سەری و بە دەمانچە فیشەکێکی نا بە سەری و شەهیدی کرد. سەلاح و ئیدریس بە برینداری بە دیل گیران و بە ڕاکێش ڕاکێش و سووکایەتیی زۆر و بە دەست و پێ بەسراوی بردیانن.

حەماسەی ئەو چوار هەڵۆیەی شاخ و بەندەکانی کوردستان لەو شەڕە نابەرامبەرەدا هێشتا تەواو نەببوو، دوو کەس لەوان شەهید ببوون، دوو هەڵۆکەی دیکەش بە پێکراوی کەوتبوونە بەردەستی جەلاددەکان. لێرە بە دوا لاپەڕەیەکی دی لە ژیانی سەلاح و ئیدریس هەڵدەدرێتەوە. نە ئەشکەنجەی بەردەوام و نە هەموو ڕۆژێ تەشەناکردنەوەی برینەکانیان چرژێک ناخاتە سەر ئیمان و باوەڕیان. ئەوان بە ئیلهام لە شەهیدبوونی مراد و عەولای هاورێ و هاوسەنگەریان و وەک وەفایەک بۆ هەموو شەهیدانی دیکەی نیشتمانەکەیان، هەروەها بە ئیمان بە پیرۆزی و ڕەوایی خەبات و ئامانجەکانیان هەموو هەوڵی دوژمنی قین لە دڵیان بۆ وەرگرتنی زانیاری و نهێنییەکانی حیزب و ئەو گەشتەیان نەزۆک هێشتەوە. کاتێکیش خرانە بەندیخانەوە هەروا خۆنەویست و خۆڕاگر بەدەم چارەنووسیانەوە چوون.

ئەوان کە ڕێبازی ژیانی مانداریان هەڵبژاردبوو، لە بەندیخانەشدا و لە کاتێکدا سێبەری دار و تەنافیان لەسەر خۆیان هەست پێدەکرد، ئامادە نەبوون تا دوا ساتی ژیانیان واز لەو ئامانجە بهێنن، بۆیە لە زیندانی بێدادیشدا نەسرەوتووانە بوونە هێمای خۆڕاگری و پەیامی خەبات و تێکۆشان. ئەوان لەوێش پێشمەرگە بوون.

دوای نیزیک بە شەش ساڵ مانەوە لە زیندان، تەماحوەبەرنان و بەرتیلخۆریی کاربەدەستانی زیندان دەرفەتێکی ڕەخساند کە بۆ چەند ڕۆژێک مەرەخەسییان بدرێتێ، ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕۆڵە کوردە دەسبەجێ خۆیان بگەیەننەوە مەتەرێزی خەبات و وەفای خۆیان بۆ هاورێیانی شەهیدیان لەو حەماسەیەدا بنوێنن و درێژەدەری ڕێگایان بمێننەوە.

# دێوجامەیەك بۆ چوار شۆرەلاوی «بناوەچان»

مێژووی حەماسەخولقێنی و گیانبازیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە بران نەهاتوویە و لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کوردی پێ نووسراوەتەوە. ئەو مێژووە هەر ئەوەندە نییە کە خامە خۆی لە قەرەی دابێ و قەڵەم لەتوانایدا بووبێ بینووسێتەوە، بەڵکوو سەر لە ئاسمان دەسوێ و ڕێگا بۆ ئۆقیانووس دەبڕێ، ئۆقیانووسی هەرمان و ئەبەدی . لە هەگبەی شاخ و شۆڕشی ئەو جارەدا سەرێک لە ناوچەی دیواندەرە هەڵدێنین و تاوێک لەوە ڕادەمێنین کە چۆن تێکۆشەرانی دیموکرات لە هەموو کات و ساتێکدا خۆیان بۆ خەباتی توند و بێ وچان دژی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکرد.

ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بە هۆی هەلومەرجی ناوچە و خەباتی سەخت و دژواری حیزب سازماندەیی هێزەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و بە تێکەڵبوونی هێندێک لە هێزەکان مەڵبەندەکان دروست بوون و هێزەکانی هەوشار، شەهیدانی دیواندەرە و عەزیزی یوسفی یەکیان گرت و وەک مەڵبەندی دوو درێژەیان بە کار و تێکۆشانی خۆیان بە پێی ئیمکان لەو سێ ناوچەیە دا.

ناوچەی دیواندەرە بە هۆی هەلومەرجە جوغرافیاییە تایبەتەکەی، لە مێژ بوو هێزی پێشمەرگە ڕووی تێ نەکردبوو و تەنیا لە چوارچێوەی تیمی تەشکیلاتیدا کادرەکانی ئەو ناوچەیە سەردانی ناوچە و خەڵکیان دەکرد و سیاسەتی حیزبیان بەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. ئەو مەئمورییەتە سەخت و دژوارانە بەهۆی ئەوەی لە قووڵایی ناوچەدا دەکران خۆی لەخۆیدا کارێک نەبوو بە هەموو کەس بکرێ، ئەو جووڵە و کارانە هێندیک کەسی پێویست بوو کە بە ڕابردوو، خەڵکی، فیداکار و، خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە بان.

گەلاوێژی ساڵی ١٣٧١ بوو. تیمێکی ٤ کەسی پێکهاتوو لە ڕەحمەت دەستئاموز، کەماڵ مەنسوری، حەیدەر عەبدوڵڵانژاد و عەلی خاڵدار بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانیان شیو و دۆڵ و چیا و هەڵدێرەکانی ناوچەی سەقزیان بڕی و بە سەر چیای پڕ کەندو لەند و سەربەرزی چلچەمەدا شۆڕ بوونەوە. ئەوان لە گەشتە سیاسی و نیزامییەکەیاندا سەردانی زۆر گوندی ناوچەی دیواندەرەیان کرد و ڕوحێکی تازەیان بە بەری خەڵکی ناوچەکەدا کردەوە. ئەوان غیرەت و ئازایەتیی زۆریان دابووە خۆیان تا بتوانن سەردانی کۆمەڵە گوندێک لەو ناوچەیە بکەن. ئەوان بە هەگبەی پڕ لە توێشووی ژیان و خەبات دەچوونە هەر شوێنێک گوڵبزەی هیوایان دەخستە سەر لێوی خەڵک و بیرەوەرییەکی خۆشیان دڵ و زەینی کیژ و کوڕ، پیر و لاو و منداڵاندا جێ دەهێشت و چەند لاپەڕەیەکی پڕ شانازیی دیکەیان بۆ خۆیان و حیزبەکەیان دەخستە سەر یەک.

کارکردن لەنێو خەڵکدا بۆ ڕەحمەت و هاوڕێکانی هەم چێژ و خۆشی بوو، هەم بەجێ گەیاندنی ئەرکی حیزبی. ئازایەتی و ئیمان و باوڕی پتەو بە ڕێباز و ئامانجەکەیان وایکردبوو کە بتوانن هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێیان ببڕن و وانەکانی خەبات و تێکۆشان بۆ هاونیشتمانەکانیان شی بکەنەوە و لەگەڵیان بکەونە ئاخاوتن.

تێگەیاندن و وشیارکردنەوەی سیخوڕ و کەسانی نەفس نزم کە بە نرخێکی هەرزان نیشتمان و هاونیشتمانی و بایەخەکانی کۆمەڵگایان دەفرۆشن، یەک لەو ئەرکانە بوو کە ئەو چوار پێشمەرگەیە بۆ خۆیان دیارییان کردبوو. پێشمەرگەکان ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژ ڕوویان کردە ئاوایی بناوەچان لە ناوچەی ساڕاڵی دیواندەرە و وەک هەمیشە دەستیان کرد بە چالاکییەکانیان. پاش ماوەیەک خەبەریان بۆ هێنان کە سیخوڕێک لە نێو ئاواییدا هەیە کە بەکرێگیراوی ئیتلاعات و سپای پاسدارانە و وێدەچێ خەبەری هاتنی ئەوانیشی گەیاندبێ. پێشمەرگەکان دایان نابوو بەیانیی ئەمشەوە لە شوێنێک بیبینن و قسەی لەگەڵ بکەن و ڕێنوێنیی بکەن و ئەگەر قسەی نەسەلماند هەندێکیش ئاوی گوێی دادەن. بۆیە خەبەریان نارد کە بەیانی بێتە بن پۆلەدارەکەی نێوان دوو شاخە بەردەکەی پشت ئاوایی بناوەچان.

هەیهات ! کەسانی قاڵبووی مەیدانی خەبات ئەم شەوە دوژمن و پیلانی نەیاریان بە کەم گرت ئەوەی دەکرا بە ئاسانی پێشی پێ بگیردرێ، بەرەڕووی کێشەیەکی گەورەی کردن. پێشمەرگەکان بەرە و پۆلەدارەکە ڕێزیان بەست بێ ئەوەی بزانن کە جاسووسی خۆفرۆش بە پرتاو خۆی گەیاندۆتە دیواندەرە و دوژمنی غەدداری لەو قەرارە ئاگادار کردۆتەوە.

هەلی زێڕین بۆ دوژمن ڕەخسابوو هەتا بە هێزی زۆر و زەوەندی خۆی هەڵکوتێتە سەر چوار پێشمەرگە کە ئاوا بە ئاسانی دێوجامەیان بۆ هەڵدراوە. کازیوەی بەیان هێزی دوژمن ڕژایە ئاوایی و گەڕانی ماڵ بە ماڵی بناوەچان دەستی پێکرد. ئەوان پێوشوێنی جێ و حەشارگەی هەڵۆکان کەوتبوون و بەلەز تەمای فڕکردنی جامی سەرکەوتنەکەیان بوون. مێژوو خەریکی دووپاتبوونەوە بوو. دیسانەکەش سەرچاوەکەی ئاوی کانیاوی قەڵای دمدمی خانی برادۆست بۆ دوژمن ئاشکرا کرابوو، دیسانەکەش جاشی خائین، وەک خەنجەرە گۆڕینەی مێژووی خەیانەت لە دەسکی دایکی خۆی ڕۆچوو. جاش و نەیاران زانییان کە هەڵۆکان لە کام هەوارگە و پۆلەدار نیشتوونەوە. بە هەلیان زانی. نە یەک نە دوو، بگرە دەیان و سەدان قالاوەڕەشەی گەندەخۆر وەک ڕێچکە مێرووی برسی سەرەبەهاران لە سێ لاوە ڕوو بە پشت ئاوایی بناوەچان و پۆلەدارەکەی نێوان دوو بەردەکە، بە بەژنی چیای داوێنی خوارەوەی چڵچەمەدا هەڵگەڕان. پێشمەرگەکان لە شیرینە خەودا بوون کە درانە بەر دەستڕێژ. لە خەو ڕاسان و تاودانی چەکەکانیان بەس بوو کە دەسبەجێ بە گژ پەلاماری دوژمندا بچنەوە. ئەوان کە پێشتر دەیان کەمینی دوژمنیان شکاندبوو، سەدان شەڕگەیان بە سەرکەوتنەوە جێ هێشتبوو، مێژوو بە مێژوو حەماسەیان بۆ نیشتمان و نەتەوە خوڵقاندبوو، دەیانزانی کە ڕۆژ ڕۆژی تەنگانەیە. دوژمن کە بە ژمارەی کەمی پێشمەرگەکانی دەزانی داوای خۆ بە دەستەوەدانی لێدەکردن، بەڵام ئەوان نەک ئەو دەم و ساتە، لە مێژبوو بڕیاریاندا بوو کە لە هەر دۆخێکدا یان ژیانی ئازاد، یان مەرگی سەربەرزانە. ئەوە بەڵێنێک بوو کە کاروانی شەهیدان یەک لە دوای یەک بە یەکتریان دابوو. شەڕی نابەرامبەر دەستی پێکرد، هەر کام لەوان لە قوڵێکەوە بەرەنگاری شاڵاوی دەیان کەسیی دوژمن بوونەوە. شەڕ گەرم بوو

هەتا پێشمەرگە دوو گوللەی ڕوو بەدوژمن دەهاویشت بە سەدان گوللە بەرەوڕوویان دەهات، بەڵام پاش ماوەیەک مخابن تیری چلکن گەیشتە سینگی ڕەحمەت و کەماڵ. شەهیدبوونی ئەو دوو شۆڕەلاوە نەبووە هۆی ڕووخانی ورەی دوو سوارچاکەکەی دی. حەیدەر و عەلی بە ئازایەتیی زیاترەوە توانییان لایەکی گەمارۆکە تیکبشکێنن و بە شەڕ و پاشکەشە ڕێگایەک بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕگە بکەنەوە.

ئەو بن برد و ئەو بن بەرد، یەکیان تەقە دەکا و یەکیان دەکشێتەوە، بەڵام گەلۆ کوا دوو کەس ئەو دەرەتانەی بۆ دەرخسێ کە خۆیان لە ژێر ئاوری دەیان کەسیدا ڕزگار بکەن. دوای نیزیک سەعاتێک بەردەوامیی شەڕی سەنگەراوسەنگەر گوللەی دوژمن حەیدەریشی ئەنگاوت. عەلی خاڵدار مابۆوە و چەند فیشەکێک کە بە پێخۆر دەیتەقاندن. ئەو توانی پاش ماوەیەک بە نێو شیو و تەلانەکاندا خۆی دەرباز بکا و لەگەڵ ئەوەی حەماسەی هاوڕێکانی بۆ هاوسەنگەرانی بگێڕێتەوە دەرسێکیش بە خۆفرۆشان بدا. دەرسی زاڵبوونی ڕۆژ بەسەر شەو و سەرکەوتنی فریشتە بە سەر ئەهریمەندا. دەرسێک کە جاش و بەکرێگیراوان بزانن مێژوو لێیان خۆش نابێ و ڕۆژی حیساب دێ و نیزیکە.

عەلی خاڵدار پاش گەڕانەوەی لەو شەڕگە مەرگەساتە کە بوێرتر و دڵ پڕ لە ئیمان درێژەی بە پێشمەرگایەتی دابوو و چەند عەمەلیاتێکی تۆڵە ئەستێنانە و سەرکەوتووانەیان بە یاد و بیرەوەریی شەهیدان کردبوو، چەند ساڵ دواتر لەپشتی دایەسڵمان بە برینداری گیرا و دوای ٣ مانگ گوللەباران کرا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە و بەمجۆرە پەیمانی بەڵێن و وەفاداریی خۆی بە هاوسەنگەرانی بردە سەری.

# ماندووبوونێکی زۆر بۆ ئەزموونێکی بەنرخ

پێشمەرگە چۆن پێدەگا و چۆن لە کڵ دێتە دەرێ. ئەوە ڕەوتی ڕووداوە سەختەکان و شەڕ و بەرگرییە خوێناوییەکان لە پێناو سەرخستنی خەباتی نەتەوەیە پێشمەرگە لەو مەیدانەدا تاقی دەکاتەوە و کەرامەت و کەسایەتیی دەداتێ.

پێشمەرگە کارەکتەری سەرەکیی گۆڕەپانی خەباتی مافخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەکانی شەست و حەفتای هەتاوییە. لە لایەک ئاشی هاڕینی دەزگای سەرکوتی دوژمن و لە لایەکی دیکەش هێزی بەرەنگاریی کوردە کە ڕێکخراوتر و بە بەرنامەتر بەدژی دەزگای سەرکوت مەیدانداریی دەکا.

لە نێوەڕاستی دەیەی ١٣٦٠دا هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەزموونێکی نوێی لە دژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی وەسەریەک نا، ئەزموونێک کە لەڕاستیدا بەرهەمی کار و چالاکیی سیاسی و نیزامیی بەرچاوی ئەم حیزبە بوو. ئەم ئەزموونە، ئەزموونێک بوو کە دوای وەشاندنی زەبری کاریگەر لە هێزی دوژمن، لە هەلومەرجی ئەوکاتی خەبات و تێکۆشاندا بایەخی خۆی زیاتر دەرخستبوو و لە ڕاستیدا زەروورەتی لە مەیداندا بوون و مەیدانداریی ئەوکاتی هێزی پێشمەرگە بوو کە ئەزموونێکی لەو چەشنەی بۆ ڕۆڵەکانی دیمۆکرات دەستەبەرکردبوو.

ناوچەی سندووسی نەغەدە ماوەیەک بوو پێشمەرگە ڕووی تێنەکردبوو، هەر بۆیەش هێزەکانی کۆماری ئیسلامی جۆرێک هەستیان بە دڵنیایی و غەڕەبوون دەکرد و ئەوە دەرفەتێکی باش بوو بۆ زەبر وەشاندنیان. بەرنامەی عەمەلیاتەکە لەلایەن فەرماندەرانی دوو هێزی دمدم و کێلەشین دارێژرا و تیمێکی تایبەتی شناسایی سەردانی ناوچە و شوێنەکەی کرد و دوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێی هەموو لایەنەکانی عەمەلیاتەکە کات و شوێنی زەبروەشاندن لە ڕێژیم دیاری کرا.

هەمیشە کاتێک دوو هێزی پێشمەرگەی دوو ناوچە یەکیان دەگرت بزە دەکەوتە سەر لێوی هەموو پێشمەرگەکان. ئەوان پۆل پۆل لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە و بە قسە و جەفەنگ و گێڕانەوەی بیرەوەریی خۆش و ناخۆشی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، کۆڕی باسیان هەتا دەسپێکی

عەمەلیات گەرم دادێنا. پێشمەرگەکان هەستیان کردبوو کە یەکگرتنیان دەکرێ ئامانجێک و عەمەلیاتێکی نیزامیی لە پشت بێ، بەڵام ئەوە تەنیا فەرماندەرانی هێزەکە بوون کە بە ئامانج و شوێنی مەبەستیان دەزانی.
هێزەکان کەوتنە جووڵە و ڕۆژێک پێش عەمەلیات لە شوێنێکی نەهێنی مانەوە و فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرا و ئەرک و بەرپرسایەتییەکان لە سەرەوە تا خوارێ دیاری کران و تیمەکانی هێرش، کەمین، گواستنەوەی برینداری، کۆکردنەوەی دەسکەوت، لێدان لە هێزی یارمەتیدەری دوژمن و .... دەستنیشان کران.
وردەکاریی عەمەلیاتەکە لەلایەن فەرماندەران بۆ پێشمەرگەکان باس کران و پێشمەرگە بە ورەی بەرز و هەستێکی پڕ خۆشی و شادی کەوتنە ڕێ. پێشمەرگە بە سەفەرێکی دوور و درێژ ڕێگەیان دەبڕی و کاتێک چاویان هەڵبڕی بینییان لە نزیک گوندی مەحمەشە.
ئەگەرچی کاروباری عەمەلیاتە زۆر بە وردی پلانی بۆ داندرابوو، بەڵام فەرماندەرانی بە زیبکوزاکوونی پێشمەرگە دەیانزانی کە دەبێ باش جارێکی دیکە چاو لە شوێنی عەمەلیاتە بکەنەوە. کاتژمێر ٣ی بەرەبەیان تیمی شناسایی بۆ چاوخشاندنەوە بە سەر جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن و ئاگاداربوون لە ئەگەری هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە شوێن و جووڵەی هێزەکانی ڕێژیم چوونەوە شوێنی عەمەلیاتەکە و پاش تاوتوێی هەموو وردەکارییەکانی لێدان و کشانەوە هەر کام لە تیم و دەستەکان لە شوێنی خۆیان دامەزران و چاوەڕوانی دەسپێکی عەمەلیات بە بڕیاری فەرماندە بوون.
لە کات و ساتی بەڕێوەچوونی ئەم عەمەلیاتەدا لە ساڵی ١٣٦٤، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار هێزی چەکداری لە کوردستاندا جێگیر کردبوو، بە هەزاران مۆڵگەی لە بەرزاییەکان چێ کردبوو و بۆ دژکردەوەی خێراش سەدان گرووپی زەربەتی لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا پێک هێنابوو. سەرباقی ئەوە ڕۆژانەش لە کاتژمێری ٨ی بەیانییەوە تا ٣ی ئێوارێ ڕێگرەکانی لەسەر جادە ئەسلییەکان لە ترسی کەمینی پێشمەرگە بڵاو دەکردەوە. ئەو ڕۆژەش کاتێک دوژمن ڕێگرەکانی کە بە تەئمینی جادە ناوی دەبردن لەسەر جادە کۆ دەکردنەوە، هەڵۆ تیژباڵەکانی شنۆ و نەغەدە لێیان ڕاسان و وەبەر ڕێژنەی فیشەکیان دان. لە چاو تروکاندنێکدا ماشێنی ڕێگرەکان سووتێندرا و هەموو هێزەکانی دوژمن کە لە شوێنەکە بوون کوژران و وەک گەڵای پاییز هەڵوەرین، بەڵام ئەوە کۆتایی عەمەلیاتەکە نەبوو.

مەبەستی سەرەکیی عەمەلیاتەکە لەداوخستنی هێزی یارمەتیدەری ڕێژیم بوو کە خۆیان دەگەیاندە شوێنی ڕووداوەکە. زۆری پێنەچوو کە سێ ماشێنی پڕ لە هێزی دوژمن بۆ ڕزگارکردنی لەداوکەوتووەکان کەوتنە ڕێ، بەڵام فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەوەش خەم و مشووری پێویستیان خواردبوو. چەند کیلۆمیتر دوورتر لە شوێنی ڕووداوەکە و لەسەر ڕێی هاتنی هێزەکانی ڕێژیم پێشمەرگەکان لە قەراغ جادە کەمینیان نابۆوە و چاوەڕوان بوون. ئەوان پێیان گوترابوو کە هەتا بە تەواوی نەیەنە بازنەی بۆسەکە لێیان وەدەست نەیەن. بۆیە دەست لەسەر پەلاپیتکە و لە کاتێکدا هەناسەکانیان لە سینگدا خواردبۆوە، خۆیان بۆ قۆناغی دووهەمی عەمەلیات ئامادە دەکرد.

هێزی دوژمن کە هەر پێی وانەبوو لە شوێنێکی وا زەبری لێ دەدرێ، بە پرتاو لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە خۆیان بگەیەننە شەڕگە. ماشێنەکان گەیشتنە نێو ئاڵقەی کەمینی هەڵۆکانی دێموکرات و درانە بەر دەستڕێژ. هێزی دەستەوەستانی ڕێژیم ئەوەی دەیدی هەر ئەوە بوو کە لە عەرز و ئاسمان ئاوری لەسەر پشتی کراوەتەوە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەر سێ ماشین لێک هەڵتەکان، ئاگریان تێبەردرا و ئەوەی هاتبوو نەگەڕاوە.

موڵگەی مەحمەشە کە لەو عەمەلیاتە و لەو دوو برگەیەدا بەشێکی زۆر لە هێزەکەی بە دەستی پێشمەرگە تێداچوبوو، هانای بۆ سەرووی خۆی برد و داوای هێزی ئاسمانیی کرد. پاش ماوەیەک سێ هێلیکۆپتێری سپای پاسداران گەیشتنە ئاسمانی شەڕگە، بەڵام ئەوەی دەیاندی تەنیا دووکەڵی ماشینە سووتاوەکان و کەلاکی هێزە کوژراوەکانیان بوو. بۆیە تەقەی کوێرانە و بێ ئامانجیان نەیتوانی هیچ زەبرێک لە هێزی پێشمەرگە بدا کە دوای عەمەلیاتەکە بە بەرنامە و وردبینیی تەواوەوە شوێنەکەیان جێ هێشتبوو.

بەمجۆرە هەڵۆ تیژباڵەکانی دیموکرات زەبرێکی وەها گاریگەریان لە هێزی دوژمن دا کە تا ئێستاش لە بیر و یادەوەریی هەم خەڵکی ناوچە و هەم دوژمندا ماوەتەوە و دەشمێنێ.

ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتووانە لە کات و شوێنێکی ئاوادا بە ڕێژیمی سەلماند کە کوردستان ناتوانێ جێی تەڕاتێنی وان بێ و کورد گوتەنی: «کوند دەبێ هەر بەرەو وێرانە بفڕێ، هەڵۆش لە شاخە بەرزانە نەبڕێ.»

# خۆڕاگر لە ڕەگەزی داربەڕوو

دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵشێ، ئەوە هەر پەند و ئیدیۆمێکی کوردی نییە، بگرە سەدان ساڵە ئاوێتەی شۆڕش و خەباتی مافخوازیی ئەم نەتەوەیەش بووە. زۆر جار تیری دوژمن نەیتوانیوە قەڵافەتی میرانەی سوارچاک و پێشمەرگە بخاتە سەر عەرزی، بەڵام ئەوە بە دەهۆ و خیانەت کراوە. کەم نین ئەو پیلانگێڕییانەی کە دوژمن بە تێخزاندنی مۆرەکانی خۆی بۆ نێو ڕیزی تێکۆشەران ویستوویەتی زەبری قورس لە هێزی پێشمەرگە بدا کە پێی زاندراوە و لێی هەڵوەشاوەتەوە؛ بە داخەوە کەمیش نین هەر ئەو پیلان و چەپەڵییانە کە سەرکەوتوو بوون و برینێکی دیکەیان خستۆتە جستەی نیشتمانەوە، برینێکی بەژانتر لەوەی دوژمن خۆی پێت دەکا...

نێوەڕاستی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٥ تیمێک لە پێشمەرگەکان ساز بوون گەشتێکی سیاسی و نیزامی بە ناوچەی سەردەشتدا بکەن و ئەوەندەی دەکرێ دڵی کۆمەڵانی خەڵک بە دیتنی ڕۆڵەکانیان شاد کەنەوە. مەخابن بێ ئاگا لەوەی کە ڕێژیم ماوەیەک بوو یەک لە مۆرەکانی خزاندبووە نێو ڕیزە تەشکیلاتییەکانی حیزب و لەسەر ئەو جموجۆڵ و گەشتە زانیاریی وردی دەست کەوتبوو.

مۆرە نفووزییەکەی دوژمن یەک لە بەڵەد و شارەزاکانی ڕێگای چوون و هاتنەوەی هێزەکە لە ناوچەیەکی کوردستان بوو، ئەویش لە ڕۆژی ١٦ی خەرماناندا ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکانی ڕەکێشی ئەو بۆسەیە کرد کە پێشتر بە ئاگاداریی خۆیان لە سەر ڕێ نابوویانەوە. ئەو کە بۆخۆی بە فێڵ توانیبووی چەند سانێک پێش ڕووداوەکە لە شوێنەکە دوور کەوێتەوە و بۆی دەرباز بێ، دەستەی پێشەنگی پێشمەرگەکانی خستبووە داوێک. تەقینەوەیەکی گەورە و ئاگری قورس بەسەریاندا لە هەموو لایەک و ئەویش لە شوێنێکی ئاستەم و چاوەڕواننەکراودا. لەم ڕووداوەدا ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی، دوو پێشمەرگەی بەوەجی حیزب شەهید بوون و پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو. پێشمەرگەکانی دیکە دواتر توانییان بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بن و نەیەڵن دوژمن وەک ئەوەی کیسەی بۆ هەڵدروبوو پیلانەکەی سەرکەوێ.

لاپەڕەی زێڕینی حەماسەی پێشمەرگە مانەوەی چوار پێشمەرگەیە

لە ڕۆژی دواتـری ڕووداوەکــە لـەلای دوو شەهید و پێشمەرگە بریندارەکە کە بەهۆی برینی لاقی توانای ڕێگا ڕۆیشتنی نەبوو. ئەوان لە شوێنێکی ئاوا ئەستەمدا ئامادەبوون گیانیان دابنێن بەڵام هاوڕێ بریندارەکەیان کە بەهۆی برینە قورسەکەی نە توانای ڕێ بڕینی هەبوو نە توانای ڕاگواستنی لەم دەم و دەستەدا دەلوا، لە شەڕگەدا جێ نەهێڵن. ئەوان بە مەترسیی ئەو بڕیارەیان دەزانی، چونکی نەهێزێکی یارمەتیدەر هەبوو بگاتە سەریان و نە تروسکاییەک بۆ دەربازبوون، بەڵام پێشمەرگە بۆ خۆی کە سەرچاوەی هیوا باوەڕە، چۆن دەتوانێ چاوی هیوا و هۆمێدی هاوسەنگەرێکی بریندار بێ سۆما بکا؟

چوار شۆڕەسوارەکەی ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ کشانی تاریکی و شەوەزەنگ وەخۆکەوتن. شەهیدەکانیان لە شوێنێک شاردەوە و هەوڵیان دا لەگەڵ هاوڕێ بریندارەکەیان ئەوەندەی دەکرێ لە شەڕگە دوور کەونەوە؛ بەڵام تەنیا توانییان چەند سەت میترێک ببڕن ...

سـیـوادی بەیانیی دابــوو، ڕۆژ بـە پـەلـە دەگـەیشـتـە سـەریـان. بریندارەکە وەدەنـگ هـات: «تکایە بـڕۆن و جێم بهێڵن. ئێمە دوو شەهیدمان داوە با نەبێتە حەوت شەهید و دوژمن بەو سەرکەوتنە شایی لە دڵ نـەگـەڕێ. ئێوە بـڕۆن و خەمی منتان نەبێ. حیزب و بنەماڵەکانتان پێویستیی زیاتری پێتانە، زۆر کار هەیە کە دەبێ بیکەن، بڕۆن و جێم بهێڵن، مەترسن نایەڵم ئاوا بە بریندار بکەومە بەر دەستیان... حەسەن خۆشکەلام، ئەییوب ڕەحیمیان، ڕەزا ئیلامی، ئیدریس قادری، تکایە بە قسەم بکەن و زوو بن دوور کەونەوە....»

هاوڕێکانی ئەگەر بە دەنگ گوێیان لەو قسانەی بوو، بەڵام ئەوەی لەبەر چاویان بوو، ڕوخساری شارۆ و شێروان، دوو جگەرگۆشەکە «کارۆ»ی هاوسەنگەریان و خێزانە چاوەڕوانەکەی بوو، گەڕانەوە بۆ بـاوەڕ پێشمەرگانە و هـاواری ناخ و دەروونیان بوو. بۆیە ئەو قسانە کاری تێنەکردن و لە بەرامبەردا دڵگەرمییان بە کارۆ دەدا کە ددان بە جەرگیدا بگرێ و بەهێزتر بێ، کە ئاسۆی سەرکەوتن و دەربـازبـوونـیـان لـەو شـەوەزەنـگـە تـووش و نـەهـاتـە ڕوونـە.

خۆر گەیشتبووە سەریان. برسی و تینوی. جیا لە تفاقی شەڕ ئەوەی پێیان بوو دوو قومقومە ئاو کە دایان نابوو بە لۆکە دەمی بریندارەکەی پێ تەڕ بکەن. هاوڕێ بریندارەکەیان بردە بن گابەردێک

و خۆیان کەمێک دوورتر بە دەوریدا چوونە سەنگەر. ئەوان کە دەیانزانی هێزەکانی دوژمن بە ڕۆژ دێنەوە شەڕگە و دەست بە گەڕان و پشکنین دەکەن، خۆیان بۆ هەرچەشنە بەرەنگارییەک ئامادە کرد.
هەتا پێش نیوەڕۆ هەر تۆپباران و گرمەی خۆمپارە بوو کە لە دوورەوە دەهاوێژران، بەڵام دەمەو نیوەڕۆ ماشێنێکی پڕ لە هێزی دوژمن گەیشتنە شەڕگە. ئەوان پێشتر ساغ ببوونەوە لەبەر پاراستنی گیانی هاوڕێ بریندارەکەیان هەتا نەگەنە سەریان و ئاشکرا نەبن، لێیان وەدەست نەیەن؛ بەڵام ئەگەر پێیان زانین تا دوا فیشەک شەڕ بکەن و کارۆی هاوڕێیان جێ نەهێڵن.
چەند کەس لە هێزەکانی دوژمن چەند شەقاوێک مابوو بگەنە سەریان، هەناسەکان لە سینگدا کۆبوونەوە و دەست لەسەر پەلاپیتکە بۆ شەر و بەرگری کە کەمێک دوورتر یەک لە جاشەکان چاوی بە شەهیدەکان کەوت. هەموویان بۆ ئەوێ گەڕانەوە و لە دەوری شەهیدەکان کۆ بوونەوە. پێشمەرگەکان دەیانتوانی لێیان دەن و زەبری زۆر باشیان لێ بوەشێنن، بەڵام دەیانزانی ڕۆژ زۆری بە بەرەوە ماوە و هێزی یارمەتیدەری ڕێژیم دەگاتێ و ئەوان هەموو تێدا دەچن، بەڵام ڕەنگبێ کارۆ بە برینداری بکەوێتە بەر دەستیان، بۆ ڕزگارکردنی کارۆ کە کادرێکی حیزبی بوو گرینگتر لە کوشتنی چەند یان چەند دە کەس لە هێزەکانی دوژمن بوو.
هێزەکانی دوژمن کە زەندەقیان لە تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکانیش چوبوو، نەیانوێرا لێیان نیزیک ببنەوە، بۆیە تەرمەکانیان بە ماشێن ڕاکێشا و لەوێ دوور کەوتنەوە.
پێشمەرگەکان چوونەوە لای هاوڕێی بریندارییان و تا ئێوارە چەند جارێک دەرمانیان کرد و لەگەڵ ئاوابوونی خۆر و داهاتنی شەو ملی ڕێگایان بەرەو شوێنی یەکگرتنەوە لەگەڵ هێزی یارمەتیدەر بڕی.
ئەوان بە مانەوەی شەو و ڕۆژییان لە نێو جەرگەی دوژمن و قەبوڵکردنی مەرگ بەڵام جێ نەهێشتنی هاوڕێ بریندارەکەیان هەر گیانێکی دیکەی بەبەری «کارۆ»ی هاوڕێیان بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشاندا نەکردەوە، بەڵکوو بوونە سەرمەشق بۆ فیداکاری و خۆنەویستی بۆ نەوەی داهاتووی گەلەکەیان.

# جەتەر و قارەمانەتییەکی کەم وێنە

ئاسمانی خەباتی پڕشنگداری حیزبی دێموکرات و مێژووی فیداکاری و لەخۆبوردوویی حیزبی دێموکرات پڕ ئەستێرەیە، هەر ئەستێرەیەک کە دڕی بە شەوەزەنگی بێدادی داوە و بۆتە ڕووگە بۆ ئەوەی نوێژی ئیخلاسی لەبەر دەم دابەستی.
کەم نین ئەو سوارچاکانەی ئەگەرچی لە مەیدانی نەبەرد و بەرەنگاری دژی دوژمنانی گەلدا گلان، بەڵام کاروان کاروانیان لە دووی خۆیان هێنا و بوونە ڕەمزی هەرمان و مانەوە و، ئەو مێژوویەی ئەوان خوڵقاندیان بوونە وانە بۆ نەوەکانی دواڕۆژ. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا سەرێک دەدەین لە مێژووی پڕ سەرەوەریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە شومالی کوردستان.
پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێزەکانی شەهید سەرگورد عەباسی، حاتەم، نەحۆ و دەستەی زەربەتی هێزی شەهید ئاوارە بۆ مەئموورییەت لە ناوچەی شومالی کوردستان خەریکی گەشتی سیاسی و نیزامی بوون. لە درێژەی گەرانی سیاسی نیزامیی لە ناوچە شەوی ١٣ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٣ بۆ ئەوەی زەبرێک لە هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیم بدەن و بڵێن کە کوردستان جێگەی ئێوە نیە، چوونە نێو شاری سەڵماس.
دەستەیەک لە هەڵۆ تیژباڵەکانی حیزبی دیموکڕات لە نزیک موڵگەی سپای پاسداران چوونە سەنگەرەوە و دەستەیەکی دیکەش بۆ پشتیوانیی ئەوان لە حاڵی ئامادەباشدا مانەوە. لکێکی دیکەش کۆنترۆڵی جادەی ورمێ_ تارانیان بە درێژای ٥ کیلۆمیتر خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دەستەیەکی دیکەش بۆ شیرکەتی ڕێگاوبانی حکومەت دامەزران.
بە بڕیاری فەرماندەری عەمەلیات و لە کاتێکدا ڕێژیم قەت چاوەڕوانی ئەو هێرشەی نەدەکرد، هێرش بۆ سەر بنکەی سپای پاسداران دەستی پێکرد و لە هەموو لایەکەوە ئاگر لە سەر پشتی هێزەکانی ڕێژیم کرایەوە. لە ماوەیەکی کەمدا بنکەی سپای پاسداران لە نیو شار لەبەر یەک هەڵتەکا و هێزەکانی پێشمەرگە دوای مانۆڕێک بە نێو شاردا بێ ئەوەی کەسیان خوێنی لە لووت هاتبێ، لە نێو شار هاتنە دەر.
ئەو پێشمەرگانەش کە لەسەر جادەی ورمێ_ تاران بوون، دەستیان

بە ڕاگرتنی ماشێنەکان و کۆکردنەوەی خەڵک کرد و کۆبوونەوەیان بۆ گرتن. لەو کاتەدا ماشێنێکی هێزەکانی ڕێژیم گەیشتە شوێنەکە و گوێی بە فەرمانی ڕاوەستەی پێشمەرگەکان نەدا. پێشمەرگەکان بەر ڕەگباریان دا و پاش ئاگردانی ماشێنەکە و تەواوبوونی ئەو بڕگەیەش لە عەمەلیاتە، ئەو بەشەش لە پێشمەرگەکان ماڵاواییان لە خەڵک و جەماوەری کۆوەبوو کرد و شوێنەکەیان بەجێهێشت.

ڕێژیم کە زەبرێکی کاریگەر و قورسی وێ کەوتبوو، بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر هێزێکی زۆری پێوشوێنی پێشمەرگەکان خست، بەڵام فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە کە پێشبینیی ئەوەشیان کردبوو، لە گوندی «بەردییان» بەرەنگاری هێزی زۆر بەڵام بێ ورەی دوژمن بوونەوە. پێشمەگەکانی دێموکرات لە مەڵبەندی شومال کە دەیان جار حەماسەی لەو چەشنەیان خوڵقاندبوو، لەو عەمەلیاتەشدا زەبرێکی وەها گورچکبڕیان لە ڕێژیم دا کە دەبێ بە دەیان چیرۆک بنووسرێنەوە.

ڕێژیم کە لە سێ قۆناغدا زەبری قورسی وێکەوتبوو، بە پیشەی جارانی چەکی قورس و تۆپخانەی خستەکار، بەڵام تەیرەکانی دێموکرات بە ورەی بەرز و سەربەرزییەوە شەڕگەیان بەجێهێشت و بەرەو گوندی «جەتەر» داگەڕان.

دوژمن لەگەڵ شکستە یەک لە دوای یەکەکانی بەڵام دیسان دەستی هەڵنگرت. ئەو برینە قورسەی هەڵیگرتبوو، لە ڕوانگەی خۆیەوە پێویستیی بە سارێژکردنەوەیەکی خێرا و دەمودەست هەبوو. بۆیە دیسان بە هێزێکی زیاترە شوێنی پێشمەرگەکان کەوت و ڕۆژی دواتر نیوەڕۆی ١٥ی بەفرانبار_ لەژێر ئاگری توندی تۆپخانەدا هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگەکان. پڵینگە چنگ بە خوێنەکانی چیای ئاگری و دەستەی زەربەتی هێزی قەندیلی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی دوو ڕۆژ بوو بە بەردەوامی لەبەرەی شەڕدا بوون، بەڵام بێ ئەوەی تۆزی ماندوویەتییان لێ نیشتبێ و تۆزێ دوودڵ بن، بەڵێنیان دا بەو ساردە زستانە ئاگرێکی وەها لەسەر پشتی دوژمنی داگیرکەر بکەنەوە بۆ هەتاهەتایە لە مێژوودا بنووسرێتەوە.

هێزی دوژمن کە ورەی هاتنەپێشێی نەبوو، سەرەتا دەستی بە ئاوربارانی گوندی جەتەر و سەنگەری پێشمەرگەکان کرد و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا گەیشتە نیزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ئا

لێرەدا بوو کە عیشق بە نیشتمان و بڕوا بە ڕەوایی خەبات وەها ئاگرێکی خستبووە دڵی پێشمەرگەکانەوە کە بێ ترس لە دانانی گیان بەرەنگاری دوژمن ببنەوە. پاش چەند سەعات شەڕی سەنگەر بە سەنگەر ئەوەی لە شەڕگەدا دەبیندرا کەلاکی زۆر و زەوەندی هێزەکانی دوژمن بو کە ئەمجارەشیان بە قورسی تێک شکابوون.
هێزەکانی ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە کران، بەڵام نیو کاتژمێری پێ نەچوو کە هێزی پشتیوان و تازەنەفەسی ڕێژیم لە شاری سەڵماس گەیشتنە مەیدانی شەڕ. شەڕی سەنگەر بە سەنگەر دەستی پێ کردەوە و هەتا ئێوارێی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو. ئەوەی لەو شەڕە بەجێ ما، حەماسە و سەروەرییەکی دیکە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە بەخشینی گیانی ١٣ ڕۆڵەی کورد وەدەست هاتبوو، ئەوەش کە لە شەڕگەدا بەجێ ما، سەرشۆڕی و کەلاکی زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن بوو کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا و لە چەند بڕگەی عەمەلیاتیدا کەوتبوونە سەر عەرزی.
هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سارێژی ئەو برینە قورسەی هەڵیان گرتبوو، ڕۆژی دوایی قینی ڕەشی خۆیان بە سەر دوو گوندی دیکەی ناوچەکە «بۆتک» و «دیمە» ڕشت کە بە دەیان کیلومیتر لەو شوێنە دوور بوون. ئەو دوو گوندە لەلایەن هێزەکانی دوژمنەوە هێرشیان کرایە سەر و دوای دەرکردنی خەڵکە ئاگریان دان و سووتاندیان.
ئەوەی لە سەر شەڕی جەتەر پێویستە بیزانین چەند خاڵی گرینگە: یەکەم ئەوەی ماوەی شەڕەکە سێ ڕۆژ بوو، هێزەکانی پێشمەرگە هەم لە نێو شار و هەم لە سەر جادە و هەم لە ناوچە و لە ماوەی سێ ڕۆژدا زەبری گورچکبڕیان لە دوژمن دابوو. دووهەم ئەوەی دزەکردنە نێو شار، ئەویش شارێک وەک سەڵماس و لێدان لە بنکەی سپای پاسداران وەک هێمای دەسەڵاتی سەرکوتی ڕێژیم دیسان لە کاتێکدا دەبـواو دەبێ بە نێو دەیان گوندی ئازەری نشیندا بۆی بچی و بگەڕێیەوە، حەماسەیەکە کە تەنیا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەتوانن بیخوڵقێنن. دواجار ئەوەی کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرت سەلماندی کە زۆری و زەوەندی و کۆک و پۆشتەبوونی هێزی دوژمن قەت ناتوانێ چۆک بە ئیرادە و باوەڕی پێشمەرگە دابدا، هەر ئەوەش بۆتە ڕەمزی مانەوەی پێشمەرگە و خەباتی گەل و نیشتمان بۆ ڕزگاری.

# خەوێکی هەتاهەتایی

پاییزێکی زوو دەستی پێکردبوو، دارەکان سەریان بەردابۆوە و لارەمل و بێ خەزەڵ لە ژێر زەختی ڕەشەبای پاییزدا بە هاش و هوش دەیان ناڵاند، دەتگوت بۆ لەسێدارەدان چاوەڕێن و بۆ دەرباز بوون ڕادەپسێن. باڵندەکانی نێو ئاوایی تەڕ و سیس، پۆل پۆل لێک هاڵابوون، لەهەر کەلێن و قوژبنێک چەند دانەیەکیان پێکەوە سەریان بەیەکەوە نابوو، بەبێ شوێنی حاوانەوە داخوا کەی چنگی ڕەشی باشووی مەرگ سینگی یەکیان هەڵدڕێ. خەفەتی پاییزی سارد لە سەر دڵی خەماوی خەڵک قورسایی کردبوو، خەڵکێک کە بە هەموو ناخۆشی و دەرد و ڕەنجی کۆیلەتی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران و کەوتنە بەر گرمەی تۆپ و ئاور و ئاسنی کوردکوژان و لەژێر قورسایی ئەو زوڵمە زۆرە لە مێژە لە وەرزیکی پاییزدا دەژین کە نە ژیانێکی سەرەتایی ئینسانی، بەڵکوو لە کوشتن و بڕین ڕا بگرە هەتا مووشەک و فرۆکەکانی وێرانکەر و بارینی هەموو جۆرە گوللەیەک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کوردی زوڵم لێکراودا دەباری، بۆیە ڕۆژی ژیانی بەئاسوودەیی لە ژێر پەڵەهەوری ڕەشی دیکتاتۆریدا شاردراوەتەوە و تۆزی مەرگ لەجەمارانەوە بەسەر خەڵکی کورددا دەپرژێ. لەو پاییزەدا باران دەباری، بارانێکی بە خوڕ. لەگەڵ لە کەمیدانی باران جموجۆڵ لە کوچەکۆلان و نێو ئاواییدا دەستی پێ کردەوە. زرمەزرمی منداڵان و غارغارێنیان لەو ماڵ بۆ ئەوماڵ و نەرمە بارانی ئێسک سووک تۆزی خەمیان لە گوندەکە دەشۆردەوە. لەو دەم و ساتەدا پێشمەرگە هاتنە نێو ئاوایی، هەموویان دەتگوت لە چۆمییان داوە، خوساو لەبەر باران و دڵی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و ئێستاش کە خۆیان خستبووە باوەشی خەڵکەکەیان. بە هاتنی پێشمەرگەکان دڵی سیسی خەڵکی گەشابۆوە، خەڵک باوەشیان بە ڕۆڵەکانیاندا دەکرد و بزەی شادی کەوتبووە سەر لێوی هەمووان. ماوەیەکی زۆر بوو پێشمەرگە ڕووی نەکردبووە ئەو ناوچە و بەتایبەت لەو گوندە وەژوور نەکەوتبوون، بۆیە ئەو پاییزە بۆ ئەوان بوو بە بەهارێکی سەرسەوز و خەڵک هەستی بەدەسەڵات [illegible]

هەموو شوێنێک تریقەی پێکەنین و شادی و خۆشی بوو. ژیانیک، ڕووناکاییەک، دەسەڵاتێکی خۆیی، ژیانێکی بەسەربەستی ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ سیبەری خستە سەر ئاوایی کە دروونیان دەکوڵی. هاتووچۆی خەڵک لەنێو ئاوایی گەرم بوو، هەموو دەم بەبزە و پێکەنین تەنانەت هەواڵی هاتنی پێشمەرگە بۆ ئەو گوندە گەیشتە چەند گوندی دەورووبەریش. پێشمەرگە هەر تیمە پێوشوێنی ئەرکی پێسپێردراوی کەوت و، پاش ڕاپەڕاندنی هەموو ئەرکێکی حیزبی کە بە تیمەکان سپێردرابوون، لە شوێنی لە پێشدا دیاریکراو کۆ بوونەوە و لە لایەن بەرپرسانەوە بەرەوشوێنی کاری سبەی دەستبەکار بوون. لە ئاوایی گامێشگۆلی کە لە نزیک شاریمیاندواو هەڵکەوتوە، پێشمەرگە لە نێو دوعای بەخێر و نزای خەڵکیدا و لە تاریکەشەوی ئەنگوستەچاودا لە ئاوایی وەدەرکەوتن. دەرەنگانی شەو بوو. هەور بە ئاسمانەوە نەمابوو، کاتژمێر یەکی نیوەشەو لەسەر جادەی بۆکان_ میاندواو ئەو دەستە پێشمەرگەیە کە پێکهاتبوو لە ٢٢ کەس ملی جادەیان گرتبوو و بەرەو گوندی حاجیابادی »ئەحمەدیکۆر« هەنگاویان دەنا. پێشمەرگەکان کە لە قووڵاییترین ناوچەی کوردستان و لەنێو خەلکێکدا بوون کە بەو بایەوە دەژیان لەلای پێشمەرگەوە دەهات، بۆیە پێشمەرگەکانیش شاییان لە دڵ دەگەڕا کە ئەو خەڵکە چۆن پیشوازییان لێ دەکەن و لە فیکری ئەوەدا بوون کە لە نێو کۆڕی گەرمی ئەواندا بڵێن چی و باسی چییان بۆ بکەن. کاتژمێری ٣ی شەوی ١٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٥ بوو. بەرپرسانی ئەو دەستە پێشمەرگە خەریکی تاوتوێی ئەوە بوون کە لە کوێ پشوو بدەن و بگیرسێنەوە. دواجار بڕیاریان لە شوێنێکدا دا کە ئەو شوێنە لە نێو ٥ پایەگای دوژمن و ٥٠٠ میتریی جادەی بۆکان_میاندواو هەڵکەوتبوو. وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە کاری نیگهبانیی شەو ڕاپەڕی و پێشمەرگە کیسەخەویان لی بڵاو کردەوە و تا نیزیک نیوەڕۆی سبەی ڕۆژ، کەوتنە خەوێکی ٧ شەو و ڕۆژی. ئەوەی نەدەبوو رووی دابا رووی دا. ئەو پێشمەرگانەی لە دەیان ستوون و هێرش و کەمیندا وەسەردوژمن گەڕابوون و شکاندبوویانن، ئەوانەی هیچکات لە گوللە نەدەترسان و گاڵتەیان بە مەرگ دەکرد، کەوتنە داوێک و گەمارۆیەک کە تەنانەت هێندێکیان بەر لەوەی لە خەو هەستن چوونە خەوێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی. دیسان خەنجەری خیانەت

بوو کە لە کالان دەرهاتبوو و کەوتبووە گیانی ئەو پێشمەرگانەی تا ئەو کات قەت هێزی دوژمن خۆی لەبەر نەگرتبوون، بەڵام لەلایەک خیانەت و لەلایەک کەمتەرخەمیی پێشمەرگەکان بۆ خۆیان بووە هۆی ئەوەی هەتا هێزی دوژمن نەگەنە سەریان پێ نەزانن. پێشمەرگەکان کەوتبوونە گەمارۆیەکی زۆر توند و سەختەوە و لەگەڵ یەکەم دەستڕێژەکان هەشت پێشمەرگەی بە وەج کە هەر کامیان توانا و لێوەشاوەیی و ئازایەتیی تێکشکاندنی دەیان کەسی دوژمنیان هەبوو، بێ ئەوەی دەرفەتی دەستدانە تفەنگیان هەبێ، وەک گەڵای پاییز کەوتنە سەر عەرز. پێشمەرگەکانی دیکە دەسبەجێ وەدەنگ هاتن و لە دوژمن ڕاسان و بەرەنگاریان بوونەوە، بەڵام چ بەرەنگارییەک! لەکات و ساتێکی ئەوتۆ بڕیاردان بۆ کاریکی ئەوتۆ نەک ئاسان نیە بەڵکوو زۆر سەختە. ئینسان لەساتە وەختێکی ئەوتۆدا کە لەگەڵ مردن ڕووبەڕوویە و بۆ درێژەدانی ژیان، مێشکی ئینسان دەبێ ئاڵۆزترین کێشە لە کاتێکی زۆر کەمدا بەرڕەسی بکا و ڕێگا حەڵی بۆ بدۆزێتەوە. ئەگەرچی ئەوە یەکەم جار نەبوو تووشی گەمارۆ و محاسەرەی ئاوا سەخت دەبین.

بەشێک لەپێشمەرگەکان هەر لەخەو دەرپەڕین گێژ بوون، دیار نەبوو دوژمن لە کوێوە تەقە دەکاو سەنگەرەکانی دیار نەدەکەوت، پێشمەرگە بەشی زۆری بە شەوی تاریک گەیشتبوو، ئەسلەن نەیدەزانی کوێ دوژمنی لێیەو لەکوێوە دێ، تەنیا باغێکی چووکە، چەند قاناو، وەک بارانە گوللە دەباری، بەستنی ڕەخت و هەرکەس بۆ خۆی کوڕی بابی خۆی بایە. بەڵام تیری چڵکنی دوژمن تازە کاری خۆی کردبوو و هەشت شۆڕەسواری مەیدانی خەبات گالبوون. چیای تەرەغە هاواری لێ بەرز بۆوە و بانگی کرد لە ناوچەی ئەحمەدیکۆر کە بەئاگا بە، پۆلێک لە لاوچاکانی شەڕەفپارێز بە گوللەی دوژمنان تەرمیان کەوتۆتە سەر خاکی نیشتمان وهۆشت لە لەشی جوان وشیرینیان بێ. لەرزە و ناڵەیان هاوڕێی ئاهی بە سۆز و شین و گریانی ناوچەی ئەحمەدیکۆڕ، هەوری ڕەشی خستە ناوچەی بۆکان و هەورەتریشقەی ئەو هەورە دڵی هەموو دایکانی هەڵقرچاند. ئەوی چاوی بە بەژن و باڵایان کەوتبوو، ئەوەی ئازایەتی ئەوانی بیستبوو، ئەوەی فیداکارییەکانی دیتبوون کە چۆن دوژمنیان بەچۆک دادێنا، ڕەشی پۆشی و فرمێسکی هەڵوەراند... ئەو برینە ئەوە نەبوو کە بکرێ ئاوا سووک و سانا ساڕێژ ببێ، بۆیە

هەر چەند رۆژ دوای شەهیدبوونی ئەو قارەمانانە، هاوسەنگەرانیان زەبرێکی وەها گورچکبڕیان لە پەیکەری هێزی داگیرکەر دا کە ئێستاش تاڵەواری ئەو زەبرە لە گەروویان داماوەتەوە. باسی ئەو حەماسەیە با بمێنێ بۆ لاپەڕەیەکی دی، لە هەگبەی شاخ و شۆڕش. ئەو هەشت پێشمەرگە شەهیدە بریتین لە: ١- سمایل خورشیدی خەڵکی قەڵا جێگر لک، لەراستیدا قاڵبووی مەیدانی خەبات، پاڵەوانێک لەمەیدانی شەڕ کاتێک تەقەیان لێکردین لە شیرین خەو دابوو بۆی بوو بە خەوێکی هەتاهەتایی دووجار لەشەڕدا بریندار بوو. ٢- سەدیق ئەحمەدی ناسراو بە سەرهەنگ خەڵکی گوێگتەپە جێگر پەل پێشتر لەشەڕی ناو شاری بۆکان چاوێکی لەدەست دابوو، قسەخۆش خۆشەویستی هەموو پێشمەرگەکانی ناوچەو خەڵکی ناوچە بوو.٣- قاسم فەیزی خەڵکی گامێشگۆلی کادری دەرمانی ماوەی یەک ساڵ پێشمەرگەو بەراستی لەوماوە کەمەدا نیشانیدا کە کوڕی هەژاران وزەحمەتکێشانی کوردستانە.٤- رەحمان مامەش ناسراو بە رەحمان چوار دیواری پێشمەرگە، هیچکات حەماسەکانی لەبیر ناچنەوە کە چۆن ئاوری لەسەر پشتی دوژمن دەکردەوە، جارێک لەشەڕدا بریندرا بوو. ٥- محەممەد رەحیمی ناسراو بە محەممەد حاجیابادی پێشمەرگە، لە هەژارترین بنەماڵەی ناوچەی ئاڵەشین، لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر، لەشەڕ کەم کەس لە پێشەوەی ئەو شەڕی دەکردو جارێکیش لەشەردا بریندار بوو.٦- هەمزە ئیفتخاری خەڵکی کەرێزەی ئاڵەشین پێشمەرگە، ئەگەرچی بەتەمەن لاو بوو بەڵام هێزی دوژمن لەئاستی زەبوون بوو. ٧- سولێمان فەرامەرزی سێهەمین شەهیدی بنەماڵە خەڵکی عەسکەر ئاباد پێشمەرگە، قارەمانی هەموو داستانەکانی ناوچە، چاوی لەگولله نەترسا، رۆژی شەهید بوونی لەکاتێک دا دەستی بەرگولله کەوت تەنیا بە یەک دەست لەدوژمن راپەڕیو تا دوا هەناسە ئازایانە وەستایەوە لەشەڕی تاغیابادیش بریندار بوو. ٨- مەحموود چووپان زادە ناسراو بە مەحموود قۆچاغی پێشمەرگە، ئەندامی تەشکیلاتی کە تازە چەند مانگیک دەبوو لەلایەن دوژمنەوە ئاشکرا و بەڵام کوڕی خەبات وتێکۆشان بوو. بەڵێ بەمجۆرە ئەو قارەمانانە شەهید بوون.

# سەریان دانا بەڵام دانەنەوین

بەهار جارێکی دیکە دەر و دەشتی بەکراسی سەوز داپۆشی، داوێنی چیاکان و جۆگە و جوێبار بە وەنەوشە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری ڕازابۆوە، شەوان شنەی بەهاری دەنگی خوڕەی چەم و، وێککەوتنی لکوپۆی دارەبییەکانی قەراغی چەم و، بۆنی عەتری گوڵانی کوێستانانی تا ئاوایییەکان دەبرد. ڕۆژانیش پاش ئەوەی چاوی خەواڵوو داوێنی خەوی ئاڵۆزی بەردەدا، بناری چیا، دێمەکار و پێدەشت کە پۆل پۆل مەڕ و ماڵاتی پێوەر دەبوو دواتر هەموو لە حەشیمەت ڕەش هەڵدەگەڕا، هەر کەس بۆ کارێک و هەریەکەی بۆ مەبەستێک، وەرزێڕان هەر کەس بۆ کاری خۆی، کیژان بۆ گوڵچنین و ڕنینەوەی گژوگیای بەهاری و، بەجوانی و بۆن و بەرامەی تەبیعەت ئەوەندی دیکە دەگەشانەوە، بلوێری شوان و خرینگەی بازنەی بێری وەک دەنگێکی هەستبزوێن تێکەڵی دیمەنی سەرنجڕاکێشی سرووشت دەبوو، بەفراوی بەفری قەد پاڵی زنجیرە کێوەکانی ناوچە، بە خوڕ بە جۆگە و جوێبار دادەگەڕان و تێکەڵ بە ئاوی چلچەمە دەبوونەوە.

دەیان گوندی خنجیلانە لەناوچەکانی دیواندەرە بەو دیمەنە جوانەوە نەخشاوە، ناوچەیەک کە لە خەڵکێکی دڵپاک و بێگەرد پێک هاتووە و تێکەڵاو بە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا دەچمە سەر باسی ئازایەتی و حەماسەی ١٨ پێشمەرگەی ئەو مەڵبەندە دڵگیرە، حەماسەیەک کە بە خوێنی ئاڵی پۆلێک میرخاس نووسراوەتەوە.

ساڵی ١٣٦٠ و بەهارێکی سەرسەوز بوو. خەڵکی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان جێژنی نەورۆزیان کردبوو و لە بەشێکی ئازادی ئەو کوردستانە بەهەشتەدا خەڵکی لەگەڵ کوڕانی دێموکرات ساڵێکی نوێیان دەست پێکردبوو. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو کاتەدا بۆ ئەرکێکی حیزبی مەئموورییەتی دا بە ١٨

پێشمەرگەی شێلگیر و شۆڕشگێری ناوچەی دیواندەرە تا ناوچەی بیجار ڕاپەڕێنن. ئەوان وەک هەمیشە سەر لەپێناو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی وەڕێ کەوتن و چەند ڕۆژێک لەو ناوچەیە مانەوە و لەگەڵ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان تینوێتی و تامەزرۆیی خەڵکیان بە دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵیان شکاند. بۆ خەڵکساڵی دوو بەهار بوو.

ناوچەی بیجاڕ بەهۆی سیاسەتی سەرکوت وداپڵۆسینی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە ڕەنگی مردووی ڕێ نیشتبوو. خەڵک ئەگەرچی دەستی هیوای بەرنەدابوو، بەڵام شەکەت و ماندوو، بۆیە هەواڵی هاتنەوەی پۆلێک هەڵۆی تیژباڵی گەل گیانێکی دیکەی بە بەری ئەو خەڵکەدا کردبوو. هێزی دوژمنیش خۆیان لە کەلێن و پەسیواندا دەشاردەوە وەک ڕێویی چاو بە هەڵۆ کەوتوویان لێ هاتبوو و، نەیاندەوێرا لە مۆڵگەکانیان بێنەدەر.

لەماوی چەند ڕۆژ گەڕان لەناوچەی بیجاڕ، فرمێسکی شادی لە چاوەکانی چاوەڕێی سەدان هەتیوی بێناز، دایکانی جەرگ سووتاو و باوکانی پشت چەماو دەهاتە خوار.

دوژمنی کۆنەپەرست و زۆردار کە بوونی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیە وەک درکێک لە چاوی خۆیدا دەدین و چاوی دیتن و هاتوچۆی قارەمانانی دیموکراتی لە ناوچەکە نەبوو، لە هەموو شار و ناوچەکانی دەورووبەری هێزێکی زەبەلاحی کۆکردەوە و پیلانی زەبرلێدان لەو شێرەکوڕانی دیموکراتی داڕشت.

ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێزە سەدان کەسییەکەی ڕێژیم کە لە شارەکانی تیکاب، دیواندەرە و بیجار، ساینقەڵا و سەقزەوە کۆ کرابوونەوە، ئەو ١٨ پێشمەرگەیەیان لە گوندی «سەڵواتئاوا»ی بیجار گەمارۆ دا. هێزی دوژمن بە تەواوی دەوری پێشمەرگەکانی تەنیبوو، تەنیا دوو چار هەبوو، یان خۆ بەدەستەوەدان کە پەیتا پەیتا داوایان لێ دەکرا، یان نووسینی لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکە لە مێژووی حەماسە و سەروەریی کورد کە بە خوێنی خۆیان دەبوا تۆماریان کردبا. ڕۆژ، ڕۆژی بەرخۆدانی کوڕەکانی دیموکرات بوو. ئەوان کە لە مەکتەبی پێشەوای ڕێبەرو، مامۆستای وەک برایم بەهرامپور وانەی فیداکاری و ژیان و مەرگی سەربەرزانەیان خوێندبوو، بڕیاری شەڕ و بەرگرییان دا. بۆیە بە ئیمان و باوەڕەوە بڕیاری هێرش بۆ سەر هێزی

دوژمن و شکاندنی ئاڵقەی گەمارۆ بەربەرەکانی تا دواین فیشەکیان دا.
شەڕێکی قورس و خوێناوی دەستی پێکرد. دوژمن لەهەر قوڵێکەوە هێرشی دێنا قارەمانەکانی دیموکرات تێکیان دەشکاند و کەلاکیان لێ دەخستن. تا دەهات شەڕ گەرمتر و ئاڵقەی گەمارۆدانی رۆڵەکانی دێموکراتیش تەنگتر دەبۆوە. زیاتر لە ٨ سەعات شەڕی نابەرامبەر، بە چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕی نابەرامبەر، هاوکات بە ئیمان و باوەڕی جیاواز و نابەرامبەر. پێشمەرگەکان بە بەرچاوی خۆیان تا دواکەسیان شەهیدبوونی هاوڕێیانیان دەدی و دەیانزانی کە ئەوە چارەنووسی هاوبەشیانە، بەڵام چۆکیان دانەدا، سەریان نەوی نەکرد و سەربەرزییەکی تاهەتاییان بۆ مێژووی کورد تۆمار کرد.
تەرمی ئەو هەژدە قارەمانە کەوتە عەرزی، بەڵام دایکی نیشتمان بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە مێهرەبانی لە خۆی گرتن و بەڵێنی پێدان خوێنیان ون نەکا، وەک چۆن ئەوان بەڵێنیی خۆیان بردە سەر.
لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو کارەسات و ئەو حەماسەیە ناوەچەی دیواندەرە بەرگی ماتەمی پۆشی و دەستەخوشکەکانی لە موکریان و ئەرِدەڵان و لە باکوورەوە هەتا باشووری ئەو نیشتمانە تازیەبار بوون، شێرە کوڕانی دێموکراتیش بەیادی هەمیشە بەرزی ئەو نەمرانە لە زۆربەی شوێنەکان زەبری گورچکبڕیان لە دوژمن دا و دڵخۆشییان پێ نەهێشتن....
ئەو ١٨ پێشمەرگە و حەماسەخوڵقێنە بریتی بوون لە: عەلی دۆستی فەرماندەری لک، عەباس ئەحمەدی، محەممەدساڵح سەنعەتی، ئەمجەد غەفاری، عارف کاکەخانی، نێعمەت مرادی، محەممەدکەریم تەدخیز، ڕەحمان باباخانی، عەلی خالیدیان، سەعید فەتحوڵڵاهی، جەمشید باوەیسی، مەنسوری باوەیسی، محەممەد گلەیی، مەحموود مرادی، حەبیبوڵڵا فەلاحی، عەبدوڵڵا محەممەدی، محەممەدڕەشید سادقی و محەممەد رەعنایی. یادیان هەمیشە سەوز...

# هەوای سەرکەوتن لە مەڵبەندی خانێوە

لەبەهاری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە تەمای لە جادە سەرەکییەکانی نێوان شارەکان کردبوو بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. یەکێک لەو جادانە ڕێگای نێوان سەردەشت _ پیرانشار بوو کە تا بەهاری ئەوساڵە چەندجار بە تاکتیکی جیاواز هێرشی کردبووە سەر، بەڵام نەیتوانیبوو داگیری بکا و ئێستا لەدەسپێکی بەهارەوە خۆی بۆ ئامادە کرد و زیاتر لە دوو مانگ لەو جادە شەڕ لە نێوان هێزی داگیرکەر و هێزی پێشمەرگەی دێموکرات درێـژەی کێشا.
بەداگیر کردنی ئەو ڕێگایە بەشێک لەگوندەکانی ئەو ناوچەش کەوتنە دەستی هیزی داگیرکەر و زەبروزەنگی پۆستاڵ لەپێیان بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو. دوای ئەو بارودۆخە ژیان لە خەڵکی هەڵگیرا. زەبروزەنگ برستی لە خەڵکی بڕی و بەهۆی هێزەکانی ڕێژیم و دەستدرێژی و زۆرداریيان حەجمین لە خەڵکی هەڵگیرابوو. کەشی ترس و دڵەڕاوکێ وەها بەسەر ناوچەدا زاڵ ببوو کە زۆر کەس تا خوێندنی کەڵەبابی بەیانی بە خەبەر بوون و بۆ ساتیکیش خەو نەدەچوو چاویان. لەو دنیا تاریک سامناکەدا تەنیا تروسکەی هیوا پێشمەرگە بوو کە دڕی بە شەوەزەنگی بێدادی دەدا و خەڵکی بە تەمای داهاتوویەکی گەش ڕادەگرت و لەهەر زەبرێکدا کە دەیگەیاندە پەیکەری دوژمن، دڵخۆشییەکی تایبەتیی دەدا بە خەڵکی کوردستان.
ڕۆژان و مانگ تێدەپەڕین و هەموو ڕۆژێک حەماسە و خوێن بوو. کەم ڕۆژ هەبوو حەماسەیەک لە مێژووی سەروەریی کورددا تۆمار نەکرێ و گەلێ جاریش لەو پێناوەدا دڵی پڕ لەئاواتی ڕۆڵە بەجەرگ و لە خۆبووردووەکان دەکەوتە بەر تیری دوژمن و لە لێدان دەکەوت. بەڵام ئەوەی تۆوی هیوای دواڕۆژێکی گەشی لە دڵدا دەچاند ئەوە بوو کە

لەگەڵ گلانی هەر شۆڕەسوارێک چەند شەنگەلاوی دیکە جێی دەگرتنەوە و تاویان دەدایە چەکەکانیان و سەنگەری خەباتیان ئاوەدان ڕادەگرت.
دوای داگیرکردنی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار و زاڵبوونی کەشی ترس و سەرکوت و نواندنی جۆرێک هەیمەنە و هەیبەت لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، هێزی پێشمەرگە لێ بڕابوو ئەو هەیبەتە بشکێنێ. فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە بڕیاریان دابوو تا بە یادی شەهیدان بەهاری ١٣٦٢ی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار زەبرێکی قورس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن.
ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی سەرمەستی گرتنی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار بوون و پێیان وابوو هیچ پێشمەرگەیەک لەو ناوچەیە نەماوە و بەمەیلی خۆیان دەتوانن تراتێن بکەن بۆ ئەوان ڕۆژێکی ڕەش بوو.
پێشمەرگە بۆ زەبر وەشاندن گەڵاڵەیەکی جوان و بە بەرنامەی لە نێو جەرگەی دوژمندا داڕشتبوو و وێڕای ئەوە لە باری جوغرافییایی لە ناوچە شارەزا بوون بڕیاری زۆر گرینگ و بەتایبەتی لە کاتی خۆیدا درا، کە بتوانن هەموو بۆشاییەکانی ئەو ماوەیەی رابردوو پڕ بکەنەوە و سەلماندیان کە دوژمن خەیاڵی خاوە و خاکی کوردستان نە جێگەی چەقەڵ و گورگی لەو چەشنەن.
ناوچەکە تەواو نیزامی و ئەمنیەتی بوو. دوژمن چەندین مۆڵگەی کۆک و پۆشتەی لە سەر ڕێگا و لە گوندەکان و بەرزاییە هەستیارەکان دانابوو و سەرەڕای ئەو هەمووە پایەگایە هێزەکانی ڕێژیم لە نیوان پایەگاکانی گردەسوور، گرد مەرقەد، لاوێن، ڕکاوێ، گردگۆران، گەپلەسەن، وتماناوێ، شیناوێ، زێدان و جەڕان لە ناوچەی پیرانشار بڵاوەیان پێ کرابوو. ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە لە عەمەلیاتێکی جەسوورانە وبەربڵاودا دوژمنیان خستە کەمینی خۆیان. شەڕێکی قورس دەستی پێکرد و کاتێک چەک و تفەنگی پێشمەرگە لە نەڕەی کەوت کە کەلاکی ١٣٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن لە شەڕگەدا کەوتبوون کە ژمارەیەک لەوان بریندار بوون و ٩ کەسیشیان لێ بەدیل گرتبوون. جیا لەو زیانە گیانییە زۆر و قورسەی دوژمن چەک و چۆڵێکی بەرچاویش بەدەسکەوت گیرا، بەڵام ئەو زەبرە کاریگەر و قورسە لە دوژمن بە

خوێنی ٥ قارەمان وەدەست هاتبوون. شەهیدانی ئەو حەماسەیە مستەفا عەلیپور، مستەفا سەلیمی، ڕەحمان ئەمینی، محمد دغۆ و عەولا پاییزە بوون کە داستانێکی دیکەیان لە نەبەردیی هێزی پێشمەرگە نووسییەوە.
ئەو عەمەلیات و سەرکەوتنە جێگای خۆیەتی لەچەند بارەوەتیشکی بخرێتە سەر: خۆسازماندانی هیزی پیشمەرگە و ئاگری توندی ئەوان بۆ سەر دوژمن تینی بۆ هەموو قوژبنێک دا و بەرچاوی خەڵکی ناوچەی ڕوون کردەوە و لەشی سەرمای تەزیوی ڕووت وهەژارانی گەرم کردەوە. ئەو زەبرە کاریگەرە دەمی خونچەی گوڵی ئاواتی کردەوە و هەموو حەماسەکانی ئەو مەڵبەندەیان بیر ڕۆڵەکانیان هێنایەوە. ئەو دوژمنەی کە خوێن وئازادیی خەڵکی لە شووشە کردبوو، موڵگەی خۆی نەدەناسییەوە و سەری لێ شێوابوو. ئەو عەمەلیاتە بۆ ئەوان بوو بە دەرسێک کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکیان لەسەر ئەو خاکە پیرۆزە دەسەڵەمینەوە. وەشاندنی ئەو گورزە گەورەیەی هێزی پێشمەرگە لە دڵرەشان، ئێستاش وەک بەڵگەیەکی ئازایەتی و قارەمانەتیی ڕۆڵەکانی ئەو مەڵبەندە باسی لێوە دەکرێ. پێشمەرگە شەڕی بۆ ئازادی کرد و شەری بۆ شەڕ نەویست، بەڵام لە ئاستەمترین ساتەکاندا لە نێوان سەرشۆڕی دیلی وکویلەتی و، ئازایەتی و سەربەرزی، زۆر زوو بۆ هەستانەوە و گۆڕینی وەزعێک کە لەئارا دابوو، ئازایەتی و سەربەرزییان هەڵبژارد و ئازایانەش بەرەو پیری مەرگ چوون و بەخوێنی ڕۆڵەکانیان داستانی لەخۆبووردووییان نووسییەوە تا گەلەکەیان بە سەربەرزی بژین.

# بۆچی کەربەلای دارەلەك؟

بەشی هەرەزۆری تۆماری تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کوشتن وقەتلوعام و تالان و ڕاوڕووت و سووتان و ماڵوێرانی و تاوانی دژی ئینسانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان پڕ کراوەتەوە. کوشتوبڕی و پۆل پۆلی خەڵکی شارەکانی سەقز، سنە، بانە و نەغەدە و کۆمەڵکوژییەکانی چەندین گوندی وەک قارنێ، قەلاتان، سەرووکانی، سۆفیان، حەڵبێ، کۆیکان، حەسەنلۆلان و هتد، ئاوارەکرانی هەزاران بنەماڵە و دوور خستنەوەیان لە کوردستان و، وێران کردن و سووتاندنی دەیان گوندی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دیاریی بەرچاوی ئەم حکوومەتەن بۆ خەڵکی کوردستان. هەروەها ڕێژیم بەوەش نەوەستاو بە هەزاران کوردی لە سیاچاڵەکان پەستاوت یان گوللەبارانی کردن و کۆی ئەم کردەوانە بەشێکن لە چییەتی و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە، وڵامی داوا ڕەواکانی گەلی کوردیان بەگوللە و کوشتاری بێ بەزەییانەی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی حیزبە کوردییەکان داوەتەوە و لەو سۆنگەیەوە هەر ڕۆژەی پەلاماری بەشێک لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانیان دەدا و بۆ گەیشتن بە مەبەستە نگریسەکانیان لە هیچ کردەوەیەک نەدەپرینگانەوە. لە بەرامبەریشدا ڕۆڵە ئازا و وڵاتپارێزەکانی دێموکرات و خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە هەموو شێوەیەک بەرگرییان لە خاک و زێدی خۆیان دەکرد و بە بەرخۆدانی قارەمانانەیان بەگژ داگیرکەران و تاریک پەرستاندا دەچوونەوە. یەکێک لەو ناوچانەی کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ناوچەی شاروێران و بەتایبەتی گوندی دارەلەک بوو. شاروێران ناوچەیەکی دەشتایی و پڕپیت و بەرەکەتە کە چەندین گوندی لەخۆ گرتوە. گوندی دارەلەک ٩٥ کیلومیتر لە ورمێوە دوورە و، لە ١٥ کیلۆمیتری باکووری مەهاباد هەڵکەوتوە. کۆماری ئیسلامی کە بۆ خولقاندنی جینایەتێکی دیکە لە کوردستان،

گوندی دارەلەکی لە ناوچەی شارویێران دەست نیشان کردبوو، بۆ ئەم مەبەستە لە ستادی فەرماندەهی ورمێ هێزێکی زۆری بە سەدان کەسی کۆ کردەوە و بڕیاریان دا شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەسەر خەڵکی دادەن. ئەوان بە ناوی پاکسازی ئەو ناوچەیە بڕیاری ئەو عەمەلیاتەیان دا و لە دوایین کۆبوونەوەی نێوان فەرماندەکانی لەشکری ٦٤ی ورمێ، ژاندارمێری، فەرماندهی سپای پاسداران و فەرماندەکانی هێزی هەوایی، لە دوابڕیاری دەسەڵاتدارانی تاران ئاگادار کرانەوە و ڕێگایان پێ درا خەڵکی دارەلەک قەتلوعام بکەن. بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش ئێوارێی ١٧ی جۆزەردان بەرەو دارەلەک شۆڕ بوونەوە. هێزەکانی سپای پاسداران لە ڕۆژئاواو هێزەکانی بەسیجیش لە باشووری ڕۆژئاواوە دەکەونە جموجۆڵ، هەروەها دەستەیەکی زەربەتی سپا پێکهاتوو لە ٣٦ کەس کۆماندۆ کە دەورەی تایبەتیان پێ دیتبوون بە هێلیکۆپتێر بەرەو گوێگتەپە بەڕێ کران تا بە قەولی خۆیان پێش بە هەڵاتنی خەڵک بگرن و پشتیش لە هێزی پێشمەرگە بگرن. کۆماری ئیسلامی بێجگە لە قەتلوعامی خەڵکی ناوچەی شارویێران مەبەستێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەر لەو هەلومەرجەدا ئەو ناوچەیە و بەتایبەتیی ڕێگای ورمێ ـ مەهاباد، مەهاباد ـ میاندواو داگیر کردبایە، دەیتوانی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ئەو مەڵبەندەدا زاڵ بێ. بۆیە پلانی بەرفراوانی بۆ ئەو هێرشە دڕندانەیە دارِشت و بە هەموو پێداویستی و ئیمکاناتێک کە لەو پارێزگایەدا لەبەر دەستی دابوو، عەمەلیاتی بەناو « یا مهدی» دەست پێکرد. لەحاڵێکدا بەرەبەیانی ١٨ی جۆزەردان، خەڵکی ناوچەی شارویێران بەرەو کاری وەرزێڕی دەچوون، هەواڵی هاتنی هێزی داگیرکەریان بیست و خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیە وێڕای پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو مەڵبەندە بەرەنگاری هێزی دڕندەی کۆنەپەرستی بوونەوە و دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا. ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد پێش ئەوەی هێزی دژی گەلی دەستی بە خوێنی خەڵک سوور بێ، لێیان ڕاسان و لە هەموو لایەکەوە بەتوندی بەرپەرچیان دانەوە و دەرسی عیبرەتی وایان پێدان کە هەتا هەتایە لەبیریان ناچێتەوە، بە جۆرێک کە ڕێژیم

ئێستاش هەموو ساڵێک یادی ئەو کوژراوانەیان دەکەنەوە کە لەو ڕۆژەدا تێداچوون. بەڵێ! ڕۆژی ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ بۆ بەرگرتن لە قەتڵوعامی خەڵک لە لایەن هێزی کۆنەپەرستییەوە، قارەمانانی دیموکرات لە هێزی پەلاماردەر وەدەست هاتن و بە سەدان کەس لە هێزی دوژمن جەندەکیان لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەجێما. کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەواڵی شکستی هێزەکانیان بیست بە هێلیکۆپتێر هێزی کۆماندۆیان ناردە پشتی هێزی پێشمەرگە و لە نزیک ئاوایی گوێکتەپە پیادەی کردن، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەر ٣ هێلیکۆپتیرەکە بە چەکی فیداکارانی دیموکرات کەوتنە خوارەوە و هەموو ئەو هێزانەش کە دابەزیبوون کوژران کە «مێهدی ئەمینی»، فەرماندەی عەمەلیاتی سپای ورمێ یەک لەو کوژراوەکان بوو. شەڕی دارەلەک لەدەشتی شارویران، لەو عەمەلیاتە فیداکارانە و قارەمانانەیە کە لاپەڕەکانی مێژووی بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لەو ناوچەیە پێ ڕازاوەتەوە و بۆ هەمیشە لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەمان دەدرەوشێتەوە. شەڕی دارەلەک چەند تایبەتمەندی و خاڵی گرینگ و جێی سەرنجی لەخۆگرتبوو، یەکەم: هێزی کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ گرتنی ئەو ناوچەیە بەکاری هێنا و لەبەرامبەریشدا شکستێکی گەورەی لەهێزی پێشمەرگە خوارد. دووهەم: پیلانەکانی ڕێژیم کە مەبەستیان بوو و یەک لەوان قەتڵوعامی خەڵک و ڕاونانی پێشمەرگە بوو، هەموویان بوونەوە بڵقی سەرئاو. سێهەم: ریژیم پێی وابوو کە بەگرتنی ئەو ڕێگاوبان و ناوچەی شارویران جووڵانەوە و جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە خاشەبڕ دەکا کە لەویشدا شکستی خوارد. چوارەم: سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە ورەیەکی تایبەتی بە خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەخشی و دەریخست کە ڕۆڵەکانیان هەردەم ئامادەن گیانیان لە پێناو داکۆکی لە گەل و نیشتمان ببەخشن، دیارە بە داخەوە لەم عەمەلیاتە گەورەیەدا ٤ پێشمەرگەی ئازا و جەنگاوەر بە بەخشینی خوێنی خۆیان سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمار کرد و سەرشۆڕییان نەسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی کرد.

# تیرێك و دوو نیشانە لە زمزیران

شەڕ بە تێکهەڵچوونێکی ڕێک خراو، چەکدارانە و زۆربەی کات درێژماوە دەگوترێ کە لە نێوان دەوڵەتەکان، نەتەوەکان یان ڕێکخراو و گرووپەکانی دیکەدا سەرهەڵ دەدا و توندوتیژی، لێکترازانی کۆمەلایەتی و خەساری گیانی و ماڵی زۆری بەدواوەیە. لەوەڕا کە شەڕ تێکهەڵچوونێکی ڕاستەقینە، خۆویستانە و بەربڵاوی نێوان کۆمەڵگە سیاسییەکانە، دەکرێ وەک جۆرێک لە توندوتیژیی سیاسی دابنرێ. بەم پێیە هیچ کات ناتوانین گۆشەیەک لە مێژوو ببینینەوە کە ئینسانەکان لێی ژیابێتن و شەڕ و هەڵلای لێ نەبووبێ، بۆیە ئەوەی هەمیشە لە مێژوو دانەبڕاوە شەڕە. شەڕ لە پێناو پاراستن و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان و هەتا دوایی.

شەڕ بە دژی ڕێژیمە زۆردارەکان لە کۆنەوە هەبووە و تا ئێستاش هەر جارێ بە شێوەیەک و لە شوێنێکی سەر ئەم گۆی زەوییە سەری هەڵداوە و درێژەی کێشاوە و ڕوون نیە و پێشبینی ناکرێ تا کەی درێژەی دەبێ. خوڵقێنەری سەرەکیی شەڕ ئینسانەکانن کە وەک دیاردەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان یا داسەپاندنی ئیرادەی خۆیان بە سەر کەسانی دیکەدا پەنای بۆ دەبەن.

نەتەوەی کورد هەمیشە دژی شەڕ بووە و بە درێژایی مێژوو نیشتمانەکەی کەوتۆتە بەر پەلاماری دوژمنانی و ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە نەتەوەکەمان شەڕهەڵایسێن و داگیرکەر نەبووە و بە کورتی لاشەڕ بووە.

شەڕ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، لەلایەن دەسەلاتدارانی ئەو ڕێژیمەوە بە سەر گەلی کورددا سەپێنرا و مەخابن تا ئێستاش درێژەی هەیە. هۆکاری درێژبوونەوەشی لە ئەستۆی ڕێژیمی زۆرداری کۆماری ئیسلامییە، چونکی ئەوان شەڕیان هەڵایساند و داخوازییەکانی نەتەوەی کوردیان پشتگوێ خست. هەر لەو سۆنگەیەوە و بە ئاراستەی پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد بە بەردەوامی هەر ڕۆژێ لە شوێنێک جینایەتێکیان خوڵقاندوە و وەلامی سەرەتاییترین داخوازەکانی ئەم نەتەوەیان بە ئاورو ئاسن داوەتەوە. ئەم بابەتەش بەڵگەنەویست و ڕوونە کە کاتێک سەرکوت و ڕەشەکوژی و

زەبروزەنگ جێگای ئازادی و پێکەوەژیان دەگرێتەوە، ئەو نەتەوەیەش ناچار دەبێ بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی دەست بۆ چەک بەرێ و بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی ئازادی و مافە ڕەواکانی چەک لە شان بکا.
کۆماری ئیسلامی هەر کە دەسەڵاتی بەسەر ئێراندا سەپاند بێبەزییانە شەڕی بە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەڵگیرساند وهەر بۆیەش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانازیی بەوە دەکەن کە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی دەیان ساڵەی بەربەرەکانی و شۆڕشگێڕانەو بێپسانەوەی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان، بە قارەمانەتیی تێکۆشەرە بە ئەمەگەکانی نووسراوەتەوە.
ڕابردووی خەباتی چەندین ساڵەی ئەم حیزبە پڕاوپڕە لە قارەمانەتی و فیداکاریی کادر و پێشمەرگەکانی کە لە پێناو دەستەبەرکردنی ویست و داخوازە ڕەوا و لەمێژینەکانی کورد تێ کۆشاوە و لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە چۆک دانەهاتوە و گیانی پاکی رۆڵە تێکۆشەرەکانی فیدای سەربەستیو ئامانجە بەرزەکانی کردوە. ئەگەر ئاوڕ لە لەخۆبوردوویی وبەرخۆدانی قارەمانانی بدەینەوە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ لێواولێوە لە فیداکاری،
کە یەکێک لەو ڕۆژانە ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوییە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر گوندی نستان لە ناوچەی ڕەبەت. دەزگای سیخوڕی ڕێژیم هەواڵیان دابوو کە بریندارەکانی نەخۆشخانەی زاواکێو لە ئاوایی نستان گیریان کردوە، هەربۆیە لەلای گوندی سارتکێ لە کاتژمێری یەکی بەرەبەیاندا هێرشی خۆی هێنابوو و شوێنی دیاریکراوی گرتبوو تا ڕووناکی بەیانی. لەولاش هێزی پیشمەرگە چەند شوێنی شاخی چلای، شاخی پەپوولی و گردی خاڵەبۆری و هەروەها گردی گاڕانەڕێی گرتبوو کە بەسەر ئاواییدا زاڵ بوو، ئەگەرچی شەو دەستەیەک پێشمەرگە بەنێو هێزی دوژمندا هاتبوون بەڵام تەقەیان لێ نەکردبوو وخۆیان ئاشکرا نەکردبوو تاکوو بە خەیاڵی خۆیان بەیانی بتوانن زەبری توند لە هێزی پێشمەرگە بدەن و خەڵکی نستانیش قەتڵوعام بکەن.
سەعاتی ٦ی بەیانی تازە دەنگی زەنگوڵەی مەڕ و فیتەفیتی شوانان وقاسپەی کەو بێدەنگیی ڕۆژیان شکاندبوو کە گرمەی ئارپیجی و

قرمژنی چەکی جۆراوجۆر بەسەر ئاواییدا بارین. پێشمەرگەکان کاتێک زانییان دوژمن لەلایەکی دیکەوە هێرشی هێناوە لە سێ لاوە دەست بەکار بوون و بە ئازایەتیی لە گێڕانەوەنەهاتوو بێ ئەوەی بێڵن دوژمن هەنگاوێک لە ئاوایی نزیک بێتەوە لە هێزی داگیرکەر ڕاسان و دەستەیەکی دیکە وێڕای خەڵک لە ئاوایی لە دوژمن وەدەست هاتن، بەجۆرێک لە ماوەیەکی کورتدا دەست بە ڕاوڕاوێنی هێزی دوژمن کرا و زۆری نەبرد کەلاکی زیاتر لە ٧٠ کەس لە هێزی دوژمن لە شەڕگەدا بەجێما و ٤٦ کەسیش بە دیل گیران. ئەوانەی توانیبووشیان بە ژێر بنچکەدار و دەوەندا ڕایان کرد و تا ئاوایی «مێونە» گیر نەبوون. کاتێک فەرماندەکانی هێزی داگیرکەر زانییان هێزە شکستخواردووکەیان هێڵی پیوەندییان نەماوە کوێرکوێرانە دەستیان بە ئاوربارانی ناوچەکە کرد، بەڵام بە ئاگری تۆپخانەش نەیانتوانی قەرەبووی شکستەکەیان بکەنەوە. ڕێژیم بەتەما بوو بە تیرێک دوو مەبەست بپێکێ، یەکەم ئەو ناوچەیە داگیر بکا و، دووهەم نەخۆشخانەی حیزب لەو ناوچەیە کە پێشمەرگەی لێ دەرمان دەکرا وێران بکا. بەڵام ئەوەی بە کردەوە ڕوویدا شتێکی دیکە بوو. بە جۆرێک کە زەبرێکی وەها کاریگەر لە سپای پاسداران کەوت کە تا ئێستاش تامی تاڵی ئەو شکستە گەروویان ڕێک دەگوشێ و سەرکەوتنێکی کەم وێنە نسیبی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بوو. ئەوان وایانزانی کە خوێنی کوڕی کورد خەزایە و بە سانایی دەتوانن بیرێژن. داگیرکەران بیریان لەوە نەکردبۆوە کە کورد شەڕخواز نیە بەڵام هیچ زوڵمێک ئەگەر بەدانی سەریشی بێ قەبووڵ ناکا. ئەوان ویستیان خەڵک و پێشمەرگە لێک دابڕن، بەڵام دیتیان کە پێشمەرگە کوڕ و کچی خەڵک و هیوای هەرە گەورەی دوارۆژی ئەوانە. ئەوان دواتریش بۆ ماوەی چەند ساڵ خەڵکی نستان و ئەو گوندەیان لە هەموو ئیمکاناتێک و پێڕاگەیشتنێک بێبەش کرد بۆ ئەوەی هەم تۆڵەیان لە خەڵک کردبێتەوە و هەم بەمجۆرە لە پێشمەرگەیان بکەنەوە، بەڵام خەڵکی نستان نە کۆڵیان دا و نە چۆکیان لەبەردەم ئەو ویستە چەوتەی دوژمن دادا. نستان وەک هەمیشە قەڵای خۆڕاگری و ئازایەتی و پێشمەرگەویستی و دێموکرات خۆشەویست مایەوە.

# حەماسەکەی هەژدە دۆڵان

لە کۆمەڵێکدا کە زۆری و زوڵم و چەوساندنەوە هەبێ، خەبات وبەربەرەکانیش دەبێ و دەمێنێ. مێژوویی نەتەوەی کورد شاهیدی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانیەتی و تا ئێستاش ئەو خەباتە بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەوە درێژەی هەیە. نەتەوەی کورد لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەلایەتی خۆیدا و هەمیشە بە گوێرەی هەلومەرج هەوڵی داوە بۆ ئەوەی نەتەوەکەی ئازادی وەدەست بێنێ. فیداکاری و لەخۆبودوویی و گیانبازی و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە باشترین بەڵگەن. مێژووی خوێناویی ئەو گەل و نیشتمانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە تا نەتەوەی کورد هەیە دەنگ و هاواری بۆ خەبات و گەیشتن بە مافەکانی کپ ناکرێ. چونکی نەتەوەیەکی خۆڕاگر و ئامادەشە نرخی ئازادیی خۆی بدا، ئامادەیە باشترین و بە ئەمەگترین ڕۆڵەکانی خۆی بکاتە قوربانی. کوێ هەیە لەم پێدەشتانە، لەو شاخ و کێوانە، لەو شیو و دۆڵانە، لە شار و دێ، لە مووچە و مەزرا، لە هەموو جێیەکی ئەم کوردستانە بە ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە بە خوێن شەلاڵ نەبووبێ.

مێژووی جووڵانەوەی کورد لە سات بە ساتی ئەو ڕۆژە سەخت و ناهەموارانە و لەو حەماسە و سەرکەوتنە شیرین و شکستە تاڵ و ناخۆشانە، لە ڕەوتی هەوراز و نشێوێ کە ئەم گەلە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە لەگەڵی پەنجەشکێنیی کردوە، پێک دێ. ئەگەر لە ڕۆژانی سەختی بەرگریی خوێناویدا دەرفەت و ئیمکاناتی تۆمارکردنی ئەو ڕۆژانەمان نەبووە، جا چ بە وێنە، بە فیلم و چ بە نووسین و کۆکردنەوەی دیکۆمێنتەکان، بەلام ئەگەر ئەمڕۆ مێژووی خۆمان پشتگوێ بخەین و نەتوانین تۆمار و بەدیکۆمێنتی بکەین، نەوەی داهاتوو و مێژوو نامانبووری و بێبەزەییانە دەماننداتە بەر ڕەخنە و سەرکۆنە. هەر بۆیە غەدرە ئەگەر ئەو ڕۆژانە نەنووسینەوە، ئەگەر تۆزی فەرامۆشییان لەسەر

لانەدەین و زیندوویان نەکەینەوە. ئەو ڕۆژانەی کە ئەگەر بە نووسراوە بمێننەوە، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەبنە هەوێنی دروستکردنی سەدان و بگرە هەزاران دیکۆمێنت و فیلم و بەڵگەی سیاسی، هونەری و ئەدەبی. خۆی کارێکی پڕبایەخە ئەگەر ئەمڕۆ مێژووی بەربەرەکانی و بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە دیکۆمێنت و زیندوو ڕاگرین. عەمەلیاتی «هەژدە دۆڵان» لە ناوچەی بانە یەک لە حەماسەکان و یەکێک لە ڕۆژەکانی مێژووی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان، هەر بەوەش نەوەستا و سیاسەتی نواندنی توندوتیژی و زەبروزەنگی خۆی بەسەر خەڵکدا هەروا درێژە پێدا و بە وەڕێخستنی ماشێنی کوشت و کوشتار بە مەبەستی چاوترساندنی لاوانی کورد لە هیچ چەشنە پیلانێک نەپرینگایەوە. لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٦٠ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ داگیرکردنی جادەی بانە ـ سەردەشت، چەندین جار هێرشیان کردە سەر ناوچەکە و هەموو جارێ بەهۆی فیداکاری و خۆڕاگریی هێزی پیشمەرگەی کوردستان تێک دەشکان و بە دەیان و سەدان کەسیان لێ دەکوژرا و پاشەکشەیان پێ دەکرا و خۆیان لە پادگانی بانە دەهاویشتەوە. ڕێژیم بەدوای هەر شکستێکیش بە تۆپخانەی قورس خەڵکی بێتاوان و چیا و دۆڵ و پێدەشت و باخ و ڕەزی خەڵکی لە ناوچەکە ئاگر باران دەکرد و وەک ئاماژەی پێکرا هیچ جیاوازییەکی لە نێوان خەڵک و هێزی پێشمەرگە دانەدەنا و لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوێرکوێرانە و هەڕەمەکی دەستی لە کەس نەدەپاراست. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش چەند جار شکستە یەکلەدوای یەکەکانی بە دەست هێزی پێشمەرگە لە جادەی بانە ـ سەردەشت، تاکتیکی گۆڕی و بە شێوەی شەڕی جەبهەیی کەوتە خۆ. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ جارێکی دیکە بە هێزێکی سەدان کەسی و تۆپخانەیەکی قورس پەلاماری جادەی بانە ـ سەردەشتی دایەوە. ئەم هێزانە لەپێشدا کەوتنە کەمینی لکی دوو، پاشان لە زۆربەی شوێنەکان لە داوی پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی وردی کەوتن. دوژمن وەها سەری لێ شێوابوو کە توانای خۆکۆکردنەوەی

نەبوو. هێزی سەرلێشیواوی ڕێژیم بەهۆی دەستوبردی پێشمەرگەکان شپرزە بوو و ڕۆڵەکانی دیموکرات دەرفەرتی خۆڕێکخستنەوەیان نەدەدانێ. ئەم ڕۆژە مێژووییە و ئەم حەماسەیە کە لەگەڵ ڕووناکاییی بەیانی دەستی پێ کرد و تا ٥ی ئێوارێی خایاند، بە شکستی دوژمن کۆتایی هات. لەو شەڕە قورسەدا چەندەکی سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لەسەر زەوی کەوت و٢٢ ماشێنی هێزی سەرکوتکەرەکان و سەدان چەکی جۆراوجۆر دەسکەوتی هێزی پیشمەرگە بوون. لەو شەڕەدا بێجگە لە پێشمەرگەیەک کە بە برینداری گیرابوو و پاشان لە کۆتایی شەڕەکە بە چەندەکی کوژراوەکانی دوژمنیان گۆڕیبۆوە، سەرکەوتنەکە بە خوێنی ٨ قارەمانی نەتەوەکەمان کۆتایی هات. ئەگەرچی لەم حەماسەیەدا ٨ تێکۆشەری ڕێگای ئازادی گیانیان بۆ پاراستنی ئاو و خاکەکەیان بەخشی، بەڵام بە خوێنی خۆیان مێژوویەکیان نووسییەوە کە بۆ هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەیاندا بە زیندوویی دەمێننەوە. ئەو پۆلە شەهیدە بە بەخشینی خوێنی خۆیان سەلماندیان کە یەکەم: کورد نەتەوەیەکی گیانفیدا و بەرهەڵستکارە و دوژمن ناتوانێ بە سانایی خاکەکەی داگیر بکا و لە خاکەکەیدا تەڕاتێن بکا. دووهەم: ڕێژیم کە پێی وابوو هیچ هێزیک ناتوانێ بەربەستی بێ بۆ گرتنی جادەی بانە ـ سەردەشت، بەڵام کورانی دیموکرات لەو مەڵبەندە دەرسێکی وایان بە هێزی ڕێژیم دا کە ئێستا وەک بیرەوەرییەکی تاڵی شکستخواردن باسی دەکەن و دەیگێڕنەوە. سێهەم: ڕێژیم پێی وابوو ئەگەر ئەو جادەیە داگیر بکا پێوەندی هێزەکانی خوارەوە لەگەڵ بنکەی دەفتەری سیاسی دەپسێن و هێزی پیشمەرگە بەهاسانی ناتوانێ هاتوچۆ بکەن کە ئەو پیلانەشی پووچەڵ بۆوە .

# لەپەراوێزی دێکۆمێنتارەکەی «کویسنجق»دا

دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە (شبکه مستند)ی خۆیدا فیلمێکی لە ژێر ناوی «کۆیسنجق»دا بڵاو کردەوە. فیلمەکە باس لە سنووربەزاندنی کۆماری ئیسلامی و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات دەکا. وەک لە فیلمەکەشدا هاتووە ئامانج لەو هێرشە زەبرلێدان لە حیزبی دێموکرات و ڕێگرتن لە چالاکییەکانی ئەو حیزبە لە نێوخۆی وڵات و خۆیان گوتەنی سەقامگیرکردنی هێمنی لە کوردستان بووە.
لە کەس شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژی دامەزرانیەوە تا ئێستاش ماکەی سەرەکیی هەموو نائارامییەکە لە کوردستان. کوشتوبڕی خەڵکی شارەکانی سەقز، سنە، بانە و نەغەدە و کۆمەڵکوژییەکان لە چەندین گوندی وەک قارنێ، قەڵاتان، سەرووکانی، سۆفیان، حەسەنلۆلان و هتد، ئاوارەکرانی هەزاران بنەماڵە و دوور خستنەوەیان لە کوردستان و، وێرانکردن و سووتاندنی دەیان گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا گۆشەیەکی بچووک لە جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمەن کە تا ئێستاش لە شێوەی نەرم و زبری خۆی لە کوردستان درێژەی هەیە.
دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو دێکۆمێنتەدا دەیەوێ هێزی شان و باهۆی بە ڕووی دژبەرانیدا پیشان بدا و بڵێ لە قووڵایی وڵاتێکی دی ئۆپەڕاسیۆنێکی ئاوا دەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا سەدان و بگرە زیاتر لە هەزار پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتدا بوون، کەچی ڕێژیم نەیدەوێرا خۆ لە قەرەیان بدا. چونکی دیبوویان کە چۆن لە شەڕگەی شەڕە نابەرامبەرەکاندا لمبۆزی فەرماندە پڕ ئەستێرەکانیان لە عەرزی دەدرێ و چۆن گوردان و گروهان و گرووپە زەربەتەکانیان زەبوون و چووک لەبەردەم هێزی پێشمەرگەدا بەچۆک دادێن.
باسەکە چیە؟ باس ئەوەیە کە ڕووداوەکانی کوردستان و حەماسەخوڵقێنیی هێزی پێشمەرگە و بەردەوامیی شەڕ و پێکدادانەکان لە دوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق لە کوردستان وادەکا سپای پاسداران لەلایەن ناوەندە دەسەڵاتەوە فشاری زیاتریان بخرێتە سەر.
شوڕای نیزامیی سپای پاسداران لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیار دەدا

فەرماندەیەکی نوێ بنێرێتە کوردستان هەتا جێی عەلی قومی، چەمران، لاجوەردی و مەحموود کاوە بگرێتەوە کە بەدەستی ڕۆڵەکانی کورد بەسزای تاوانەکانیان گەیشتبوون. ئەو بڕیارە لە کاتێکدا درا کە ڕێژیم لە نێوخۆ دەیان و سەدان تەرحی عەمەلیاتیی بە دژی حیزب دادەڕشت و هەموو جارێ زەبری گورچکبڕی لێ دەکەوت؛ بۆ قەرەبووکردنەوەی خەسار و زیانەکانیشیان ئەوەی لە دەستیان دەهات و پەنایان بۆی دەبرد تیرۆری کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بوو لە باشووری کوردستان. لەو نێوەشدا ناسەقامگیریی باشووری کوردستان هەل و بەستێنێکی لەباری بۆ تۆڕە سیخوڕی و تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەخساندبوو.

بەڵگە نهێنییەکان دەریدەخەن کە کۆماری ئیسلامی فشارخستنەسەر هێزەکانی باشووری کوردستانی وەک تاکەڕێگەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەبەر دەم خۆی داناوە، بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە شەڕی نێوخۆیی لە باشووری کوردستان دەرفەتی لەبارتری بۆ دەستدرێژی و تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی لە خاکی هەرێمدا بۆ ڕێژیم ڕەخساندبوو.

عەمەلیاتی هێرش بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە قووڵایی ٢٥٠کیلۆمیتریی خاکی باشووری کوردستان بە جووڵاندنی زیاتر لە دوو هەزار هێزی چەکداری تەیار بە ١٥ قەبزە تۆپی ١٣٠، ١٠ قەبزە کاتیوشا و موشەکی ٢٤٠ دەستی پێکرد. ڕێژیم ڕۆژی ٥ی گەلاوێژی ١٣٧٥ هێزەکەی بەرەو بنکەکانی حیزب خستەڕێ و وەک لە دیکۆمێنتارەکەشدا دەردەکەوێ لە هەموو ماوەی ئەو ڕێ بڕینەدا لە ترسی پەلاماری هێزەکانی حیزبی دێموکرات حەجمینیان نیە.

سەرەنجام لەکاتژمێری ٦ی بەیانی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی تۆپخانەی سپای پاسداران کە لە گوندی سماقوڵی داندرابوو، یەکەم تۆپ و کاتیوشاکانی بەڕێ کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات. لە ئاوایی «کامووسەک»یش ڕا دوو موشەک ڕوو بە بنکەکانی حیزب گەرابەندی کران و فەرماندەی هێزەکانی ڕێژیم لە سەر چیای هەیبەت سوڵتان بەدووربینەوە بنکەکانی حیزبیان خستە بەرچاو.

ئاگربارانی بنکەکانی حیزب بۆ ماوەی ١٢ سەعات بە بەردەوامی درێژەی هەبوو، بەڵام بەهۆی ژیری و لێهاتوویی حیزب لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە

کەلەلایەن ستادێکی فەرماندەیی پێنج کەسییەوە ئیدارە دەکرا، تاکە یەک پێشمەرگە خوێنی لە لووت نەهات و کەس شەهید و بریندار نەبوو.
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو عەمەلیاتە ناچاربوو سنووری وڵاتێکی دی ببەزێنێ، پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان نادیدە بگرێ و لەشکرکێشییەکی گەورە وەڕێ بخا، بەڵام ئەوەی دەستی کەوت سەرشۆڕی و شکست بەولاوەتر نەبوو. لەو فیلمەدا ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەیانەوێ بڵێن کە گرێبەستێکیان لە نێوان خۆیان و حیزبی دێموکراتدا ئیمزا کردوە، چەواشەکارییەک کە تەنیا خۆیان دەزانن چەندەی فڕ بە ڕاستییەوە هەیە. بەتایبەت کە دوای ئەو دەست درێژییەش نە کوردستان هێزی پێشمەرگەی لێ بڕا، نە کوورەی خەباتی حیزبی دێموکرات ساردی و سڕیی تێکەوت، نە کوردستان بووە ئەو پاروەوەی بە گەروویانیدا بکەن.
ڕێژیم دەیەوێ بڵێ مەبەست لە عەمەلیاتەکەی «کویسنجق» جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی ئەمنیەتیە لە کوردستان، بەڵام کێ هەیە نەزانێ دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەو ڕووداوەش تەنیا هۆکاری نائەمنی لە کوردستان هەر خودی کۆماری ئیسلامییە. کێ هەیە نەزانێ ئێستاش ئەو بەناو ئەمنیەتە لە کوردستان بە پۆستاڵ و زەبروزەنگ و سەرکوتە کە ڕاگیراوە و ئەمنیەت لە کوردستان بۆ ڕێژیم تەنیا مانای زەوتکردنی ماف و ئازادییەکان، کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتی و بەگژداچوونەوەی شوناس و مافخوازیی خەڵکی کورد دەدا کەس سەرەڕای تێچووی زۆری بۆ ڕێژیم قەت نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بێ.
وەک باس کرا ئامانجەکانی ڕێژیم لە دەستدرێژییەکەی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات زۆر و فرە ڕەهەند بوون کە یەک لەو ئامانجانە بەرەوڕووکردنەوەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بوو.کە دیارە بە خۆشییەوە بەهۆی وردبینیی و ئاسۆی فراوانی بیرکردنەوەی ڕێبەرانی کورد ئەو پیلانەش بۆ ڕێژیم سەری نەگرت.
٢١ ساڵ دوای ئەو هێرش و پەلامارە و بڵاوبوونەوەی دیکۆمێنتارەکەی سپای پاسداران لە ٢١ساڵەی ئەو شکانەدا پێمان دەڵێ: حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە ئێران قەڵایەکی لەشکان نەهاتووە.

# یەکەمین سرنج بدەن

ساڵەکانی کۆتایی پەنجا و سەرەتای ٦٠ خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ئەزموونی دەسەڵاتێکی کوردی و خۆبەڕێوەبەرییان دەکرد. لەو ساڵانەدا ئەگەرچی کوردستان لە گەمارۆی سەختی ئابووریی دەوڵەتی ناوەندیدا بوو، بەڵام ئازادی ئەو نێعمەتە پڕ بایەخە بوو کە خەڵک لە پێناویدا هەموو چەرمەسەرییەکی قەبووڵ دەکرد.

نێوەڕاستی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ بوو کە بەرە بەرە ئاڵۆزی لە نێو خەڵکدا درووست دەبوو. زۆر کەس ماڵی لە شار وەدەر دەنا و بەرەو گوندەکان دەڕۆیشت، حیزبە سیاسییەکان بنکەکانیان تەنکە کردبوو. ئەوەی خەڵک لەمێژ بوو لێی دەترسا نزیک دەبۆوە و هەر ڕۆژێ هەواڵێکی ناخۆش لە دەورووبەر دەبیسترا. هێرشی جینایەتکارانی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوشتن و قەلاچۆی شار و گوندەکانی کوردستان گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی. ئەو جینایەتکارانەی کە گڕی بە لرفەی قین و رقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکاوە، هەر رۆژە و هەر سەعاتەی لە ئاواییەک و لە شەقامی شارێک یا قوژبنی ماڵ و کۆلانێک سینگی گەنج و پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد.

بۆکان دوا شار بوو کە هێشتا پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەری نەگەیشبوویە. ڕێژیم لە چەند قۆڵەوە پەرەی بە هێرش و پەلامارەکانی دابوو هەتا بەر لەوەی وەرزی سەرما و زستان بگاتێ داگیری بکا و دواجار ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ بەتەواوی دەستی بەسەر شاردا گرت؛ دیارە ئەو سەرکەوتنەی ڕێژیم هێندەش ئاسان دەستەبەر نەببوو، ڕۆژ نەبوو لە شوێنێک و شیو و دۆڵێک جەندەکی هێزەکانی نەکەون.

هێزەکانی ڕێژیم بە هەستی تۆڵەوە کەوتبوونە گیانی خەڵک. زۆر کەس گیران و بەبێ دادگایی ئێعدام کران. هەواڵی گوللە بارانکردنی خەڵک لە کورەخانەکانی ساروقامیشو باغەکانی ئاوایی داشبەند و لە ژێر پردی میراوا زار بە زار دەهات و دەگەڕا.

پێشمەرگە لە پێناو پاراستنی خەڵکدا شاری چۆل کردبوو و لە گوندەکانی دەورووبەر دامەزرابوو، بەڵام زۆربەی شەوەکان شاریان دەکرد بە گۆڕستانی کۆنەپەرستان و قرمەی چەکی پێشمەرگە شەو نەبوو بێدەنگیی شار نەهەژێنێ و خەو لە چاوی داگیرکەران نەتەرێنێ.

گوردانی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز کە لە داگیرکردنی شاری بۆکاندا

ڕۆڵی بەرچاوی بینیبوو، پاش چوار مانگ بڕیار دەدەن شار بەجێ بێڵن. تێکۆشەرانی دیموکرات لە هێزی بەیان پاش ئەوەی هەواڵیان پێدەگا کە ستوونێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی (گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز) خەریکی چۆڵکردنی شاری بۆکانن، دەکەونە بەرنامە کە زەبرێکی گورچکبڕیان لێ بدەن. چەند کەس لە بەرپرسانی هێزی پێشمەرگە وەک، سەرهەنگ چیا، حەسەن جەمشیدی، قاسم باقی، عوسمان دادخا و عەلی باڵدار بۆ شناسایی هەر هەموو جادەی بۆکان _میاندواو دەپێون تا جێگەیەکی لەبار بۆ زەربەلێدان لەو ستوونە بدۆزنەوە. پاش چەند ڕۆژ شناسایی نیزیک گوندی «حوسێنمامە» بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرا.

ڕۆژێکی بەستەڵەکی مانگی ڕێبەندان بوو. تەنیا ٢٧ پێشمەرگە بۆ ئەو عەمەلیاتە دەستنیشان کرابوون کە بەپێی بەرنامەی دیاریکراو سەعاتی ٣ی نیوەشەو لە ئاوایی حوسێنمامە و کیلۆئاباد خۆیان حەشاردا. کورد گوتەنی بەفر دەباری وەک سەرە چۆلەکە و ڕۆژ ڕۆژی پێشمەرگە بوو. هێندەی نەبرد کە ستوونەکەی هێزی دوژمن کە ٤٣ ماشێن بوو سەری بە ئاوایی حوسێن مامەوە نا. ستوونەکە بەهۆی بارینی بەفری توندەوە هەموو بەدوای یەکتردا و زۆر بەهێواشی دەڕۆیشت.

خەڵکی ئاواییەکانی سەر ڕێگا هەموو چاویان لەستوونی دوژمن بوون کە چۆن دوای کوشتوبڕ و قەلاچۆی خەڵک بەرهەمی جینایەتەکانیان بۆ دەسەلاتدارانی خۆیان دەبردەوە. چاوەکان هەموو لەسەر دەست و پەلاپیتکەی پێشمەرگە کۆبببوونەوە هەتا ئۆخژنێک ببەخشنە هەناوی سووتاوی خەڵکی دڵ بریندار. بەلام ئاخۆ ئەو کارە قورسە بەو ٢٧ پێشمەرگەیە دەکرێ و لە ڕاستیدا ئەوە کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو؟ نا... چونکی قارەمانی وەک برایمئۆف لە ڕیزی ئەواندا بوون کە سەرەڕای دوودڵیی فەرماندەرانی هێزەکە بە ئارپیجییەوە بۆ ستوونی دوژمن چوو. ٢٧ ڕۆڵەی گیان لەسەر دەست کە زۆر ڕۆژی ئاوای دیبوو، هاتبوون حەماسەیەکی نوێ بە ناو و یادی خۆیان تۆمار بکەن و بە نووسینەوەی سەرکەوتنێکی گەورە ئاوپرشکێنی دڵی پڕ داخ و کەسەری ڕۆڵەکوژراوانی دەستی بێدادی بکەن.

لەگەڵ یەکەم گوللەی ئارپیجیی برایمئۆف ستوونی دوژمن بەسەر یەکدا کەوت. ڕۆڵەکانی گەل بە ئەژمار کەم و بە باوەڕ شاخ و چیا ئاگریان لە سەر پشتی دوژمنی زۆر و زەوەند و کۆک و پۆشتە کردەوە. هێزی دوژمن حەپەسابوو. هەموو دنیای بە پێشمەرگە دەبینی و ڕۆژی ڕووناکی لێ

ببووە شەوی تار و، بەفری سپی بە ڕەشایی دەبینی. شەڕ سات بەسات گەرمتر دەبوو. لە ماوەی نزیک بە دوو سەعاتدا تەواوی ستوونی نیزامیی گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز دەستی بەسەر داگیرا و تەفر و تونا بوو. بەڵام ئەوی گرینگ و تەنانەت جێگەی سەرسووڕمان بۆ هەموو کەس و پتر لە هەموو کەس بۆ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەوە بوو کە تەنانەت یەک پێشمەرگەش خوێنی لە لوتی نەهاتبوو... ئەوە بوو کە ڕۆژی دواتر خەڵک بۆ یەکەمجار لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان گوێیان لە نەعرەتەیەکی شێرانە بوو کە دەیگوت: «سەرنج بدەن... سەرنج بدەن...». یەکەم «سەرنج بدەن»یش گێڕانەوەی حەماسەی شکاندنی ستوونی نیزامیی گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز بە دەستی تەنیا ٢٧شێرەکوڕی هێزی بەیان بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەو ستوونە دەنازی و خەڵکێکی زۆر لەشاریمیاندواو بۆ پێشوازی لە سەرکەوتنەکانی لە گرتنەوەی بۆکان ڕاوەستابوو، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی کە ٢٧ ڕۆڵەی حیزبی دێموکڕات چییان بەسەر ئەو ستوونە هێناوە و ئەوەی کوژراوە کوژراوە و ئەوەی گیانی دەرباز کردوە سەری خۆی هەڵگرتوە، مەگەر چەند کەسێک توانیبێتیان لە گەرمەی شەڕدا بۆ تەپەکانی ئەوبەری ئاڵەشین ڕایان کردبێ و خۆیان دەرباز کردبێ، دەنا ئەوەی مابۆوە کوژرا، یان بە دیل گیرا. کۆتایی عەمەلیاتەکە زانرا کە سەرجەم ٤٣ ماشێن، ٦ ئوتوبوسی هەڵگری نەفەرات پڕ لە نەفەر ئازاد کران، زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون. دەسکەوتەکان: زیلی ئەرتەشی ٢دانە، جیبی فەرماندەهی ٢ دانە، پەدافەندی ٢٣میلیم یەک دانە، ئارپیجی ٧ چاردە دانە، تۆپ ١٠٦میلیم یەک دانە، تەفەنگی ٥٧ دوو دانە، تفەنگی ٨١ میلیم ٣ دانە، خۆمپارەی ٨١ دوو دانە، موشەکتاو ٥دانە، کالیبرپەنجا ٥دانە، تەفەنگی جۆراوجۆر ٤٥ دانە، تیرباری ژ-٣ هەژدە دانە، بیسیم ٨ دانە  کۆمەڵێک شتی نیزامیی دیکە.

کۆماری ئیسلامی بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە وەک پیشەی جارانی بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە قورسەکەی پەلاماری گوندی حوسێن‌مامەی دا و هەموو ئاواییەکەی سووتاند و بەوە سوکنایی خۆی دەداوە کە زیندەوەری لەو ئاواییە نەهێشتووە. ئەوەی هێزەکانی ڕێژیم بە سەر گوندی حوسێن‌مامەیان هێنا، کردەوەی ئەو هەڕەشانە بوو. حوسێن‌مامە سووتا، بەڵام خەڵکەکەی ئاوەدانیان کردەوەو حیماسەی پێشمەرگەکان لە دڵی خەڵکی کوردستان‌و برینی ئەو تێکشکانە قورسە لە ناخی ڕێژیم‌و مێژوودا بۆ هەمیشە هەرمان‌و زیندوو مایەوە....

# بەرەو نەورۆزێکی مێژوویی

شاخی ملەند وەک کەللەقەندێک لە سەر ڕووباری سیروانەوە هەڵدەکشێ بۆ سەرەوە و پاڵی داوە بە شاخی شاهۆوە. شارۆچکەی نەوسوود لە نێوقەدی ئەم کەللەقەندە هەڵکەوتوە. شاخی شاهۆ لە ڕۆژئاوای شاری نەوسوودە، لە باکوور شارۆچکەی نۆدشە و لە باشووریشەوە شارۆچکەی تەوێڵە هەڵکەوتوون. ئاوی سیروانیش نێوەبازنەیی لە لای نۆدشەوە تا قەڵاگا ناوچەکەی لە شوێنەکانی دیکە دابڕیوە. لە لوتکەی ملەندوە بۆ سەر ئاوی سیروان دوو ڕیزە شاخ بە دوو بەری شارۆچکەی نەوسووددا بەرەو خوار دەبنەوە بۆ سەر سیروان، ئەم دوو ڕیزە شاخە بەرەی شەڕی ئێران_ عێراق بوون. ڕیزە شاخی لای باکوری نەوسوود هێزەکانی ئێران و لای باشوریشەوە هێزەکانی عێراقی لێ جێگیر کرابوون. ڕۆژئاوای شاخی پەروینی ناوچەی قەدەغەکراوی عێراق و چەند گوندێکی چۆڵکراوی لێ بوون. بنکە و بارەگاکانی هێزی شاهۆ و کومیتەی شارستانی هەورامان لە دوو بەری ئەم شاخە و شارۆچکەی نەوسوود و گوندەکانی لای باشوری ڕۆژئاوای نەوسوود دامەزرابوون. جیا لەم ناوچەیە دوو بنکەی دیکە هەبوون، یەکیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە لە داوێنی شاخی شنروێ لە گوندی ڕێشاو، ئەوەی دیکەیان لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە لە دامێنی شاخی شاهۆ بە ناوی هانیگەرمەڵە.

هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بە دەیان جار هێرشیی بەربڵاویان کردبوو بۆ گرتنەوەی ئەم ناوچەیە و هەر جارەو بە کوشتە و بریندارێکی زۆرەوە سەرشۆڕانە پاشەکشەیان پێ کرابوو؛ دوا هەوڵی ڕێژیم بۆ گرتنەوەی ناوچەکە لە سەرەتای مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو، هێزەکانی ڕێژیم بە ئەرتەش و سپا و بەسیج و قەرارگای ڕەمەزان خۆیان بۆ هێرشێکی گەورە ئامادە کرد. مەبەستی سەرەکیی ڕێژیم لەم هێرشە بەربڵاوە لە داوخستن و دواتر دەرپەڕاندنی هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەکە بوو.

سەرەنجام شەوی ٢٣ لە سەر ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٦٦ی هەتاوی هێرشێکی بەربڵاوی دەست پێکرد. کومیتەی شارستانی هەورامان و هێزی شاهۆ پێش هێرشەکە لە بەشی هەرەزۆری جموجوڵەکانی هێزەکانی ڕێژیم

و ئامادەکارییەکانیان ئاگادار بوون. بۆیە لە لایەن هێز و کومیتەی شارستانی هەورامانەوە کۆمەڵێک بڕیار و ئامادەکاریی پێشوەخت لەبەرچاو گیرابوو.

پێشمەرگەکانی هێزەکانی شاهۆ و زاگروس لە سێ خاڵی سەرەکی و ستراتیژی ناوچەکە دەست لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان چاوەڕوانی ڕەوەی جاش و پاسدارەکان و ئامادەی لێدانی زەبری گورچکبڕ و تاسێنەر بوون. لە لایەکی دیکەشەوە هەموو دانیشتووانی ناوچەکە پەنایان بردبووە بەر کونە تەیارە و ئەشکەوت و پەسیوەکان. بەرزاییەکانی پەروێنێ و هەوارەبەرزە بەرزترین لوتکەی ناوچەکە بوون و بە گیرانی ئەم لووتکەیە پێشمەرگەکانی جێگیر لە نەوسود و شۆشمێ دەکەوتنە گەمارۆ و پێوەندییان لەگەل هێز دەبڕا و لە لایەکی دیکەشەوە هێزەکانی ڕێژیم بەتەواوی ناوچەی دەرەتوێ و هەرمێڵەیان دەخستە ژێر چاوەدێریی خۆیان و هاتوچۆی پێشمەرگەیان بەربەست دەکرد. هەروەها بەرزاییەکانی ئاوەزنێ و گاکوژەش شوێنی ستراتێژی بوون و، بە گیرانی ئەم شوێنانەش هێزەکانی ڕێژیم بە ئاسانی دەستیان دەگرت بە سەر بنکەی هێز و کومیتەی شارستان و ئەنباری تەقەمەنی و خواردەمەنی و زیندانەدا. بەرزایی ناڵەپانیش شوێنێکی ستراتێژی دیکەی ناوچەکە بوو، ئەم بەرزاییە بۆ هێزەکانی ڕێژیم لە چەند لایەکەوە گرنگ بوو. زاڵبون بە سەر دوو دیوی ناوچەکەدا، واتە قەڵاگا لە ڕۆژهەڵات و هاوارەکۆن لە ڕۆژئاوا، ئەم شوێنە پشتیوانێکی قایم دەبوو بۆ هەر دوو بەرەی ئاوەزنێ و هەوارە بەرزە. هەروەها گونجاوترین شوێن بۆ بەرێکردنی هێزی یارمەتیدەر و چەک و تەقەمەنی و خواردەمەنی بۆ بەرەی شەڕ بوو.

یەکەم ئار پی جی لە بەرزترین شاخی ناوچەکە واتە شنرویّ بێدەنگیی شەوی شکاند و بوو بە دەسپێکردنی شەڕ لە هەموو ناوچەکەدا، تۆپخانەکانی ڕێژیم لە دەیان شوێنەوە کەوتنە ئاوربارانێکی قورس، بە چەشنێک کە لە یەک چرکەدا سەدان گوللە تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا دەتەقینەوە و ناوچەکە بە تەواوی ببوو بە گڕ و ئاگر و تەقینەوە. پێشمەرگەکانیش بە وشیاری و ئامادەیی تەواوەوە لە بەرەکانی شەڕدا حەماسەتیان دەخوڵقاند. ماوییەک دوای تەقینی ئار پی جی بۆ سەر شنرویّ، بەرەی ئاوەزنێ لە سەر بێسیم مژدەی سەرکەوتن و لە داوخستنی هێزی هێرشکەری ڕاگەیاند، تیمێکی ٤٠_٥٠ کەسی لە هێزی تایبەت و جاشی شارەزای ناوچەکە ویستبوویان لە شوێنێکی

ڕووتەن و بێ شکی ئاوەزنێ دزە بکەن بە دیوی بنکەی هێز و کومیتەی شارستاندا و لە دەسپێکی شەڕدا هێز و کومیتەی شارستان داگیر بکەن، ئەم تیمە بە شێوەیەک لە داو کەوتبوون کە تاقە یەک کەسیشیان دەرباز نەبوون. مژدەی تێکشکانی هێزی دوژمن لەلایەن فەرماندەکانەوە لە سەر بێسیمەکان بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ورەی پێشمەرگەکان بۆ وەشاندنی زەبری گورجکبڕتر لە دوژمن. چەند چرکەیەک دواتر بەرەی هەوارە بەرزەش هەواڵی تێکشکانی دوژمنی ڕاگەیاند. لەم بەرەیەشدا هێزی پێشڕەوی تایبەتیی جاش و پاسدار بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کەوتنە نێو تەڵەیەکی هێزی پیشمەرگە و تاقە نەفەرێکیان دەرباز نەبوون و هەموویان بەبێ نیشاندانی دژکردەوەیەکی ئەوتۆ کوژران.

تێکشکانی ئەم دوو هێزە لە دوو بەرەی جیاواز ئەوەندە کتوپڕ و لەناکاودا بوو کە هێزی زۆر و بۆری ڕێژیم بە تەواوی تاسا و بۆ جارێکی دیکەش نەیانوێرا خۆیان لە قەرەی ئەو دوو بەرەیە بدەنەوە و گەڕانەوە سەنگەرەکانی پێشوی خۆیان لە شێخان و دووئاو.

لە بەرەی ناڵەپان، هێزی پشتیوانی ڕێژیم خۆیان گەیاندبووە بەرزاییەکانی ناڵەپان و چاوەڕوانی سەرکەوتنی هێزی خۆیان دەکرد لە بەرەی هەوارەبەرزە و ئاوەزنێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش پێشرەوی بکەن و خۆیان بگەیەننە بەرەی ئاوەزنێ. بەڵام بە هۆی تێکشکانی ئەو دوو بەرەیە بەرەی ناڵەپان تا ڕووناکیی بەرەبەیان نەیانوێرا هیچ جموجۆڵێک لە خۆیان نیشان بدەن. بە ڕووناکبوونی هەوا هێزەکای ڕێژیم لە ژێر زەختی فەرماندەی عەمەلیات لە ناڵەپانەوە چەندین هێرشی یەک لە دوای یەکیان دەست پێکرد کە هەموو جارێک بە زەرەر و زیانێکی زۆرەوە تێک دەشکان و دواجار بە سەرشۆڕییەوە بە تەواوی پاشەکشەیان کرد و ناوچەکەیان بەجێهێشت.

لەم هێرش و تێکشکانەی ناڵەپاندا چەندەکی دەیان جاش و پاسدار بەجێ مابوون و کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیی زۆریش وەک دەسکەوت کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. زیانی پێشمەرگەش لەم بەرەنگارییە بێوێنەیەدا بریندارببوونی فەرماندەیەکی قارەمان بەناوی عیززەت ئەحمەدی بوو کە بەداخەوە بە هۆی کاریبوونی برینەکەی دواتر گیانی بەختی ئازادی گەل و نەتەوەکەی کرد.

# حەماسەی ڕزگاربوون لە مەرگەساتی هەڵەبجە

ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦(١٦ی مارسی ١٩٨٨) ڕێژیمی بەعس بە بۆمبی شیمیایی لە هەڵەبجەی دا. ئەو شەوە هەواڵ گەیشت کە هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە داگیر کراوە و، ئەمە یانی هێزێکی زۆری پێشمەرگە کە لەو ناوچەیە بوو، پشتی لێ گیراوە و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون. بڕیار درا ناوچەکە چۆڵ بکرێ و شوێنی یەکگرتنەوە هێزەکان ئاوایی هاواریی نوێ دیاری کرا. هێزەکە دواتر بەرەو گوندی عەنەب لە نزیک شاری هەڵەبجە ڕێکەوت و تاریک و ڕوونی بەیانی لە نێو باخ و گوندە ڕووخاو و چۆڵکراوەکەی عەنەبدا خۆیان حەشار دا و چاوەڕوانی پێشهاتەکان مان. لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە لە خورماڵ، هەتا دەگاتە بیارە و تەوێڵە و بەرزاییەکانی دەورووبەر هێزەکانی عێراق بەبێ هیچ شەڕ و لێکدانێک لە شوێنی خۆیان بوون. لە باشووری هەڵەبجەوە هێزەکانی مەجلسی ئەعلا و سپای پاسداران بە تانک و تۆپ و جبەخانەی قورسەوە خۆیان گەیاندبووە نزیک شار و جادەی سیروان - هەڵەبجەیان گرتبوو. بە دەرکەوتنی ئەم هێزەی ئێران و گیرانی پردی «زەڵم» تەواوی هێزەکانی عێراق ورەیان لە دەست دا و پۆل پۆل خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئێران دەکرد. لە بەرەبەیانی ڕۆژی گیرانی هەڵەبجەدا هێزەکانی عێراق لەپشت ئاوایی هانیگەرمەڵە بەرەو بیارە کەوتنە پاشەکشە. لەو کاتەدا دوو هێزی بەیان و دووی ڕێبەندان لەو ئاواییەدا بنکەیان بوو. بە شکستی هێزەکانی عێراق هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هێزەکانی حیزبی دێموکراتیش ڕوون و ئاشکرا بوو، بۆیە ئەو دوو هێزە بەرەو ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە کشانەوە و لە گوندی عەنەب بۆ ماوەیەک چاوەڕوانی هێزی شاهۆ و زاگرۆس بوون تا هەموو تێکەڵ ببنەوە. هەر لەو کاتەدا «گوردانی

شوان»ی کۆمەڵە کە ئەوانیش بنکەیان لە ئاوایی بیارە بوو، ئەوانیش وێڕای ئێمە بەرەو هەڵەبجە پاشەکشەیان کرد. ئەگەرچی ئەو کات ئێمە بەرپرسانی هێزی بەیان و دووی ڕێبەندان پێمان گوتن کە با بەیەکەوە لەو مەترسییە ڕزگار بین، بەڵام بەهۆی شەڕی نێوخۆیی چەند ساڵەی نێوانمان ئەوان ملیان نەدا و پێشنیارەکەی ئێمەیان ڕەت کردەوە کە بەداخەوە ڕۆژی دواتر هەموویان کوژران و گیانیان بەخت کرد.

پێشمەرگەکانی حیزب بەرەبەیانی ڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە لە ئاوایی عەنەب بەرەو لای هێزی شاهۆ دەچن و هەموویان یەک دەگرنەوە. لە وەها هەلومەرجێکی سەختدا ٧٠٠ تا ٨٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب کەوتبوونە ژێر ئاوری بێ ئامانی هێزەکانی ئێران و عێراق. بۆیە بە ناچار بڕیاری چۆڵکردنی دەورووبەری عەنەب بەرەو «سەرکەن» درا و دۆڵ و ئاودرە و شیوی لای سەرەوەی باخەکان بوونە پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و تا ئەو دەم و ساتە بێ زیان لەو مەرگەساتە دەرباز بوون. هێزە گەورەکەی حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لەشوێنی خۆیان نەجووڵان. دیارە ڕێگەی دەربازبوونیان نەبوو، و تەواو لە گەمارۆ کەوتبوون. سێ شەو و ڕۆژ لە دەورووبەری هەڵەبجە خواردنی هێزی پێشمەرگە تەنیا ڕووەک و گیای کێوی بوو.

ئەو ڕۆژە فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بەردەوام هەڵەبجە و دەورووبەریان بۆمباران دەکرد. چرەدووکەڵ هەموو ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو، گرموهۆڕی فڕۆکە بەردەوام دەهات و دیار بوو مەرگەساتێک بەسەر هەموو ناوچەکەدا زاڵ دەبوو.

بەیانیی ٢٨ی ڕەشەمەمە هەلومەرج و بارودۆخی پێشمەرگە تەواو لەباری تەداروکاتییەوە شپرزە ببوو، گیا و ڕووەکیش نەمابوو کە ئەو ٧٠٠_٨٠٠ کەسە بتوانن خۆیانی پێ ڕابگرن. سەر لەئێوارە برسێتی فشاری بۆ زۆر کەس بەتایبەتی منداڵەکانی بنەماڵە کە لەگەڵمان بوون هێنابوو؛ بەڵام پێشمەرگە زۆر ڕۆژ و قۆناغی سەختی لەو چەشنەی دیبوو و هەموویانی بەزاندبوو.

ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەممە شەهید دوکتور قاسملوو پەیامی نارد کە بەهەر جۆر و بە هەر نرخێک بێ دەبێ خۆتان لەو ناوچەیە ڕزگار بکەن، چونکی بەپێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون بەتەواوی لەمەترسی

و بەر هێرش دان. هەر بۆیە ئێوارەی دوایین ڕۆژی زستانی ساڵی ١٣٦٦ بەدەشتی خورماڵدا بڕینی ڕێگەی دووڕ و دڕیژی ئەو دەشتەیان کردە نەورۆزانەی خۆیان. لەکاتی تێپەڕین بەو ڕێگا دوور و درێژەدا چەندجار ماشینی سپای پاسداران لەلایەن پێشمەرگەوە ڕاگیرا تا هێزەکە لەجادە بپەڕنەوە. پێشمەرگە لەلای پاسدارەکان خۆیان بەخەڵکی عێراق و ئۆپوزیسیۆنی عێراقی دەناساند، بڕیاریش وابوو بە نێوان خورماڵ و بیارەدا سەرکەون بۆ لای سەرگەت و پاشان بە پشت ئەحمەوئاواوە بەرەو لای شانەدەر و سەید سادقدا خۆیان دەرباز بکەن.

دەشتی هەڵەبجە بەرەو خورماڵ هەمووی بە کەلاکی حەیوان ڕەش داگەڕابوو، ئەو دەشتە سەراپا بۆنی گازی شیمیایی لێ دەهات، دیارە پێشتر ڕێنوێنی پێویست بە هەموو پێشمەرگەکان درابوو. لە نیزیک گوندی خوڕماڵ کاتژمێری یەکی نیوەشەو تووشی چەند ئایفای ئەرتەشیی پڕ لە پاسدار هاتین کە هەموویان ماسکی دژی شیمیایی بەسەریانەوە بوو و لە سەر ڕێگای پێشمەرگە وەستابوون. پڕسیاریان کرد بۆ کوێ؟ بە پێی بڕیار و ڕێنوێنیی پێشوو هەر کەسە و بۆی هەبوو تەنیا بڵێ بۆ «ئەحمەدئاوا.»

لەگەڵ ئەوەی زۆریان پێ سەیر بوو ئەو هەمووە خەڵکە بۆ بەو شەوە دەچنە ئەحمەدئاوا، بەڵام هێچیان نەگوت. دیارە گوێمان لێ بوو پاسدارێکی کرماشانی گوتی: «ئەم نەزمە نەزمی عێراقی نیە، بڕۆن عەلی یارتان». بەمجۆرە پاش ٣ ڕۆژ مانەوە بە برسییەتی لە نێو گەمارۆی تەواوی هێزەکانی دوژمندا و دوای بڕینێکی ڕێگایەکی سەخت و دووروودرێژ پێشمەرگەکان خۆیان دەرباز کرد و سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کوڕانی دێموکرات و سەرشۆڕییەکی دیکە نسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو ڕێگا دووروو درێژە سەرکەوتنەکەی زۆر هۆکاری دیکەی هەیە، بەڵام دیارە کە هەست بە بەرپرسایەتیی هەموو کادر و پێشمەرگەو نەزم و دسیپلین ئەو هێزەی گەورەیەی حیزبی دێموکرات کە هەموو دژوارییەکیان قەبووڵ کردبوو، گرینگترینی ئەو هۆکارانە بوو.

# وەفایەك بۆ شەهید قادر قادری

سۆزی نەورۆز دەبێ بە نەمانی ژار و ژەنگی دەروونی تەنگ، هێنەری بزەی شادی و تریقەی ئازادی بێ، بەڵام سەد مخابن، بۆ ئێمەی کورد هەر بەهاریێکمان بەدەستی ئەژدەهایەک و هەر نەورۆزێکمان بەدەستی ناپاکێک لێ دەشێوێ و، هیچ کات و ساتێک بەدی ناکەی کە ژینی بێ‌تینی هەژاران، لە دەرد و ژانی ستەمی بێگانان و بێگانەپەرستاندا نەهەژێ و خوێنی قارەمانانی ئەو نیشتمانە بە گوللەی خائینان و نیشتمانفرۆشانی تاوانبار نەڕژێ.

هەواڵەکە لەپڕ و، خەبەرەکە لەنەکاو و چاوەڕواننەکراو بوو. وەک گێژەڵووکە سووڕا و هەست و لەشی هەموو ئەویندارێکی ئازادیی تەزاند. ئەوەی ناوی بیستبوو بە بیستنی ئەو خەبەرە دڵتەزێنە لە گێژاوی خەمانی خۆیدا نوقم بوو. زمان بەستران و فرمێسک لە چاوان قەتیس مان. بۆ کەس جێی باوەڕ نەبوو، چەند چرکەیەکی نەگرت کە ئەو خەسارە گەورەیە بوو بە ڕاستییەکی تاڵ و خۆی بە هەموو گوێیەکدا چرپاند کە فەرماندەی قارەمان و کادری خەباتگێڕ «قادر ئەورەنگنیا»، ناسراو بە قادر قادری لە ناوچەی حاجیاوای باشووری کوردستان بەدەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراوە.

ئەو بەهارە پێی دەنا لە یوبیلی زێڕینی تەمەنی. بێشک ڕێزگرتن لە ئازایەتی و فیداکاریی ڕۆڵەیەکی ئەو نیشتمانە، کە لە ماوەی ژیانیدا و لە تەمەنی ٣٦ ساڵ زیاتر لە خەبات و تێکۆشانیدا، شەو ڕۆژ لە گەرما و سەرما و لە سەنگەری شەڕەف و ئازادیدا هەردەم بۆ بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنانی نەتەوەکەمان سەر لەپێناو بوو، بۆ کەسێک کە بە بیروباوەڕەوە بڕیاری دابوو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر بکا و گەورەترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی لە پێناو ئامانجی خەڵکەکەیدا بەخت بکا و بەختی کرد ئەرک و وەزیفەیە.

نەتەوەکەت چۆنت لە بیر دەکا؟ هاوسەنگەرانت چۆنت لە یاد

دەکەن و لەبەرچاویان ون دەبێ؟ وشەی جوان و خۆشەویستی پێشمەرگە بە بەژن و باڵای تۆ بڕابوو، بۆیە هەمیشە ناوی بەڕزت، واتە قادر قادری، پێشمەرگەی ئەو نیشتمانە کە بە پارێزەر و شوناسی خۆیان دەزانی، لەسەر زاریان دەمێنێتەوە.
نەمر قادر قادری، کۆڵنەدەرێکی خۆنەویست، تەژی لە حەماسە و شانازیخوڵقێنی و نەبەزی و شانازیگەلێک، کە بەرهەمی زیاتر لە سی ساڵ خەبات و هەڵسووڕانی بەردەوام و نەپساوە بوو. نەمر قادری لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا، واتە لە هەڕەتی لاوەتیدا هاتە سەنگەری خەبات و مافخوازیی گەلەکەی و هەتا دواساتی ژیانی سەنگەری تێکۆشانی بەر نەدا و لە مەیدانی خەباتدا مایەوە. نەمر قادری بە ئیرادەیەکی قایم و قۆڵەوە، خاوەندارەتیی لە خوو و ڕەوشتی شۆرشگێرانە دەکرد و بەهەق لە کوورەی ژیانی سەخت و دژواری پێشمەرگایەتی و، لە مەیدانی ٣٦ ساڵ خۆڕاگری و قارەمانەتیدا قاڵ ببوو.
ژیان بۆ ئەو، واتای تێکۆشان لە پێناو نەتەوە بوو. پێشمەرگایەتی بۆ ئەو، واتای خاوێتی لە سەنگەری مافخوازی و ڕاگرتنی سەری بەرزی نیشتمان بوو، هەر بۆیەش بە هەموو توانا و ئەرکوەخۆگری، لە کار و بەرپرسایەتییەکانی وەک سەرپەل، سەردەستە، فەرماندەیی هێزی سامرند، کار و پەرپرسایەتی لە بەشی قەزایی، نەخۆشخانە، بەرپرسایەتیی بەشی شەهیدان، فەرماندەری هێزی پارێزگاری، جێگری فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی و دوایین ئەرک و بەرپرسایەتیشی کە بەشی تەشکیلاتی هەرێمی ٣ی کوردستان بوو، شاهیدی ئەوەن کە توانیویەتی لە هەموویاندا گۆی خۆی لە مەیدان بەرێتە دەر و سەربڵند لێیان بڕوانێ.
قادری خەباتکار! دوو جار برینداربوونی جەستەت بە گوللەی دوژمنی خوێنخۆر و تاودانی چەکەکەت پاش هەر ساڕێژبوونەوەی برینەکانت پێمان دەڵێن، کە تۆ لە گەلێکی زیندوو هەڵقووڵاوی بۆیە چۆڕانی خوێنی تۆ لە لەشت ورەی زیاتری بۆ خەبات و تێکۆشان پێ بەخشیوی و بە خوێنی خۆت پارێزگاریت لە شەڕەف وکەڕامەتی گەلەکەت کرد. حەماسەی چیانە تەنیا نموونەیەکی چووکە لەو ڕۆژانە کە میداڵیای شانازین بە سینگتەوە بێ شیلمجاڕان، یادگارێکی لەبیر نەکراوە لە حەماسەتی تۆ و، دوژمن ئێستاش بە بینینی گەرمەبرین دەخزێتە هەناوی. هەر ئەو

ئازایەتییە بوو، هەر ئەو خۆنەویستییە بوو، هەر ئەو گەلدۆستییە بوو، هەر خۆشەویستییەت بۆ خاک و نیشتمان و سەنگەر و بڕواکەت بوو کە تۆی کردە قەڵای ورە و، خۆشەویستی دڵی هاوڕێ و هاوسەنگەرانت.

قادری خۆبەخش و گیانبەخش بۆ گەڵ و نیشتمان! دەورەکانت بوونە هەوێنی بارهێنانی لاوەکان و ئەوانەی تۆ وانەت پێ دەگوتنەوە، هاتنە سەرگۆڕەکەت و بەڵێنی وەفایان لەگەڵ نوێ کردییەوە، بەڵێ درێژەدانی خەبات هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانت. ئەی تێکۆشەری ڕێگەی خەبات، تەشویقەکانت لەخۆباییان نەکردی بەڵکوو جەسوور و خاکەڕاییتر، شێلگیرتر و بەبڕواتر لە سەنگەری خەباتدا خۆت دیتەوە.

باوکە دڵسۆزەکە و هاوسەری بە وەفا! کوانووی ژیانی خێزانیت گەرم و بەتین بوو. نیشتماندۆستی، ئەوین بە خاک و پێشمەرگە ئاوێتەی هەموو ئەو سۆزانەت بوون کە بە منداڵەکانت دەبەخشی.

کیژە ڕووسوور و بەباوەڕەکانی شەهید قادر و کوڕە ڕوحسووک و پێشمەرگە خۆشەویستەکانی نەمر قادری!، قادر قادری هەر باوکی ئێوە نەبوو، خۆشەویستیی باوکانەی ئەو بۆ هەموو کوردستان بوو، خۆ بە چاوی خۆتان دیتان کە کوردستان چۆن بۆ مەرگی بەرگی ماتەمی پۆشی… ئەوان دەیانزانی قادر قادری پێش ئەوەی باوکی ئێوە بێ، دەنگی هەژار و چەوساوەکانی کۆمەڵ بوو؛ دەنگی داخوازی و مافەکانیان بوو، بۆیە ئاوا بۆی بە پەرۆش بوون.

خێزانە ڕووسوورەکەی قادر قادری! خۆشەویستی و ئەوینی تۆ لای شەهید قادر هاودەمی سەفەر و سات بە ساتی ژیانی هاوبەشیتان بوو، لە دواسەفەریشدا. ئێستا شەکەت و بە ڕوحی ماندوو لە وێنە و بیرەوەرییەکانی دەڕوانی… ئەو ژانە لە دڵتدا ڕامەگرە و بیخە نێو هەناوی دوژمنانەوە… فرمێسکەکانت با ببنە چقڵ بۆ چاوی نەیاران و… پەیڤی سەر زارت بۆ یادگارەکانی خۆت و شەهید قادر، با هەر ئەو ویردی خۆشەویستییە بۆ نیشتمان بێ کە پێکەوە منداڵەکانتان پێ گۆش کردوە… دڵنیاین کە نە سەنگەری شەهید قادر چۆڵ دەبێ و نە چەکی پڕ سەروەریی دەکەوێتە سەر عەرزی…

# ٥٩ زەبری گورچکبڕ لەبری ٥٩ هەناسەی خنکاو

هێشتا زۆر خەمی دەروونی و بەشمەینەتیی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لەیاد و بیرەوەریی تاڵی دوازدەسوارەی مەریوان لە قارەمانی وەک حیسام ئەسعەدی نەڕەویبوو، هێشتا لاپەڕەکانی گەرمەشینی جێگەدارانی سەروان ئەفشێن و کاک هەژار لاپەڕەکانی ئارشیو نەکرابوون، هێشتا باڵندەی باڵ جوانی هەست و خەیاڵ لەسەر تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدانە هەڵنەفریبوو، هێشتا فرمێسکی قەتیسماو لە کالانی چاوەکزەکانی دایک و باوکی شەهیدەکانی کوردستان بە زەردەخەنەی کیژۆڵەی چاوکەژاڵ و ژیکەڵەی پێشمەرگەی شەهید نەسڕابوو کەهەواڵیان هێنا، چ هەواڵێک؟

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، هەواڵێکی جەرگبڕ و دڵتەزێن، بە خێرایی شەقام و کۆلانەکانی شاری مەهابادی تەنییەوە و بە جارێک کۆمەلانی خەڵکی ئەو شارەی تاساند و تووشی سەرسوڕمانی کردن.

لەو ڕۆژەدا خەڵکی مەهاباد گوێبیستی بەیاننامەی حەمیدڕەزا جەلاییپوور، فەرمانداری شار بوون کە باسی لە ئێعدامی ٥٩ لاوی ئەو شارە دەکرد کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکرات گوللەباران کرابوون. بەشێک لەو ٥٩ کەسە کە کەمتر لە دوو مانگ بوو گیرابوون، تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ و لە دادگایەکی فۆڕمالیتە و فەرمایشی و بە پەلەپڕووزەدا، حوکمی لەسێدارەدانیان بو دەرچوبوو.

کۆماری ئیسلامی کە تازە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو بە دوو مەبەست ئەم کردەوە دڕندانەی ئەنجام دا، یەکەم ئەوەکە بەم کردەوە وەحشیانەیە لە لایەک خەڵکی کوردستان و لاوانی شۆڕشگێڕ چاوترسێن بکا و لە لایەکی دیکە پێش بە پەیوەستبوونی لاوانی نیشتمانپەروەر بۆ نێو حیزبە کوردییەکان و بەتایبەتی حیزبی دیمۆکرات بگرێ و لە هەمان کاتدا خەڵکی ولاتپارێز لە یارمەتیدان و پاڵپشتکردنی ئەو حیزبانە دڵسارد بکەنەوە، دووهەم دەیویست لەم ڕێگەیەوە بە بزووتنەوەی خەباتکارانەی کورد بلێ کە دەستی تۆڵە ئەستاندنەوەم بەهێزە و تۆڵەم لێ کردوونەتەوە، چونکە هەر لەو سەروبەندەدا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار چەکداری خزاندبووە کوردستان و، هێزە سەرکوتکەرەکانی لە بەرامبەر هێرش و بەرخۆدانی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەدا

زەبوون و داماو بوون. تەنانەت محەممەد بروجێردی، جێگری فەرماندەی قەرارگای عەمەلیاتی «حمزە سیدالشهداء» کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگیی تایبەتی هەبوو، لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە کوژرابوو.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، دیاردەی ئێعدام شتێکی تازە نیە و نەبووە و لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتی خۆیاندا، دەستیان بە کوشتار و ئاسیمیلە کردنی نەتەوەی کورد کرد و هەر ٣ ڕۆژ دوای پەیامی خومەینی لە ٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دەستی ڕەشی تاوانیان زیاتر دەرکەوت و ١١ لاوی کوردیان لە زیندانی دیزڵئاباد گوللەباران کرد و لەو کاتەوە تا ئێستا کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە ڕشتنی خوێنی لاوانی کورد نەپرینگاون.

کاتێک هەواڵی گوللەبارانکردنی ٥٩ لاوی مەهاباد بڵاوبۆوە، کەشێکی ماتەم باڵی بەسەر خەڵکی ئەو شارە و دەورووبەریدا کێشا و شار ڕەشی پۆشی و بە هەزاران کەس ئەژنۆی خەمیان لە باوەش گرت. هەروەها کۆمەڵێک پرسیار بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی شاری مەهاباد و بنەماڵەی شەهیدەکان درووست بوو کە تاوانی ئەم لاوانە کە تەنانەت چەند کەسیان لە پۆلەکانی ناوەندی و دواناوەندیدا دەرسیان دەخوێند، چی بوو؟!

بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ڕۆڵەکانی کورد لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاست لە ناوچەی کرماشان و کامیاران، بڕیاریان دا کە یاد و بیرەوەریی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد بەرز ڕابگرن. بە بڕیارێکی لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە و بە نەعرەتەی شێرانەی کوڕانی ئەو مەڵبەندە، تەنیا دوو سەعات دوای تێپەڕینی ئێعدامی ئەو شۆڕەلاوانە، قارەمانانی هێزی بێستوون لە شەوی ١٢ی جۆزەردانداا، یەکەمین عەمەلیاتی قارەمانانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد و دووهەمین عەمەلیاتیان لە ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان، شادی و خۆشیان خستە نێو بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و فرمێسکی خەمیان بۆ کردنە شادی و لە ڕۆژانی دواتردا ڕۆڵەکانی کورد لەو مەڵبەندە، سەرجەم ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانەیان بەیادی ئەو ٥٩ شەهیدە ئەنجام دا. تێکۆشەرانی هێزی بێستوون لە زۆربەی شاخ و دەشت و دۆڵ و چیاکانی ناوچەی کرماشان، کامیاران، مەریوان و پاوە بە فەرماندەیی شەهیدان شاپوور

فیروزی، سالار ئیبراهیمی، محەممەدکەریمی نەدیمی، ئەحلە میسری و حەسەن مینبەری و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری دیکەی دێموکرات زەبری زۆر کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. شەڕە بەناوبانگەکانی نێو شاری کامیاران، دەرەویان، پشتە، بێڵەوار، شیرینسوار، شاڕێی کرماشان _ سنە، ناڵەشکێنە، ماویان، شەریفاوا، بزوەش، چیای شاهۆ، ژاوەرۆ، چڕووسانە، گرگر، نێو شاری کرماشان، تەختی زەنگی، نەرگسلە، شانشین، بەردەسپی و گرتنی ٦ پایەگا، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو عەمەلیاتانە بوو کە بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ٥٩ لاوی مەهاباد ئەنجام دران، عەمەلیاتگەلێک کە ئێستاش لە بیر و زەینی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەو ٥٩ عەمەلیاتە سوکنایی خستە نێو دڵی دایکی ٥٩ لاوی مەهابادی و خەڵکیش فرمێسکی شادییان هەڵوەراند، چونکە قارەمانانی دێموکرات هەموو ڕۆژێ ناو و یادی ئەو لاوانەی کە خوێنیان بەناحەق ڕژا زیندوو دەکردەوە.

ئەگەر بڕوانینە مێژووی خوێناویی گەلەکەمان و حیزبە خەباتگێڕەکەیان، ئەو ٥٩ عەمەلیاتە بەیادی لاوانی لە خوێندا شەلاڵی مەهاباد لەچەند بارەوە گرینگی هەیە و لە مێژوودا جێگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە:

یەکەم: خەڵکی خۆڕاگری کوردستان و بەتایبەتی مەهاباد، بە ئێعدامی ڕۆڵەکانیان چاویان نەترسا و هەروا بە بەردەوامی بە هەموو شێوەیەک بەرهەڵستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە و لەسەروو هەمووانەوە لاوانی ئەو شارە پۆل پۆل ڕیزی خەباتگێرانی دێموکراتیان بۆ خەبات هەڵبژارد. دووهەم: ڕێژیم بە ئێعدامکردنی ئەو لاوانە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ پەڵەیەکی ڕەشتری لە مێژوودا بە ناوچاوانی خۆیەوە نا، کە بۆ هەتاهەتایە وەک خاڵێکی نەنگ و سەرشۆری لە مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرا. سێهەم: بە درێژایی مێژوو گەلی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەربەدەر و قەتڵوعام کراوە، بەڵام دوای هەر کارەساتێک سەربەرزانە لە خەبات بەردەوام بووە و سەری بۆ دوژمن نەوی نەکردووە، هەر بەو پێیەش بوو کە هێزی قارەمانی بێستوون بە بڕیارێکی شۆڕشگێرانە یادی ٥٩ لاوی مەهابادیان بەزیندووی ڕاگرت.

# «دارەتوو»
# ئەفسانەی حەماسە و خۆڕاگریی پێشمەرگە

شەڕی قارەمانانەی هێزی پیشمەرگەی کوردستان لە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بە جۆرێک بوو کە فیداکارانی دێموکرات بە خوێنی خۆیان داستانێکی خۆڕاگرییان نووسیوە کە هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەیان‌دا دەمێنێتەوە. بەڵام لەپێشدا باسێک لەو هۆکارانە بکەین کە بۆچی کۆماری ئیسلامی لەو کات‌وساتەدا ئەو مانگەی هەڵبژارد کە هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە لە ناوچەی هەوشار.

کۆماری ئیسلامی بەو ناوچانە زۆر حەساس بوو کە چالاکیی سیاسی حیزبی دیموکراتی لێ بێ، ئەم دەڤەرەش هەم لە بواری جوغرافیاییەوە واتە هاوسنووریی لەگەڵ پارێزگاکانی زەنجان، ئەردەبیل و سنە لەلایەک و هەروەها بوون و تێکەڵیی پێکهاتەکانی هەردووک نەتەوەی کوردو ئازەری لەو ناوچەیە لەلایەکیترەوە، ببووە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم گرینگی تایبەتی بەو ناوچەیە بدا.

ئەم ناوچەیە هەم لە بواری ئابوورییەوە «ئاژەڵداری و کشتوکاڵ» و هەمیش هەڵگری مادەیەکی زۆری ژێرزەوی( تەلا و مس و قورقوشم) لەخۆدەگرێ و بەکورتی ناوچەیەکی زەنگین و دەوڵەمەندە.

ناوچەی هەوشار لە دوو شاری تکاب و ساینقەلاو، زیاد لە ٣٠٠ گوندی گەورە پێک دێت و لە بواری کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای ورمێیە و هاوسنووری شارەکانی بۆکان، سەقز، بیجاڕ، زەنجان، ئەردەبیل و میاندواوە.

پێشینەی شۆڕشگێری خەڵکی ئەو ناوچەیە! سەرەڕای هەژاری لە بواری ئابوورییەوە، بەڵام بە هۆی هەڵکەوتەی ئەو ناوچەیە، جووڵانەوەکانی کوردستان و ناوچە ئازەرییەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ئەو دەڤەرە و چ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەوریز و چ جووڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و سمکۆ و کۆماری کوردستان، لەسەر خەڵکی ئەو مەڵبەندە شوێندانەر بووە و خەڵکی

ئەو ناوچەیەش کەموزۆر بەشدارییان لەو ڕاسان و بزاوتانەدا بووە.
خەڵکی ناوچەی هەوشار راستەوخۆ بەشدار بوون لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهابادو بەرەیەکی شەڕیان لە تیکاب وەئەستۆ گرتووە بۆ ئەوەی هەر وەخت پەلاماری کۆماری کوردستان بدرێ، پێش بە هێزی داگیرکەر بگرن.
کاتێک دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستان دامەزران، لە ناوچەی هەوشار لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی دیکەوە پێشمەرگە ڕوویان لە هەوشار کرد. بەڵام پاش ماوەیەک هێز و کۆمیتەی خۆی دامەزراندو سیستمی ڕێکخراوەیی لەو ناوچەیە دەستی بەکار کردو خەڵکی ئەو ناوچەیە تەنیا یەک حیزبیان هەڵبژارد ئەویش حیزبی دیموکرات بوو.
هێزی قارەمانی هەوشار لە ماوەی ٤ ساڵدا، زۆر زوو گوڵی کردو لە زۆر بەربەرەکانی قارەمانانە دژی هێزەکانی ڕێژیم فیداکاری نواند. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦١ کاتێک ناوچەی هەوشار گیرایەوە، حیزبی دێموکرات بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو ناوچەیە بەرەو ناوچەی سەردەشت ڕەوانە کرد کە ئەو کات جاددەی سەردەشت پیرانشار لە ژێر هێرشێکی توندی کۆماری ئیسلامی دا بوو.
پاش مەئمووریەتی هاوینی ساڵی ١٣٦٢ لە ناوچەی سەردەشت، ئەو هێزە لەمانگی سەرماوەزدا بەرەو ناوچەی هەوشار دەگەڕێنەوەو دەست بە تێکۆشانێکی بێوچان دەکەنەوە.
خەڵکی ناوچە بە دیتنی ڕۆڵەکانیان زۆر خۆشحاڵ بوون، بەڵام ترسی ڕێژیمیان بوو کە جارێکی دیکە دەست بە کوشتاری خەڵکی بێدیفاع بکاتەوە، چونکە کاتێک ڕێژیم هەوشاری گرتەوە بەشیک لەو فەرماندەرانە کە لە گرتنەوەی هەوشار و کوشتو کوشتاری خەڵکدا دەستی هەرە باڵایان هەبوو تەشویق کران یان سەروەت و پووڵ و پارەیان پێدرا، یان پلەیان بەرز بووەو، چونکە ئەو فەرماندەرانە کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوور ببوو لەلای بەرپرسانی خۆیان لە پارێزگای ورمێ بە شانازییەوە باسی جینایەتەکانی خۆیان لە هەوشار دەکرد.
بەڵام کاتێک دیتیان ڕۆڵەکانی گەلی کورد جارێکی دیکە لەناو خەڵکی خۆیان دان و هەر لەو ماوەیەشدا چەندین عەمەلیاتی

گەورە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بەڕێوە چووو بە تایبەت بەشێک لەو چالاکییە نیزامیە لە پارێزگای زەنجان ئەنجام دران، کەوتنەوە پیلان گێڕان بە دژی تێکۆشەرانی دێموکرات.
ڕێژیم لە پیلانێک دەگەڕا تا بە تەواوی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە تەفروتوونا بکەن، بۆ ئەوەی قەرەبووی شکستە یەکلەدوای یەکی خۆیان بکەنەوە، فەرماندەرانی سپای پاسداران لە هەوشار، لەگەڵ بەرپرس‌و فەرماندەزانی پارێزگای ورمێ و لەگەڵ سپای پارێزگاکانی هاوسنووری هەوشار وەک زەنجان و سنە، لە هاتووچۆ و ڕاوێژ دابوون. پاش چەند کۆبوونەوەو ڕاوێژ لە نێوان بەشە جیاجیاکانی سپای کۆنەپەرستی ئەو ناوچانە، سەرئەنجام بەرپرسانی ئەو هێزە دژی گەلییانە، بڕیاریاندا لە ٢٨ی ڕێبەندان تا ٣٠ی ڕێبەندان لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە هەموو ئیمکاناتێکی کە لەبەر دەستیان دایە لە ئاسمان‌و زەوی و بە هێزێکی پوشتەوپەرداخ هێرش بکەنە سەر هێزی هەوشاری حیزبی دیموکرات، تەنانەت پێداگری فەرماندەرانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە یەک نەفەر نابێ لە پێشمەرگە دەربچێ.
لە ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندان دوژمن دەستی بەهێرش کرد بۆ سەر گوندی «کووپەقڕان» کە لە ٤٠ کیلومیتری شاری تیکاب هەڵکەوتووە، لەم بەرەیە پێشمەرگەکان بڕیاریان دا شکستێکی باش بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن، هەر بۆیە کاتژمێر هەشت و نیوی هەمان ڕۆژ هێزە بەکرێگیراوەکان کەوتنە داوی قارەمانانی هێزی هەوشارەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆر لە لاشەی بەکرێگیراوەکان کەوتە دەست پێشمەرگەکان و چەک و چۆڵێکی زۆر بە دەستکەوت گیراو چەندین دەزگا ماشێنی نیزامیی لەلایەن پێشمەرگەکانەوە سووتێندرا. پێشمەرگەکانیش هەموویان بە سڵامەتی کشانەوەو خەڵکی گوندیش هیچ زەرەرو زیانێکی گیانی وماڵییان لێ نەکەوت.
پاش زەربە خواردنی هێزی ڕێژیم لەلایەن پێشمەرگەوە، ئەو بەشەی پاسدارەکان کە بە برینداری و شپرزەیی خۆیان بە نێو پایەگاکانیان لە گەردەنەی تیکاب کردەوە. هێزی ڕێژیم سەرلەنوێ کاتژمێر ١١ هەمان ڕۆژ بە هێزێکی زۆر و تازەنەفەس و تۆپخانەوە

هێلیکۆپتێڕ هێرشی بۆ سەر پێشمەرگەکان دەست پێکرد بەڵام کوڕانی دێموکرات بە دوو مەبەست گوندی کوپەقڕانیان چۆڵ کرد.
یەکەم: بۆ ئەوەی شەڕەکە لە نێو گوند دوورخەنەوە تا زەرەرو زیسن بە خەڵکی بێ دیفاع نەکەوێ.
دووهەم: بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان پاشەکشەیان کرد تا سازماندەهی خۆیان بکەنەوە و دوای خۆ ڕێکخستنەوەیەکی بتوانن بەرەنگاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.
هەر ئەو ڕۆژە بۆ دوانیوەڕو تێکهەڵچوون لە نێوان بەکرێگیراوان و هێزی پێشمەرگە لە دەرەوەی گوندی کوپەقڕان لە تەپۆلکەو چیا و دۆڵەکان ڕووی دا، بەجۆرێک شەڕێکی نابەرامبەر و دەستەویەخە و خوێناوی تا ئێوارێ بەردەوام بوو لەو شەڕەی دوانیوەڕۆ دیسان ژمارەیەکی دیکە لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەبنە قوربانی سیاسەتی ئەو ڕێژیمە.
کادرو پێشمەرگەکان بۆ ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندان بەرەو گوندەکانی کوروز، قاشوخ، کووچەتەڵا، دارتوو و ئاخچی پاشەکشەیان کردو لەو گوندانە نیشتەجێ بوون، لەو لاشەوە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراوەکان و برینداره‌کانیان بەرەو شاری تیکاب ڕادەگوێزن و داوای هێزی یارمەتیدەر دەکەن.
ڕێژیم لە شارەکانی بیجاڕ، زەنجان، دیواندەرەوە، ساینقەڵا، میاندواو، سەقز و بۆکانەوە هێز کۆدەکەنەوە و بۆ ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندان خۆیان ئامادە دەکەن بەڵکوو هێرش بکەنە سەر ئەو گوندانە کە پێشمەرگەکان لێی نیشتەجێ بوون.
چەند دەستە لە پێشمەرگەکان لە ڕۆژی ٢٩ و ٣٠ ڕێبەندان دەچنە ئاوایی «دارەتوو» ودەوروبەری و لەو لاشەوە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە هێزیکی تازە نەفەسەو تۆپخانەی قورس ڕوو دەکەنە گوندەکانی کوروز و کووچەتەڵاو بەرەو گوندی دارتوو کە پێشمەرگەکان لەوێ پشوو دەدەن. کاتێک پێشمەرگە ئاگاداری هێرشی هێزی ڕێژیم دەبەن خۆیان بۆ بەرەنگارییەکی ئازایانە ئامادە دەکەن.
یەکەم، لە ڕۆژهەڵاتەوە واتە لە گوندی کووچەتەڵا، لە ڕۆژئاوا واتە گوندی قوشلاخ، لە باکوورەوە و بە ئاراستەی چۆمی ساروخە، لە باشوریشەوە کە گوندی ئایخچی و حاجی

حەسەن و چیاکانی شانشین و بەردەڕەشی لەخۆدەگرت.
هەر وەک ئاماژەی پێکرا پێشمەرگەکان بۆیان دەرکەوت پلانێکی قێزەون لەلایەن کۆنەپەرستانەوە بەرنامەڕێژی بۆ کراوە، خۆیان سازمان دەدەن و لە نێو گوندو لە دەورووبەری گوندەکە سەنگەر دەگرن. شەڕ کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی دەستی پێ دەکا سەعات لەگەڵ سەعات شەڕەکە خوێناویتر دەبێ. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە دەیان جەندەکیان لەسەر زەوی کەوتوە. پێشمەرگەکان کە لە دەورووبەری ئاوایی سەنگەریان گرتبوو بە هۆی فشاری بەکرێگیراوان سەنگەریان دەگەواستەوە بۆ نیو کۆلانەکان و نیو ماڵەکان، ئیتر پێشمەرگە لە گوندی دارتوو بە پشتیوانی خەڵکی ئەو گوندە بڕیاری شەڕی مان و نەمانیان دا.
هێزی کۆماری ئیسلامی لە هەر چوار لاوە گەمارۆی پێشمەرگەیان دا، لە لایەکیش بەشێکی سرووشت و ژینگەی ئەو گوندە واتە چۆمی سارۆخ گەمارۆی گوندەکەی دابوو و وەک یارمەتیدەر و هاوکاری دوژمن دەوری دەگێڕا. تێکۆشەرانی دێموکڕات بە هاوکاری خەڵک بڕیاری کۆتایی خۆیاندا کە بە سەربەرزی سەربنێنەوە و سەر بۆ دوژمنی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەنەنوێنن.
بۆیە لە نێو ماڵەکان و سەر بانەکان و کۆلانەکان و نێو مزگەوت و حەوزی مزگەوت و سەرکانی گوند سەنگەریان گرت و سوێندیان دەخوارد و بەڵێنیان بە یەکتر دەدا تا ئاخرین فیشەک شەڕ بکەن.
شەڕ تا گەرمتر دەبوو جەندەکی کۆنەپەرستان زیاتر دەکەوت و لەو لاشەوە ماڵ بە ماڵ و کۆلان بە کۆلان پێشمەرگەو پاسدار دەست و یەخەو تێکەڵ بوون. هەر تێکۆشەرێکی دێموکڕات شەهید دەبوو دەست بەجێ گەنجێکی ئاوایی «دارتوو» چەکەکەی هەڵدەگرت و لاشەی بەکرێگیراوی دەخستە سەر زەوی‌و تۆڵەی قارەمانی دێموکڕاتی دەکردەوە.
هەر پێشمەرگەیەک لە ماڵێک سەنگەری گرتبوو گەنجێکی ئاوایی لەگەڵ بوو، «ئیرەج بروجەردی» یەکێک لە قارەمانەکانی هێزی هەوشار بە دەیان کەلاکی بەکرێگیراوەکانی ریز کردبوو و لەبەر دەستی دا بوو کاتێک بەکرێگیراوێک لە پشتەوە خەنجەر لە ئیرەج بروجەردی داو شەهیدی کرد فەوری گەنجێکی دارەتوو کە پێکەوە لە سەنگەر دابوون دەستی‌دا چەکەکەی شەهید ئیرەج و چووە

سەنگەرەکەی ئیرەجەوەو تۆڵەی ئیرەجی قارەمانی ئەستاندەوە.
لە لایەکی دیکەوە بە بڵینگۆ داوایان لە پێشمەرگە دەکرد خۆ بەدەستەوە بدەن! داوایان لە خەڵک دەکرد پێشمەرگەکانمان تەحویل بدەن. لەلایەکی دیکە لکی ٢ی هێزی هەوشار لە بەرەی قەڵای زێویە و گوندی قەرەناو بەرەنگاری هێزی داگیرکەر بوونەوە و زەبرێکی کوشەندەیان لە داگیرکەراندا، بەمجۆرە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا شەو درەنگان شەڕ درێژەی کێشا، سەرەنجام بە سەدان کەس لە بەکرێگیراوان بوونە قوربانی سیاسەتی کوردکوژیی کۆماری ئیسلامی.
لەو حەماسە قارەمانانەیەدا چەندەکی سەدان بەکرێگیراو لە مەیدانی شەڕ کەوتبوو، بەڵام بەداخەوە لەسەر یەک ١٩ پێشمەرگەی قارەمانو لەخۆبووردوو شەهید بوو، ١٢پێشمەرگە لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دیل گیران، ئەو ١٢ کەسە لە مانگی گەلاوێژی ١٢٦٣ لە تیکاب ئێعدام کران و تا ئێستاش گڵکۆیان بێ سەرو شوێنە؛ ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون.
لەو شەڕەدا چەند ماڵ لە گوندی دارتوو بەهەموو کەلوپەلی نێو ماڵەوە سووتانو چەند خانوویەک رووخاو ٣ کەس لە خەڵکی گوندی دارتوو شەهید بوون.
لەو حەماسە وبەربەرەکانییەدا چەند مەسەلە جێگەی باش کردنە.
یەکەم: قارەمانانی دێموکرات وەک هەمیشە لە رۆژی تەنگانە ئامادەن مایە لەخۆیان دانێنو هیچکات سەر بۆ دوژمن نەوی نەکەن ئەوان لە رۆژی ٣٠ی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ بۆ چەندین جار سەلماندیان کە بە خوێنی خۆیان لاپەڕەکانی مێژوو دەنووسنەوە. دووهەم: جارێکی دیکە سەلماندیان بە کوشتنی زیاتر لە سەدان کەس لە هێزی رێژیم، کوردستان جێگای ئەوان نیەو لەو ئاو خاکە بێگانەن وسەلماندیان کە هیچ هێزێک ناتوانێ خەڵک و پێشمەرگە لێک دابڕێ. سێهەم: ئەگەرچی نزیگ بە ٣٠ قارەمان شەهید بوون بەڵام خەڵکی خەباتگێری ناوچەی هەوشار سەلماندیان کە چەکی کوڕە شەهیدەکانیان لەسەر زەوی ناکەوێ و بە یادی شەهیدانی ٣٠ رێبەندان چەندین عەمەلیاتی سەربەرزانەیان بە ئەنجام گەیاندو بە رێژیمی کۆماری ئیسلامییان سەلماند کە هێزی هەوشار هەروا خۆڕاگر و لە شکان نەهاتوویە.

# گوندی مازوارو تۆماری مێژوویەك بۆ خۆی

ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا و هەڵبژاردنی ستراتیژیو تاکتیکی گونجاو و گرتنە پێشی سیاسەتێکی ئوسوولی و مەنتیقی لەلایەن حیزبەوە بۆتە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە چەشنێکی بەرین پشتیوانی لە حیزبەکەیان بکەن. ئەو پاڵپشتییە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی تەمەنی خۆی توانیویەتی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دابنێ بەجۆرێک کە  مێژوونووسان زۆر جار گوتوویانە، مێژووی ئەو ٣ چارەگە سەدەیەی دوایی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کەموزۆر هەمان مێژووی حیزبی دێموکراتەو مێژووی تەمەنی ٣ چارەگە سەدەیەی حیزبی دیموکراتیش مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە وەها دۆخێکدا دەکرێ بە هەبوونی تەشکیلاتی بەهێز و لەخۆبردوویی پێشمەرگە و حوزووریان لە ناو خەڵکدا، دەکرێ پێوەندیی نێوان خەڵکو حیزبەکەمان بەهێزتر بکەین‌و لە هێزو توانای خەڵک زیاتر کەلک وەربگیرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە حیزبەکەمان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕەگو ڕیشەی بەهێزی داکوتاوەو تەنانەت زۆر جار لە کاتی زۆر هەستیاردا ئەو پێوەندیانە تین‌وتاوێکی بەگوڕیان داوە بە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزب و گەل.

نموونەی فیداکاری و پێوەندیی نەپساوەی خەڵک و پێشمەرگە لە شەڕ و بەرخۆدانی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و پارێزەرانی کۆنەپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەکەوێ؛ بەڵێ! لە لاپەڕەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا ئاماژە بە حەماسەیەکی هێزی پێشمەرگەو پشتیوانیی خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەی سەقز دەکەین.

ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە حەماسەیەکی کەم‌وێنەدا لە نێوان هێزی پیشمەرگەی دێموکرات لەلایەکو هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی لەلاکی دیکەوە خوڵقا.

شەوی پێشتر پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووی کوردستان بۆ پشوودان روویان لە ئاوایی «خورِمتا» کرد؛ پاش دامەزران لە ناو ئاوایی‌دا و رەوانە کردنی کەمین بۆ شاخەکانی پشت ئاوایی، لە کاتژمێری ٦ی بەیانی لەلایەن کەمینی هێزی پێشمەرگەوە هەست بە هێرشی بەربڵاوی دوژمن کرا، ئەوانیش فەرماندەکانی خۆیان ئاگادار کردەوە کە دوژمن لە فکری پیلانێکی گەورە دایە. لە کاتژمێری شەش و نیوی بەیانی قارەمانانی گەل دەستیێکی باشیان لە دوژمن وەشاندو تا سەعاتی ٩ی بەیانی لە دەوروبەری گوندی خورِمتا و بەرزاییەکانی شەڕ بەردەوام بوو. بە شکانی دوژمن شەڕ بەرەو بەرزاییەکانی وەرێنانی و شاخی رووش گوازرایەوە، تێکۆشەرانی دێموکرات کە زەبرێکی باشیان لە دوژمن دابوو خۆیان سازمان داوەو لەو بەرزاییانە سەنگەریان گرتەوە و چاوەڕوانی هێزی کۆنەپەرستی مانەوە. لە لایەکی دیکە هێزی بەزیوی کۆماری ئیسلامی بە دەیان ماشێنی پڕ لە سەرنشینو بە چەکو چۆڵی تەیارەوەو بە پشتیوانی ٣ هێلی‌کۆپتێر هاتنەوە مەیدانی شەڕو دەستیان بە پێشڕەوی بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان کرد، هێزی ترسەنۆکی کۆماری ئیسلامی هەموو جارێ کە لە سەنگەری پێشمەرگەکان نزیک دەبوونەوە، لەگەڵ بەرەنگاریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە بەرەورِوو دەبوونەوە و کورِانی دێموکرات لێیان رادەسانو بە ژمارەیەک کوژراو بریندار هێزی دوژمن بەرەو دوایە هەڵدەهاتنەوە. شاخی ڕووش کە بەسەر شاری سەقز دا دەروانێ، بەشێک لە خەڵکی قارەمانی ئەو شارە شاهید بوون کە قارەمانانی گەل چۆن لە بەرامبەر لافاوی ئینسانی بێ‌ورەی کۆماری ئیسلامی‌دا راوەستابوون. پاش هەر شکستێک، هێزەکانی دوژمن بە ئاوری تۆپو خۆمپارە و راکێتی هێلی‌کۆپتێر سەنگەری هەڵۆکانی نەکەرۆزو سورووساتو چلچەمەی ئاورباران دەکرد. شەڕ تا کاتژمێری ٥ی ئێوارێ بەردەوام بوو، پاش ١١ سەعات شەڕی قارەمانانە کە تۆپخانەی دوژمن بە بەردەوامی سەنگەری کورِانی دێموکراتی دەکوتا بەداخەوە لە ئێوارێ‌دا حەکیمی رەزایی بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی کوردستان کە بەردەوام لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا شەڕی دەکرد لە گەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە شەهید بوون.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە قارەمانانی دێموکرات پاش ١١ سەعات شەڕ و بەربەرکانی لە بەرامبەر هێزی بێ ئەژماری دوژمن، سەرشۆڕییەکی گەورەیان نسیبی دوژمن کرد. پاش تەواوبوونی شەڕ، لەبەر ئەوەیکە پاش  رۆژێک شەڕ کردن‌و بە دانی چەند شەهیدو چەندین بریندار، کارێکی ئاسان نەبوو لە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی‌دا، خۆدەرباز بکەن، هەر بە پشتیوانیی خەڵکی ئەو ناوچەیە، لەو دەڤەرە خۆیان حەشار دا و ناوچەکەیان جێنەهیشت. بەڵام رۆژێک دوای شەڕەکە، دەبێ شاردنەوەی ئەو تێکۆشەڕانە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و ئاوایی «مازوار» بۆ هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بنووسرێتەوە، خەڵکی باشیان دەزانی پێشمەرگە پارێزەری ئەمنییەتی شەڕەفو کەرامەتی ئەوان بوو و گیانی خۆی بەختی ئامانجەکانی نەتەوەکەی دەکا و ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لەرێگای نیشتمان‌دا بیکاتە قوربانی، رۆڵەی بەرهەقی نەتەوەی کوردە کە باشترین ساتەکانی ژیانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک تەرخان کردوە. تاکوو بە وەها فیداکارییەک گەلەکەی بە ئاوات بگا و بە سەربەرزی بژی.

ئەوان توانیان لە ناو خەڵکی قارەمانی مازوار، بێ فیشەک، ماندوو شەکەت‌و هیلاک، بە چەندین بریندارەوەو، تەنانەت بە بوونی پایەگای هێزەکانی رێژیم لە پشت ئاوایی، لە ناو خەڵکی خۆیان‌دا بحەسێنەوەو بەو پێوەندییەی نێوان خەڵک‌و پێشمەرگە پەیمانی ئەمەگ و دەروەستی لەگەڵ یەک ببەنە سەر و ئەگەرچی ٣ قارەمان شەهید بوون بەڵام بە لێک گرێدان‌و پێوەندیی خەڵک و هێزی پێشمەرگە هیچ هێزێک ناتوانێ بە چۆکیان دابێنێ. ئەو پێوەندییە ئەو راستییە دەردەخا کە بڵێین خەڵکی کوردستان تا ئاواتەکانی لە بۆتەی خەبات وتێکۆشان دژی داگیرکەران دەرنەکەوێ هەمیشەو لە هەموو قۆناغەکانی خەبات دا پاڵەپشتی خەباتی رەوای گەلی کورد بوون ودەبن و دینامیزمی سەرەکی خەباتی گەلەکەمانن.

# داستانی خۆڕاگریی «حەڵبێ» و «کۆیکان»

گەلی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی نیشتمانی کوردستان دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشانی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی بەردەوامە و بۆ پاراستنی مەجوودییەتی خۆی خەبات دەکا. مێژووی خەباتی کورد تا بڵێی خوێناوی و پڕ قوربانیدان بووە، بەڵام ئەم کاروانە تا ئێستاش نەگەیوەتە سەر مەنزڵ و کوردستان ئێستاش لە سەنگەری خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی دایە. ئێستاش هەوڵی تواندنەوە و نەهێشتنی دەدرێ و حاشا لە شوناس و پێناسی نەتەوەیی دەکرێ. ئێستاش هەر جینایەت و کوشتارە لە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی کورد دەکرێ و هەمدیسان، ئێستاش هەر داستانی حەماسەیە لاوانی ئەو نەتەوەیە لە سەنگەری خەباتدا دەینووسنەوە و هەر لاپەڕەی شانازییە دەیخوڵقێنن. کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەنگەری لەگیرانەوە نەهاتووی خەبات و مافخوازی دژی کۆماری ئیسلامی بووە و نە سەرکوت و نە کوشتار و نە هەوڵی تواندنەوە کۆڵیان بە ڕوحی خەباتگێریی کورد نەداوە.

بیرەوەرییەکان و فیداکاریی هێزی پێشمەرگە هێندە زۆرن کە نە لە ئەژمار دێن و نە لە گێڕانەوە، بەتایبەتی ئەگەر بە ناخی ئەو ڕۆژە سەختانەدا شۆڕ بینەوە و بەربەرەکانی و هەڵمەتبردن و قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بنووسینەوە، زۆر خاڵی گرینگ بەرچاو دەکەون. ئەگەر بە وردی لاپەڕەکانی مێژووی دەیان ساڵەی خەباتی نەپساوەی ئاشکرا و نەهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدەینەوە و، بە ڕابردووی پڕ لە شانازیی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیدا بچینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە

تێکۆشەرە ئەرکناس و نیازپاکەکانی ئەو نەتەوە خۆڕاگرە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، چۆن دەستیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرتوە و، تەنانەت لە گیانی خۆشیان مایەیان داناوە.
لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاویدا ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ داسەپاندنی هەیمەنەی خۆی لە کوردستان و بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە کورد و ئازەری بە یەکەوە لە شار و گوندەکان دەژیان، خەڵکی کوردی بە تەواوی لەژێر فشار نابوو، هەر بۆیەش هەر ڕۆژێ لە شوێنێک و جێگایەک بە مەبەستی چاوترساندنی ڕۆڵەکانی کورد خەڵکی بێدیفاعی قەتڵوعام و دەربەدەر دەکردن.
کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی سەرەتای دەسەڵاتی نگریسی خۆیدا، لە دەیان گوندی کوردستانی بە شێوەیەکی بێبەزییانە و دڕندانە حەولی سڕینەوە و پاکتاوکردنی کوردی دا و، دەیان جینایەتی سامناکی خوڵقاند کە ڕووداوی «حەڵبێ» و «کوێکان» یەک لەوانە.
کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ بە هێزێکی بێ‌ئەژمار هێرشی کردە سەر گوندەکانی «حەڵبێ» و «کۆیکان» و «یونسلیان» لە ناوچەی سندوسی نێوان نەغەدە و شنۆ. ئامانج لەو هێرشە چاوترسێن کردنی خەڵک و کوشتوبڕیان بە تاوانی مافخوازی بوو.
هێزە کۆک و پۆشتەکەی کۆماری ئیسلامی بە تانک و تۆپ و چەکدارێکی زۆرەوە بەتەما بوون جنایەتێکی دی لە چەشنی ئەوانەی لە قارنێ، بایزاوێ، کەرێزەی شکاکان کردیان، دووپات بکەنەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەستیان بە خوێنی پاکی ڕۆڵەکانی کورد سوور بێ، پێشمەرگەی هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکانی شنۆ و نەغەدە لە هێزی دوژمن ڕاسان و هەڵۆئاسا لە هێزی دوژمن ڕۆهاتن و تامی تاڵی شکستیان پێ چێشتن.
شوێنی شەڕەکە هەمووی پێدەشت و تەنیا چەند تەپۆڵکەیەک دەوری گوندەکەی گرتبوو، هێزی پێشمەرگەکان دوای ئاگاداربوون لە پیلان و مەبەستی ڕێژیم، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا خۆیان سازمان دا و ڕێگاکانی هاتوچۆی سەر جاددەی نەغەدە ـ شنۆیان کە بۆ لای

ستوونی دوژمن دەچوون کۆنترۆڵ کرد و، تیمی هێرش بە فەرماندەیی محەممەد عەلی پیرێژن هەڵمەتەکەی دەست پێ کرد. لە ماوەی کەمتر لە سێ سەعاتدا ستوونەکە بە تەواوی تەفروتوونا کرا. لەو هێرشەی شێرەکوڕانی دێموکراتدا کێوی پیر ناسر، ملانەی مریشک قڕان، کۆتایی کێوی پادار کە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی «دووڕبە» و «حەڵبێ» لە هێزی داگیرکەر پاکرانەوە. هێزی دوژمن بە جۆرێک کەوتە گەمارۆوە بڕستیان لێ بڕا. ئەوان کە بۆ قەڵاچۆکردنی ئەو گوندانە هاتبوون، هەر زۆر زوو تاڵەواری مەرگیان چێشت. دەیان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و ئەوەش کە گیانی دەرباز کرد، ئێستاش لە ناوهێنانی ئەو شکستە ترس و خۆف دایان دەگرێ.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ستوونێکی گەورەی دیکە بە هاواری هێزی شکست خواردووی ڕێژیم هات. کە ئەویش لەسەر جادەی نەغەدە_ شنۆ، واتە لەبەر دەرگای قاوەخانەی قەلاتان کە کەوتە کەمینی پێشمەرگەکان. ئەم ستوونەش لە هێزەکانی پشتیوانی دوژمن لە ماویەکی کەمدا لێک هەڵتەکان. ئەوەی توانی بە وەخت خۆی دەرباز بکا بە زیندوویی دەرچوو و ئەوانی دیکەش بە دەردی ستوونی یەکەم چوون.

خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە مەزنە لە پاش ١٢ سەعات شەڕی قارەمانانە سێ شەهید بوو. سێ تێکۆشەری کورد بە ناوەکانی محەممەد کوردنژاد ناسراو بە محەممەدی عەلی پیرێژن کە فەرماندەری لک و خەڵکی گوندی زمێی شنۆ بوو؛ هەروەها حەسەن ڕەجەبی خەدەمەی بازووکا، خەڵکی گوندی شێخانی شنۆ، و خەلیل نەخشینی، پێشمەرگە و خەڵکی گوندی گەلازی شنۆ کە بە خوێنی خۆیان حەماسەیەکی مێژوویی و لەبیرنەکراویان بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کرد.

# شەڕەفی مردن بە سەر خیانەتدا

هەموو ڕاپەرینێک یا بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، یا کۆمەڵایەتی لە پێناو قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکدا درووست دەبێ یا بڵێین ڕوو دەدا. بەو پێیە و بۆیەش ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە بەشخوراوە بە هی خۆیانی دەزانن و لە هەموولایەکەوە یارمەتی بۆ بەهێزبوونی دەدەن. ئەوە لە زۆر وڵاتان دیتراوە نەتەوەیەکی زۆڵملێکراو و کەم دەرەتان بەگژ حکومەتێکی زۆردار و تەیار لە هەموو بارێکەوەدا دەچێتەوە و پاش بەرەنگارییەکی زۆر لەئاکامدا یا بە چۆکی دادێنێ و سەرکەوتن مسۆگەر دەکا، یا بەهۆی ئەو فشارانەی لەسەری درووست دەکا، لە ڕێگای دیکەوە چارەسەری پرسەکەی دەکا. بۆ ئەوەش دوو هۆکاری گرینگ هەیە. یەکەم: ئەوەی داخوازیی ئەو گەلە ئەوەندە بەرحەق و ڕەوایە کە لەگەڵ دادپەروەری گونجاوە و ڕێک دەکەوێ. دووهەم: هێزی خەڵکە کە پشتیوانی جووڵانەوەیە و، ئەگەر ئەو جووڵانەوەیە لە نێو هەناوی کۆمەڵانی خەڵک هەڵقوڵابێ هێز نیە کە تێکی بشکێنێ و ناتوانێ لە مەیدانیش دەری بکا. لەوانە هێندێک جار پاشەکشەیەکی تاکتیکی بکا بەڵام لەبران نەهاتوویە.

لە شۆڕشی ئەو قۆناغەی نەتەوەی کورد لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین باس لەوە بکەین کە حیزبی دێموکرات لە چلەپۆپەی ئەو خەباتەدا بووە و جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان ڕیشەی لە نێو دڵ و هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە. ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین ئەو مانایە دەگەیەنێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان داخوازیی ڕەوا و لە مێژینەی نەتەوەکەی لە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیدا گونجاندوە و بۆ وەدیهێنانی خەبات دەکا و لەم ڕوویەوە خەڵکی کوردستانە کە بەرنامەکەی بە ئاوێنەی باڵانوێنی ئاوات و ئارەزووی خۆیان دەزانن و لە دەوری کۆ دەبنەوە.

هەر لەو قوناغەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا حیزبی دێموکرات دەیان ساڵە بە شێوەیەکی فیداکارانە و سەربەرزانە، بەتایبەتی لە دەیەی ٦٠ و ٧٠دا بە شێوەی خەباتی چەکدارانەدا بەرگریی لە گەلەکەی کردوە و بەدژی درەندەترین ڕێژیمی سەردەم وەستاوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بە هەزاران پێشمەرگە و سەدان کادری لێهاتوو، دەیان فەرماندەی بە توانا و

چەندین کادری ڕێبەری تەنانەت سەرکردەکانی گیانی خۆیان بەخشیوە.

بۆ «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەمان هەنگاو بەرەو دالاهۆی سەربەرز هەڵ دێنینەوە. دالاهۆ ماوەیەک بوو بێ تێکۆشەرانی دیموکرات بوو، خەڵک هەموو تینووی دیتنیان بوون. چوار قارەمانی مەیدانی خەبات وتیکۆشان، حەسەن مەقسوودی ناسراو بە کاکی حەسەن، ئەردەشیر خوسرەوی، فروغ خزری و حەسەن سەلیمی ڕەخت و تفەنگ و کۆڵەباری پێشمەرگانە لە خۆیان دەدەن و چیا و دۆڵ و شیو و بەندەن و گوندەکانی ناوچەی دالاهۆ بەسەر دەکەنەوە و لەگەڵ خەڵکی ئەو دەڤەرە هەناسەکانیان دەگۆڕنەوە تا وزەیەکی بەهێزتر بە خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ خەبات وتیکۆشان ببەخشن. ئەگەر ورد بڕوانینە سەفەری ئەو چوار قارەمانە بۆمان دەردەکەوێ هەر ڕووداوێک و ناوچەیەک و یا دیاردەیەکی مێژوویی خاوەنی هەلومەرجی تایبەتی خۆیەتی. خەبات و تێکۆشانی کادرە خەباتگێرەکانی حیزبی دیموکرات لە ناو خەڵکی خۆیان لە کوردستاندا، بە درێژایی تێکۆشانیان ڕووداوی زۆر دڵهەژێن و تاڵی بە خۆیەوە دیتووە و لەنێو ئەو کار و ئەرکانەی کە ئەوان بە درێژایی ڕۆژ و مانگ و ساڵ لەنێو کۆمەڵانی خەڵک بە ئەنجامیان گەیاندوە، هەر جارێ لە شوێنێک کرمی نێوخۆ، وەک کەڵەی بێستان سەری دەر هێناوە و بۆتە بەربەست لە کار و تێکۆشانیان و تەنانەت گیانیشیان لێ ستاندوون. هەر لەو دیدگایەوەیە کە دوژمنانی کورد لەوە گەیشتوون کە «دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵەشێ». ئەو وتەیەی سەرەوە بۆتە هۆی ئەوە زۆر جار داگیرکەران لە هێندێک خەڵکی کاڵفام و ساویلکە کەڵک وەربگرن و ئەوان وەک چاوساغ پێش دوژمن کەوتوون یان خۆیان ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیان لە داو خستووە و شەڕی پێشمەرگەیان کردوە و شەهیدیان کردوون. بەڵێ... خۆفرۆشی و جاسووسی زەبری گەورەی لە پەیکەری حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد داوە.

ئەو چوار تێکۆشەرە بێ پسانەوە بۆ بردنی پەیام و سیاسەتی حیزب بۆ نێو خەڵک، بۆ دیدار نوێکردنەوە لەگەڵ هەموو تەیفەکانی نێو کۆمەڵگە لەو ناوچەیە و هەروەها لەقاودانی سیاسەتی پیلانگێریی کۆماری ئیسلامی کاریان دەکرد و شەو و ڕۆژ بێ پسانەوە گوند بە گوند و دووڕ لە چاوی خائینان تێکۆشانی سیاسیی خۆیان بەڕێوە دەبرد.

ئێوارێی ٣٠ی پوشپەری ساڵی ١٣٧٣ بوو. ئەوان پاش پشوودانێک بە نێو تەلان و گاشەبەردەکانی داڵاهۆ ڕێگایەکی باریک دەبڕن. بەرە بەرە شەو دەزرینگایەوە کە ڕوویان لە شوێنێک کرد بە ناوی «سیاوانە» بێ خەبەر لەوەی پیلانی خائینانە لەو شوێنە خۆی لێ مەلاس دابوون. ئاخر ئەوان بۆ کاری حیزبی و بەپێی ئەو متمانەیەی پێشتر بوویان ڕوویان لەو شوێنە کردبوو. ڕۆڵەکانی نیشتمان ماندوو، و خاوەن ماڵ بەپیلان و مەخابن بۆ پێشمەرگەکان جێگای باوەڕ، کارێک کە بە کەم کەس هەڵدەسەنگێندرا. قسە ئەوەیە کە ڕابردوو و تێکۆشانی ئەو چەند کەسە جێگای شک وگومانی نەهێشتبۆوە. بەرخ سەر برا، قاورمە دروست کرا، نان خورا و پاش تەواوکردنی هەموو کارەکانی حیزبی خاوەن ماڵ خۆی و براکەی وێڕای تێکۆشەرانی دێموکرات بەرە شوێنی مانەوەی بەیانی ملی ڕێگایان گرت. لەشوێنی مانەوە کە جێگایەکی زۆر سەخت بوو، ڕەخت وتفەنگ دەکەنەوە تا پشوو بدەن. دوو برای خائین بۆ گەیاندنی مەبەستە گڵاوەکانیان پێشنیار بە ڕۆڵەکانی گەڵ دەکەن کە چونکی ئەوان ماندوون پشوو بدەن تا بەیانی تاو دەردەکەوێ... بەڵام ئەی هات تێکۆشەرانی دێموکرات ئەوەی کە قەت لەبیریان نەدەچوو لە بیریان کرد و بێخەم پاڵیان داوە و دوو برای خائین لە بەرەبەیاندا و لە کاتێکدا پێشمەرگەکان لە خەودابوون بەربوونە گیانی ئەو تێکۆشەرانە و هەر چواریان شەهید کردن. ئەو تێکۆشەرانە سەمبولی خەبات، فیداکاری، خۆماندووکردن و خۆپێگەیاندن بوون. ئەوان بە کاری بەردەوام، بە خۆ لەمەترسی هاویشتن، بە پابەندبوون لەسەر ڕێبازی شەهیدان هەر لەڕاستیشدا ئەوەی پێیان کرا لەو ساڵە سەختانەی خەباتی چەکداریدا کردیان بۆ ئەوەی کورد هەنگاوێک لە ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە.

دەڵێن «ئاشی شۆڕش بە خوێن دەگەڕێ»، ئەوە زۆر ڕاستە، بەڵام ئەو شۆڕشە لەبەر ئەوەی هێزی سەرەکیی خۆی لە نێو زەریای بێبڕانەوەی کۆمەڵانی خەڵک هەڵێنجاوە توانیویەتی لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەربگرێ و لەسەر پێی خۆی بوەستێ و هەر دڕکی چاوی دوژمنان بێ. هەر ئەوەی کە دوو ساڵ دواتر یەکێک لەو خائینانە بەدەستی تێکۆشەرانی دێموکرات بەسزای خەیانەتی خۆی گەیشت، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە ئاماژەم پێکرد.

# نەعرەتەی پێشمەرگە
# لە سوێسنایەتیی سەردەشتەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە شانازی بەوە دەکەن کە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی چەند دەیەی شۆڕشگێڕانە و بێپسانەوەی ئەو بەشە لە کوردستان، بە بەرخۆدانی ڕۆڵە بەئەمەگەکانی نووسراوەتەوە. ڕابردووی خەباتی پڕ لە سەروەریی رۆژهەڵاتی کوردستان، پڕاوپڕ لە قارەمانەتی و فیداکاریی کادر و پێشمەرگەکانیەتی و، لە پێناو وەدەستهێنانی ویست و داخوازە ڕەواو لەمێژینەکانیدا لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە چۆکدا نەهاتووە و بە خوێن و قارەمانەتیی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئاڵای خەباتەکەی هەر شەکاوە ڕاگرتووە.

ئەو حیزبە لە دەسپێکەوە تاکوو هەنووکە لەو شانازییە مەزنە بێبەش نەبووە کە بۆ ڕزگاربوون لە کۆتوبەند و زنجیری بێدادی، گیانی پاکی باشترین ڕۆڵەکانی کردۆتە دەسمایەی خەبات و خوڕاگریی بێوچانی. مێژوویی پڕ لە شانازی و پڕ سەروەریی حیزبەکەمان بە کردەوە نیشانی داوە کە لە ڕابردووی خەباتی چەندین ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسە و خۆڕاگریی خۆیدا، ئەم حیزبە خەباتکارە پشت ئەستوور بە پشتیوانیی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان و هێزی باسک و دەست و مەچەکی ڕۆڵە فیداکارەکانی لەبەرانبەر ڕێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا، درێژەی بە خەبات داوە و ماندوویی نەناسانە بەرەو تروپکی ڕزگاری هەنگاوی ناوە.

کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی دەسکەوتەکانی ئەو خەباتە خوێناوییە بەدرێژایی تەمەنی نگریسی خۆی دەستی لە پیلانگێڕی هەڵنەگرتووە و جیا لەوەی سیاسەتی ئاسیمیلەکردن و لەنێوبردنی حیزبی دیمۆکراتی گرتۆتەبەر. هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە بەردەوامی بۆ زەوتکردنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد پەلاماری کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان و

هەر ڕۆژێ لە شوێنێ و ناوچەیەک، جینایەت و قەتڵوعام و دەربەدری و ئاوارەیی بۆ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان خوڵقاندووە، هەر بۆیە لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە نارەوایەی کۆماری ئیسلامی بووە کە ڕۆڵە ئازا و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بۆ بەرگریی لە مان و مەوجوودییەتی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردووە. یەکێک لەو پەلامارە دڕندانەیە، هێرشی مەغوولئاسا بۆ سەر ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت بوو.

هێزەکانی ڕێژیم ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشتیان بۆ پەلامار و جینایەت خوڵقێنی هەڵبژارد. بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە ڕێژیم بە هێزێکی چەند سەد کەسی بە پشتیوانیی تۆپخانە و هێلیکۆپتێر پەلاماری ناوچەی سویسنایەتیی دا. ئەگەرچی پێشتر ڕێژیم لەو ناوچەیە چەند جار هێرشی کردبووە سەر گوندەکانی شینوێ، بێزیلێ، گۆرانگا، وشترمل، توژەڵێ گەڵوو، زێوە، بناوە و بێشاسب تێک شکابوو، بەڵام دواجار ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان دوژمن لە شاری سەردەشتەوە بە هێزێکی بێ ئەژمار و تەیار بە چەکی جۆراوجۆر و بە پشتیوانیی تۆپخانەیەکی قورس هێرشی کردە سەر ئەو گوندانە. لەبەرەی خەڵک و پێشمەرگەدا قارەمانەکانی هێزی موعینی و هێزی بەرگری بە سەر ١٥ دەستەدا دابەش بوون و بڕیاریان دا کە تامی تاڵی شکست بە هێزی کۆنەپەرستی بچێژن و زەبری کاریگەریان لێ بوەشێنن، هەر بۆیە دوا بڕیار ئەوە بوو تا هێزی دوژمن نەخەنە نێو داوێکی گەورەوە باسی نەکەن.

تاریک و ڕوونی بەیانیی ئەو ڕۆژە لە هەموو قۆڵەکان شەڕ دەستی پێکرد و زۆری نەبرد هێزی زۆر و زەوەندی ڕێژیم شپرزە کرا. بە بەرزبوونەوەی خۆر لە سەعاتی ٩ی بەیانی ٣ هێلیکۆپتێری ڕێژیم بۆ پشتیوانی لە هێزە بەزیوەکانیان هاتنە مەیدانی شەڕ، بەڵام نەیانتوانی لەبەر چەکی ڕۆڵەکانی دیموکراتدا خۆ ڕابگرن و شەڕگەکەیان جێ هێشت. سەرلێشێواوی و شپرزەیی هێزەکانی ڕێژیم بەجۆرێک بوو کە تۆپخانەکەشی وەستابوو. هێزی دوژمن ڕووی لە هەر لایەک دەکرد لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری ڕووبەڕوو دەبوو و تێک دەشکا.

شەڕەکە دوو ڕۆژی خایاند و بە شکستی دوژمن کۆتایی هات. ئەو هێزەی ڕێژیم کە بڕیاری دابوو خەڵکی ئەو ناوچەیە بەهێزی

پیشمەرگەوە قەتڵوعام بکا، بەڵام بینی کە خەڵکی ناوچە و هێزی پێشمەرگە بوو دەرسێکی وایان دادان قەتیان لەبیر نەچێ و تاڵەواری مەرگیان پێ چێشتن. لەو بەربەرەکانییە قارەمانانەدا تەرمی سەدان کەس لە هێزی دوژمن لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مان و ڕێژیم هێندە تاسابوو کە بردنەوەی تەرمی کوژراوەکانیان چەند ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی ڕادیۆ کوردستانەوە ڕاگەیەندرا کە ئامبولانسەکان ڕێگەیان پێ دەدرێ بێن و کەلاکی هێزە شکستخواردووەکەی ڕێژیم بەرنەوە.

پاش تەواوبوونی شەڕ و شکستی قورسی دوژمن، شەهید دوکتور قاسملوو سەردانی شەڕگەی کرد و پێناخۆشبوونی خۆی سەبارەت بە ژمارەی زۆری کوژراوەکانی ڕێژیم ڕاگەیاند و نەیشاردەوە کە ئەو سەدان کەسە بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەرخوازانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد. هەڵبەت ئەو سەرکەوتنە بەهای خۆی هەبوو، بەهاکەش خوێنی ئاڵی و ژیانی پڕشکۆی پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدوڵلا هەمزەنژاد ناسراو بە عەوڵای ماماغای بنوخەڵەف بوو.

شکستی هێزی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەدا

لە چەند لایەنەوە جێگای سرنجە:

یەکەم: بەشێک لە بنکەی سەرکردایەتیی حیزب لەو ناوچەیە بوو و ڕێژیم پێی وابوو ئەگەر بتوانێ داگیری بکا خەباتی حیزبی دیموکرات خاشەبڕ دەکا کە بۆی نەچووە سەر.

دووهەم: بە داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، دواتر دەست بە ڕەشەکوژی بکا و خەڵکی ناوچەی سوێسنایەتی وەک سەرووکانی و حەڵبی و نیەر دەربەدەر بکا، کە ئەو خەونە چەپەڵەشی نەهاتە دی و ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە.

سێهەم: ڕێژیم بۆی دەرکەوت کە حیزبی دێموکرات بەهۆی ئەو پشتیوانییە بەرینەی لەنێو خەڵکی خۆیدا هەیەتی، ئەو هێزە نییە بتوانێ وەک هێزەکانی دیکە سەرکوتی بکا، وەک چۆن هەر بە پشتیوانیی ئەو خەڵکە جەندەکی سەدان کەس لە هێزەکانی لە شەڕگەدا بەجێ ما و نەیتدەتوانی بشیان باتەوە و، دواتر هەر لە ڕێگەی خەڵکەوە بۆ ئەوەی نەخۆشی لە ناوچەدا بلاو نەبێتەوە، توانیی دەستی پێیان ڕابگا.

# هەستی خۆشی ژیانی سەربەستی

سەرەتای مانگی گەلاوێژی هاوینی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو، دێوەڕەشەی جەماران پێشی بەتیشکی خۆر گرتبوو، هەناسەی زەوی ڕاگرتبوو، بەری بە خوڕەی ئاوی چۆم و بە نزیکبوونەوەی گەلاوێژی جوان گرتبوو کە لەو مانگەدا هیواکانی کوردە چاوی بە دنیای ڕوون کردبۆوە، دێوەی جەماران ٤ ساڵ دەبوو دەستی بەسەر هەبوون و ژیاندا گرتبوو کارێکی کردبوو کە ناوچەکەی لەتاریکی دا نوقم کردبوو دنیایەکی بێ دەنگ، جووڵە لە هیچ شتێکەوە نەدەهات و نەدەبیسراو نە هەناسەی زەویش بەشنەی بەیان خۆی دەنواند. چۆم ڕووبارەکانیش هاژەیان لێ بڕابوو بۆنی مردن و ویشک بوون بە گیان لەبەر و بێ گیانی داگرتبوو سەرەڕای ئەو دێوەی جەماران خەفەتی پاییزییش نیزیک دەبۆوە ئەوەندی دیکە دنیای تاریک دەکرد. خەڵکێک کە بە هەموو ناخۆشی و دەرد و ڕەنجی کۆیلەتی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران و کەوتنە بەر گرمەی تۆپ و ئاور و ئاسنی کوردکوژان و لەژێر قورسایی ئەو زوڵمە زۆرەدا، چەند ساڵێک بوو هەستیان بەو ناخۆشییە لە ژیاندا کردبوو کە نە ژیانێکی سەرەتایی ئینسانی، بەڵکوو لە کوشتن و بڕین و ئاوری وێرانکەری بەهارە جوانەکەیان لە سنەی خۆڕاگر هەر ٣ ساڵ پێشتر لەبیر مابوو، داباریینی هەموو جۆرە گوللەیەک، دیاریی دێوی جەماران بوو بۆ خەڵکی کوردی زوڵملێکراو، بەتایبەتی بۆ خەڵکی ناوچەی سنەی خوێناوی. بۆیە لەو ڕۆژانەدا، هیوا بە ژیان لەژێر پەڵەهەوری چڵکنی دەسەڵاتی ئیسلامیدا شاردرابوونەوە و تۆزی مەرگ لە دێوی جەمارانەوە بە سەر خەڵکی کوردستاندا دەنیشت.

زۆری نەکێشا سەرئەنجام مزگێنیی ڕووناکی لەو هاوینە خۆشەدا لە یەکەم ڕۆژی گلاوێژ دەبیسترا. گەرما و دەنگی باڵندەکان و جاروبار گرمەی تۆپەکانی ڕێژیم لە دەورووبەر دەبیستر‌ا. لە قرچەی گەرمادا لەپڕ هەورێکی ڕەشی هێنا و باران داباری، بارانێکی خوناو، بە جۆرێک جموجۆڵێکی تایبەت لەنێو ئاواییدا دروست بوو، کوچە و کۆڵان بوو بە مەیدانی هاتوچۆی منداڵان و غارغارێن لەو ماڵ بۆ ئەو

ماڵ. باران تەپوتۆزی دامرکاند و دڵۆپەکانی تۆزی خەمیان وردەوردە لە ناوچەکە دەشۆردەوە. تۆزی فەرامۆشی نەما، ڕوویەکی گەش وردە وردە هەموو ئاوایی تەنی. پێشمەرگەکان هەر چەند هەموو لەشیان ماندوویی لێ دەباری، بەڵام بە دڵێکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ کوردستان لەنێو خەڵکی خۆیاندا ئۆقرەیان گرت و هەستیان بە تەناهی کرد. هاتنی ئەوان دڵی ژاکاوی خەڵکی زیندوو کردەوە، خەڵک باوەشیان بە ڕۆڵەکانیاندا دەکرد و بەگشتی بزەی شادی نیشتە سەر لێوی خەڵک. لەمێژ بوو پێشمەرگە نەهاتبوونەوە ئەو ناوچەیە، بۆیە ئەو هاوینە گەرمە بۆ ئەوان بوو بە بەهارێکی سەرسەوز و خەڵک هەستی بە بوونی دەسەڵاتی خۆماڵیی دەکرد کە ئەوە ئەگەر ماوەیەکی کەمیش بێ، هەستکردنە بوو بە سەربەستیی ژیان.

ڕۆژی یەکی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کوڕانی دێموکرات لە مەڵبەندی سنەی خۆڕاگر بۆ پشوودان خۆیان بە ئاواییەکانی هانیس، خەیارە، کانی بچکۆلە و نەڕاندا کرد، ئەم حوزوور و ئامادەییە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژەش بێ بەڵام ورەیەکی بەرزی بە خەڵکی بەخشی. هەرچەند لەم سەروبەندەدا، خەڵکی ئەو گوندانە ژیانێکی نەمرنەژیان هەبوو و لە ڕاستیدا بە دژواری ژیانی خۆیان دابین دەکرد، بەڵام بۆ ڕۆڵەکانیان ئامادە بوون سەر و ماڵیان دانێن و حیزبیش هەستی بەوە کردبوو کە ئەو خەڵکە خەباتگێڕە سەرەڕای کەم داهاتی و دەسکورتی، چۆنیان پێشمەرگە دەژیاند. ئەوان بە میوانداری لە پێشمەرگەکانیان هەرچی شکیان بردبایە بە سەخاوەتەوە لە ئیختیاری پێشمەرگەیان دەنا، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئەو خزمەت و پێزانینەی هیچکات لەبیر نەکردووە و بە چاوێکی ئەمەگناسییەوە ڕوانیویەتیە ئەو زەحمەتەی خەڵکی.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەستیان بە بوونی پێشمەرگە لەو دەڤەرە کرد، بە هێزێکی بێ ئەژمار و بە پشتیوانیی چەکی قورس و هێلیکۆپتێر، پەلاماری بەرزاییەکانی هانیس و خەیارەی دا. پارتیزانە قارەمانەکانی دێموکرات لە هێزی شەریفزادە باشیان دەزانی هەڵۆی بەرزەفڕ باشتر دەڕوانێتە دەشتایی و بە هۆی زاڵبوونی بەسەر دەڤەرەکەدا، هەمووی لە ژێر دەسەڵات و هێژموونیی خۆی دایە. بۆیە کاتژمێر ٣ی بەیانی کەمینیان بۆ بەرزاییەکانی پشت ئاوایی نارد و لێی

دامەزران. هێزی پێشمەرگە تازە خەو بە چاویاندا چوو بوو کە هەستیان بە هاتنی هێزی بەکرێگیراو کرد و هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە کەمیندا بوون، قامک لەسەر ماشەی چەکەکانیان چاوەڕوان مانەوە تا ئەوەیکە سەعاتی ٥ی بەیانی یەکەم دەستەی بەکرێگیراوان کەوتنە کەمینەوە. ئەوەی کوژرا، کوژرا و ئەوانی دیکە بەرەو دواوە ڕایان کرد. بە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە، قارەمانانی دێموکرات هەموو بەرزاییەکانی «کانیبچکولە» و «نەڕان»یان گرت. شەڕ لە هەموو بەرزاییەکانی بەسەختی دەستی پێکرد بەجۆرێک تا کاتژمێر ٨ی بەیانی شەڕ ئەوەندە گەرم بوو کە توانایی کردنی سەنگەراوسەنگەر نەبوو، سەرەنجام هێزی کۆماری ئیسلامی تێک شکا و بە سەرشۆڕی کشایەوە دوایە.
هێزەکانی ڕێژیم پاش ماوەیەک خۆیان سازمان دایەوە و لە شاری سنەوە هێزێکی زیاتریان هێنا و لە سەڵواتاوا و گەزگەزارە و میاوەڕانەوە هێرشێکی پان و بەرینی دەست پێکردەوە. لە بەرامبەریشدا تێکۆشەرانی دێموکرات دەستەوەستان نەمانەوە و خۆیان سازمان داوە و چاوەڕوانی هێرشکەران مانەوە. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە جارێکی دیکە هەڵۆکانی چەمشار و کوڕەی میانە لێیان ڕاسان و زەبرێکی دیکەیان لە دوژمن وەشاند، بەمجۆرە تا سەعاتی ٨ی شەو ماوەی ١٥ سەعات شەڕی خۆڕاگری، دوژمنیان تێکشکاند و زیاتر لە ٧٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. خوێنی ڕۆڵەکانی کورد لەو ڕۆژەدا کە بوو بە چرایەکی ڕووناکی دەری ڕێگای تێکۆشان، شەهیدبوونی ٣ پێشمەرگە و برینداربوونی ٨ پێشمەرگە بوو کە یەکێک لە بریندارەکان فەرماندەی قارەمان سەروان ئیقباڵ کەریمنژاد بوو. بەمجۆرە هەڵۆ بەرزەفڕەکانی زاگرۆس دەرسێکی باشیان بە هێزی کۆماری ئیسلامی دا و توانییان هێندەی دیکە ورەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرز بکەنەوە و بە کۆماری ئیسلامی بڵێن پێشمەرگە هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییە و هیچ هێزێک ناتوانێ لەبنی بێنێ. پێشمەرگەکان هەر دوای ئەو عەمەلیاتە قارەمانانەیە لە ئاوایی «نەڕان» مانەوە و دوژمن نەیوێرا خۆ لە قەرەیان بداتەوە. سپاس بۆ بەرێز مەهدی مامناوەی لەو بەشە هاوکاری کرد.

# مەئموورییەتێکی ناتەواو

داستان وچیرۆکە ناخۆش‌و نەهامەتییەکانی نێو کۆمەڵگا هەمووی ڕێژیمە زۆردارەکان بەسەر تاک‌تاکی نێو کۆمەڵگای دێنن، چونکی لەهەر کۆمەڵگایەک ناعەداڵەتی هەبێ شەڕناکۆکی دروست دەبێ ئەویش ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە کێشەی نەتەوەیی تێدا چارەسەر نەکرابێ. جۆرەکانی چەوسانەوەی ئینسانەکان وپرۆسەی لە مرۆڤ‌خستن کە دەسەڵاتداران بە چەندین شێوە دژی نەیارەکانی بەکردەوە دەستی پێدەکا، هەموو دەنگێکی ئازاد دەکوژرێ‌و ئینسانەکان بێ بەها دەکەن، بۆیەش لەکۆمەڵگای کوردەواری بۆ بن‌بڕکردنی ئەو ژیانە تاڵە و ژیان بەسەربەستی خەباتێکی ڕەوا دژی داگیرکەران بەڕێوە دەچێ خەباتێک کە هەمیشە لە بەرەو پێش چوون دابوو.

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو چاوی تموعی داگیرکەران وای کرد کە خەباتی چەکداری کوردی ڕۆژهەڵات ڕوو لە پاشەکشە بێ، حیزبی دێموکرات بێ پسانەوە لەبیری ئەوە دابوو کە هێزی پێشمەرگەی لە ناو خەڵک دانەبڕێ بەڵام ئاڵۆزی ناوچەو وەزعی نالەباری کوردستانی باشوور ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئاڵقەی دابڕانی هێزی پێشمەرگەی تەنگتر دەکردەوە.

چەند ساڵێک بوو پێشمەرگە بوونیان لە ناوچە بڕابوو خەڵک تامەزرۆی دیتنی ڕۆڵەکانیان بوو وەزعێکی نالەبار بەسەر ژیانی خەڵکدا و زوڵم وزۆر هەر ڕۆژ زیاتر خۆی نیشان دەدا. ڕووناکایی پێشمەرگە لە هیچ کۆی کوردستان بەدی نەدەکرا، بە پێی ئەو بڕیارەی درا بۆ کوردستانێکی گەورەو لە هەل ومەرجی سەخت ودژواردا تاقە دوو پێشمەرگە لەو کوردستانە دا جیگای تایبەتی خۆی بوو. ئەوەی گرینگ بوو لە هەر نوقتەو شوێنێک دەرکەوتبایەن جێگە وپێگەی حیزبی دێموکراتی نیشان دەدا. دوو کادری حیزبی ئەویش ناسراو

لە ناوچەدا بەناوەکانی سمایل بازیار وبرایم چووکەڵی لە نێوەراستی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٨ بۆ مەئمووریيەتيکی حیزبی دەست بەکار بوون. هەلومەرجی بوون لەبار بوو بەڵام چۆن بوونێک، کە ڕێژیمی دڕەندەی وەک کۆماری ئیسلامی بە بوونی دوو کەسی زانیو چ ڕۆژانێکی سەختیان تێپەڕاند. بۆ ڕاپەڕاندو بەڕیوەبەردنی ئەرک زۆر قورس، کە دوژمن نوقتە بەنوقتەی جووڵەی پێشمەرگەی لە ژێر چاوەدێری دەخست دەست بەکار بوون. ڕێگای دوورو درێژو هەڵدێری پڕ لە گژوگیاو لێرەواری ناوچەکانی سەردەشت وبانەيان بەرەو بۆکان دەبڕی، ڕۆژانە لە شوێنە نەهێنیەکان خۆیان حەشار دەدا و بە قسە خۆش بیرەوەریی وبەرنامەکانی ڕۆژانەیان تێدەپەڕاند تا لە ناوچە نزیک بوونەوە. کەس نەیدەزانی ئەو دوو تێکۆشەرە چیان بەسەر دێ چۆن لەو مەئموورييەتە دەرباز دەبن. تەنیا ڕێگای یەک ئێوارێ بۆ ناوچەی بۆکان مابوو کە ڕەخت وتفەگ لە ناو تەلیسێک داوە بە کۆڵی خۆیاندا بە لێواری چیایەکی سەربەرزدا بە نزیک پایەگایەکدا بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگا هەڵەموت و شوێنە کەمینەکان زوو تێپەڕێنن نەکا دوژمنی قین لەدڵ دەسکەوتی دەست کەوێ. موڵگەی دوژمن بە دووربین چاویان لەو دووپێشمەرگەیە دەکرد بەڵام ئەوان بە گەورەی کیوەکانی ئەو دەڤەرە ئەزموونی خۆ هاورەنگ کردن لەگەل شوینەکە(استتار) کەڵکە کردبوو بۆیەش دووربینی دوژمنی ڕەش نەیناسین. بەرووناکی کەس باوەڕی نەبوو خۆیان دەرباز کرد.

بە پێ لێنانیان لە شوێنی کاریان بۆ لەداوخستنی ئەوان هەموو پایەگاکانی ناوچە هێزی لێ دامەزراند. تیمی گەڕۆکیش بە پێوشوێنیانەوە بوو، لەیەکەمین هەنگاو یەکەمین گوند زۆر بە ئەسپایی و بێ هەست قامک لەسەر ماشەی تفەنگ هەنگاوی بێ خشپە تەنانەت خۆشیان دەنگی پێیان نەدەبیست، تەنیا یەک ماڵ لە ئاوایی تێپەڕین هەستیان بە نامۆی لە ئاوایی دا کرد، لەدووهەمین ماڵ لەپەنا دیواری خانووەقوڕەکان خۆیان مات دا بەڵکوو بتوانن هەواڵێکی دەقیق لەناو ئاوایی وەرگرن. بەڵام نەفەرێکی مەشکووک لە بیست میتری ئەوانەوە تێپەڕی خائیینی خۆفرۆش بەجۆریک چەکەکەی بە خۆیەوە نووساندبوو کە ئەوان نەیان توانی ببیبنن، تەنانەت هەستیان کردبوو

کە چەکدار دێتە ناو ئاوایی بۆیەش بە زوویی هاتنە ئەوسەری گەڕەگی ئاوایی، دوو پێشمەرگە زۆریان روانییە چەکداری خۆفرۆش بەڵام هیچیان بۆ دەرنەکەوت، پاش چەند ساتێک هێندیک دوور کەوتەوە پێشمەرگەکانیش بۆ وەدەست هێنانی هەواڵی ناو ئاوایی چوونە سەربانی ماڵەکەو پشتی ماڵەکە، خۆفرۆش خۆی لەبەر دەرگای ماڵەکە حشار دا، پێشمەرگەکان یەکیان رووی کردە دەرگاو یەکیان لە پشت گوێسوانەی ماڵکە دەستەو تفەنگ ئامادە بوو. بەدیتنی پێشمەرگەکە جاش هاتە پێش تا دوو میتری یەکیان و دەستی بە ماشەی چەکەکەی دانا، چونکی پێشتر لە ماڵێک تێپەڕیبوون کە پێیان وابوو هیچ هەواڵێک لە هێزی دوژمن نیە، زۆر زوو دەستیان کردەوەو جاشی هەمیشە بەزیو تفەنگەکەی فڕێ داو بەرەو دواوە ڕای کرد. ئەوە جۆرە کردەوانە بۆ پێشمەرگەکان شتێکی نوێ نەبوو، بۆ رۆژێکی وا بۆ دوو پارتیزان پێویست بەبیر کردنەوە نیە چونکە ئەزموونەکان ئەوەیان دەردەخست کە ئەرکی دوو نەفەر شەڕکردن لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا نیە مەئموورییەتی ئەوان زۆر لەوە سەخترە ودرێژتر بوو لە نێو دەریای ئاگری دوژمن بە خوێنساردی لەئاوایی دەرکەوتن دوژمنیش پێش خۆی دەکوتا پێیی وابوو دەیان پێشمەرگە لە گەمارۆی خستوون.

ئەو دوو پارتیزانە بەرەو مەئمورییەتی خۆیان درێژەیان بەریگا دا. رێگایەکی دووردرێژیان بڕی، بەری بەیانی خۆیان بە چادراغێک داکرد و پاروونانێک و شوێنی خەوتن دیاری کرا، تازە چاویان گەرم بوو کە چەند چەکداری رێژیم بەو ناوچەیە وەر بوون، خۆر بەرز بۆوەو سەعات خۆی لە دە نزیک دەکردەوە کارێکی ئاسان نەبوو دووکەس و کاتژمێری ١٠ی بەیانی دەرگیر بن. لە چاوتروکانێک خۆیان ئامادەکردو لە تاکتیکە باشەکانی کە بە درێژایی خەباتیان وەسەریەکیان نابوو کەڵکیان وەرگرت و زۆر زیرەکانە خۆیان لە داوی داگیر کەران دوور خستەوە. هێزی رێژیم وەک گورگی هاری لێهاتبوو چونکی باشی دەزانی تەنیا دوو کەس لەسەرتاسەری کوردستان لە ناوچەدا هەیە هەوڵەکەشی یا ئاشکرابوون بیانگرێ یا کوشتنیان بوو، ئەو رۆژە رۆژێکی گەرم ناخۆشیان تێپەڕاند.

رۆژە درێژەکان تێدەپەڕین چاویان بە هەر کەس دەکەوت بە چاوێکی

سەرسوڕهێنەر سەیری دەکردن، هەم سێ ساڵ بوو کەسی حیزبیان نەدیبوو هەم چۆن دوو کەس لەو هەلومەرجە لە ناوخۆ دان. لەلایەکی دیکەوە ئامادە بوون هەموو شتێک لە پێناو پاراستنی ئەوان دا قوربانی بکەن تەنانەت ئازارەکانی ئەو خەڵکە چەوساوە و تامەزرۆ دیتنی پێشمەرگە روحێکی تازەی بەو کەسانە دەبەخشی کە چاوی پێیان دەکەوت.

هێزەکانی رێژیم رۆژ نەبوو کە بە شێوەیەک لەسەر رێگای ئەوان دیار نەکەون بەڵام هەموو پیلانەکان لەگەڵ شکست رووبەروو دەبۆوە. پاش چەند رۆژ لەسەفەرەکەیان یەکێک لەرۆژەکان دووبەدوو دانیشتبوون بیریان لەزۆر لایەنی جووڵانەوەی کوردستان وشۆڕشی کورد دەکردەوە کە لەراستیدا زۆری درێژە کیشا هەرچی ئاوڕیان لە شۆڕشەکانی دیکەی گەلانی دنیاو بەشەکانی دیکەکوردستان دەدایەوە دەیانزانی لەگەڵ رێژیمی دڕەندە و هار پێوە بوون هەربۆیەش هەست کردن بەو راستیی ئەوانی زیاتر لەسەر خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدی ئاواتەکانیان هان دەدا.

تازە هەفتەیەک لە ناوچە تێدەپەڕی کارو دیتنی خەڵک و سەردانی جێگایان بەردەوام، لەپڕ پەیامێکی دڵتەزێن لە رادیۆوە دڵودەروونی هەردووکیان ئازار دا کە خوالێخۆشبوو کاک سەلام عەزیزی رەوانەی کردبوو نێوەرۆکی پەیامەکە شەهیدبوونی بەر پرسێکی پێ دەگوتن و داوایان لێکرابوو کە بگەڕێنەوەو ناویشی نەهاتبوو بۆیە ئەوان لە دووبارەبوونەوەی مێژوو نیگران بوون ودڵی داخورپاندبوون ئیمکاناتی ئەلکترۆنی بە شێوەی ئێستا نەبوو هەر کات پێت باش بوایە تەماس بگری، ئەوانیش بە ناچاری بێ راوەستان کە بۆیان هەزم نەدەکرا چی بڵێی رووی دابێ، پاش رێگا بڕینێکی زۆر بەرەبەیانییەکی کاتژمێر ٣ لە شوێنێک مانەوە وهێزی رێژیم پێش ئەوان خۆی لەوێ مەلاس دابوو، بۆ دەست خستنی نێچیری چەور هێزی گەرۆکی رەوانەی سەر رێگای کردبوون، وڵاتێکی بێدەنگ، بێجگە لەدەنگی شوان و جریوەجریوی چۆڵەکان هیچ دەنگێک نەدەبیسرا، یەک لە پێشمەرگەکان لەخەوی حەوت شەو رۆژە دابوو یەکیان زیاتر ئاگاداری دەورووبەر، و نەکا دوژمن زەفەریان پێ بەرێ. لەپڕ جاشێک بەسواری ولاغێک کە بێ چەک بەلایاندا تێدەپەڕی کە یەکێک لەوان

پرسی بۆ کوێ؟ خەڵکی کوێ؟ جوابی ئەوە بوو کە شوانم دەچم بۆ لای مەڕی. ئەویش پرسی ئەوە تۆ چ دەکەی لێرە؟ پێشمەرگە لە وڵامدا وتی چاوەڕیی بارین لەو دیوی ئەو چیایەوە بۆمان دێ، بەڵام گوتنی وتەیەکی ئەوتۆ زۆر جێگای باوەڕکردن نەبوو چونکی لە قسەکردن، نە شێوەی لباس، لە هەڵسوکەوت وەک قاچاغچی نەدەچوو بۆیەش ئاخر قسە هەر بەسەر وڵاغەکەوە وتی: «هەر کەس بەدەردێکەوە دەناڵێنێ؟» رۆژ بەرز بۆوە دەنگی فیشەگ بیسترا، پێشمەرگەکان جێگایان گواستەوە شوێنێکی بەرزترو تەنانەت بتوانن چاوەدێری هێندیک شوێنی تایبەت بکەن. بەرەبەرە جاشی خۆفرۆش هەوڵی دا کە دوو پێشمەرگە لە چ شوێنێک پاڵیان داوبۆوە بەرەو لای ئەوان دەهاتن. بەڵام روون وئاشکرا بوو ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە بۆ ئەوان شتێکی تازە بەرچاو نەدەکەوت زۆر رۆژی ئەوتۆیان تێپەڕاندبوو.

گواستنەوەی شوێن ئەوانی لە مەرگی حەتمی رزگار کرد، چونکی کاتێک جاشی خائین خۆی گەیاندە شوێنی پشوودانی ئەوانو، بەسەر هەواری خاڵی داکەوت دەستی لە پشکنینی شیو ودۆڵی دەورووبەر هەڵنەگرت. پێشمەرگەکان تا کاتژمێری نزیک دوازدەی نیوەرۆ چاوەدێری هێزەکانی رێژیمیان دەکرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جاشە چڵکاو خۆرەکان شوێنی بەیانی ئەو دوو تێکۆشەرەی تاقی کردبۆوەو بۆ دۆزینەوەی ئەوان درێژەی بە گەڕانی خۆیان دەدا.

کاتژمێری یەکی نیوەڕۆ هیچ هەواڵێک لە نەیار نەبوو، هەڵەیەکی دوو پێشمەرگە کە نەدەبوو بیکەن کرا، خۆیان پێچاوەو بە لابەلای بەرزترین چیای ئەو ناوچەیە تا بەرەو شوێنێکی ئەمنتر بڕۆن دەست بەکار بوون، تەنیا بیست خولەک بە رێگا دا رۆیشتن بۆ تەرکردنی لێوە ویشکەکانیان چەند ساتێک لایان دابوو ئەگەرچی بەرنامەیان ئەوە بوو بەو نیازە کە هیچ مەترسی نەماوە لای شوانێ کە لە قەدپاڵی چیاکە پشووی دەدا چایەک بخۆن لەو لاشەوە لە خوارەوە جاشەکان بۆ لای شوانەکە سەرکەوتبوون، پێشمەرگەکان لە فکرێکی قووڵی شەهید بوونی هاوڕێکەیان دابوون چەند هەنگاوێکیان بۆ لای شوانە مابوو کە جاشەکان زووتر گەیشتبوون، هەر چەند جاشەکان دەیانزانی کە پێشمەرگە لەو دەورووبەر بووە بەڵام پێشمەرگەکان وایان زانی دنیا

ئەمن وئارامە، لەحاڵێکدا شوانەکان لەکاتی هاتنیان بە لابەلای چیایەکە چاویان پێیان کەوتبوو بۆیە لە چەند هەنگاوی کە مابوویان بۆ لای شوانەکان هەست بە دەنگی نامۆ دەکەن کە دەڵێ « چییان لێهات؟ لە کوێن؟ بە کوێدا رۆیشتن؟» شوانەکەش لە وڵامدا وتی « لێرەوە بەو لابەلایەدا هاتن ئاویان خوارد نازانم چییان لێهات تەنیا دوو نەفەریش بوون!!».

پێشمەرگەکان بەبیستنی ئەو زوو دەنگە ئالوگۆڕێکی قووڵ لە مەسیری رۆیشتنیان گۆڕی زۆر سەریع کە تەنیا نێوانیان دە میتیر دەبوو نەیان هێشت هەستیان پێ بکەن بەلای باسکێکی نەدیو خۆیان گوم کرد. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرابوو کاری ئەوان شتێکی دیکە بوو ئەگەر ویستبایان جاشەکان دەکوژران چونکی پێشتر ئەوان هەستیان بەبوونی ئەوان کرد بەڵام دواتر هێزی ئامادە لە پشتەوە بوو زوو خۆیان دەگەیاندێ، لەکاتی گۆڕینی شوێن هەردوو پێشمەرگە پێیان وابوو ئێستا لە پشتەوە بەر رەگباریان دەدەن هەڵسو کەوتی پارتیزانی بە ئاقارێکی دا بردن لە ماوەی ٥ دەقیقەدا هەموو شتێکی گۆڕی وجاشەکان بە پێچەوانە ئەوان وەجووڵە کەوتن وپێشمەرگەکانیش تەنیا گوێیان لە دوورە دەنگی گوللەی جاشەکان دەبوو. ئەو رۆژە لەو داوە رزگاریان بوو بەڵام ئەوە نەبوو بە کۆتایی داستان.

رۆژەکان مانەوە بە نەهێنی و شەوانە رێگا رۆیشتن، سەرئەنجام لە جادەی بانە سەردەشت پەڕینەوە بە پشتی هەڵۆو پەڕشە کە ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێ لە بەر بێ ئاوی دەخنکێ، بڕینی رێگا بە تونیەتی کاریکی سانا نیە بەڵام ورەی ئەوان زۆر لەوە بەرزتر بوو بەو بایانە بلەرزن، رێگا رۆیشتن بەردەوام بە نیو جاڕێکی درویێنەدا، ئەوان کەوتنە بیری ئەوە وەرزێران هەمیشە جەڕەی یا تونگەی ئاو لە نێو دیشەی کلۆش دادەنێن بۆ بەیانی سارد بێ سەرئەنجام کاری ئەوان بێ سوود نەبوو لە یەکێک لە نیو دیشەکان جەڕە ئاو پەیدا بوو، لەو هەلومەرجەدا ئاو بۆ ئەوان وەک فیشەکت تەواو بێ و خەشابەکانت بۆ پڕ بکەنەوە وابوو، ئەوانیش پشوویەکی ٥ دەقیقەی وبەتەواوی شارژ بوونەوە و ملی رێگایان گرت وبەری بەیانی توانیان لە چۆمی رەزگێی سەردەشت بپەڕنەوە و، لە لێواری چۆمەکە لە پۆلەدارێک خۆیان حەشار بدەن. تا کاتژمێری ١١ی بەیانی کەس پێی نەزانین،

خاوەن مووچە چەند حەوتوو پێشتر چاویان پێی کەوتبوو دوای ئەوان هێزی ڕێژیم هاتبوو بۆیە کە چاوی بە پێشمەرگەکان کەوت نەک هەر زۆر ترسا بەڵکوو کارێکی کرد زەندەقی پێشمەرگەکانی برد بە دڵدانەوە هێندێک هاتەوە سەرەخۆ و بەڵام تا کاتژمێری ٤ی ئێوارێ لێی نەپرسین، ئێوارێ پارونانێک سەرپێی بە خەیارەوە خوراو ورووویان لە ئاوایی ڕەزگێی ئالانی سەردەشت کرد، زۆر بەنەهێنی وبە ئەسپایی خشپە لەهیچ شتێک نەدەهات بۆئەوان زۆر نامۆ بوو لە پێشەوە ماڵێک دەنگی رادیۆ کوردستانی لێ دەبیسترا خۆیان بەو ماڵە دا کرد، خولقیان زۆر گەرم بوو بەتایبەتی کەزانیان پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن.

پاش چایەک وچەند قسەیەک باوک وکورە هەر ورتە ورتیان بوو لەپڕ کچێکی گەنج هاتە ژوورو بەخێرهاتنی کردن یەکەمین قسە گوتی لە سەردەشت شایعە بڵاو بۆتەوە کە حەمەنارستی شەهید بووە، دوو پێشمەرگە چاویان لێک کردو پەیامەکەیان بیر هاتەوە دەبێ ئەوە بێ، هەر لەو کاتەدا رادیۆ هەواڵی چۆنیەتی شەهید بوونی حەمەنارستی بڵاو کردەوە لەو ماڵەدا بوو بە گریان وشیوەن، سەرئەنجام پاش نان خواردن ملی ڕێگایان گرتوو بەرەو سنوور و گەڕانەوە بۆ بنکەی سابیت ڕێ کەوتن. شەهید بوونی حەمەنارستی کەبەدەستی تێرۆریستان لەکۆیە رووی دا، مەئمورییەتی ئێمە بە ناتەواوی مایەوە.

# زەبوونی لەبەرامبەر سێ پێشمەرگەدا

پاییزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی وەک ساڵانی پێشوو زۆر بەفروباران وڵاتی دانەگرتبوو هەوا سارد بوو ویشەکەسەرمایەکی کە کەم کەس دەیتوانی خۆی لەدەرەوە بگری. لەو سەروبەندەدا حیزبی دێموکرات بەرەو کۆنگرەی ٦ی خۆی هەنگاوی دەنا،. لەناوچەی مەهەباد فەرماندەری لک نوێنەری کۆنگرە بوو بە پێی ئوسول دەبوو تا ئەو لە کۆنگرە دەگەڕێتەوە کەسیک کاروباری لکەکە بەڕێوە بەرێ، بۆ ئەم مەبەستەش فەرماندەری لک کە یەکێک لەپیشمەرگە ئازاکانی بەناوی سەید سمایل دیاری کرد.
سەید سمایل کە پیشمەرگەیەکی زۆر ئازاو قارەمان نەترس بوو بڕیاری دا بە بۆنەی گرتن وتەواو بوونی کۆنگرەی ٦ی حیزب عەمەلیاتێک لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان بەڕێوە بەرێ و پیش هەر کارێک دەبوو کاری شناسایی بکا، بۆ شناسایی شوێنەکە چەند کەسی لەگەڵ خۆی دیاری کردو رەخت وتەفەنگیان لەخۆیان داو بە پاییزی سارد شیو ودۆڵ و بەندەنەکانو جویگەو جوێباری ناوچەیان بەرەو چۆمی مەجیدخان بڕی. لەسەر بەرزاییەک وەستان و بایەکی پاییزی سارد گیانی هەر چورا کەسی دەتەزاند شوێنی کاری داهاتوویان کە دەبوو عەمەلیاتی لی بکەن بۆ هەر کام لەتیمەکان دیاری کرد پاشان بە شێوەیەکی زۆر نەهێنی لەماڵێکی قەرەگۆل وەژوور کەوتن. دوای پشوودان بۆ بەیانی کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ بەرەو لای ئاتابلاغی وسریلاوە گەڕانەوە.
ئەو رۆژەی لەناو ئاوایی ئاتابلاغی دەمێننەوە عوسمان کە کوریکی زۆریش ئازا بوو ئەگەرچی سەید سمایل تەوسییەی پیدەکا کە خۆ نیشان نەدا بەڵام وەک عادەتی هەمیشەی دێتە دەرێ و خەڵک چاوی پێی دەکەوێ ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پشت ئاوایی پایەگا بەسەر ماڵانەو بوو کاتێک سەید ئەو دزانێ بڕیار دەدا کە ئاوایی بە جێ بێڵن و بەرەو گوندی سریلاوە بچن کاتژمێری ٩ی بەیانی رەخەت

وتفەنگ لە خۆیان دەدەن ٤ پێشمەرگە باڵتە بەسەر تفەنگەکانیان بەنزیک پایەگادا تێدەپەڕن و بەنزیک بوونەوە لە ئاوایی «سریلاوە» ناو ئاوایی زۆر قەرەباڵغ دەبێ لە ئاوایی یەکێک فەوتی کردوە کە ئەو ماڵە دۆستی سەید دەبن بۆیە بۆ سەرەخۆشییەکی چەند دەقیقەی دەچنە ناو مزگەوت و خەڵکی یەک پێ هەموو بۆ خۆشەویستی پێشمەرگە وچوون ناوبراو هەڵدەستن و هەم زۆر خوشحال دەبن هەم زۆر ناراحەت. لەمزگەوتدا چرپەچرپە لەناو خەڵکدا پەیدا بوو بۆیە داوایان لە سەید کرد کە سەرخۆشی بکاو ئاوایی جێ بێڵێ چونکی رۆژانە تویوتای رێژیم پڕ لە پاسدار لە میاندواوە دێن وماوەیەکیشە کە پێشمەرگە دیار نیە هێندێک وردە شووشە پەیدا بوون.

هێندێک کەلوپەلی خواردنیان بۆ پیچانەوە لە وکاتەدا کە ئامادە بوون بایز گوتی سەید ئەو ماڵە مریشکیان ساز کردوە با پاروە نانێک بخۆم دەرۆین رازی بوونی سەید سمایل کارێکی گەورەی بەدەستەوە دان، هەربۆیە سەید لەگەڵی چووە ماڵی خاوەن مردوو، زۆریش داوای لێکردن کە لەبەر خەڵک بچنەوە مزگەوت.

پێشمەرگەکان لەقاتی دووهەم لەچەقی ژوورەکە وبایز لەشانێکیو جلالیش لەشانێکی رەحمانی خاوەن ماڵ لە خوارەوە دانیشتبوو، هێشتا نانیان بۆ نەهێنابوون کە خوشکی رەحمانی خاوەن ماڵ بە زمانێکی پاڕانەوە تا پێشمەرگەکان گوێیان لەدەنگی بێ بەدەنگی بەرز گوتی» کاکی پاسدار بەخودای کەسی لێ نیە». ئەو دەنگە بۆ سەید سمایل نامۆ بوو چونکی ناوی پاسدار دەبوو پێشمەرگە دەست بەجێ پڕ بداتە چەکەکەی، بەڵام پێشمەرگەکان وبەتایبەتی سەید بەشۆخی گرت، ئەوان لەگەڵ خاوەن ماڵ خەریکی قسە و بیرەوەری بوون، پاسدارێک لوولەی چەکەکەی لە دەرگایە هێنا ژوورو بەفارسی بە سیدی گوت « بلند شو»!، سەید کەقەت باوەڕی نەکرد کەئەوە پاسدار بێ هەر وای زانی پێشمەرگەی رەفیقیانە تا پاسدارەکە گوتی «بلند شو پدر سوختە» و قامکی بەماشەی چەکەکەی داهێنا تا ئاخر گوللەی تەقاند گوللەبەر سەید نەکەوت بەڵام نەفەری کە لەتنیشتی دانیشتبوو گوللەی زۆر بەرکەوت لەگەڵ تەواوبوونی خەشابی پاسدارەکە بایزو سەید بەر دەسرێژیان داو لەوێ بە عەرزییەوە شەلالی خوێن بوو.

تەنیا ٣ پێشمەرگە حەوشە پڕ لەپاسدار، دوودانە نارنجۆکی پاسداری لێکردەوە بۆ حەوشە فڕیداو پاسداری بەر رەگباری تفەنگەکەی خۆی داو بە هەموو هێزی هاواری کرد لێیان دەن بیانکوژن ئەوە دێموکراتە دێموکرات. بەو ئاور بارانەو بەو نرکەی شێرانەی ورەی پاسدار رووخاو ئەوی کوژرا، کوژرا، ئەوەی دیکە خۆی پێرانەگیراو هەڵات.
هەرچەند بایز ئازایەتییەکەی بێ وێنەبوو بەڵام رووداوێکی ئاوا کتوپڕ خەجڵاندی، سەید بەوە راوەنەستا لەسەربانیش پاسداری راوناو دووکەلاکی لەوێش لێ خستن ولە کووچەو کۆلانیش چەند کەلاکیان کەوت ماشینی لێ لەکار خستن، سەید سمایل دوای تێکشکانی ئەوانە رووی لە بایز وجەلال کرد کە دەبێ ئەمڕۆ هیممەت بکەن رۆژی تەنگانەیە، هەرچی ئەو دەیگوت ئەوان سەریان بۆ دەلەقاند واتە باوەڕیان وابوو دەبێ خۆ حەشار بدەن بەتایبەتی گوندی سریلاوە شوێنێکی تایبەتی هەیە کە بۆ خۆشاردان لەدوژمن شوێنێکی مناسب بوو هەر ئەو رۆژە چەند کەس لە کادرەکانی تێدا بوو بەڵام بە هانای ئەو ٣ پیشمەرگەیەوە نەهاتن. بایز حەولی دەدا خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنە، هەر بۆیە کاتێک سەید سەرقاڵی شەڕکردن بوو دەرگایەکی بەو سپاردبوو بریاری دا کە خۆی بگەیەنێتە کەرێزەکان بەڵام بە چوونە دەر لەحەوشە لە رێگای چووندا کەوتە بەردەسرێژی پاسدارن وگیانی پێشکەش بە گەلەکەی کرد.
جەلال تەنیا بەردەرگایەکی بۆ سەید گرتبوو لەماوەیەکی یەک سەعاتە شەڕکردن نزیک بە دە پاسدار جەندەکی بەجێمابوو.
سەید جەلالی سازمان دایە لەو ماڵەدا بریاریان دا شەڕ بکەن خۆی بەرەو هۆڵی مەڕەکان رێکەوت وسەربان بەسەربان هەر هاواریشی دەکرد کە لییان دەن کارێکی بە هێزی دوژمن کرد دوژمن پێی وابوو ٢٠ پیشمەرگە شەڕیان لەگەڵ دەکا.
پاش ماوەیەک هەڵسووڕان لە هۆل وکادێن وتەویلەی ئەو ماڵە، تا پاسدار خۆی سازمان دایەوە پشوویەکی چەند دەقیقەییان دا، چەند پاسدار بەرەو حەوشەو دوو دانەش بەردەرگای کادێن، سەید تەنیا یەک نارنجەکی پێمابوو پێشی حەیف بوو دوو پاسداری پێ بکوژێ، دەنگی نەکرد تا بەر دەرگای کادێن، هەر پاسدارەکان بە یەکتریان

دەگوت تۆ بڕۆ، ئەوی دیکە دەیگوت تۆ بڕۆ، لەپڕ سەید قامکی بەتفەنگ داهیناو یەکیان کوژراو ئەوەی دیکە بە برینداری رایکرد پاشان سەری بۆ سەربان بەرز کردەوە دوو رەگباریشی لەوان هەڵکرد هەموویان رایان کردو لەکاتی راکردن بەسەر یەک دادەکەوتن. دوای چۆڵکردنی دەورووبەری خۆی بەپشوو سواری گەڕاوەو، جێگەی خۆیان گواستەوە بۆ هۆلێکی دیکە کە پڕ لە مەڕو بەرغەڵ وحەیوان بوو بڕیاریان دا کە مەڕەکە لە هۆڵەکە دەر بکەن‌و دەست لە بەرغەلەکە نەدەن. وردە وردە لە سەعات ٣ نزیک دەبیتەوە کە سەید تەرحی عەمەلیاتی کە کێشابووی، مۆری لک و هێندێک ئەسنادی دیکە لە هۆڵەکە شاردەوەو بە خاوەن ماڵ کە لە لای بوو گوتی ئەگەر شەهید بووم لە ئاوایی خاتوون‌باغ بەدایکم بڵێ « بۆم نەگری ئەمن زۆر پیاوانەو قارەمانانە دژی داگیرکەرانی کوردستان شەڕم کرد و سەرم شۆڕ نەکرد لە ڕێگای نەتەوەکەمدا پیاوانە بەربەرەکانیم کرد.» پاشان ئەو ئەسنادەش بدەوە بە کۆمیتەی شارستان. تەنانەت بڕیاری دا کە تەسلیم بوون محاڵە لای ئەو ئاخرین گولله لەخۆی دەدا وبە جەلالیشی گوت کە یەک نارنجەک ماوە لەکۆتایی‌دا بەیەکەوە باوەش لێک دەدەین نارنجەکەکە دەتەقێنینەوە. بە گوتنی ئەو قسەیە جەلال حەپەسا، هەر بۆیەش لەتەواوی ئەو شەڕە جەلال تاقە خەشابێکی تەقاندبوو.

هێزی ڕێژیم زیاتر لە ٢٠ ماشێن لەناو ئاوایی دابوو فەرماندەی بەکرێگیراو کە زانی دوو کەسن هاتە بەردەرگای ئەو شوێنەی سەیدو جەلالی لێ بوو. گوتی چرچەی؟ سەید وڵامی داوە گوتی نا من سەید سمایلم، دێموکراتم. پاش چەند دەقیقە شەڕە قسە وجنێو لە نێوان فەرماندەی بەکرێگیراو سەیدی قارەمان. پیشمەرگەی فیداکار ئاخرین نارنجەکی کە بۆ کوشتنی خۆیان دانابوو ئاڵقەی ترازاندوو بە جەلالی گوت تفەنگەکەت لەسەر رەگبار دانێ تا دەرگا نەکاتەوە تەقە نەکەی دوای تەقەی تۆ منیش بە نارنجەکەو دەچمە حەوشە، لەو قسانە دا بوو کە پاسدار رەگبارێکی تێهەڵکردن وجەلالی بریندار کرد ئەوان خۆیان مات دا تا پاسدار بەنووکی تفەنگەکە دەرگای کردەوە جلال دابێژدابێژی کرد سەیدیش نارنجەکی پێدادان هەموویان رایان کرد. سەید زۆر زوو گەڕاوە و تفەنگی پاسدارەی هەڵگرتوو لاقی جەلالی بە ئاغابانوو پێچا.

ماوەی دە دەقیقە وڵات بێ دەنگ بوو سەید زۆری پێ سەیر بوو کە لە کولانەی هۆڵەوە سەری کێشاو چاوی لێ کرد هەموو خەڵکی ئاواییان کۆ کردۆتەوە بەرەو هۆڵی مەڕەکە دێن. خەڵک نەیاندەوێرا کابرایەکی پیر بە ناوی عەلی شەعبان هەرای کرد هاتوون کەلاکی پاسدارەکە بەرینەوە، سەید وڵامی نەخێر بوو، وتی هەر کەس بێ دەیکوژم، پاش چەند قسە سەید رازی بوو کە عەلی شەعبان بێ وجەنازەکەی راکیشا بردیەوە، پاش ماوەیەک پاسدارەکان خەڵکینا بەلێدان و تەقەکردن وپێش خۆیان دا بەرەو شوێنی دوو پێشمەرگەکە، تەنانەت یەک نەفەریان کوشت وسێ کەسیشیان بریندار کرد. سەید زۆر ناراحەت بوو خەڵک و پاسدار بەتەواوی نزیک بوونەوە ئەویش خەشابی پڕکردەوەو لەبەردەرگا خۆی مات کرد لەپڕ دەرگای کردەوە هاواری کرد خەڵکینە دانیشن دوو رەگباری هەڵتۆقاند هەر خەڵک وپاسدار بوو بەسەر یەکدا دەکەوتن هات وهاوارێک سازکرا کەس کەسی نەدەناسییەوە پاسداران هاواریان دەکرد « ئای دەدە ئوڵدەم».
دوای ئەو کارە بەنرخەی سەید زوو گەڕاوە بۆ ژووری هۆڵەکە، تەنیا دە دەقیقەی پێ چوو کە کۆمەڵیک جاش وپاسدرا کەوتنە سەریان، بەناچاری بە تفەنگی ژ-٣ی جەلال تەقەی لەسەرەبان دەکرد پاسدار لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان کرد بە نارنجەک بارانی هۆڵەکە کە زیاتر لە بیست نارنجەکیان فڕیدایە خوارەوە، سەیدو جەلال خۆیان لەقوژبنێک ملاس دابوو بەلام بە دەیان بەرخۆڵەی تازە کەلاکیان بەسەر یەکدا کەوت خوێن جۆگەلەی بەستبوو لەپڕ نارنجەکێک کەوتە نزیک جەلال ویستی هەڵی گرێتەوە بەلام تەقییەوە هەموو گیانی جلالی کونکون کردبوو، جەلال لەترسی سەید کە گوتبووی نایەڵم بەزیندووی بتگرن دەتکوژم هەر دەیکوت هێچ نیە.
تەقەی تفەنگ وەستابوو تەنیا نارنجەک دەباری چەند نارنجەکێکی دیکەش هاتە خوارەوە سەید سمایل بەتوندی بریندار بوو، بەلام توانای ئەوەی بوو برینەکانی خۆی بپێچێ وجارجاریش بۆ ئەویە دوژمن بزانێ ماوەن تەقەی دەکرد. زەردەی خۆر مابوو کە هەموو شتێک بێ دەنگ بوو دەنگی هیچ بوونەورێک نەدەهات سەید وجەلال پێیان سەیر بوو بلێی چی رووی دابێ.

فەرماندەی محوەر کە لە ئاتابڵاغی نیشەجێ بوو هێزەکەی کێشابۆوە دەرەوەی ئاوایی چەند کەسی لە کەیخودا بانگ کردبوو زۆری قسەی ناشیرین پێ گوتبوون. گوتبووی «ئەو دوانە قارەمانن، حەیفە ئەوانە بکوژرێن لەبەیانییەوە شەڕ دەکەن نەتەوەی ئێوە قارەمانی ئاوای هەیە. پێمان نەگوتن ئەگەر هاتن نانیان دەنێ با بڕۆن؟ نە ئەوان بەدەست ئێمە بە کوشت دەن نە ئێمەش بەدەست ئەوان».

لەو کاتەدا سەید کە هەموو لەشی خوێنی لێ دەچۆڕا سەری لە سەربانەوە بەرز کردەوە هیچ هەواڵێک نەبوو دوو سەگی دیت دەهاتنەوە بۆ ئاوایی هەستی کرد هێزی دوژمن ڕۆیشتوە، لەپڕ قاڵەقاڵی خەڵک پەیدا بوو بەڵام ئەوان وشیاری خۆیان پاراست کە نەوەک پیلان بێ، خەڵک بانگی دەکردن جەلال نەیهێشت سەید پێشکەوێ چونکی گوتی ئەگەر پیلانیش بێ تۆ حەیفە بمری با من بکوژرێم چونکی بەراستی تۆ قارەمانی.

جەلال لەپێشەوە سەید بەدوایدا کاتیک زانیان کە پیلان نیە خەڵکی ئاوایی سریلاوە لە باوەشیان گرتن و فرمێسکی شادی لە چاویان دەباری کە ئەو تێکۆشەرانە لەبەرامبەر چەندە هێزی دوژمن ڕاوەستابوون و سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ خۆیان و حیزبەکەیان ونەتەوەکەیان تۆمار کرد کە هەمیشە لە ئاسمانی خەباتی هێزی پیشمەرگەی دێموکراتدا دەدرۆشێتەوە.

# کزەیەکی پڕئیش لەقووڵایی دڵەوە

ڕۆژەکانی ئاخری مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو. دوو هێزی شاهۆ و زاگرۆس ژمارەیان لە سەد و پەنجا پێشمەرگە تێ دەپەڕی و نزیک بە بیست کەس پێشمەرگەی تازەیان لەگەڵ بوو کە هێشتا چەکیان نەدابوونێ. ئەوە خوی بارێکی قورس بوو و پاراستنیشیان لە کاتی وا هەستیاردا ئەرکێکی زۆر دژوار بوو. ئەو ڕۆژە بە مەبەستی پەڕینەوە لە مەودایەکی ٥ کیلۆمیتریی مەرزی ئێران و عێراق و، تێپەڕین بە نێو هەزاران چەکداری کۆماری ئیسلامی، کۆبوونەوەیەکی کورت گیرا. هەر لەسەرەتای دەستپێکی حەرەکەتیان ڕێگایەکی ڕژد و هەڵدێر بوو کە لە هەموو بەرزاییەکانی زاڵ بەسەر ئەو ڕێگایەدا پایەگای دوژمن هەبوون و تەنانەت خزینی بەردێک و خزینی لاقی هەر پێشمەرگەیەک و هەر دەنگێکی دیکە دەبووە ئاشکرا بوونی ئەوان. شوێنیک کە بە نێوان دوو دوژمنی خوێنخۆری کورددا تێ دەپەڕی.

بە تێپەڕینی ئەو ڕێگا هەڵدێرە، شوێنێکی کە هەمیشە مەترسیی کەمینی لێ بوو ڕێگای پاوە_مەرەخێڵ بوو کە ڕاست شوێنی تێپەڕینی قارەمانەکانی ئەو مەڵبەندە بوو. لەوبەری جادەوە تا سەرچۆمی سیروان مەیدانێکی پان و بەرینی مینڕێژکراو بە درێژای زیاتر لە ٥٠٠ میتر و تا کۆتایی جادەکەش دانرابوو. سەرباری کەمین و مین چۆمی سیروانیش لەسەر ڕێگای ئەو کاروانە لە خۆڕە نەدەکەوت و پەڕینەوەش لەو چۆمە تەنیا بە گوریس دەکرا. ئەوەش وایکردبوو ئەو پێشمەرگانەی مەلە نازانن وەک پردی سیڕات لەو گوریس و پەڕینەوەیە بڕوانن.

تیمێکی پازدە کەسی لە باشترین و بەوەجترین پێشمەرگەکان بۆ کاری پێشڕەوی و تاقیکردنەوەی ڕێگا لە پێشەوە بەڕێ کران و پاشماوەی هێزەکە هەر کەس لە پەڵ و لکی خۆی بە بێدەنگ و خشپە بە دوای پێشڕەوەکاندا ڕیزیان بەست. هێشتا نیزیک بە سەعاتێک لە شوێنی حەسانەوەیان دوور نەکەوتبوونەوە کە بەرپرسانی هێز هەستیان بە وەزعی نائاسایی کرد.

پێشمەرگەکان هەر کامە و خەیاڵێک هەڵی گرتبوون. شەش مانگ جووڵە و تێکۆشان و کۆمەڵێک عەمەلیاتی سەرکەوتوو ئەوانی بە تەواوی دڵخۆش کردبوو.

لە پڕ دەنگی چەند تەقینەوەی گەورە و چەند دەستڕێژی تفەنگ بێدەنگی

شەوی شکاند. ئەو قارەمانانەی کە لە پێشەوە و بۆ کەمین شکاندن بەڕێ کرابوون، کەوتبوونە شەڕێکی سەختەوە. شەڕە نارنجۆک هێندە گەرم بوو کە تیمی پێشڕەو دەرەتانی وڵامدانەوەی بێسیمی نەبوو. هێزی پێشمەرگە چەند سەد میتریک بەدوای کەمین شکێنەکان و هەرکەس لەجێی خۆی بێدەنگ و دەست و تفەنگ چاوەڕوانی بڕیاری فەرماندە بوون. دەورووبەر هەموو پایەگا و دەنگی بێسیمەکان بەئاستەم دەبیسترا. بەوحاڵش هەستیان کرد کە تیمی پێشڕەو کەوتوونەتە نێو مەیدانی مین و کەمینێکی قورس و پڕ مەترسیی هێزەکانی دژمن و شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵ دەست پێ کردوون. شەڕی دەستەویەخە نزیک نیو کاتژمێر درێژەی کێشا، پاشان تیمی پێشڕەو فەرماندەکانی ئاگادار کردەوە کە لە یەکەم دەستڕێژ و تەقینەوەی مینەکاندا چوار کەس لە باشترین پێشمەرگەکان بە سەختی بریندار بوون. عەلی تاتوورە، کەریم پیرباخی، مامۆ ئەزغەر و عەبدول تەنگیسەری. عەبدول و مامۆ ئەسغەر کەوتبوونە سەر مین و لاقیان پەڕیبوو.

بەدوای ئەو هەواڵە بێ راوەستان فەرماندە بڕیاری دا چەند کەس بچنە یارمەتیی هێزی پێشڕەو تا هەم بریندارەکان لە مەیدانی شەڕ دوور بخەنەوە و هەم جێگەی بەتاڵی ئەوان لە شەڕەکەدا پڕ بکەنەوە. ناوچەکە گەلێک حەساس و ڕاست لە نێوەڕاستی بەرەی شەڕی ئێران و ئێراقدا بوو. هێزێکی زۆری نزیک بە دوو هەزار کەس پاسدار و جاش لە دوروروەبەر مۆڵیان خواردبوو. بۆیە بە هەر قیمەتێک دەبوا ئەم کەمینە تێک بشکێنن. ئەوان بۆ شکاندنی ئەو کەمینە هەموو نرخێکیان بە هەرزان دەزانی. هەروەها قارەمانانی دێموکرات یەکەمجار نەبوو کە لە گەمارۆی وا بکەون و ئەوان لەمەیدانی حەماسە و فیداکاریدا پەروەردە ببوون و لەکڵدەرهاتووی ڕۆژی سەخت و تەنگانە بوون. شەڕ بەگەرمی درێژەی هەبوو و زۆربەی پایەگاکانی ڕێژیم کە لە هەرچوار دەوریان بوون، دەستیان کردبوو بە تەقە و بە هەڵدانی «نوورئەفکەن» شەڕگەیان وەک ڕۆژی ڕووناک لێ کردبوو. بەڵام ئەوە فیداکاری، ئیرادە و دەستوتفەنگی پێشمەرگە بوو کە کەمینی دوژمنی تێک شکاند. دوژمن ژمارەیەک لە هێزەکانیان بە کوژراوی لە میداندا بە جێ هێشت و هەڵاتن. لە بەرەی پێشمەرگەکانیش بریندارەکان کۆکرانەوە، تیم و کەسانی تایبەت بۆ هەڵگرتنیان جیاکرانەوە و مین هەڵگرەکان بە نێو مەیدان مینی دوژمندا ڕێگایەکیان کردەوە و بە

نەزمێکی شیاوی پێشمەرگە خۆیان گەیاندە سەر چۆمی سیروان.
چۆمی سیروان زۆر و خوڕ و سارد بوو. پەڕینەوە بۆ هەموو کەس دەستی نەدەدا و تەنیا کاری ئەوانە بووکە مەلەی باشیان دەزانی. دوژمنیش بە بەردەوامی تەقەی لێ دەکردن. پێشتریش لەوبەری چۆم دەستەیەک لە پێشمەرگەکان ئاگادار کرابوون و بە پیریانەوە هاتبوون و گوریسێکیان دامەزراندبوو بۆ پەڕینەوە. لەپێشدا چەند پێشمەرگەی ئازا و چوست و چالاک پەڕینەوە و، سەنگەریان گرت. کاری ئەوان وەلامدانەوە بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بوو. دواتر بریندارەکان و، دوای ئەوان پێشمەرگە تازەکان و دوای ئەوانییش بە نۆرە هەموویان لەو پردی سیراتەی ناویان نابوو، لە ژێر ئاوربارانی چەک و ڕووناکیی نوورئەفکەنەکانی هێزەکانی دوژمندا پەڕینەوە.
لە نزیک قەلاگا، شوێنێک کە ئێتر لە ژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگە دابوو، بریندارەکان دەرمان کران. زامی زۆر لەوان قووڵ و کاری بوون. لاقی پەڕیو، دەست و ڕانی شکا و، لەشی جێ ڕەگباری پڕ ئێش و، زۆربەیان مەترسیی مردنیان لێ دەکرا. هەموویان خوێنی زۆریان لە بەر ڕۆیشتبوو و هێز و توانایان کەم، بەلام ورە و ئیرادەیان وەک پۆلا بوو. هاواریان نەدەکرد.
لە سەرەتای تەقەدا و لە ڕێگای بیسیمەکانەوە ناوی بریندارەکان هاتبوو کە بەتایبەتی مام ئەزغەر کەوتووەتە سەر مین، لاقی پەڕیوە و کەسیش دیاری کرابوو بۆ هەلگرتنی. بەلام مام ئەزغەر لەنێو بریندارەکاندا نەبوو. هاوڕێیانی بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە پێوشوێنی کەوتن.
یەکێک لە هاوڕێیانی کە لەگەڵ تیمی پێشڕەودا بوو گوتی:
«کاتێک کەوتینە سەر مینەکان، مام ئەزغەر هەردووک لاقی پەڕی بوون... چەند برینی دیکەی سەختیشی هەلگرتبوون... بەلام قسەی ئەکرد و بە ورە بوو. خەریک بووین هەڵی گرین، بەلام نەمانزانی کە نایەوێ لێمان ببێتە بارگرانی. نەمانزانی و بینیمان تفەنگی دەست دایە و بەدڵی خۆیەوە نا و کۆتایی بەژیانی سەربەرزانەی خۆی هێنا....»
کزەیەکی پڕئێش لە قوولایی دڵمەوە هات، بێ ئیرادە بە ناخی دیرۆکێکی پڕئازاردا ڕووچووم و وەک فیلمێک ژیان و سەردەمی سەختی پێشمەرگایەتیی ئەم پێشمەرگە بەنرخم چاو لێ ئەکرد، چاولێکردنێک کە هێشتاش کۆتایی نەهاتووە.

# مووشەك بارانی قەڵای دێموكرات و وره‌ی بەرزی پێشمەرگە

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژانی تەنگانەی زۆری بوون کە هەموویانی ئەگەرچی بە زیان، بەڵام بە سەربەرزی تێ پەڕاندووه. ١٧ی خەرمانان یەک لەو ڕۆژانەیە.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەدا بوو، کاتژمێر ١٠و ٤٥ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ کەوتە بەر هێرشی مووشەکی دوورهاوێژی کۆماری ئیسلامی و ژمارەیەک لە ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد گیانی خۆیان کردە چرای ڕێگای تێکۆشانی داهاتووی نەتەوەی کورد. لە نێو شەهیدەکاندا شەش ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب و پێنج کادری بەوەجی ماندوونەناس و پێنج پیشمەرگەی قارەمانی نەسرەوتوو، بوونە قوورباني و بە خوێنی گەشی خۆیان ئاڵای خەباتیان نەخشاند.

پەلاماری ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی هەر درێژەی چوار دەیە سیاسەتی دژەکورد و سەرکوتی جووڵانەوەی کورد بوو، بەڵام دیسانەکەش ئاسنی ساردکوتانە، چونکی هەم بزووتنەوەی کورد لەسەر پێیە و هەم تێکۆشەرانی کورد لێبڕاون هەتا دوا قۆناغی سەرکەوتن لە مەیدانی خەباتدا بمێننەوە.

ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی بووە کە بەرهەڵستی سیاسەتەکانی کۆماڕی ئیسلامی و پیلانەکانی لە کوردستاندا بۆتەوە. مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ زۆر لەوە پێشتریش دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانی دوایەش بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و نهادینەکردنی بیری نەتەوەیی و شوناسخوازی و، هەروەها بە خەباتێکی بێوچان بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلی کورد، هەمیشە کۆسپێکی گەورەی بەردەم دەسەڵاتە

ناوەندییەکان لە تاران بووە. حیزبی دێموکرات لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا پێشەنگی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بووە و هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبە کارنامەیەکی پڕ سەروەرییان هەیە لە تێکشکاندنی هەیمەنەی ئەم ڕێژیمە. ڕووداوەکەی ١٧ی خەرمانانیش دەری خست کە ئیرادەی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێزی مووشەکیی ڕێژیم چەند قات بەرزترە و ئەوەی لەو نێوەدا بەزیوە و دەستی بەرداوەتەوە، هەر کۆماری ئیسلامییە. هەموو ساتەوەختەکانی ئەم ڕۆژە ئازایەتی و نەبەردی و نەسرەوتن بوو...

ئەوە یەکەم جار نییە کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە قەڵای بەرخۆدان گیانی خۆیان بە سەخاوەتەوە بۆ هاوسەنگەرە شەهیدەکانیان خستە مەترسی، بەڵکوو بەدرێژایی مێژووی خەباتی چەکداری دژی ئەو ڕێژیمە زۆرداره دەیان بەڵگە و دیکومینت لەبەردەست دایە کە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. لە مێژووی ورەبەرزیی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دوو مەسەلە زۆر گرینگ و بنەڕەتین. یەکەم: ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان لەخۆبوردوویی و شۆڕشگێریی پێشمەرگەیان زۆر باش ناسیوە و ورەبەرزیی ئەوان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بە تەواوی جێگای خۆی هەیە، بۆ ئەوەش سەدان چیرۆک و بەسەرهات و حەماسەت هەن کە شایەتیی بۆ بدەن. دووهەم: دوژمنانی ئازادی و بەختەوەری نەتەوەکەمانن کە هەمیشە هێزەکانی لە ئاستی هێزی لەشکان نەهاتووی پێشمەرگەدا زەبوون و داماو بوون، بۆیە دەبێ قامک بۆ ئەو ڕاستییە درێژ بکەین کە ئەوەی لە ڕۆژی مووشەک بارانی بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب هاوسەنگەرانی شەهیدان کردیان، لە مێژووی خوێناویی گەلەکەماندا وەک لاپەڕەیەکی پرشەنگدار دەمێنێتەوە.

مێژووی خوێناویی گەلەکمان لە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی نێو ئەو مێژووە، لە سات بەساتی هەوراز و نشێوەکانی و لە فیداکاری و تەنانەت لە شکستەناخۆشەکان و ڕۆژە تاڵ و شیرینەکان پێک دێن. ئازایەتی هەر ئەوە نییە لەشەڕە تفەنگدا دوژمن بەچۆکدا بێنی و ئازایانە لەبەرامبەر دوژمندا ڕابوەستی، بەڵکوو نەبەزی، تاودانی بریندار و ڕزگارکردنی، خۆڕاگری و پشوودرێژی و چۆڵنەکردنی مەیدانی خەبات گەورەترین ئازایەتییە.

بەڵگەکان شایەدی بۆ خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات دەدەن کە نەک مووشەکەکانی کۆمار ئیسلامی نەی ترساندن، بەڵکوو فرۆکەی بێفرۆکەوان لە ئاسمانی زاڵ بەسەر بنکەکەکانی حیزبدا هێشتا تەقەی دەکرد کە پێشمەرگە بەبیر و باوەڕەکانی دێموکرات زۆر زوو وەدەستهاتن و بە چەکی قورسی باوەڕ بەرەنگاریان بوونەوە. ڕزگارکردنی بریندارەکان و هێنانەدەرێی تەرمی شەهیدان لە بن داروپەردووی ڕووخاو و لە بن تەوژمی ئاگر و دووکەڵ ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا لە دیمەنە پڕ حەمەساتەکانی ئەم تەنگانەیەن.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە تەمای بوو وەک هەمیشە لەنێوبردن و هەڵتەکاندنی یەکجارەکیی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام خەون و ئاواتی چەپەڵی دیسانەکەش بوونەوە بڵقی سەرئاو. هەر چەند ڕۆژ دوای مووشەک بارانی بنکەکانی حیزب بوو کە دوژمن دووهەم زەبری وێ کەوت، ئەویش لە مەیدانی سەرەکیی خەباتی حیزبی دێموکراتدا. ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستانی خۆڕاگر، خەڵکی کوردستانی دیموکرات بە مانگرتنەکەیان مستێکی توندیان لە دەمی ڕێژیم و دەزگای سەرکوتەکەی دا و دیسانەکەش سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات نەک بێ پشت و پەنا نییە، بەڵکوو هەر دڵۆپە خوێنێکی پێشمەرگە دەبێتە هەوێنی ڕزگاری و سەربەستیی ئەم کوردستانە و، ئەو خوێنانە دەبنە چرای ڕووناکیدەری ڕێی تێکۆشەرانی دێموکرات.

ئەوەی لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا ڕێژیم چاندبووی، لێی بوو بە چەرمەسەرییەکی گەورە، چونکی چوار ڕۆژ دواتر خەڵکی کوردستان ئەو پەیامەی پێدان کە قەڵای سەرەکیی حیزبی دێموکرات هەروا لەجێی خۆیەتی و دڵی ئەم بزووتنەوە شوناسخوازە لە هەناوی کوردستاندا لێ دەدا. بۆیەش ئەوەی ڕێژیم لەو ڕووداوەدا بە نسیبی بوو، دیسانەکەش هەر زەبوونی بوو، دیسانەکەش بەچۆکداهاتن لەبەرامبەر ئیرادە و ورەی بەرز و پۆڵایینی خەڵک و پێشمەرگەی دێموکرات بوو.

# موستەندی ٣٦٠ دەرەجە و چەند قسەیەك

لە کاتێکدا ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە کۆبوونەوەدا بوو، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی تۆڵە ئەستاندنەوەی کوژرانی ئەو ”مەرزبانان“ەی لە مانگی پووشپەڕدا لە سیناریۆیەکی زۆر گوماناویدا کوژران، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانجی پەلامارێکی مووشەکی. دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دوو حەوتوو دوای ئەم هێرشە مووشەکییە فیلمێکی دیکۆمێنتیی بڵاو کردەوە و لەودا و لە زمان ”حەسەن ڕەستگارپەناه، بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەکانی میللیی ئەمنیەتی جێگیر“ و، ”حوسێن دلیریان، کارناسی کاروباری نیزامی و ئەمنیەتی“ باس لە ئامانجەکانی ئەم عەمەلیاتە لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

لەو فیلمەدا وا دەگوترا کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە خەڵکی کوردستانی لەگەڵ نەبووە و خەڵک بە هەموو جۆرێ لە پشتی دەسەڵات و ڕێژیمەکەیانن، کەچی هەر ئەو کاتەی ئەوان خەریکی دروستکردنی ئەم فیلمە بوون، مانگرتنە بەشکۆکەی ٢١ی خەرمانان بەسەریاندا ڕابرد و بینیمان و بینییان کە خەڵک چۆن ئاوی گوێیان دادان و پێیان گوتن کە کوردستان خاوەنی خۆی هەیە و کێ لەوان غەوارەیە...

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەیان جارێکی دیکەش بە پیلانێکی تێرۆریستیی دیکە ویستی پێش بە جووڵە و بزاوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرێ، چەکێک کە ڕێک چوار دەیەیە لە دژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تاقی دەکاتەوە و بۆ ئەو هەر ئاسنی ساردکوتان بووە. تێرۆری سەرگورد عەباسی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد وەک دەسپێکی تێرۆری دژبەرانی سیاسی کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، سەپاندنی شەڕی هەمەلایەنە بەسەر کوردستان، قەڵاچۆکردنی شار و گوندەکان و کۆمەڵکوژی لە دەیان ئاوایی، لەکارکردنی جۆرەها چەکی کۆمەڵکوژی وەک بۆمبی شیمیایی و ژاری سالیوم و دانانەوەی بۆمب و ... تەنیا بەشێک لە ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە بۆ بەچۆکدا هێنانی

کوردستان وەک سەنگەری ئازادی و بەرگری و، حیزبی دێموکرات وەک سوارچاکی مەیدانی خەبات لە ئێراندا بووە. سیاسەت و ڕەفتارێک کە نەیتوانیوە گڕکانی شۆڕش و مافخوازی لە کوردستان دابمرکێنێ.
شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد لایەنێکی دیکەی ئەم شەڕە داسەپاوەیە. ڕاگرتنی کوردستان لە دواکەوتوویی ئابووری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، ڕێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی لە فێرکردن و پەروەردەدا، دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەوەی نوێی کورد لە ڕێگەی نیزامی پەروەردەیی ئیدۆلۆژیک، ڕێگەخۆشکردن بۆ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، نانەوەی دووبەرەکی و سیاسەتی قەیرانخولقێنیی بەردەوام بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەشێک لەو سیاسەتە بووە کە ڕێژیم بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەردەوام لەسەری ڕۆیشتووە. هەموو ئەوانەشی هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی تێرۆر بردووەتە پێشێ، چونکی بەهۆی زەبوونی و دەستەوەستانیی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی تەعامول و چارەسەری شارستانییانەی پرس و کێشەکان، تێرۆر چەکی هەمیشە لەسەرپێی ئەم ڕێژیمە بۆ لێدان لە دژبەرانی بووە. تێرۆر بەهەموو توانا و لە هەموو ڕەهەندەکاندا، لە تێرۆری ڕێبەرانی هەرە هەڵکەوتووی ئەم حیزبە، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لەسەر مێزی وتووێژ ڕا بگرە، هەتا تێرۆری پێشمەرگە و ئەندامەکانی حیزب، لە نێوخۆی وڵات ڕا بگرە هەتا دەگاتە هەرێمی کوردستان و لە نێو دڵی ئورووپادا. سەیر ئەوەیە کە هەموو ئەو تێرۆرانەی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و بێ گوێدانە پڕەنسیپ و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان کردووە و "میکۆنووس"ی لێ بەدەر بێ، بۆ ئەوانی دی کەمترین تێچووی بۆ نەداون. هێرشە تێرۆریستییەکەی ١٧ی خەرمانانیش هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا هات.
لەو فیلمەدا حوسێن دلیریان دەڵێ هێرشەکە وەڵامدانەوە بە عەمەلیاتی "کوێرانەی چەکداریی" حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە کە دواجار و دوو مانگ لەوە پێش لەسەر سنوور مەریوان بووە هۆی کوژرانی کۆمەڵێک هێزی سنوورپارێز.
ئەو چەواشەکارییانەی ڕێژیم لای لایەنگرە تۆخەکانیشیان بڕ ناکا،

چونکی مێژووی خەبات و تێکۆشانی بێخەوش و پڕ شانازیی حیزبی دێموکرات لە شەڕ و بەرگریی ڕاستەوخۆش لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕوون و بەرچاوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ عەمەلیاتێکی کوێرانە!ی لە مێژووی خۆیدا نییە و ئەوەی کردوویەتی بە شانازییەوە بەخاوەنی کردووە و شانازییشی پێوە کردوون، ئەوەی لە مەریوانیش ڕووی دا، ڕوون نەبوو کێی لە پشت بوو و ئەو سیناریۆیە تەنیا بۆ پاساوهێنانەوە و بیانووداتاشین بۆ هێرشکردنە سەر ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بووە. ڕاستە کە لایەنێکی کوردی بەرپرسایەتیی کوشتنی ئەو ١١ کەسە لە هێزەکانی سنوورپارێزی مەریوانی گرتە ئەستۆ، بەڵام هەم لایەنە سیاسییەکان و هەم هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کە لە ژوورە فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و ئاراستەپێدان بە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم پیلان و سیناریۆی چۆن چۆنی دادەڕێژرێ. ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان زۆر باش ئامانج و سیاسەت و تەنانەت تاکتیکە نیزامییەکانی حیزبی دێموکرات دەناسن و باوەڕیان پێیەتی و لە هەر دەرفەتێکیشدا بۆیان هاتبێتە پێش، پشتیان گرتووە و وەباڵیان بۆ کێشاوە، بۆیە دەبێ بڵێین دیسان ڕێژیم لەوەدا ڕەنج بەخەسار دەرچوو.

ڕێژیم ڕەنج بەخەسارە، چونکی چوار دەیەیە هەوڵی شێواندنی مێژووی خەبات و تێکۆشانی کورد دەدا و ئەو مێژووە هەر درەوشاوەیە... چوار دەیەیە بەهەموو توانای ماڵی بەرنامەڕێژیی نەرمەوە کار لەسەر منداڵ و لاوانی کورد دەکا، بەڵام فێرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە بە دژی کۆماری ئیسلامی هەر ئاوەدانن... چوار دەیەیە دەیەوێ قەڵای باوەڕی خەڵک تێک برووخێنێ و ڕۆژی ١٧ی خەرمانانیش مووشەکە بالستیکە خالکوتەکانی گرتە قەڵای دێموکرات، بەڵام قەڵای باوەڕ و ئیمانی خەڵکی کوردستان هەر لەسەر پێیە... ئەو لایەنانەی دیکەش کە چاویان بەرایی دیتنی هێزی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەو قەڵا ڕاوەستاوەی نییە، ئەوانیش هەر ڕەنج بە خەسارن، چونکی ئەو قەڵایە لە بن نایە.

# شێلم جاڕان،
# چیرۆکێك له فیداکاریی پێشمەرگه

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە لایەن دەسەڵاتی زۆردارەوە داپڵۆساوە و بۆ ڕزگاری لەو ژیانە تاڵەی بەسەریدا سەپاوە بەردەوام لە بەربەرەکانی لەگەڵ چەوسێنەران و داگیرکەراندا بووە و بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئینسانی و ئارەزوومەندانە، هیچکات دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵ نەگرتووە. پاش هەر نسکۆیەکیش ڕاساوەتەوە و بە گژ داگیرکەرانی خاك و نیشتمانەکەیدا چۆتەوە. ئەمە چیرۆکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە.
کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە حەوت دەیەیە حیزبی خۆیان هەیە و ئەو حیزبە زۆر ڕێگای تاقی کردەوە تاکوو بتوانێ لە ڕێگای ئاشتییانە و لە چوارچێوەی ماف و پڕەنسیپە نێونەتەوەییەکانەوە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیی گەلەکەی بکا، بەڵام دوژمنانی کورد بە بەردەوامی هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە ئاور و ئاسن و گولله و، تێرۆری ڕێبەرانی ئەم حیزبە و تەنانەت بە مووشەک وڵام داوەتەوە.
حیزبی دێمۆکرات سەرەڕای ئەوەی کە نەتەنیا لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک حیزبێکی هەڵوەشاوە ڕاگەیەنراوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوە و تێدابردنی دراوە و دەرفەتی ئەوەی پێ نەدراوە تاکوو لە کەشێکی ئاشتییانە و دوور لە بەکارهێنانی چەک و توندوتیژیی، خەبات و چالاکیی سیاسیی خۆی بکا، بەوحاڵەش لە خەبات نەوەستاوە و بەبەردەوامی بۆ دابینکردن و وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد زۆر شێلگیرانە خەباتی درێژە

داوە. هەر لە ڕاستای بەرهەقبوونی ویست و ئامانجە ڕەواکانی حیزبی دێموکراتدا، ڕۆڵەکانی کورد بۆ بەربەرەکانی بە دژی داگیرکەران، لە قۆناغی جیاجیادا پۆل پۆل پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و بە خەبات و بەرەنگاریی قارەمانانەیان، مێژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردووە کە، ئێستاش وەک چیرۆکی تەژی لە ئازایەتی و فیداکاری لەنێو بیر و زەینی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستاندا دەوترێتەوە. ئەگەر چاوێک بە «هەگبەی شاخ و شۆڕش» و بەربەرەکانی ڕۆڵەکانی دیموکرات لە بەرامبەر هێزی پەلاماردەری کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە کەم ڕۆژ لە ساڵدا هەبوون کە هەڵگری مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی بۆ خەباتکاران و داکۆکیکارانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەبێ.

ڕۆژی ٨/٨/ ١٣٦٣ یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازی بە حەماسەخوڵقێنی و بەربەرەکانیی جوامێرانەی ڕۆڵەکانی کورد دەکا. لەو سەروبەندە هەلومەرجی سیاسی و نیزامی و ئەمنییەتیی ناوچەی پیرانشار بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان گرینگییەکی تایبەتیی هەبوو، چونکە لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندەی ژەهراوی لەنێو خەڵکدا بڵاوکردبۆوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات هەر نەماون یان هاتوونەوە و خۆیان تەسلیم کردۆتەوە یا سەری خۆیان هەڵگرتووە و وڵاتیان جێ هێشتووە. پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی دیموکرات، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیددیعا بێ بنەمایانەی کۆماری ئیسلامیی دەستیان بە گەشتێکی سیاسی لەو ناوچەیە کرد.

گوندی شێلم جاران لەو سەروبەندەدا ٣٠ ماڵ و هەموو دانیشتووانی نزیک بە ١٥٠ کەس دەبوون. لە شەوێکی پاییزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە دوو لک بۆ پشوودانێکی یەک ڕۆژە چوونە ئەو گوندە خنجیلانەیە کە لە ناوچەی لاجانی پیرانشار هەڵکەوتووە و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەو ئاواییە ڕووبەڕوو بوون.

سەعاتی ٥ی بەرەبەیانیی ٨ی خەزەڵوەر، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە خەبەری بوونی پێشمەرگەیان لەو ناوچەیە بیستبوو بە دەیان

ماشێنی پڕ لە جاش و پاسدار و کەرەسەی نیزامییەوە پەلاماری گوندی شێلم جاڕانیان دا. ڕێژیم تا ڕووناکایی بەیانی بە سەدان کەسی بەڕێی دەورووبەری ئاوایی و بەرزاییەکانی ئەو گوندە کرد و لێیان دامەزران.

قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەنگاریی لەشکریانی پەلاماردەر بۆ خۆی چیرۆکێکە لە فیداکاری و کۆڵنەدەریی پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارەی ئەو کات و، لاپەڕێکە لە لاپەڕەکانی پڕ لە شانازیی حەماسە خوڵقێنەرەکانی نەتەوەکەمان کە دەبێ نەوە بە نەوە بۆ نەسلەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە و تەنانەت بۆ ئەوەی لە یاد نەچێتەوە و ببێتە بەشێک لە مێژووی بەرەنگاریی ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی گەلەکەمان، لە هەلی گونجاودا فیلمی لێ‌ساز بکرێ و بخرێتە بەرچاوی هەموو دنیا. ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانەی ئەو حەماسەیەیان خوڵقاند، دوای ئەو قارەمانەتییە بێ وێنەیە بوونە مامۆستایەکی شارەزا و کارامە لە کاری نیزامیدا و لە ڕۆژان و ساڵانی داهاتوودا، بە سەدان قارەمانی کۆڵنەدەر و فیداکار لە مەکتەبی ئازایەتی و خەباتگێڕیی ئەم تێکۆشەرە بە بیروباوەڕانەدا پێگەیشتن. سەرئەنجام ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی ئەوانە لەو ڕۆژە ئەستەم و سەختانەدا، دەریخست کە نەتەوەی کورد تا خاوەنی کەسانی ئەوتۆ بێ، تا سەرکەوتن لە خەبات کۆڵ نادا.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش دامەزرانیان لە هەموو شوێنەکانی دەورووبەری ئاوایی، بە چەند ماشێنی پڕ لە چەکدار ڕوو لە ئاوایی دەکەن، کە بە توندیی بەرپەرچییان دەدرێتەوە و تێکدەشکێنرێن. لە یەکەمین گوللەوە کە لە لوولەی چەکی پێشمەرگە دێتەدەر بۆ ماوەی ١١ سەعات شەڕ لە ئاوایی شێلم جاڕان بەردەوام دەبێ. چەندین جاری دیکە هێرش بۆ نێو ئاوایی دەست پێدەکاتەوە کە، پێشمەرگە ئازاکانی هێزی ئاوارە لە سەنگەری ئازادیدا بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە و حەماسەیەک لە فیداکاری و قارەمانەتی دەخوڵقێنن. لەم بەربەرەکانییە ئازایانەدا دەیان ماشێنی دوژمن سووتێنران، بە سەدان کەس لە هێزی دوژمن کوژران و هێزەکانی ڕێژیم بە تانک و تۆپ و هێلی‌کۆپتێر تەنانەت لە پادگانی پیرانشارەوە مەیدانی شەڕیان دەکوتا. سەرکەوتنە یەک بەدوای یەکەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرە و شوێنە جیاجیاکانی

شەڕەکەدا، شادی و خوشحاڵیی زۆری خستبووە نێو پێشمەرگە و خەڵکی ئاواییەوە. خەباتکارانی دیموکرات سەرەنجام پاش ١١ سەعات بەرخۆدان و فیداکاری، هێزی زۆر و زەوەندی دوژمنیان تێکشکاند و سەربەرزانە مەیدانی شەڕەکەیان جێ هێشت. لەو عەمەلیاتەدا سەرکەوتن نەسیبی پێشمەرگە بوو و، شکست و سەرشۆڕی بە بەژنی دوژمنانی ئازادیی بڕا و بەسەدان جەندەکی داگیرکەران لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مابوو. ئەو سەرکەوتنە مەزنە، خوێنبایی ٣ قارەمان بە ناوەکانی برایم جەناخی، ڕەحمان خزرزادە ناسراو بە ڕەحمان دۆشکە و حەسەن ناقولی بوو. هەروەها ژنێک بە ناوی ئایشێ محەممەدزادە و منداڵێک بە ناوی عوسمان ڕەسووڵی شەهید بوون. گرینگی ئەو عەمەلیاتە لەوە دابوو ئەگەر وەک راستی بڵێین ناوچە گیرابۆوەو کۆمەڵێک خەڵکی بەزیو خۆیان تەسلیم ڕێژیم کردەوە ئەوانیش پێیان وابوو ئاسەواری پێشمەرگە بڕاوە. بەڵام مێژوو نیشانی داوە بڕیاردەرو سەرکەوتن هەر بۆ هێزی گەلەو کوڕانی ئاوارەی شەهید دوویاتیان کردەوە کە مەیدانی خەبات جێگەیەکە کە بەینی حەق و ناحەق دیاری دەکاو ئەوان لەوڕۆژەدا سەلماندیان چەند کەسی بەزیو لە وەرەی هێزی پێشمەرگە کەم ناکاتەوەو بەرزتر لە پێشوو لە مەیداندا ماونەتەوەو خەبات بەردەوام دەبێت تا وەدی هێنانی مافی گەلی کورد.

# «وەلفەجری ٩» و تاکتیکی نوێی پێشمەرگەکانی بانە

کۆتایی زستانی ساڵی ١٣٦٤ بوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری عەمەلیاتی «وەلفەجری ٩»دا بوو کە هێزێکی بەرچاوی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و بەتایبەتی لە ناوچەی بانە کۆ کردبۆوە و لە زۆر لە پایەگاکانی ئەو ناوچەیە هێزەکانی زیاد کردبوو. ڕێژیم نەک بەنهێنی بەڵکوو بە ئاشکرا باسی عەمەلیاتی «وەلفەجری ٩»ی دەکرد و لە ناوچە، ئامادەکاریی بۆ دەکرد. ئەوەش بۆ خەڵکی بانە و دەوروبەر و بەتایبەتی ناوچەی خێڵەڕەش و پشتی ئاربابا دۆخێکی تایبەتیی خوڵقاندبوو. خەڵک کەوتبوونە نێو بەرداشی شەڕی ئێران و عێراق و بەو زستانە سەخت و تووشە تەنیا ڕێگەیەک شکیان دەبرد چۆلکردنی ماڵ و حاڵیان بوو. بەم زستانە وێرانکردنی ماڵەکانیان و چۆلکردنی بۆ ئەوان کارێکی ئاسان نەبوو هیچ ڕێگایەک بێجگە لە چۆلکردنی ماڵەکانیان بەدی نەدەکرا چونکی شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەر لە خاکی کوردستاندا ڕووی دەدا.

لەو سەروبەندەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی خێڵەڕەش دوور کەوتبوونەوە و لە نەبوونی ئەواندا هێزەکانی دوژمن توانیبوویان چەند پایەگا و بنکەی نیزامی نوێی لێ دابمەزرێنن و دەسەڵاتی نگریسی خۆیان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بسەپێنێن. ئەو ناوچە لەسەر سنوور هەڵکەوتووە و زیاتر لە دە گوندی لە خۆ دەگرت.

بە نیزیکبوونەوە لە دەسپێکی عەمەلیاتی بەناو «وەلفەجری ٩» کۆبوونەوەی فەرماندەرانی ڕێژیم لە هەموو نیهادە نیزامییەکان و تەنانەت جاشەکان بۆ بەشداریی لەو عەمەلیاتەدا کرا. لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان تازە کۆنگرەی ٧ی خۆی گرتبوو و ڕێژیم هەستی بە لەکەمیدانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەدا کردبوو. وەک باس دەکرا لەو کۆبوونەوەی فەرماندەرانی هێزەکانی ڕێژیمدا فەرماندەری جاشەکان گوتبووی ئامادەن بۆ کۆتاییهێنان! بە حزووری پێشمەرگە لە ناوچە، بەڵام بەو مەرجەی لە عەمەلیاتەکەی وەلفەجری ٩ دا بەشدار نەبن و دەرفەتیان بۆ پاکسازیی ناوچەی بانە لە هێزەکانی حیزبی دێموکرات هەبێ!

لە وەها بارودۆخێکدا پێشمەرگەکانی ناوچەی بانە گەڕانەوە و بە سەر وەزعێکی زۆر نالەباردا کەوتن و دیتیان کە خەڵکێکی زۆر لە ترسی ئەوەی شەڕێکی گەورە بەڕێوەیە لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون. لەو کاتەدا بێجگە لە حیزبی دیموکرات هیچ هێزێکی دیکەی دژبەری ڕێژیم لەو ناوچەیەدا نەبوو.

ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمە بوو. پێشمەرگەکان پاش گەڕانێکی باش لە ناوچە و لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە گوندەکانی «واژە»، «کەندەڵ» و «گوێزلێ» دەمێننەوە. لە دەوروبەری شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان و لە چەند «کۆخ» و ئاواییەکی نیزیکیش هێزی دوژمن بە تەواوی جێگیر ببوون. دیارە گرینگترینی ئەو شوێنانە بەرزایی «گردی گۆیل» بوو کە دەڕوانێتە سەر گوندەکانی «ساڵۆک»ی سەرێ و خوارێ و شوێنێکی ستراتیژیک بوو. پێشمەرگەکان تازە گەیشتبوونە ئەو ناوچەیە کە هێزەکانی دوژمن لە ئاواییەکانی «سپیدارێ»، «بەردەڕەش» و «هەلاسبار» و، هەروەها لە کۆخەکانی «قولینگ»، «سێکانیان»، «بۆکز» و «عەبەشەریف» جێگیر بوون.

ئامانجی ڕێژیم لەو عەمەلیاتەدا گۆڕینی تاکتیکی نیزامیش بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوو. چونکی تا ئەوکاتە دوژمن هەر شەڕی جبهەیی لەگەڵ پێشمەرگە کردبوو، بەڵام کاتێک پێشمەرگە تاکتیکی گۆڕی بۆ شەڕی پارتیزانی، ئەمجارەیان فەرماندەرانی هێزی چەکداری ڕێژیم ڕێگەچارەی بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵەی پێشمەرگەیان تەنیا لە چەند تاکتیکی نیزامیدا دەدیتەوە کە بریتی بوون لە: «کەروێشکەڕاو»، «چەکوچ و سندان»، «ڕاوەدوونان و زەبرلێدان» و «هێرش و گەمارۆ».

ڕێژیم ئەو ڕۆژە تاکتیکی «چەکوچ و سندان»ی گرتبووە بەر کە بریتی بوو لە یەکەم هێزی «چەکوچ»، واتە کێن ئەوانەی هێرش دەکەن. دووهەم، «سندان»؛ واتە پێش بە پاشەکشەی پێشمەرگە بگیرێ. سێهەم، هێزی یارمەتیدەر کە هەر کات پێویست بوو بە هانای هەرکام لە لایەنەکانی دیکە، واتە چەکوچ یا سندان بکەوێ. لەو تاکتیکەدا ئامانجی هێزی چەکوچ پاشەکشەکردن بە هێزی پێشمەرگەیە کە خۆی بە لای هێزی سنداندا بکا و لەوێ پریس ببێ و ئیدی بە قەولی خۆیان جووقەواری پێشمەرگە لە ناوچەکەدا ببڕن...

بەڵام ٧ ساڵ شەڕی پڕ دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ دوژمن

ئەوانی خاوەنی گەلێک ئەزموون و ڕۆڵەی لە کڵ دەرهاتوو کردبوو.
بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمە کاتژمێر ٦ی بەیانی تەقە لە کۆخی «عەبەشەریف» دەستی پێکرد. زۆربەی شوێنە ئەستەمەکان لە پاوانی هێزی دوژمندا بوون. بۆیە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان ئەرکیان بۆ دیاری دەکرێ کە لە هێزی چەکوچی ڕێژیم بدەن، چونکی بە شکانی هێزی چەکوچ لە بنەڕەتدا هێزی «سندان»یش شکاوە. دوای ئەو بڕیارە پێشمەرگەکان هەموو توانای خۆیان وەگەڕ خست و گرینگترین نوقتەی ستراتیژیی شەڕگەیان گرت. بەگرتنی بەرزاییەکانی شەڕگە پێوەندیی بەشێکی زۆری هێزی ڕێژیم کە خۆیان بۆ ڕووناکی هەوا ئامادە کردبوو پچڕا و، تووشی سەرلێشیواوی هاتن، بەتایبەت بەگیرانی چەند بێسیمی هێزەکانی ڕێژیم هێزی چەکوچ بە تەواوی تووشی سەرلێشیواوی و پەرشوبڵاوی بوو.
شەڕ لە هەموو شەڕگەکان دەستی پێکرد. دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان خۆیان لە هێزی «سندان» نیزیک کردەوە و بە گورجی لێیان دان. ڕێژیم لە ماوەیەکی کەمدا کە هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات شکستی خوارد و هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ٥ سەعات شەڕدا هەموو شوێنێکیان لە هێزی داگیرکەر پاک کردەوە. پاشان هێزی یارمەتیدەر کە ئەویش چاوەڕوانی ئەو شکانە نەبوو بە چەکی قورس و نیوە قورس دەستبەکار بوون و سەنگەری پێشمەرگەیان ئاورباران کرد، کەچی بەو حاڵەش هێزەکانی دوژمن ورەی هاتنە پێشیان نەبوو... ئەوەش لە خۆڕا نەبوو، چونکی لە ماوەی ئەو چەند سەعاتەی یەکەمی شەڕدا زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لێ کوژرابوو و بریندار ببوون. هەروەها چەند کەسیشیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بە دیل گیرابوو و بەدەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆریان کەوتبووە بەر دەستی هێزی پێشمەرگە.
سەرکەوتن لەو شەڕە بۆ پێشمەرگە بوو، بەڵام خوێنبایی ئەو سەربەرزییە گیانی پاکی ٣ قارەمان بە ناوەکانی عەبدول فاتحی، کەریم قادری و عەبدوڵلا ڕەحیمی بوو. دیارە شەهیدبوونی سێ ڕۆڵەی نیشتمان ئازارێکی بەژان بوو، بەڵام مایەپووچکردنەوەی تاکتیکی نیزامیی دوژمن بۆ پێشمەرگە دەسکەوتێکی گەورە بوو. چونکە دەوڵەت زۆری بە فەرماندەکانییەوە دەنازی بەتایبەت ئەوانەی کە لە شەڕی ئێران وعێراقدا بەشدار بوون بەڵام زەبوونی دەستی فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە بوون

# چیرۆکی حەماسەخوڵقێنیی پێشمەرگەکانی دەڤەری شمالی کوردستان

لە هەموو شۆڕشێک و بە تایبەتی شۆڕشی کورد و بە تایبەتیتر خەبات و بەرخودانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی کۆنەپەرستی و زوڵم و زۆرداران، دەیان و سەدان حەماسەی گەورە و چووکە و لەخۆبوردووییان لە ئاسمانی خەباتی ڕەوای گەلی کورددا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار ماوەتەوە و مێژووی خەباتی گەلەکەمان بەو حەماسانەوە دەناسرێتەوە. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی دووروودرێـژی بڕیوە. ئەگەر باسی خەبات و بەرگرییە چەکدارییەکەی بکەین ڕێگایەک بووە کە دوژمن بەسەریدا سەپاندوە و کە پڕ لە تەنگ و چەڵەمەش بووە، لە هەوراز و نشێو، لە شکست و سەرکەوتن، بەڵام لەو هەمووە کەند و لەندەدا هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار، تەنانەت هیچ سەردەمێکی ڕەش نەیتوانیوە بەر بە درێژەدانی خەباتی تێکۆشەرانی بگرێ و ئەوان لە هەموو هەلومەرجێکی ناسکدا توانییان ئاڵای خەبات هەر شەکاوە ڕابگرن. خۆی ئەو خەباتە نیشانەی بەرحەقبوونی ئامانجەکانی و ئازایەتیی ڕۆڵەکانیەتی.

بە هاتنی هەر وەرزێک لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەبات و تێکۆشانی هـێزی پێشمەرگە دەنـووسـرایـەوە. لاپـەڕەیـەک کـە بـە پانتایی و درێـژایـی کـوردسـتـان جـێگای هـیـوا و هـومـێدی هـەمـوو گـەلانی ئێرانیش بـوو. خەڵک و پێشمەرگە لە کوردستان وزە و توانای خـۆیـان یـەک دەخـسـت و بـە گژ دوژمـنـی کـورددا دەچـوونـەوە.

سەرماوەز ساڵی ١٣٦٣ بوو، سەرماوەزێکی زۆر سارد و تووش نا، بەڵام لە ناوچەی شیمالی کوردستان بەهۆی کوێستانی بوونی ناوچە بارودۆخەکە جیاواز بوو. مانگ مانگی پێشمەرگە بوو، مانگێک کە پێشمەرگەی پێ ناودێر کرابوو. ڕۆژی ٥ی سەرماوەز بەفر زۆر جێگای کوردستانی سپی کردبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە دەرفەتێک دەگەڕان بتوانن زەبرێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان

بدەن، لەم ڕۆژەدا پەلاماریان بردە سەر گوندی «مسکێنی» لە ناوچەی شیمالی کوردستان بۆوەی خەڵکی ئەو گوندەش وەک زۆر لە گوندەکانی دیکەی کوردستان قەتڵوعام بکەن. هەواڵی هێرشی هێزی داگیرکەر بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە گەیشت. هێزی پێشمەرگە لێ بڕان دەرسێکی باش بە هێزەکانی دوژمن بدەن و وەهایان بتاسێنن چیرۆکەکەی زاربەزار بڕوا و سینگ بە سینگ بگوازرێتەوە. هێزی پێشمەرگەی بەجەرگ و خاوەن ئەمەگی نیشتمان لەو مەڵبەندە، مەچەکی پیاوەتی وئازایەتییان لێ هەڵ کرد و چەکی دیفاع و مان و مەوجوودیەتی گەلەکەیان تاو داو بڕیاریان دا ڕێگای شەڕەف ببڕن و سەرکەوتنیان بە خوێن بکڕن. ئەوانە ڕۆڵەی تۆڵە و دەریای خرۆشانی ڕقوقین لە دوژمنان و خوێنمژان و دەستەبەری ئازادی نیشتمان بوون کە لە ماوەیەکی کەمدا لە شەڕێکی حەماسە خوڵقێندا توانیان گورهانی زەربەتی تیپی «جنداللە» لە دەوروبەری ئاوایی لە داو بخەن و زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن بدەن. تێکۆشەرانی دێموکرات بەجۆرێک لە دوژمن ڕاسان کە مەجالی دەستکردنەوەیان لێ بڕین و هێزە کۆک و پۆشتەکەی جەماران لەبەرامبەر هێزی ئاوا قارەماندا جگە لە کونجی چارەڕەشی هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ خۆیان نەهێشتەوە. لەو حەماسەیەی هێزەکانی پێشمەرگەدا هەر هەموو گورهانەکە لە بەر یەک هەڵتەکا و ئاداری بەسەر پادارییەوە نەما.

ئەوەی لای فەرماندەرانی پێشمەرگە گرینگ بوو ئەمە بوو کە لە مەیدانی شەڕدا بیر لە زۆر لایەنی ئەو شەڕە کرابۆوە کە یەکێک لەوانە کەمین نانەوە لە سەر ڕێگای هێزی یارمەتیدەری دوژمن بوو، هەر بۆیەش دوژمن کە بۆ پاکسازیی ئەو گوندە هاتبوو، هێزێکی تازە نەفەسی بەڕێی شوێنی لەداوکەوتووەکان کرد، کە ئەوانیش لە شوێنێکی دیکە کەوتنە کەمینی پێشمەرگەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژران و بریندار بوون و ناچار بە شکان و پاشەکشە کران.

ئەوەی لەو عەمەلیاتەدا جێگای باسە مەسەلەی غافڵگیری دوژمنە کە یەکێک لە ئەسەڵەکانی شەڕی پارتیزانییە و بەهۆی گۆڕینی گۆڕەپانەکانی شەڕ لە کوردستان لە شەڕی جبهەییەوە بۆ شەڕی پارتیزانی، هێزی پێشمەرگەی حیزبی

دێموکرات بە وردی هەنگاوی بەرەو ئەو تاکتیکە هەڵ دێناوە.
دیارە ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە ماوەیەکی دووروودرێژ بوو بەشەڕی جبهەیی ڕاهاتبوون، بەڵام ئەو ساڵە بە گۆڕینی ئەو تاکتیکە ئەزموونی باشیش دەست کەوت، لایەنێکی دیکەی ئەو عەمەلیاتە گرینگییەکەی لەوەدا بوو کە هەموو کارەکان وەک دارشتنی گەڵاڵەی شەڕ و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکان و جێگیربوونیان لە شوێنەکان لە ماوەی نیو سەعاتدا جێبەجێ کرابوون و کاتێک دوژمن دەنگی تەقەی تفەنگی پێشمەرگەی بیست سەری سووڕ ما و بەتەواوی سەری لێ شێوا. خاڵی موسبەتی دیکەی ئەو عەمەلیاتە لەوەدا بوو کە هەموو بەشەکانی عەمەلیاتەکە، واتە تیمی کەمین، تیمی هێرش، تیمی کێشانەوەی بریندار، تیمی پشتیوانی، تیمی ئاوری توند، تیمی کۆکردنەوەی دەسکەوت و تیمی ڕاگواستنی دیل بە باشترین شێوە کارەکانیان بەوەخت ڕاپەڕاند. ئەویش لەحاڵێکدا کە تازە هێزی پێشمەرگە قۆناغێکی نوێی لەو جۆرە تاکتیکانەی شەڕدا دەست پێکردبوو، و ئەمە ئەزموونێکی زۆر باش و سەرکەوتوو بوو.
بەرگی بەراوەی ئەو عەمەلیاتە بێجگە لەوانەی ئاماژەیان پێکرا، دوو مەسەلەی زۆر گرینگ بوون. یەکیان نەزم و دیسیپلین کە سەرکەوتنی بۆ هێزی پێشمەرگە مسۆگەر کرد. دووهەم نهێنی کاری و ئەسڵی غافڵگیریی دوژمن بوو، بۆیەش هێزەکانی ڕێژیم وەها تاسابوون کە توانای دەستکردنەوەیان نەبوو. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە قارەمانەکانی دێموکرات لاپەڕەیەکی دیکە لەسەرکەوتنەکانی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان لە مێژوودا تۆمار کرد.
لەم شەڕەدا کە ڕۆژی ٥ی سەرماوەز کرا و ماوەی ١٠ سەعاتی خایاند، زیاتر لە٨٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و چەندین کەسیشیان لێ بە دیل گیرا. هەروەها دەیان قەبزە چەکوچۆڵی جۆراوجۆری دوژمن بە دەسکەوت گیران، ئەوەش کە تاڵیی ئەو شکستەی بۆ دوژمن چەند قات کردبوو ئەوە بوو کە تاقە یەک پێشمەرگەش لەو شەڕەدا لووتی لە خوێن نەهاتبوو و هێزی پێشمەرگە لەنێو خۆشحاڵیی خەڵکدا، ساغ و سلامەت و بە سروودی هێزی پێشمەرگە نابەزن لە مەیدانی شەڕ دوور کەوتبوونەوە.

# هێزی زمزیران و زمهەریریٚ بۆ دوژمن

بست بە بستی کوردستان و هەموو ڕۆژ و حەوتوو و مانگەکانی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی مەیدانی حەماسە و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. سەرەڕای ئەوە کە کوردستان بەتەواوی میلیتاریزە کرابوو و ڕێژیم بۆ بەرگرتن بە چالاکیی هێزی پێشمەرگە هەموو ڕۆژێ هێزی زیاتری لە کوردستان دەکرد و، لە چوار وەرزی ساڵدا لەهەموو گوندەکان پایەگا و بنکە نیزامییەکان ئاوەدان دەکران و ڕێی هاتوچۆی پێشمەرگە و ناوچە سنوورییەکان مینڕێژ دەکران، بەڵام هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەروا لەسەر پێ و لە جووڵە و زەبروەشاندنی بەردەوامدا بوو. ڕێژیم هەروەها دەیان گرووپی زەربەتی بە ئیمکاناتی لۆجستیکیی تەواو بۆ شوێنکەوتنی هێزی پێشمەرگە و فریاکەوتنی هێزە جێگیرەکانی خستبووە جووڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە پۆل پۆل لە خەڵکی کوردستان بە تاوانی پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات دەگیران و دەخرانە بەندیخانەوە، کەچی نە دەروەستی خەڵک دەهات و نە پێی دەکرا هێزی پێشمەرگە بوەستێنێ.

لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە کۆکردنەوەی ئەزموونی زۆر و لە سۆنگەی پشتیوانی و هاوکاریی بەرین و هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستانەوە دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کرد و زەبری زۆر قورس لە گرووپە بەناو زەربەتەکانی ڕێژیمیش کەوت، هاوکات لە چەند شاریش هێزی پێشمەرگە چوونەوە نێو شارەکان و هاوکات توانییان جادە گرینگ و ترانزێتەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. لەو ساڵەشدا بە سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون

و بە دیل گیران. لەباسی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەماندا ئاورڕ لە نموونەیەکی بچووکی ئەم خۆڕاگری و حەماسەیە دەدەینەوە.

ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٦ پێشمەرگە قارەمانەکانی زمزیران لە ناوچەی ڕەبەت بۆ کار و چالاکی و تێکۆشانیان ڕوو لە هەوارەکانی بەرزاییەکانی «مەیدان چۆغە» و «جنیبان» و پشتی «کانییەڕەش» دەکەن. ئەو ناوچەیە بۆ هێزی پێشمەرگە لەباری نیزامییەوە جێگایەکی تایبەتی بوو، هەم چیاکان بەرد بە بەرد و هەم خەڵکەکە دەستیان لەنێو یەک نابوو کە پشتیوانی بە ئەمەگی ڕۆڵەکانی نیشتمان بن. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای ئەوەی چەندین پایەگای لەو ناوچەیە و دەوروبەری ئەو گوندە جێگیر کردبوو، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە گورهانی زەربەتی گوردانی ژاندارمەریی «نجف اشرف»ی بۆ پشت ئاوایی و هەوارەکانی ئەو ناوچەیە بەڕێ کرد کە قارەمانانی مەڵبەندی زمزیرانی لەشکان نەهاتوو لێی مابوونەوە.

هەواڵی هاتنی هێزی داگیرکەر بە پێشمەرگەکان گەیشت و ئەوانیش وەک هەمیشە و هەڵۆئاسا بڕیاریان دا بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن ببنەوە و دەرسێکی لەبیرنەکراویان دادەن. پێشمەرگەکان دەمودەست خۆیان ڕێک خست و هەر کام لە پەل و دەستەکان بۆ کاری دیاریکراو لە شوێنی مەبەست جێگیر بوون.

هێزەکانی دوژمن کە قەت بیریان لەوە نەکردبۆوە لەنێو چەند پایەگای خۆیاندا هێزی پێشمەرگەی دیموکرات بێنە سەر ڕێگەیان، ئارخەیان و دڵنیا دەهاتنە پێش و بە تەمابوون داگژێنە سەر هەوارچییەکان، بەڵام هێشتا چەند میتر لە ئاوایی «کانییەڕەش» دوور نەکەوتبوونەوە کە ئاگری چەکی پێشمەرگە تاساندنی. هێزی تاساو و شپرزەی دوژمن کونە مشکیان لێ ببووە قەیسەری و ڕوویان لە هەر کوێ دەکرد ئاگریان بەسەردا دەباری.

لە گەرمەی شەڕدا چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم ڕوویان کردە پۆلە دارێک کە منداڵێکی خەڵکی ئاوایی لێ بوو. هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ئەو منداڵە دەکەنە قەڵغان و بە بارمتەی دەگرن، بەڵام پێشمەرگەکان توانییان هەموویان بکوژن و منداڵەکەش بە سڵامەتی دەرباز بکەن.

لەو هەڵمەتە شێرانەیەدا کە بوو بە هۆی تەفروتوونا بوونی گورهانی بەناو زەربەتی ڕێژیم، زیاتر لە ٦٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و دەیان کەسیش بریندان بوون، هەروەها دەیان قەبزە چەکوچۆڵ و کەرەستەی نیزامی وەک دەسکەوت کەوتنە بەردەستی پێشمەرگەکانی دێموکرات. ڕۆڵەکانی گەل لە هێزی زمزیران لەو ڕۆژەدا، واتە ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٦ لاپەڕەیەکی زێڕینیان بە لاپەڕە پڕ لە فیداکارییەکانی خۆیان زیاد کرد و دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان زیاتر ڕازاندەوە.

ئەوەی لەو عەمەلیاتەدا زیاتر جێگەی تێڕامانە و دوژمنی زیاتر تاساند، ساغی و سڵامەتیی هەموو پێشمەرگەکان بوو کە پاش ٣ سەعات شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و دەستەویەخە حەماسەیەکی کەم وێنەیان خوڵقاندو سەرەڕای ئاورباارانی تۆپخانەی دوژمن تەنیا سەرشۆڕی بۆ داگیرکەرانی کوردستان مایەوە و سەربەرزییەکی دی بۆ ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تۆمار کرا.

خەبات کە ڕەوا بوو، پێشمەرگە کە بەجەرگ و بەئیمان بوو، کە خەڵک و گەل پشتیوانی ڕۆڵەکانیان بوون، کە ئەزموونەکانی سەرکەوتن و شکست لەسەر یەک کەڵەکە دەکرێن، ئەوانە لە مەیداندا دەبنە هەوێنی سەرکەوتن، جا با هێزی دوژمن هەزار بە هەزار بێ و ئیمکانات و چەکوچۆڵی هەرە پێشکەوتووشیان بە دەستەوە بێ.

# «کێلەشین»ی ئێمە و شین و شەپۆڕی ئەوان

هەر دەمێ چاو بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بخشێنین و لاپەڕە پڕ لە سەروەری و زێڕینەکانی لە مەیدانی گیانبازی لە دژی هێرشکەران و داگیرکەرانی کوردستان هەڵدەینەوە، بیری ئەو ڕۆژانە دەکەوینەوە کە قارەمانەتیی پێشمەرگە لێوانلێوە لە فیداکاری و خۆڕاگری و سەربەرزی. ئەو مێژووە و ئەم خۆڕاگرییە بەسانایی وەدەست نەهاتووە و جێگا پەنجەی تێکۆشەرانێکی پێوە دیارە کە شەو و ڕۆژ بۆی ماندوو بوون و بۆی مردوون. هەر لە قۆناغی چل ساڵەی خەباتی گەلی کورد لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر پیلان لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە بۆ خاشەبڕکردنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لەئارادا بووە، لە تواندنەوەی شوناسی نەتەوەخوازی، لە شەڕ و داگیرکاری و لە تیرۆر و کوشتوبڕی دژبەرانی سیاسیی ئەم ڕێژیمە، بەڵام دوژمن سەر نەکەوت. چونکی کورد لێ براوە مافەکانی بوێ و خەباتی بۆ دەکا، چونکی کورد ئاڵا و خاکی خۆی دەوێ و گیانی بۆ دەبەخشێ، چونکی کورد نابێتە ئەویدی و ئەویدیش ناتوانێ بە زەبروزەنگ بیتوێنێتەوە. لە نێو دیرۆکی ئەم سەربەرزییەدا حیزبی دێموکرات بەشی شێری پێ دەبڕێ. حیزبێک کە پتر لە حەوت دەیەیە ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانێکی بندەستی شەکاوە ڕاگرتووە، حیزبێک کە ئەگەرچی خوێنی زۆر لەبەر ڕۆیشتووە، بەڵام دڵی بەهێزی جووڵانەوەی نەتەوەیەکی مافخوازیشە. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا سەرێکی ناوچەی شنۆیە دەدەین و ئیستێک لەلای هێزی "کێلەشین" دەمێنینەوە.

هێزی کێلەشین مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە لە حەماسە و گیانبازی. لە سەرکەوتنن بە سەر هێزی زۆر و زەوەندی داگیرکەر و تۆمارکردنی سەروەری. هێزێک کە ئێستاش ڕۆژژمێرەکانی پڕن لە بیرەوەری، لە وانەی فێربوون و هەروەها دەم و ساتی تاڵی شەهیدبوونی پۆل پۆل

پێشمەرگەشی لەمەیدانی بەربەرەکانی دژی داگیرکەران لەدەست داوە.
ڕۆژی ١٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، پۆلێک پێشمەرگەی مەڵبەندی شنۆ لە ڕێگای دوورەوە بۆ پشوودان لە نیزیک هەوارەکانی "پیرامز" بارگەوبنەیان کردبۆوە. پێشمەرگە هەر کام لەکیسە خەوی خۆیدا و نیگابانیش لەبەر سەرما کیسە خەوەکەی لەخۆی هاڵاندبوو و بە هێواشی قەدەمی لێ دەدا. بەرەبەیانێکی زوو بوو. چەند پێشمەرگەیەکیش وەک دیدەبان لە شوێنێکی دیاریکراو لە بەرزاییەکەی پشت سەری خۆیان وەک هەڵۆیەکی تیژباڵ چاودێریی ناوچەکەیان دەکرد.
کوێستانچییەکانی دەوروبەر بە کاری مەڕداری و ڕۆژانەی خۆیانەوە خەریک بوون و بەرەبەرە جووڵە و جموجۆڵەکان زیاتر دەبوون. شوانی کوێستانچی لە کاتژمێری ٨ و ٩ی بەیانی لە قەد پاڵەکانی ئەو دەڤەرەوە ملی لە گۆرانی گوتن نابوو و ئەو پێشمەرگانەی لە قەراغ کوچکە ئاورەکە خۆیان گەرم دەکردەوە، گوێیان بۆ دەنگە بەسۆزەکەی شوانەکە ڕاگرتبوو.
خۆر بەرەبەرە بەرز دەبۆوە پێشمەرگە هەمووی لەخەو هەستابوون و بە دەم چای بەیانییەوە کۆڕ و دانیشتن دەستیان پێکردبوو. ئەوانەی شەو بە کاروباری پێشمەرگانە و تەشکیلاتی سەردانی گوندەکانیان کردبوو، ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانەکانیان دەداوە بە بەرپرسەکانیان و تاوتوێی پرس و بەرنامەی کاری داهاتوویان دەکرد. لەگەرمەی قسەی خۆش و جەفەنگ و نووچدانی پێشمەرگەکان دیدەبانەکان هەواڵیان بە فەرماندەکانیان دا کە هێزی دوژمن بەرەو هەواری کوێستانچییەکان کەوتوونە ڕێ. فەرماندەری پێشمەرگە لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکەی سازمان دا بۆ ئەوەی پێش بە هێرشی هێزی داگیرکەر بگرن کە بۆ تاڵانبڕی و کوشتاری هەوارچییەکان هاتبوون. پێشمەرگەکان بڕیاریان دا دوژمن بتاسێنن و زەبرێکی گورچکبڕ و لەبیر نەکراویان لێ بدەن، تەنانەت ئەگەر گیانیشیان لەسەر دابنێن.
دوای سازماندانی هێزی پێشمەرگە لەلایەن فەرماندەرانیانەوە و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو شوێنە گرینگەکانی ئەم عەمەلیاتە، عەمەلیات سەعاتی ١١ی نیوەڕۆ بەهێرشی تێکۆشەرانی دێموکرات دەستی پێکرد. شێرەکوڕانی دێموکرات بەجۆرێک دوژمنیان خستە داوی خۆیانەوە کە بە تەواوی سەریان لێ شێوا و هێزی

زەبەلاحی بەناو زەربەتی دوژمنیان تەزاند. نەعرەتەی پێشمەرگە لەنێو شیو و دۆڵی شاخەکانی ئەو دەڤەرە و هاشوهووشی گوللە ئەوەندەی دیکە سەری لە دوژمن شێواندبوو، بەجۆرێک کە هێزی ورە بەرداوی دوژمن تەنانەت بەردەکانیشی بە پێشمەرگە دەدی و لێی دەسڵەمینەوە. لەو شەڕە حەماسەییەدا ئەوەی گرینگ و جێی باسە تاکتیکی قارەمانانی ئەو مەڵبەندەیە کە هاوکات لەگەڵ زەبرلێدان لە هێزی بەناو زەربەتی دوژمن، دەستەیەکیش لە پێشمەرگەکان لە پایەگای "دۆڵـەواژێ" و پشتی "کانیشەمسەدین" بدەن، بۆ ئەوەی هێزی یارمەتیدەر نەتوانێ بە هانای لە داوکەوتووەکانەوە بێ، لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا هێزی ڕێژیم دەستی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت کە بتوانن چووکترین یارمەتی بە هێزەکانیان بگەیەنن. پاش چەند سەعات شەڕی قارەمانانە زیاتر لە ٥٠ کەس لە هێزەکانی داگیرکەر کوژران و دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆریش بە دەسکەوت گیران.

گرینگییەکی دیکەی ئەم حەماسەیە لێرەدایە کە بێجگە لەوەی دوژمن زەبرێکی کاریگەر و گورچکبڕی وێکەوتبوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە هەموویان سلامەت بوون. خاڵێکی دیکەش ئەوە بوو کە لەو زیاتر لە ٥٠ کەلاکەی دوژمن کە لە شەڕگەدا کەوتبوون و بەجێ مابوون، تەنیا یەک کەسیان جاش و ئەوانی دی هەموو پاسدار بوون و ئەوەش تاڵیی ئەم شکستەی بۆ سپای پاسداران چەند قات کردبوو. ئەوەش کە دوژمنی تاساندبوو نەک هەر ئازایەتی و قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە لە شەڕگەکە زیاتر لە ٥٠ کەلاکیان خستبوو، بەڵکوو ئەوە بوو کە دەیاندی هێزی پێشمەرگە لە ڕووی تاکتیکی نیزامی و شـەڕەوە بە سەریاندا زاڵە و هەموو بەرنامەکانی ئەوانیان مایەپووچ کردووەتەوە.

# ئیمانێك بە پتەویی شاخ بە خۆڕاگریی داربەڕوو

لە ماوەی ئەو ٤٠ ساڵەدا کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە توانیویەتی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری لە خەبات و بەربەرەکانی تۆمار بکا. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە دەرکەوت کە ڕوانگەی ئەوان بۆ پرسی نەتەوەیی و ماف و ئازادیی گەلانی ئێران هەر هەمان ڕوانگەی دەسەڵاتی پاشایەتی و بگرە شۆڤینیتریشە؛ هەربۆیەش حیزبەکەمان داکۆکیی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی کردە ئەرکی سەرەکیی خۆی. لەم ڕۆژەوە پۆل پۆل لاوانی نیشتمانەکەمان ڕێگە و سەنگەرەکانی ئەم حیزبەیان هەڵبژاردووە و لە کاروانی ئەم خەباتەدا بە هەزاران کەس شەهید و بریندار و کەمئەندام بوون.

ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ژیان بە ئازادی و ڕزگاری بۆ نیشتمان بەبێ فیداکاری و لەخۆبوردوویی وەدەست نایە، باشیش دەزانین لەو ڕێگایە شەهید بوون و ئاوارەیی و کوشتن و دەربەدەری و زیندانیش هەیە کە هیچکامیان ویستی هیچ کەسێک نییە. بەڵام ڕۆڵەکانی ئەم نێشتمانە زۆر جار ئەو پێشهاتانەیان بەگیان کڕیوە و بە باوەشێکی فراوانەوە پێشوازییان لێ کردووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ژینی ژێردەستی لای ئەوان مانا نادا و چەوسانەوەیان پێ قبووڵ ناکرێ، بۆیە یان لە سەنگەرەکانی بەرگریدا شەهید دەبن و ئەگەر چارەنووسیان بکەوێتە زیندان دوا هەناسەکانی ژیانیان سەربەرزانە لە زینداندا تێپەڕ دەکەن.

لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیەدا باس لە بەسەرهاتی خۆڕاگریی محەممەد شارویرانی، یەک لەو جوامێرانەی کورد دەکەین، ئەگەرچی سەختە بتوانی لە گۆشەیەکی ٨٠٠ وشەییدا سەدان چیرۆکی پڕ حەماسە و سەروەری لە ژیانی کەسایەتییەکی ئاوا بگێڕییەوە.

محەممەد شارویرانی ساڵی ١٣٦٢ هاتووەتە ڕیزی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب و پاش ٥ ساڵ کە ئاشکرا دەبێ، سەنگەرەکەی دەگوازێتەوە بۆ ڕیزی ئاشکرای پێشمەرگەکان. ئەخلاق و ئاکاری جوان، پرستیژ و

خۆشەویستی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک بەشێک لەو تایبەتمەندییانە بوو کە ئەوی پێ دەناسرایەوە، پێشمەرگەیەک کە ئێستا گیانیشی لە گرەوی ئامانجی گەلێکی خەباتکار نابوو. شارویرانییەک کە دەستی لە گیان وماڵی خۆی هەڵگرتبوو و لە پێناو ئامانجەکانی خەبات و نیشتماندا هەموو ئازار و فیداکارییەکی بەگیان دەکڕی. شارویرانی باش دەیزانی شۆڕشگێڕ هەر ئەوانە نین کە چەکیان لە شان دایە. ئەو لەمەیدانی کردەوەدا دیبووی کە چۆن بە دەیان جار لە ناوچەی مەهاباد بەگشتی و شارویران بەتایبەتی خەڵکی حیزب خۆشەویست ئەویان لە نێو دەیان و سەدان چەکداری دوژمن ڕزگار کردووە و پاراستوویانە. لە کەمین ئاگاداریان کردووەتەوە و تەنانەت دەربازیان کردووە، بۆیە هەموو ئەو خەڵکەی پێ خەباتگێڕی ڕاستەقینە بوو. ئەو باوەڕی وابوو پێشمەرگەی حیزبێکی شۆڕشگێڕی پێشڕەوی جووڵانەوەی گەلی کورد، خۆی لە خەڵک هەڵناوێرێ و بۆ خۆیشی لە دەرگای هەر ماڵێکی دابایە، بە سۆزەوە بە ڕوویدا دەکرایەوە و لە ئامێز دەگیرا.

ئەو پێشمەرگەیەکی بەوەج و بە دەستوبرد و تا بڵێی ئازا بوو و، لە باری کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن پێگەیەکی بەرز بوو و، ڕەوشتپاکی، فیداکاری و دڵسۆزی و بە باوەڕبوونەکەی لەسەر زاری خەڵک بوو.

ڕۆژ ڕۆیشت و مانگ وساڵ تێپەڕی و شارویرانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر لە کوورەی خەباتدا قاڵ دەبوو و خەرمانی ئەزموون و شانازی لەسەر یەک کەڵەکە دەکردن. ئەو ساڵەش (١٣٧٥) شارویرانی وەک هەموو ساڵەکانی دیکە خۆی بۆ ناوچە ئامادە کرد و لەگەڵ تیمێک لە کادر و پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەی تێکۆشانی شۆڕ بۆوە. شارویرانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی بە نهێنی سەردانی ئەم گوند و ئەو گوندی دەکرد و بە هەڵسووڕانی خۆی بەرنامەی گەشتە سیاسی و نیزامییەکەی دەبردە پێشێ.

ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ محەممەد شارویرانی بۆ کاری حیزبی ڕوو لە ئاوایی «قەرەخان» لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد دەکا، بەبێ ئەوەی بزانێ کە چ پیلانێکی گەورەیان بۆ داڕشتووە. شارویرانی کە بۆ کارێکی تەشکیلاتی و تەنیا بە دەمانچەیەکەوە ڕوو لەو گوندە دەکا، بەڵام مەغوول ئاسا هێزی دوژمن بەئاوایی وەر دەبن و دەوری

دەدەن و شارویرانی لەگەڵیان دەرگیر دەبێ. لە جێیەک و لە کاتیکدا دەیویست لە دیواری ماڵەکە سەربکەوێ، گوللەی دوژمن لاقی دەپێکێ و توانای ڕێبڕینی لێ دەبڕێ، بەمجۆرە دوژمن توانی شارویرانی بەدیل بگرێ و بەوەش لاپەڕەیەکی دی لە ژیانی هەڵدەدرێتەوە.
گێڕانەوە و نووسینەوەی چیرۆکی گیران و خۆڕاگریی شارویرانی لە توانای ئەم نووسینەدا نییە. گەلالەی گیرانی شارویرانی لە تارانەوە داڕێژرابوو، دوژمن لە ڕێگەی سیخوڕەکانییەوە زانیبووی کە شارویرانی دەبێ چاوی بە بەرپرسێکی کۆمیتەی حیزب بکەوێ و لەگەڵی بۆ شوێنێکی دیکە بچێ. ڕێژیم کە بە هەموو نرخێک دەیویست عەمەلیاتەکەیان سەرکەوتوو بێ، بێ گوێدانە سەرەتاییترین ڕێوشوێنی باری ئینسانی بۆ برینداریکی شەڕ، تەنیا لەبیری گەلاڵەکەی خۆیاندا بوون کە بتوانن لە ڕێگەی شارویرانییەوە ئەو بەرپرسەی حیزب پەلکێشی شوێنەکە بکەن.
هەروەک لە ژیانی شارویرانیدا دەردەکەوێ، ئەو خۆی بۆ هەموو نەهامەتییەکان ئامادە کردبوو و ئامادە بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا بمرێ، بەڵام خۆی بۆ داوای دوژمن بە دەستەوە نەدا. هەربۆیەش لەزینداندا هەموو جۆرە ڕەفتاریکی دژەمرۆیی لەگەڵ کرا بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووی ڕووحییەوە بەچۆکیدا بێنن. ئەشکەنجەکانیش تا ئەو ڕادەیە چوونە پێش کە لاقێکیان بڕییەوە و ئازاریکیان لەگەڵ خست کە تا ئێستاش وەک میراتێکی شووم لەگەڵیەتی.
وەک گوتم ئەوەی دەبێ لەسەر خۆڕاگری شارویرانی لەزینداندا بگوترێ لە توانای ئەم قەڵەمەدا نییە و لەو گۆشە تەنگەبەرەدا جێی نابێتەوە، پێشمەرگەیەکی بەبرینداری بەدیل گیراو کە هیچ ئەشکەنجەیەک کۆڵی پێ نادا، تەنانەت سەپاندنی سزای ئێعدامیش، ئەوەش وای کرد کە ناوبانگی هەموو کوردستان دابگرێ. هەر ئەو خۆشەویستییەش وایکرد کە نوێنەری کۆچکردووی شاری سنە، مهەندیس بەهائەدین ئەدەب هەوڵێکی زۆر بۆ ڕزگارکردنی گیانی لە مردن بدا و سزاکەی لە ئێعدامەوە بۆ ئەبەد کەم بکرێتەوە.
شارویرانی لە هەل و دەرفەتێکدا کە بۆی ڕەخسا، توانی نیری دیلی لە ئەستۆی خۆی داڕنێ و خۆی بگەیەنێتەوە هاوسەنگەران و بێتەوە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و درێژە بە تێکۆشان و خەباتی بێوچانی بدا...

# سێ رۆژ بەرگری و هەڵمەتێکی دیکەی پێشمەرگە لە سەقز

لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی و بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، بەرگریی چەکدارانە یا بەردەوامیی تێکۆشانی چەکدارانە کە چەندین ساڵ بوو کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کوردیدا سەپاندبوو، سەلماندی کە بەپێچەوانەی پروپاگەندەی دوژمنانی گەلی کورد، خەباتی نەتەوەکەمان عامیلێکی سەربەخۆیە و لە هەموو کات و قۆناغێکدا توانای بەربەرەکانی و بەردەوامبوون و خەباتی لەگەڵ دوژمن هەیە. هەر بۆیەش دوژمن زۆری حەول دا کە دوای ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراق توانایی و جوولەی پێشمەرگە ببڕێ، بەڵام پێشمەرگە زۆر لێبڕاوانە لە سەرانسەری کوردستان لە چالاکیی خۆی بەردەوام بوو.ساڵێک دواتر کۆماری ئیسلامی تاکتیکی دیکەی گرتە بەر، بەڵکوو بتوانێ لە ڕێگایەکی دیکەوە پێش بە جموجۆڵی پێشمەرگە و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرێ، ئەویش بەکوشتدانی کورد بەدەستی کورد بوو. سیاسەتێک کە لەساڵی ١٣٦٨دا زۆر بە بەربڵاوی خۆی دەرخست و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەڵکی لێ وەرگرت.

کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە لە سەرانسەری کوردستان دەستی کرد بە سازکردنی گرووپی بەناو زەربەت بە شێوە و ناوی جۆراوجۆری وەک سەرباز، «سەرباز موعەلیم»، جاش سەرباز، جاش و... بەڵکوو بتوانێ پێش بە جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە بگرێ.

لەم ساڵەدا هێزەکانی حیزبی دێموکراتیش بە ئیمانێکی قایمتر لە ساڵانی پێشوو هەر کام بەرەو ناوچەی خۆیان و شیو و دۆڵەکانی کوردستان، هەوراز و نشیوەکانی بەرەو مەڵبەندی خۆیان دەبڕی.

لە یەکەم ڕۆژەکانی ناوچە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە سەرانسەری کوردستان لە نێو هێزە چەکدارەکان و بەتایبەت لە پایەگاکان و گروهەکانی زەربەتی ڕێژیم پێک هاتبوو. بۆ نموونە پایەگایەکی ١٥ کەسی ١٢ کەسی کوردیان لێ دادەنا و بەبێ ئەملاوئەولا بێسیمچیی

پایەگایان پاسدار یا بەسیجییەکی غەیری کورد دادەنا و هەموو هەوڵی ڕێژیم نانەوەی دووبەرەکی بوو لە نێو خەڵک و هێزی پێشمەرگەدا. لە درێژەی ئەم سیاسەتەشدا و لە هاوینی ١٣٦٨دا و بەتایبەتی دوای شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو لە سەرانسەری کوردستان هێرشی چەکدارانی ڕێژیم بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لە دالاهۆ و شاهۆ تا هێزی ئاگری بەچڕی دەستی پێکرد. پیلانی نوێی ئەم هێرشانە دوو ئامانجی لەپشت بوو. یەکەم، دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەخەیاڵی خۆیان پێیان وابوو ورەی پێشمەرگە ڕووخاوە و دەتوانن ئاسان زەفەریان پێ ببەن، دووهەم، هەرچی لەو شەڕ و لێکدانەشدا کوژرابا هەر لە گەلی کورد بوو. لە «هەگبەی شاخ شۆڕش»ی ئەمجارەدا گۆشەیەکی چووکە لە قارەمانیی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سەقز لە هێزی دووی ڕێبەندان باس دەکەین.

پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووی کوردستان لەبەر ئەوەی ناوچە سنوورییەکان بە هێز و زۆری هەر دوو وڵات (ئێران و عێراق) تەنرابوو، لە مانگی پووشپەڕدا بۆ ناوچەی خۆیان گەڕانەوە. سەردانی گوندەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە و خۆپاراستن لە پیلانەکانی دوژمن بەرنامەی کاری شەو و ڕۆژیی ئەوان بوو. تا ئەوەی دواجار دوژمن بە شوێنەکەیانی زانی و لە ڕۆژەکانی ٩ و١٠ی گەلاوێژدا لە پشتی ئاواییەکانی مازوار، سرنجاخ و قشلاق لە ناوچەی خورخورەی سەقز هێرشی کردنە سەر.

کاتێک هێزی پێشمەرگە هەستیان بە هێرشی دوژمن کرد، دەستوبرد و دەمودەست وەخۆ کەوتن و دەستیان بەسەر هەموو شوێنە ستراتیژیکەکانی زاڵ بەسەر مەیدانی شەڕگە داگرت و وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ جموجۆڵی دوژمنیان گرتە ژێر چاودێریی خۆیانەوە. لەگەڵ نیزیکبوونەوەی هێزی دوژمن لە هەموو لایەکەوە ئاورباران کران. شالاوی هێرشی دوژمن بۆ ماوەی دوو ڕۆژ درێژەی هەبوو و هەموو جارێکیش هەر بەرەوڕووی شکان دەبۆوە.

لەو شەڕەدا زیاتر لە ٥٠ کەس لە دوژمن کوژران و دەیان کەسیش بەدیل گیران، هەروەها دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر وەک دەسکەوت بەنەسیبی هێزی پێشمەرگە بوون. شکستی زەبووبانەی دوژمن

نرخەکەی گیانی دوو ڕۆڵەی بە جەرگی نیشتمان بە ناوەکانی تەوریز ڕەحمانی» ناوسراو بە چنوور و پێشمەرگەیەکی دی بەناوی «ماشەڵلا محەممەدی» بوو. بەڵام ئەمە کۆتایی داستان نەبوو. دوای شەڕی ئەو دوو ڕۆژە پێشمەرگەکان واتە ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ بۆ پشوودان ڕوو لە پشتی ئاوایی جەوشەن لەناوچەی سەرشیو دەکەن. لە لایەکی دیکەوە هێزی ڕێژیم کە زەبری کاریگەری وێ کەوتبوو لە زۆر ناوچەی دیکە و بە چەندین گرووهی زەربەتەوە تەنیا دوو ڕۆژ دوای شەڕەکە شوێنی پێشمەرگەکانی لە پشتی ئاوایی جەوشەن دۆزییەوە و کاتژمێری ٥ی بەیانی بە پشتیوانیی تۆپخانەیەکی قورس پەلاماری دان.
جیاوازیی ئەو ڕۆژە لەگەڵ دوو ڕۆژی پێشتر لەوەدا بوو کە قارەمانانی دێموکرات بە هۆی ماندوویی لە ڕادەبەدەر بە شێوەیەکی نهێنی لە ژێر پۆلەدارێک خۆیان حەشار دابوو بۆوەی دوژمن هەستیان پێ نەکا و بتوانن خۆیان لە شەڕ بپارێزن. لە کاتێکدا کە تەواوی بەرزاییەکانی ئەو دەڤەرە بە هێزی دوژمن تەنرابوو، تێکۆشەرانی دێموکراتیش کە لە کوورەی خەباتدا لە کڵ دەرهاتبوون، دەست و تفەنگ چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی گونجاو بوون. کاتژمێری ١٠ی سەر لەبەیانی دوژمن کە پێی وابوو پێشمەرگە لە ناوچەدا نییە، هێزەکانی لە بەرزاییەکان بۆ خوارەوە داگیرا و، هێشتا زۆریەک لە بەرزاییەکان چۆڵ نەکرابوون کە قارەمانەکانی دێموکرات بە یاد و تۆڵەی چنوور و ماشەڵلا لێیان وەدەست هاتن و لە شەڕێکی ٥ سەعاتەدا ئەو ڕۆژەش دەیان کەسی دیکەیان لێ کوشتن و دەیان کەسیشیان لێ بەدیل گرتن. بەمجۆرە تالاوی شکستێکی لە بیرنەکراویان بە گەرووی دوژمندا کرد و لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان خستە سەر دەفتەری شانازییەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.
ئەوەی زۆر زیاتر ڕێژیمی تاساند و سەری لێ شێواندبوو ئەمە بوو، کە کوڕان و کچانی دێموکرات نەک یادی دوو هاوسەنگەرەکانیان زیندوو ڕاگرت بەڵکوو توانیان زەبرێکی گاریگەرتر لە چەند ڕۆژی ڕابردووش لە دوژمن بدەن و بە سرووودی هێزی پێشمەرگە نابەزن بەسەر مەیدانی شەڕدا زاڵ بن و چیرۆکێکی دیکە لە حەماسەت تۆمار بکەن.

# نۆبار، رووپەڕێك لە ئەزموونی پێشمەرگە

هەرچی خەبات درێژ دەبۆوە، ئەزموونی خەباتی چەکداریی رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەزموونی نوێ و زیاتری دەستەبەر دەکرد. ساڵی ١٣٦٦ ساڵێکە کە لە بەرخۆدانو فیداکاریو حەماسەقوڵقاندنی هێزی پیمشەرگەدا بێوێنەیە. لەو ساڵەدا هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەزموونێکی نوێی دژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی وەسەریەک خست، ئەزموونێک کە لەراستیدا بەرهەمی کار و چالاکیی سیاسیو نیزامیی بەرچاوی ئەو حیزبە بوو. تەنانەت وەک یەکێک لە ئەسڵەکانی شەڕی پارتیزانی سەرنجی فەرماندەرانی نیزامییو سیاسیشی بۆلای خۆی رادەکێشا.

ئەو ئەزموونە، ئەزموونێک بوو کە دوای وەشاندنی زەبری کاریگەر لە هێزی دوژمن، لە هەلومەرجی ئەوکاتی خەبات و تێکۆشاندا بایەخی خۆی زیاتر دەرخستبوو و لە راستیدا زەروورەتی لە مەیداندا بوون و مەیدانداریی ئەوکاتی هێزی پێشمەرگە بوو کە ئەزموونێکی لەو چەشنەی بۆ رۆڵەکانی دیمۆکرات دەستەبەرکردبوو.

پێوەندیی هێزەکانی حیزب بەیەکەوەو ئەنجامدانی چەندین عەمەلیاتی هاوبەش، ورەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی داخورپاندبوو، چونکە عەمەلیاتی هاوبەشی هێزەکانی بەیانو پێشەوا، بەیانو ئاربابا ٢ی ریبەندان، زاگرۆسو شاهۆ، کێلەشینو قەندیل ئەزموونێکی بەنرخ بۆ پێشمەرگەکانی حیزب بەدواوە ببوو و ئەم چالاکییە هاوبەشانە تامی تاڵی شکستی بە هێزەکانی رێژیم چەشتبوو، هەر بەم پێیە دوژمن خۆی لە قەرەیان نەدەدا.

گوندی نۆبار لە رۆژئاوای شاری بۆکانو لە بناری کێوی تەرەغە هەڵکەوتووەو ١٥ کیلۆمیتر لە بۆکانەوە دوورە. لە باری جوغرافیاییەوە ناوچەیەکی تەواو پێدەشتەو گوندەکە لە نزیک جاددەی سەرەکیی

بۆکان _ مەهابادەو هەروەها ڕێگای زۆر گوندی دیکەی ناوچەی پیرمحەممەدو ناوچەی سارەو میرقازی بەسەرەوەیە. هەر بۆیەش ڕێژیم وەک شوێنێکی ستراتیژیکو نیزامیی گرینگ چاوی لێدەکرد.
بینای سەرەکیی گوردانەکە بە پانتایی ١٥٠٠ میتری چوار گۆشە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی نۆبار هەڵکەوتبوو. لایەکی گوردانەکە روو بە نۆبارو سێ لایەکەی دیکەی گوندەکەی ڕوو بە دەشتی نۆبار بوو. دەرگای چوونە ژوورەوەی گوردانەکە لە باکوورو روو بە گوندی عەزیزکەند هەڵکەوتبوو. شەوانە چوار دەوری گوردانەکە بە دە پرۆژیکتۆری بەهێز ڕووناک دەکراو دوو ریز تێلدرووو بە دەوراندەوری گوردانەکەدا کێشرابوو کە یەکیان ئاڵقەیی‌و ئەوەی دیکەیان رەستەیی بوو. نێوان چوار تا شەش میتریی ئەو دوو ڕیز تێلدڕووانە بە مینی دژەنەفەرو تەڵە مینرێژ کرابوو. جیا لەوانەش دەوراندەوری گوردانەکە بە بەرزایی زیاتر لە دوو میتر گڵی لێ هەڵدرابۆوەو لە شێوەی کاناڵ سەنگەریان تێدا دروست کرابوو.
بینای گوردانەکە کە نیزیک پازدە ژووری گەورەو بچووکی لەخۆ گرتبوو، بە خەریتەی تەواو نیزامیی‌و لە شێوەی(L) دروست کرابوو. یازدە سەنگەر لە چوار دەوری گوردانەکە لێ درابوو کە دیارە شەوی عەمەلیاتەکەو گرتنی گوردانەکە تەنیا سێ سەنگەریان هێزی دوژمنی لێ دامەزرابوو. لە کاتی ئاسایی‌داو ئەگەر هیچ هەواڵێک لە بوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە نەبوایە، بەردەوام سێ نیگابان‌و پاسبەخشێک ئەرکی پاراستن‌و کێشکی شەوانەی گوردانیان لە ئەستۆ بوو، ئەگەر هەست بە مەترسی‌و بوونی پێشمەرگە لە ناوچەش کرابا، ئەوە هەموو گوردانەکە دەکەوتە حاڵەتی ئامادە باشی‌یەوە.
ئەو شەوەی کە هێرش کرایە سەر گوردانەکە، تەنیا سێ نیگابان لە سەر پۆستەکانیان بوون، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بە وردی‌و بە بەرنامە کارەکانی بردبووە پێشێ کە دوژمن بڕاوبڕە هەستی بە بوونی پێشمەرگە لە ناوچە نەکردبوو. بەپێی ئەو زانیاری‌یانە ئەرکی نیگابانی‌و پاراستنی گوردان لە ئەستۆی پایەگای حیفازەتی ئیتلاعات بوو کە هەر لە نێو گوردانەکە دابوو. تیمی شناسایی، جیا لە دەستنیشان کردنی هەموو وردەکاری‌یەکان، بۆیان دەرکەوتبوو

کە سەرجەم هێزە چەکدارەکانی نێو گوردانەکە ١٤٨ کەسن. بەڵام شەوی عەمەلیاتەکە سێ کەسیان لە مەرەخەسی بوون. گرووپی زەربەتی گوردان لە ٧٠ کەس پێک دەهاتو زۆربەی کاتەکان لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان بەدووی پێشمەرگەوە بوونو کەمینیان لە سەر ڕێی هاتوچۆی پێشمەرگە دادەنا. گرووهانی پارێزگاری لە گوردان ٢٥ کەس بوون کە کاریان تەنیا حیفازەتو پاراستنی گوردان بوو، بەسیجو دژبانیی گوردانیش لە ٢٠ کەس پێکهاتبوون، کادرەکانی حیفازەتی ئیتلاعات ٤ کەس، فەرماندەیی ٥ کەس، تەبلیغات ٦ کەس، بەشی پێوەندییو مخابرات ٣ کەس، تەداروکات ٧ کەس، ئاشپەزخانە ٥ کەس، ئەنبارداری نیزامیی ٢ کەسو ئەنباری تداروکاتیش یەک کەس بوو.

ئەو هێزانەی نێو گوردان چەکوچۆڵی زۆرو جۆراوجۆریان لە بەر دەستدا بوو، ئەنبارێکی گەورەی تەداروکاتی نیزامییش لە ژێر زەویدا دروست کرابوو کە ژوورێک بە پانتایی ٣٢ میتری چوارگۆشەو بەرزایی چوار میتر بوو. هێزە پیادەی گوردانیش بە چەکی کلاشینکۆف، ژ-٣، تیرباری قەناسەو تەکتیر تەیار بوون، لە نێو ئەنباریش خۆمپارەی ١٢٠، ٨٠ و ٦٠میلیمو هەروەها چەندین تیرباری قەنناسەو ژ-٣ بۆ کاتی پێوست داندرابوو، جیا لەوەش بە هەزاران فیشەکی جۆراوجۆری لێ هەڵچندرابوو. بەشی هاتوچۆی گوردانیش لە ٤ تویوتا، ئامبولانسێکو تراکتۆرێک پێک دەهاتو دوو تانکەری گەورەی سووتەمەنیش لە حەوشەی گوردان بوو.

لە شناسایی گوردانەکەدا زۆر گرینگی درا بە ئەو هێزەی کە پێکهێنەری سەرەکیی گوردانەکەیەو تیمی شناسایی بۆی دەرکەوت کە گوردانی ئیمام حەسەن لە هێزەکانی پاسدار، جاش، جاش سەربازو بەسیج پێکهاتوون کە بەشی زۆریان لە لوڕستانڕا هێنرابوون. هێزەکانی ڕێژیم لەو گوردانە بە هۆی ئەوەی چەند جار لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕیان کردبوو، بە تایبەت لە شاخی تەرەغەو پشتی حوسێنئاباد بەرەوڕووی هێزی پێشمەرگە ببوونەوەو تێک شکابوون، ورەیان لە خوارێ بوو. بەهۆی ئەوەش کە بڕیار بوو دوای نوستنی هێزەکانی دوژمن هێرش بکرێتە سەر گوردانەکە، زانیاری لەسەر کاتی ڕاگەیاندنی خامۆشی گرینگیی زۆری بۆ داڕێژەرانی عەمەلیات هەبوو.

دوای دابەشکردنی کار، دەبوا زۆر بە دەستوبردو پێشمەرگانە، بۆ غافڵگیرکردنی دوژمن دەست بەکار بن. بەپێی گەڵاڵە کاتی دەسپێکی عەمەلیات دوای لێدانی خامۆشیو لەکاتی نووستنی هێزەکانی دوژمن دیاری کرابوو. لەو کاتەدا رادەی ئامادەیی هێزەکانی دوژمن نەک هەر لە خوارێیە، بەڵکوو کتوپڕ بە سەر ڕووداوەکەدا دەکەوتنو ئەوەندەی دیکەش ئاڵۆز دەبوون و تووشی سەرلێشێواویی دەهاتن؛ حیسابی گەڕانەوەو دوورکەوتنەوەی خۆشیان لە شوێنی عەمەلیات کرابوو، هەر بۆیەش کاتژمێر یەکو پازدە دەقەی بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی ڕەزبەر وەک گونجاوترین کات دیاری کراو بڕیاری لە سەر درا.

بۆیە سەعاتی یەکو پازدە دەقیقەی بەرەبەیانی ٧ی رەزبەر بە یادی شەهیدانی ساڵی ١٣٦٦ی حیزبی دیموکرات، عەمەلیات دەستی پێکردو لە ماوەی کەمتر لە ٢ سەعاتدا دەست بەسەر گوردان‌دا گیرا. لەو عەمەلیاتەدا بە سەدان چەکی جۆراوجۆرو بە هەزاران فیشەک بە دەسکەوت گیرا، بەڵام خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە شەهیدبوونی چوار پێشمەرگە بە ناوەکانی حەسەن عەزیزی ناسراو بە «حەسەن بەیان» و رەحمان زارعی لە هێزی بەیانو، رەحمان‌جەناحو وەلی فەتاحی لە هێزی پێشەوا بوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگی ئەو عەمەلیاتە بکرێ. یەکەم لێدان لە گوردانی ئیمام حەسەن لە نۆبارو تەفروتوونا کردن‌و سووتاندنی ئەو گوردانە، ڕێژیمی بە تەواوی تاساندو ئەم چالاکییە بەزەبرە زەبرێکی تەواو گورچکبڕ بوو لە هێزەکانی ڕێژیم. دووهەم، نازین بە گوردانی نۆبار لە لایەن ڕێژیمەوە کە پێی وابوو ناوچە لەسایەی ئەم گوردانەوە بەتەواوی ئەمنەو هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە، بەڵام لێکهەڵتەکانی لە ماوەی دوو سەعاتدا پێچەوانەی ئەم بۆچوون و ئەرخەیانییەی ئەوانی سەلماند. سێهەم، گرینگی ئەو عەمەلیاتە لە دەشتایی و قوڵایی‌ترین ناوچەی بۆکان، هێندەی دیکە دوژمن سەرسام کردبوو و ئیستاشی لەگەڵ بێ لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەم گوردانە زەبەلاحە بە دەستی هێزی پێشمەرگە تەفروتونا بوو.

## ئاگرەکەی شپیرانی «هێزی ئاگری»

هاوینی ١٣٦٨ بوو، هاوینێکی درەنگ. زۆربەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە زۆر ناوچەکانی کوردستان لەباری نیزامییەوە سەرکەوتنی گەورەیان وەدەست هێنابوو. هێزی بێ ورەی ڕێژیم توانای بەرەو ڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی نەبوو.
ئەم ساڵە حیزبی دێموکرات ڕێبەرێکی گەورەی لەدەست دابوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێرۆری دوکتور قاسملوو قۆڵیان لە بنەبڕکردنی بەرگریی کورد و خەباتی شێلگیرانەی حیزبی دێموکرات هەڵماڵیبوو. ئەو پێی وابوو دوای کارەساتی وییەن دەتوانێ بە فشارهێنانی نیزامی بۆ سەر هێزەکانی حیزب کۆتایی بە خەبات و بەربەرەکانیی ئەم حیزبە و میللەتی کورد بێنێ و تەنانەت چاوەڕوانیی ئەوەی دەکرد کە هێزی پێشمەرگە دەستە دەستە خۆیان تەسلیم بکەنەوە. بێ خەبەر لەوەی کە پێشمەرگەکانی کوردستان جۆرێکی تر گۆش کراون و شەهید بوونی ڕێبەرەکەیان نەک ورەی پێ بەرنەدان، بەڵکوو بە ئیمانتر لە جاران لەو سەنگەرەدا وەستاون. ئەوان ڕێبواری ڕێی قاسملوو بوون، ڕێبەرێک کە دەیگوت «ئەگەر یەک یا دوو کەس تەنانەت چەند کەس لە ڕێبەرانی حیزب شەهید بن، ئەم خەباتە هەر درێژەی دەبێ». باوەڕبوون بە ڕێبازی قاسملوو ئەوەی سەلماند کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە تێرۆر و کوشتن و قەڵتوبڕ چۆک بە حیزبی دێموکرات دابدا.
هەر لە یەکەم ساتەکانی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و لەگەڵ زۆربوونی فشارەکانی ڕێژیم، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش بەڵێنی دا کە وەفادار بە ڕێبازی قاسملوو توندوتۆڵتر دژی ڕێژیم خەبات بکا. هەربۆیە هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری کوردستان لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بوونەوە و لە هەموو ناوچەکانی کوردستان زەبری کاریگەر لە دوژمن درا و، هێزی

پێشمەرگە سەلماندیان کە خەبات تا سەرکەوتن هەر بەردەوام دەبێ.
باسی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەمان تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی قارەمانەتی و حەماسەتێکی هێزی ئاگری کە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو نواندیان. دیارە هێزی ئاگری بکەین مێژوویەکی پڕشنگداری لە ئاسمانی خەباتی گەلی کورد دژی هێزی داگیرکەر بۆخۆی تۆمار کردووە و، نوقتە و شوێن و جادە و تەپۆڵکە و چیای سەرکەش نەماوە لەو مەڵبەندەدا کە هێزی ئاگری تێیدا زەبری لە هێزی داگیرکەر نەدابێ.
پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو مەڵبەندە بەردەوام لە ناوچەی ورمێ، خۆی، سەڵماس و شپیران ... خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتیی کۆمەڵایەتیی خۆیان بوون و وەک هەمیشەش لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی تێکۆشەری ئەو ناوچە ڕووبەڕوو دەبوونەوە و، لە ئامێزی ئەواندا دەحەسانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی شوێنەکان یان گوندەکانی ئەو ناوچەیە کۆبوونەوەیان دەگرت و پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی و هۆکارەکان و چۆنیەتیی تیرۆری دوکتور قاسملوو بە دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییان بۆ خەڵک شی دەکردەوە. هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەی ئەوان کاریگەریی زۆری لە ورەدان بەخەڵکی خەباتگێڕی ئەو ناوچەیە هەبوو، ئەوان زیاتر خۆیان ماندوو دەکرد و کاری بەردەوام و شەونخوونیی زیاتر توانیان زۆر ئامانجی ڕوون بپێکن و دەسکەوتی سیاسی بۆ حیزبەکەیان وەدەست بێنن، واتە ڕوونکردنەوەی خەڵک و لەقاودانی پیلانە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێژیمیان کردە بڵقی سەر ئاو.
پاش ماوەیەک کاری سیاسی لە بەرەبەرەی ٢٥ی گەلاوێژ پێویست بە دەسکەوتی نیزامییش بوو، بە تایبەت کە هێزەکانی دیکەی حیزبی دێموکرات دوای ئەو کۆستە گەورەیە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان زەبری قورسیان لە ڕێژیم دابوو. ئەمجارەیان نۆرەی هێزی ئاگری بوو کە شەوی ٢٠ی گەلاوێژ لە هێرشێکی کتوپڕدا بەسەر پایەگای «ئاسنگەران» لە ناوچەی شیمالی کوردستاندا بدەن و دەستی بەسەردا بگرن. ئەوان بە ئازایەتیی بێ وێنە توانییان دەست بەسەر ئەو بنکەی دوژمندا بگرن، ژمارەیەک لە هێزەکانی دوژمن بکوژن، چەندین کەس بەدیل بگرن و

دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر بەدەسکەوت بگرن. ئەوە دەسکەوتێکی بچووکی نیزامیی هێزی ئاگری بوو کە پاش ئەو کۆستە گەورەیە دڵی خەڵکی ئەو دەڤەرەی خۆش کرد و هیوای تازەی بەوان بەخشی.

ئەو عەمەلیاتە ئەوەندە گرینگ بوو و کاریگەریی وەهای هەبوو کە لاوانی ئەو ناوچەیە وەک هەمیشە و زیاتر ڕوو لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزب بکەن و وێرای بردنەسەرێی ورەی پێشمەرگە، ئەوانی لەنێو خەڵکدا خۆشەویستتر کرد و باوەڕیان زیاتر بە خەباتی ڕەوای گەلەکەیان هێنا کە ڕۆڵەکانی دێموکرات لە پێشەوەی ئەو کاروانەن.

دوای ئەم عەمەلیاتە ڕێژیم کەوتە بیری تۆڵە ئەستاندنەوە و بەردەوام بە پێوشوێنی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە بوو. ڕێژیم ڕایەڵکەی جاسووسیی خستە گەڕ هەتا، بەڵکوو بتوانێ لە شوێنێک قارەمانانی ئەو ناوچەیە لە داو بخا و بۆ ئەوەش زۆر تاکتیکی گرتە بەر کە یەک لەوان ئازار و ئەزییەتدانی خەڵکی ناوچەکە بوو هەم بۆ هاندانی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بەشکم لە سۆنگەی کاردانەوەیان لە داویان بخا و هەروەها خەڵک چاوترسێن بن و یارمەتیی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات نەکەن. هاوکات بەبێ ڕاوەستان گرووپە زەربەتەکانی و هێزە گەڕۆکەکانی لە جادەکان و شوێنەکانی دیکەی ئەو ناوچە لە حاڵی ئامادەباش دابوون. سەرئەنجام تێکۆشەرانی دێموکرات کە قاڵبووی مەیدانی حەماسە و بەربەرەکانی بوون، ڕۆژی ١٠ی خەرمانان بڕیاریان دا زەبرێکی کاریگەری دیکە لە دوژمن بدەن و وەهایان بتەزێنن کە نەتوانن بە ئاسانی لەبیری بکەن و بەوەش یاد و ڕێبازی ڕێبەری شەهید زیندووتر ڕاگرن.

ئەو عەمەلیاتە دەرسێکی بە هێزەکانی ڕێژیم دا کە تا ماوەیەک زۆر زات نەکەن لە هیچ کۆی ئەو مەڵبەندە دیار بکەون. بەڵام ئەوەی زیاتر سەران و فەرماندەکانی لە ورمێ و بگرە لە تارانیش تاساند، ساغ و سلامەتیی هێزی پێشمەرگە بوو کە پاش ئەو عەمەلیاتە بێ هیچ زیانێکی گیانی بەنێو خەڵکی ئەو مەڵبەندەدا بە سروودی «واهاتن پێشمەرگەی مە» درێژەیان بە کاری سیاسی و نیزامیی خۆیان دا و؛ بە ڕێژیمیان سەلماند کە هێزی زۆروبۆر ناتوانێ ورەو ئیمانی پوڵایینی پێشمەرگە بەچۆکدا بێنێ.

# زەبرێ لە تۆڵەی قارەمانێ

گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو و بندەست و مافخواز بۆ بەرگری لە مافەکانی و بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو ژیانە پڕ لە ژانەی بەسەریدا سەپێنراوە، دوژمنانی بێجگە لە چەک هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە. پێشمەرگە و تێکۆشەرانی گەلەکەشمان بۆوەی بتوانن ژیانێکی ئاسوودە و شیاو بۆ نەتەوە زوڵم لێکراوەکەیان دەستەبەر بکەن، بەرامبەر بە دڕندەترین ڕێژیمی سەردەم وەستاونەتەوە.

گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیەی «کوردستان» بە گێڕانەوەی قارەمانەتییەکی هێزی زاگرۆس دەڕازێتەوە، کە لە ماوەی چەند ساڵ خەباتی پڕشکۆی چەکداری لەبەرامبەر هێزی داگیرکەردا جێگا پەنجەیان دیارە.

هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٦٥_١٣٦٦دا زۆر بەهێز و تواناوە خۆیان دەرخست و لە مەیدانەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا باڵادەستییەکی زۆریان نیشان دا. هێزی «زاگرۆس» کە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی و لە هێزەکانی بێستوون، شەریفزادە و زرێباری مەریوان دروست ببوو، لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا هەڵدایەوە و دەیان عەمەلیاتی گەورە و بچووکی کرد کە بریتی بوون لە گرتنی پایەگا و تێکشکانی هێرشی دوژمن، کەمین نانەوە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەم هێزە قارەمانە لەماوەی ئەو دووساڵەدا دەیان عەمەلیاتی ئازایانە و سەرکەوتووانەی لە دۆڵ و چیا سەرکەشەکانی ئەو ناوچەیە بەڕێوە برد. ئازایەتی ئەو هێزە لە ناوچەکانی سنە، کامیاران، کرماشان و مەریوان دەنگ و ناوبانگی دەرکردبوو. ئاماژە بە چەند عەمەلیاتی سنە، دەرەویان، پشتە، بێڵەوار، شێرین سوار، جادەی کرماشان_سنە، چرووسانە، کۆساڵان، شەریفاوا، تیلەکۆ و ژاوەرۆ و دەیانی دیکە وێنەیەکی چووکەن کە هیچ کات خەڵکی ئەو ناوچانە لەبیری ناکەن.

چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس بۆ ئەو هێزە قارەمانە وەک قەڵایەکی خۆڕاگر وابوو کە هەمیشە لە ڕۆژی تەنگانەدا نەک بۆیان پشت و پەنا

بەڵکوو سەنگەرێک بوو و، دوژمن لە هەموو کاتەکاندا سەرشۆڕی بە نسیب دەبوو و سەرکەوتنیش بە هێزی پێشمەرگە دەبڕا.

سالّی ١٣٦٦ و دوای ئەوەی هێزی زاگرۆس چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی کردبوو، دوژمنی بریندار بە بەردەوامی پێوشوێنی هەڵدەگرتن بەڵکوو بتوانێ بە زەبرلێدان لە شێرەکوڕانی دێموکرات کەمیک قەرەبووی شکستەکانی بکاتەوە. هێزی دوژمن بۆ ئەم مەبەستە زۆری هەوڵ دا بەڵام بەهۆی وشیاریی قارەمانانی هێزی زاگرۆس نەیتوانی بەو نیازە چەپەڵەی بگا. چونکی تێکۆشەرانی دێموکرات ماوەی چەند ساڵ بوو دەست و پەنجەیان لەگەڵ هێزی کۆنەپەرستی نەرم دەکرد و، هەموو پیلان و تاکتیکی دوژمنیان بە وشیاری و ئەزموونی کەڵەکەبووی خۆیان لێک هەڵدەوەشاند. لەلایەکی دیکەش پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵک بوون و، ئەوەش سەلمێنەری ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە هەڵقوڵاوی نێو هەناوی ئەو خەڵکە بوو و بۆیەش لێبڕاوانە بەهۆی دوو هێزی ئەسڵی واتە چیا و خەڵک، خەباتیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دژی داگیرکەر توندتر دەکرد.

لەکۆتایی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦دا تێکۆشەرانی دێموکرات لە هێزەکانی زاگرۆس و شاهۆ، بۆ وەشاندنی زەبرێکی کاریگەر و هاوبەش لە دوژمن هێرشیان کردە سەر پایەگای «دەژن». پاش زەبرێکی کاریگەر بەهۆی ئەوە پێشمەرگەیەک بەسەختی بریندار دەبێ پایەگایان بۆ ناگیرێ و بڕیاری پاشەکشە دەدەن. بەپێی ئوسوولی شەڕی پارتیزانی، دەبێ فەرماندەران بیر لە ڕۆژی دوایی و شوێنی حەسانەوە بکەنەوە. تێکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە بۆ پشوودان «چاوگەی ئاویسەر» دیاری دەکەن و وێڕای بریندارەکە دیارە لە کاری شەڕی پارتیزانی بوونی بریندار هەم ڕێگا ڕۆیشتن دژوار دەکا و، هەمیش گواستنەوەکەی. بەڵام ئەوان بەهیمەتی خۆیان کاتژمێری ٢ی نیوەشەو لە سەر چاوگەی ئاویسەر بۆ پشوودان لادەدەن. سالار ئیبراهیمی، فەرماندەی قارەمانی ئەم هێزە چەند میترێک لەوان دوورتر دەگەڕا بۆ ئەوەی شوێنێکی شیاو بۆ مانەوەی پێشمەرگەکان بدۆزێتەوە کە لەپڕ دوژمن دەسرێژی لێ دەکا و، ئەو قارەمانە هەر لەوێ شەهید دەبێ. پێشمەرگەکان بەبیستنی دەنگی تەقە خۆیان سازمان دەدەن بەڵام ئەمجارە بەبێ سالار، هەرچی بانگ دەکەن و دەبینن دەنگێک لە

نرکەی جوامێرانەی سالار نییە. وەک چاوەڕوان دەکرا قوتابییەکانی قارەمانانی دیموکرات کە بە دەیان جار لە ڕۆژی تەنگانەدا وەدەست هاتوون، بەرەبەیانی ٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی یەکێکی دی لەو ڕۆژانەیە کە حەماسەیەکی تێدا دەخوڵقێنن. ڕۆڵە قارەمانەکانی گەل تاویان دا تفەنگ و لە دوژمن ڕاپەڕین، پاش سەعاتێک شەڕ سەنگەرەکانیان بە دوژمن چۆڵ کرد و زیاتر لە ١٥ کەس لە هێزی دوژمنیان کوشت و، چەند تفەنگێک و تەقەمەنییەکی زۆریان وەک دەسکەوت پێ برا. دوای ئەوەی بە هەواڵی شەهید بوونی فەرماندە سالار زاندرا، لە کاتێکدا شەڕ درێژەی بوو، ڕۆڵەکانی زاگرۆس و شاهۆ بڕیاریان دا بە یادی فەرماندە شەهیدەکەیان وەها زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن بوەشێنن کە بە چیرۆک و بەسەرهات بنووسرێتەوە.

شەڕ تا ڕووناکایی بەیانی درێژەی هەبوو و لەگەڵ هەڵاتنی خۆر، چرای ڕووناکیی دوژمن کوژایەوە. بڕیاری فیداکارانی دیموکرات هێندە لێبڕاوانە بوو کە لە ماوەی چەند دەقیقەی ڕووناکیی بەیانیدا هەر هەموو سەنگەرەکان لە هێزی دوژمن ئەستێندرانەوە و بەرزاییەکانی «کوچک چەرموو»، «پشت کاشتر»، «سەرکۆ»، «پشتسیویە» و «مێرگەسار» لە هێزی دوژمن پاک بوونەوە و هێزی پێشمەرگە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. بەڵام ئەوە کۆتایی شەڕ نەبوو، چونکی دوژمن جارێکی دیکە خۆی سازمان دایەوە و، لەژێر ئاوری قورسی تۆپخانەدا هێرشی کردەوە سەر پێشمەرگەکان. ئەو هێرشانە بۆ قەرەبووی شکستەکەی سەرلە بەیانییان بوو،و ئەمجارە هەڵۆکانی زاگرۆسی خۆڕاگرتر لە دوژمن ڕاسان و، ژمارەیەکی یەکجار بەرچاویان لە دوژمن کوشت و پاشەکشەیان پێ کردنەوە. لەو حەماسە خوڕاگرییەدا کە نیزیک بە ١٢ کاژمێری خایاند لانیکەم ٧٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بە دەیان قەبزە چەک و بە هەزاران فیشەک بەدەسکەوت گیران.

بەمجۆرە شێرەکوڕانی ئەو مەڵبەندە جارێکی دیکەش توانییان هەم یادی فەرماندەی قارەمانیان کە هێشتا خوێنی لەشی ویشک نەبوو بەرز ڕابگرن، هەم زەبرێکی کاریگەر لە دوژمنی تاساو بدەن. هەڵبەت ئەو سەرکەوتنە هەروا بە هاسانی وەدەست نەهات و، جیا لە فەرماندە سالار، سێ قارەمانی ئەو مەڵبەندە بەناوەکانی حەمەلار میکاییلی، باقر زەحمەتکێش و ماشەڵڵا سەید موڕادی گیانیان کردە پردەبازی سەرکەوتن.

# هێزی گیارەنگ و دیاریی ٢٥ی گەلاوێژیان

ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، مەشخەڵدارانی ڕێگای سوری خەبات، وەدیهێنەرانی ئازادیی نیشتمان، زەحمەتکێشانی کوردستان، دڵسۆزان و پشتیوانانی ڕاستەقینەی هەژاران، شۆڕشگێرانی گۆڕەپانی خەبات و خۆڕاگرین کە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی بێوچان تێ دەکۆشن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ دەستخۆشییەک بن خوێن و گیانیان دەبەخشن، هەر لەم کاتە مزگێنیی ئازادی بۆ نەتەوەیەکی بەشخوراو بەدیاری دێنن.

ئەو کەسانە کە بۆ نەتەوەیەک گیانیان دەبەخشن پاش مردنیش ناویان لەنێو دڵی گەلەکەیاندا هەر زیندوو دەمێنێتەوە و ڕێبازیان بە ئامانجە بەرزەکانیان هەروا پڕ ڕێبوارە.

هیچ هێزێک و کەندوکۆسپێک ناتوانێ پێش بە هەڵچوونی خەباتکاران بگرێ. مێژوو نیشانی داوە کە خەڵکی کوردستان ئالای خەباتی بە شکاوەی ڕاگرتوە و بە درێژایی مێژووش دژی داگیرکەران و کۆنەپەرەستی بەربەرەکانی کردووە و لە تۆپ و تانک، لە موشەک و فرۆکە، لە هێزی زۆر و بۆری داگیرکەر سڵی نەکردوە و بە دوژمنیان سەلماندوە تا کوردێک بمێنێ، کوردستان، ئالاکەی هەر شەکاوەیە و ئاگری نەورۆزی هەر گەشاوە دەبێ.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هاتنەسەرکار و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی پشتی لە هەموو دروشمەکانی شۆڕش کرد و لەشکەری هێنایە کوردستان و هیچ ڕێگەیەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە و ناچار بە بەرگریی چەکداریی کردن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیزانی کورد مافی نەتەوەیی و کولتووری و مرۆیی خۆی دەوێ، بەڵام نەیبیست و لە ڕێگای نیزامی و زەبروزەنگەوە وڵامی ئەو داوایەی دایەوە. خەڵکی کوردستانیش بە ئیمان بە ڕەوابوونی ماف

و داواکانیان دەستیان بەر نەداوە و بەناچاری پەنایان بردە بەر دیفاعی چەکدارانە بۆ ئەوەی مان و مەوجودییەتی خۆیان بپارێزن.
حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتە ڕەوایە ڕۆڵەکانی ئەو گەلەی لە ڕیزی خۆیدا کۆ کردەوە و زۆر ئازایانە بەرەنگاری دوژمنی خوێنمژ بۆوە. لەگەڵ ئەوەی بەشی هەرە زۆری ڕۆژەکانی ساڵ هێزی پێشمەرگەی دێموکرات حەماسەی تێدا خوڵقاندوە و فیداکاری کردوە و زەبری لە دوژمن وەشاندوە، بەڵام هەمیشە مانگی گەلاوێژ بۆ تێکۆشەران و قارەمانانی حیزبی دێموکرات جێگایەکی تایبەتی بووە. چونکی لەو مانگەدا بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختە گوڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا ڕووی داوە و، هەر بۆیەش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە جەنگەی خەباتی چەکداریدا بۆ یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژە لەبیر نەکراوە و ڕێزگرتن لە ڕۆژی ٢٥ی گلاوێژدا لە زۆربەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات وەک جێژنانەی ٢٥ی گەلاوێژ عەمەلیاتێکی گەورەیان دژی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد و بە ئاهەنگی ”سەرنج بدەن“ وەک دیاری پێشکەش بە خەڵکی کوردستانیان دەکرد.
بۆ گۆشەی ”هەگبەی شاخ و شۆڕش“ی ئەم ژمارەیەی کوردستان دەچینە ناوچەی سەردەشتی سەرسەوز و عەمەلیاتێکی شێرە کوڕانی دێموکرات وەبیر دێنینەوە کە وەک جێژنانەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٦ پێشکێشکی خەڵکی ناوچە و کوردستان کرا.
هەروەک ئاماژەی پێکرا لە ڕۆژانی ٢٠ی گەلاوێژ تا ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزەکانی حیزب لە بیری عەمەلیاتێکی گەورەدا بوون. ئەگەرچی هێزەکانی ڕێژیم لەو سەرو بەندەدا هەمیشە دەکەوتنە حاڵەتی ئامادەباشی و وریایی خۆیان دەپاراست، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێزی پێشمەرگە زەفەریان پێ دەبردن و زەبری خۆیان لێ دەدان.
ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ قارەمانەکانی هێز ”گیارەنگ“ بۆ ئەوەی ئەوان بن سەرقافڵەی مزگێنیدەر بن و جێژنانەی ئەم ساڵە بۆ خەڵکی کوردستان بدەن، بەپێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێکی داڕێژراو عەمەلیاتێکی گەورەیان کرد کە دەبێ بە وانە بگوترێتەوە. ئەزموونی تێکۆشانی ئەو قارەمانانە دەری خست کە گەڵاڵەی عەمەلیات، جۆری عەمەلیات، شوێنی

عەمەلیات، کاتی عەمەلیات و جێبەجێکردنەکەی بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی گەورە و دەسکەوتێکی پڕبایەخ هەم لەباری سیاسی و هەم لەباری نیزامییە بوو؛ چونکە بەرنامەی عەمەلیاتە بەجۆرێک داڕێژرابوو کە لە چەند شوێنەوە زەبر لە دوژمن بدرێ. با بیینە سەر باسی عەمەلیاتەکە:

دەستەیەک پێشمەرگە لە نێوان ئاواییەکانی "گرژاڵ" تا گوندی "میراوێ" بە درێژایی نزیک بیست کیلومیتر کەمینیان بۆ دوژمن دانایەوە. ئەم پۆلە هەڵۆیە بە نێو لێڕەواری سەردەشتدا خۆیان لە جادە نزیک کردەوە و بۆ دوژمنی کۆنەپەرستی لە کەمیندا مانەوە. کاتژمێری یەکی دوانیوەڕۆ چەند ماشینی دوژمن کە لە گوندی میراوێ ڕا دەهاتن، هێشتا چەند میتر تێنەپەڕیبوون کەوتنە کەمین و بەشی زۆری سەرنشینەکانیان کوژران و کەمیان توانیان ڕابکەن و خۆیان بە ئاواییدا بکەن. دەستەیەکی دیکە لەتێکۆشەرانی دێموکرات بە پێی گەڵاڵەی دیاریکراو و بۆ ئەوەی هێزەکانی دوژمن نەتوانن لە مولگەکەیانەوە شوێنی پێشمەرگەکان ئاوباران بکەن، هێرشیان کردە سەر پایەگای "عەلیاباد" و ماوەی دوو سەعات ئاوربارانیان کرد. پێشمەرگەکان لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٠ ماشێنی دوژمنیان سوتاند، هەروەها دەستەیەکی دیکە لەو قارەمانانە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ لە نێوان ئاواییەکانی "بریتە"و "نەبی‌ئاوا" تویوتایەکی دوژمنیان خستە کەمینەوە و ماشینەکەیان لێک هەڵتەکاند. پاشان هێزی یارمەتیدەری دوژمن ڕووی لەمەیدانی شەڕ کرد کە ئەوانیش لە گەڵ بەربەرەکانیی پێشمەرگە ڕووبەروو بوونەوە و پاش کاتژمێرێک شەڕ ناچار بە پاشەکشە بوون.

بە بیستنی دەنگی تەقە لە هەموو شوێنەکانی نزیک جادەی سەردەشت، ستوونێکی دوژمن بۆ کۆنترۆڵی جادە لە گوندی گرژاڵ ڕا دەستی بە پێشڕەوی کرد، بەڵام هێشتا کیلومیترێک نەهاتبوونە پێشێ کە کەوتنە کەمینی دەستەیەکی دیکەی هێزی قارەمانی گیارەنگ و چەند ماشێنیان لێ سووتێندرا. هەر لەجەریانی ئەو عەمەلیاتە گەورەیەدا تیمی پشتیوانانی هێزی پێشمەرگە تەواوی پایەگاکانی ناوچەیان کە شەڕی لێ دەکرا ئاور باران کرد و ڕێگایان نەدا هێزی عەمەلیاتیی پیشمەرگە فشاری لەسەر بێ.

سەرئەنجام پاش چەند سەعات شەڕ و بەربەرەکانی قارەمانانە هێزی پێشمەرگە توانی زیاتر لە ٩٠ کەس لە هێزەکانی کۆماری

ئیسلامی بکوژێ و ژمارەیەک لەوان بەدیل بگرێ و هەروەها بەدەیان قەبزە چەک و چۆڵیش دوژمنیش دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوون و، زیاتر لە بیست ماشینی دوژمن ئاگریان تێبەر درا و لێک بڵاو بوون.
گرینگیی عەمەلیاتێکی ئەوتۆ لەچەند بارەوە جێی ڕوانینە. یەکەم: فەرماندەهی هێزی پێشمەرگە توانی گەڵالەیەکی ئەوتۆ دارێژێ کە بە درێژایی چەندین کیلومیتر هێزی پێشمەرگەی لێ حەشار بدا بێ ئەوەی دوژمن هەست بە بوونیان بکا هەتا کاتی بەڕێوەبردنی کاتی عەمەلیات. دووهەم: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە تەبلیغاتی دەکرد کە هێزی پێشمەرگەیان لە ناوچە بنەبڕ کردووە و ئەوەش لەکاتێکیشدا جاڕ دەدرا کە چەندین پایەگای دوژمن لەسەر جادەی سەردەشت_پیرانشار لە هێزی دوژمن ئاخندرابوون. سێهەم: ساغ و سڵامەتی هێزی پێشمەرگە لایەنێکی پڕبایەخی دیکەی ئەو سەرکەوتنە بوو کە دوژمنی تاساند. بەمجۆرە بوو هێزی گیارەنگی سەردەشتی سەرسەوز مزگێنی سەرکەوتنێکی گەورەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بۆ خەڵکی کوردستان تۆمار کرد.

# لەندی شێخان و هێزی پێشەوا

هەموو ساڵێ بە دەستپێکردنی بەهاری سەرسەوز و ڕازاوەی کوردستان هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی ڕێک دەخستەوە هەتا بە حەماسە خوڵقێنیی دیکە لاپەڕەی زێڕینی زیاتر لەخەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکا. کۆماری ئیسلامییش سەرەڕای ئەوەی کوردستانی بەتەواوی میلیتاریزە کردبوو، بەڵام لە سەرەتای بەهارەوە بۆ پێشگیری لە هێزی پێشمەرگە، هێزێکی زۆری لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆ کوردستان دەنارد و ژمارەیەکی بەرچاو لە پایەگا و بنکە نیزامییەکانی زیاد دەکرد. هەروەها ناوچە سنوورییەکان بەتایبەتی شوێنی هاتوچۆی پێشمەرگەشی مین‌ڕێژ دەکرد و هاوکات چەند گرووهی زەربەتی تازە نەفەسیشی بۆ ناوچە شاخاوییەکان دروست دەکرد. سەرەڕای ئەوانە سیاسەتی گوشار و ترساندنی خەڵکی جووتیار و کرێکاری ناوچەشیان دەگرتە بەر بۆ ئەوەی نەتوانن یارمەتیی هێزی پێشمەرگە بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووە زەبر و زەنگەی دوژمن هێزی پێشمەرگە توانیبووی هەم خۆی بپارێزێ و حەرەکەتی وشیارانە و جووڵەی بەوەخت نەک هەر پیلانەکانی دوژمن پووچەڵ بکاتەوە و بە وەختی خۆیشی زەبری کاریگەری لێ بوەشێنێ. بۆ گۆشەی ئەمجارەی »هەگبەی شاخ و شۆڕش«؛ چاوێک بەنێو دەفتەری بەربەرەکانی و فیداکاریی تیکۆشەرانی ڕێبازی پێشەوای نەمردا دەخشێنین و، پەڕێکی بچووک لە قارەمانەتیی هێزی پێشەوا هەڵدەدەینەوە. باس کردن لە هێزی پێشەوا مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە توانای ئەو گۆشەیەدا نییە، چونکی لەو کاتەوە ناوی پێشەوای نەمر لەو هێزە نرا، هێزی پێشەوا هەمیشە قارەمانی مەیدانی خەبات بووە و تەنانەت لە سەرانسەری کوردستان هەر لە هەورامانەوە هەتا سەڵماس و خۆی، جێگە پەنجەی دەنەخشێ و خۆی نیشان دەدا. ساڵی١٣٦٦یش وەک هەموو ساڵەکانی دیکە و، وەک هێزەکانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان حزووری پێشمەرگانەیان لە زۆربەی ناوچەکانی مەهاباد لە عەمەلیاتەکانی ئەو

دەڤەرەدا و لە دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی دێموکراتدا بەرچاو بوو. زەبر وەشاندن لە هێزی داگیرکەر و چەندین عەمەلیاتی بەرچاو لە دەوروبەری شار و کەمین دانانەوە بۆ دوژمن و تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن و گرتنی جادە ترانزێتەکان بەشێک لە کارنامەی هێزی پێشەوا لەم ساڵەدا بوون. دوای هەموو ئەو کارە سەرکەوتووانە و لەوانە چەندین جەولەی سیاسی کومیتەی شارستانی مەهاباد بڕیاریان دا سەرێک لە کوێستانەکانی لەندی شێخان بدەن بۆ ئەوەی هەم پشوویەک بدەن، هەم لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە کوێستانی زەنوێری لەندیی شێخان یادی ٩ ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆ بکەنەوە. هەر بۆیەش بۆ ڕۆژی دیاریکراو لەو دەڤەرە مانەوە و، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیە ڕووبەڕوو بوونەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزی دوژمن کاتێک هەواڵی ئەو پێوەندییە لەپسان نەهاتوویەیان بیست، خۆیان بۆ هێرشێکی مەغوول ئاسا ئامادە کرد و هێزێکی زۆریان هێنایە سەریان و سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردان بەڕێی چیا سەرکەشەکانی ئەو مەڵبەندەیان کردن. وەک مێژوو نیشانی داوە کاتێ شاخەکان و خەڵکی کوردستان پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بن، هیچ هێزیک لە توانایدا نییە بە چۆکیان دابێنێ. ئەو ڕۆژە تیمێکی دیاریکراوی دوژمن بۆ دیتنەوەی شوێنپێی پێشمەرگەکان ڕوویان لە بەرزاییەکانی لەندی شێخان کرد. ئەوان هەروەک عادەتی هەمیشەیی خۆیان چاوەڕوانی پێشمەرگە بوون و قارەمانانی گەل پڵینگ ئاسا لێیان ڕاپەڕین و ژمارەیەکیان لێ کوشتن و ژمارەیەکیش بریندار بوون و چەند تفەنگیش بەدەسکەوت گیرا. بەپێی ئەو بەڵگانەی لە مەیدانی شەڕدا دەست کەوتن، دیار بوو کە ئەوە کۆتایی شەڕ نییە و هێزی شکست خواردووی ڕێژیم پێوشوێنی قارەمانانی ڕێبازی پێشەوا هەڵدەگرن. ئەزموونەکانی شەڕی پارتیزانی و بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و کەڵەکەبوونی ئەو ئەزموونانەش وای کرد، کە قارەمانانی گەل لە نێو خەڵکی خۆیان و چیای سەرکەشی لەندی شێخاندا کە باشترین سەنگەر و پەناگای ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە بوون بمێننەوە.

شەو داهات و ڕۆژی ٢٩ی جۆزردان تێپەڕی. دوژمن هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات، هەوای ساردی لەندی شێخان و چیرەی ددانی

پێشمەرگە لێک گرێ درا و دەنگی گوێنییەکانی ئەو بەرزاییانە هەموو جارێ پێشمەرگەی نیگابانی ڕادەچڵەکاند کە نەکا هێزی دوژمن بێ و زەبرێکیان لێ بدا. هەر نیگابانێک قامک لەسەر ماشەی تفەنگ، هەناسەیان لەسینگدا حەپس کردبوو، ئاخر ئەوان باش دەیانزانی کە دوژمن وا بەهاسانی دەستهەڵگر نییە. کوێستانچییەکان ڕەمزی ڕووناکییان لەمەڕ هاتنی دوژمن لەگەڵ پێشمەرگەکان دانابوو کە بە هاتنی ئەوان ئاگاداریان بکەنەوە. بۆیە خەڵک و چیا و ڕووناکایی و پێشمەرگە هەموو دەستیان لە نێو دەستی یەک، بۆ وەشاندنی زەبری لەبار لە دوژمنی خوێنمژ نابوو. کاتژمێرەکان لە یەک و دووی شەو تێپەڕین و بەیان ئەنگوت و تا ڕووناکایی زەردەی بەیانی هیچ هەواڵێک لە هێزی داگیرکەر نەبوو. بە بەرزبوونەوەی خۆر دەرکەوت کە هێزی دوژمن هەموو ناوچەی گرتووە. چونکە ڕۆژێک پێشتر لەو شوێنە و دەوروبەرە شەڕ ڕووی دابوو، هێزی دوژمن چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد کە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە مابێتنەوە. تێکۆشەرانی دێموکرات بە نیزیکبوونەوەی هێزی دوژمن لەبن ڕەوەز و شاخەکانی چیای سەرکەشی لەندیی شێخان لە دوژمن هاتنە دەر و، قامک لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان دوژمنیان دایە بەر دەسرێژ و سەریان لە دوژمن شێواند. هێزی دوژمن کە هیچکات چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە ڕەشە نەبوو سەری لێ شێوا و بەشێکی زۆریش لە شاخ تووشی هەڵدێران بوون. هێزی پێشمەرگە لەسەر زەویی باب و باپیرانیان لە سەنگەری بەرگریدا شەڕیان دەکرد و سەرەنجام توانییان چۆک بە دوژمن دادەن و پاشەکشەیان پێ بکەن. بەمجۆرە تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەڵبەندی مەهاباد، توانیان بە خۆڕاگریی قارەمانانە پاش چەندین سەعات شەڕی بەردەوام دەیان کەس لە دوژمن بکوژن و بریندار بکەن و لێیان بەدیل بگرن، هەروەها دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر وەک دەسکەوت لە دوژمن بگرن. سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی مەهاباد لە شوێنێکی وا ئاستەنگدا بێگانەبوونی کۆماری کۆماری ئیسلامی لە مەڵبەندی کوردەواری زیاتر دەردەخا و دەریخست کە کورد بێگانە نییە و خاوەن ماڵە، هەروەها ئەوەی داگیرکەری زیاتر تاساند ئەوە بوو وەک زۆرجاری دیکە هێزی پێشمەرگە هەموو بەسڵامەتی و بەخوێندنی سروودی »من چیام ...« مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت.

# پەڕنووسێ لە ڕووداوەکەی ئەربەنووس

زستانی ساڵی ١٣٦١ بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بارگەوبنەی تێکەوە پێچابوو. چەند ڕۆژێک لە بەهار و ساڵی نوێ چوبوو و وردەوردە بەفری شاخەکانی کوردستان دەتوانەوە و سەوزەگیای بەهار و سروشتی جوانی کوردستان لە خەوی زستانی ڕادەبوون. خەڵکی بە گەرمای بەهاری سەرسەوز لەبن گوێسوانەی هۆدەی ماڵانەوە دادەنیشتن و خۆیان لەبەر تینی گەرمای خۆر هەڵ دەخست و ئێواران گوێی دڵیان دەدا بە زایەڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان.

بەهاری ساڵی ١٣٦٢ بوو. ڕێژیم هێرشێکی بەربڵاوی بۆ جادەکانی نێوان شارەکان دەست پێکردبوو. وەک جادەی بۆکان _ مەهاباد، سەردەشت _ پیرانشار و بانە _ سەردەشت. لە هەرکام لەو جادە سەرەکییانەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەدان کەسی لە بەکرێگیراوانی خۆی بەکوشت دا، بۆوەی بتوانێ زیاتر کوردستان میلیتاریزە بکا و دەستی بەسەردا بگرێ. گرتنەوەی ئەو ڕێگایانە و بەتایبەتی جادەی بۆکان_ مەهاباد، ئاڵوگۆڕێکی قووڵی بەسەر خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی ناوچەی بۆکاندا هێنا و وایکرد کە هێزی بەیان هیچ پێگەیەکی جێگیری نەمێنێ و، لە قۆناغی شەڕی جبهەییەوە بەرەو شێوازی پارتیزانی هەنگاو بنێ. ئەمە یەکەم قۆناغی گۆڕینی شێوەی خەباتی چەکداری بوو لەو ناوچەیە و، سەختییەکانی ئەو قۆناغە کوڕی خۆی دەویست بتوانێ بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرێ. تۆپبارانکردنی شوێنی جووڵە و مانەوەی پێشمەرگە و جموجۆڵی گرووپی زەربەت بۆ بەناو پاکسازی و تۆقاندنی خەڵک ببووە بەشێک

لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و پێشمەرگە. «پیرمەحەممەد» دوا ناوچە بوو لە بۆکان کە گیرایەوە، ئەوەش بۆ خەڵکی ناوچە زۆر ناخۆش بوو، چونکی ٥ ساڵ بوو کە ناوچەکە لەلایەن پێشمەرگەوە بەڕێوە دەبرا.

هێزی پێشمەرگە لە هەموو شوێنەکان کەوتبوونەوە خۆڕێکخستن لەگەڵ بارودۆخەکە و لە ناوچەی بۆکانیش هێزی بەیان بۆ ئەوەی ورەیەکی نوێ بنێنەوە بەر خەڵک، بڕیاری جەولە و عەمەلیاتێکی گەورەیان دابوو. بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە سەد پێشمەرگە بۆ کاروباری سیاسی_ تەبلیغی لە گەڕاندا بوون.

لە سەرەتای هاویندا هەموو دەستە و پەلەکانی هێز لە گوندی «عەزیزکەند» کۆبوونەوە. کۆبوونەوەی هێز لە یەک جێ بە مانای خۆ ئامادەکردن بۆ عەمەلیاتێکی بەهێز بوو. خەلیل خەلەبان، فەرماندەری هێز لە سەر مەئموورییەتی نوێی هێزەکەی چەند قسەیەکی بۆ پێشمەرگەکان کرد و، پاشان قاسم باقی بە نوێنەرایەتیی ئەو لەسەر گرینگیی ئەو ناوچەیە قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد. دوایە پێشمەرگەکان لەوێرا بەرەو ناوچەی «ئەحمەدی کۆر» شۆڕ بوونەوە وئەو شەوە لە ئاوایی «لەگز» بۆ پشوودان لایان دا. پێشمەرگەکان بۆ سبەی ئێواری لە چۆمی «تەتەهوو» پەڕینەوە و، ڕێگای دەشتی «ئاڵەشینیان» بەرەو «کانیمەملی» و «ڕەحیم خان» گرتەبەر. لەم مەسیرەدا هەر لکەی لە گوندێک بۆ پشوو دان لایان دا. گوندەکانی «ئەرمەنی بڵاغی»، «قوولەر»، «ڕەحیم خان»، «کانی مەملی»، «کانی گورگە» و دوایەش «ئەربەنووس» مەڵبەندی قارەمانەتیی پێشمەرگەکان لەو جەولەیەدا بوو.

بە چوونی پێشمەرگە بۆ ناوچەی ئاڵەشین خەڵک ورەیان زیاتر بەرز بۆوە، هۆکاری ئەوەش ڕوونە، چونکی لە سەرەتای شۆڕشەوە بەهۆی هاوسنوور بوون لەگەڵ ئازەری زمانەکان، بەردەوام ڕێژیم خەڵکی لەو ناوچەیە دەربەدەر و کۆمەڵکوژ کردبوو، و بەداخەوە ئازەرییەکانیش شانبەشانی ئەوان لە کوشتنی کورد دریغییان نەکردبوو.

پاش چەند ڕۆژ جەولەی سیاسی لەو گوندانەی ناویان هات، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرگەی ئەم جموجۆڵەی هێزی

پێشمەرگەی نەگرت، چونکە پێشتر و بەردەوام بەگوێی خەڵکی دادابوو کە پێشمەرگە نەماوە. وابوو کە ئێوارەی ٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٢ هەواڵیان هێنا کە ڕێژیم هێرشتان بۆ دەکا.

لە کۆبوونەوەی کتوپڕی بەرپرسانی هێزدا باس لەوە کرا کە بەپێی زانیارییەکان سبەی هێزێکی زۆری ڕێژیم لە ئاوایی «جامەرد»ڕا هێرش دەکا. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە گوندی «ئەربەنووس» بوون. ئەربەنووس گوندێکە لە ناوچەی ئاڵەشین و «قوولەر»، «ئاغجێوان»، «کانی گورگە»، «گامێشان» و «جامەرد»، ئاواییەکانی دەورووبەری «ئەربەنووس»ن و لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخێکی نزم، بەڵام سەختی بە پشتەوەیە. «ئەربەنووس» نیزیک بە چل ماڵ دەبوو و خوارەوەی بۆ لای «قوولەر» دەشتاییە. لە جامەردەوە باریکەڕێیەک دێتە نێو ئاوایی و ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێ دەکەوێتە زۆنگاوێکەوە. ئێوارێ کار و بەرپرسایەتییەکان بەپێی ئەزموونی کەڵەکەکراو بە ڕێکوپێکی دابەش کران. ئێوارەی ئەم ڕۆژە لکی یەک لە نێو ئاوایی، لکی دوو لە ڕۆژاوای گوندەکە و لکی سێ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوێ جێگیر بوون. بۆ یەکیەتیی لاوانی بۆکان و چەند مامۆستای شۆڕشیش کە بۆ ئەو جەولەیە لەگەڵ کەوتبوون، شوێن و ئەرک دیاری کرا و ئەوانیش لە جێگەی خۆیان دابەش کران.

شەو تا بەیانی تەواوی پێشمەرگە قامک لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ لە کەمیندا و، چاوەڕوانی هێزی دوژمن مانەوە. کاتژمێری ٩ی بەیانی ستوونێکی زەبەلاح لە ئاوایی جامەردەوە پەلاماری گوندی ئەربەنووسی داو، لە نیزیک ئاوایی کەوتە کەمینی پێشمەرگە و تەواوی سەرنشینەکانی کوژران؛ ئەوەش توانیی خۆی دەرباز کرد. لەو دەستڕێژەدا چوار ماشێنی هەڵگری کالیبر ٥٠ و تۆپی ١٠٦ میلیم بەدەسکەوت گیران، بەڵام ئەوە کۆتایی شەڕ نەبوو. هێزی شکست خواردووی دوژمن لە شارەکانی بۆکان وساینقەڵا و میاندواو داوای هێزی یارمەرمەتیدەری کرد و، پەلاماری هێزی پێشمەرگەیان دایەوە. شەڕێکی قورس و سەنگەر بەسەنگەر و کۆڵان بە کۆڵان تا

ئێوارە درەنگ وەختان درێژەی کێشا و، ڕێژیم دیسانەکەش بەدەیان کوژراوی لە ئاوایی «ئەربەنووس»دا بەجێ هێشت و پاشەکشەی کرد. کەچی بەوەش ڕازی نەبوو و هیلیکۆپتێری هێنایە سەر ئاوایی و بە تۆپ و ڕاکێت و هەروەها بە تۆپخانەیەکی قورس لە «جامەرد»ەوە هەتا ٧ی ئێوارە ئاورbaranی گوند و سەنگەری پێشمەرگەکانی دەکرد.

لەو شەڕە حەماسییەدا زیاتر لە ١٢٠ کەس لە دوژمن کوژران و بریندار بوون و، دەیان قەبزە چەک و ماشێن بوونە دەسکەوتی پێشمەرگە. وەک دەڵێن ئاشی شۆڕش بەخوێن دەگەڕێ و مێژووش نیشانی داوە ئەو سەرکەوتنانە خوێنی بۆ دراوە. خوێنبایی ئەو حەماسەیە ٨ قارەمان بوو بە ناوەکانی هەمزە حجازی، مەنسوور سوارە، سەید ئەسعەد ئەحمەدی، بەهمەن سامبەگی، ڕەسووڵ خورسندی، محەممەد عەبدی، سمایل عەبدی و لەتیف ڕەشیدی.

پێشمەرگەکان ئێوارە شەهیدەکانیان هەڵگرت و بەرەو ئاوایی قوولەر چوون، بەڵام هێزی قین لە زگی سپای پاسداران دوایە بە نێو دێیەوە وەر بوون و ڕقی ڕەشی خۆیان بەسەر خەڵکدا ڕشت و جینایەتێکی سامناکیان خوڵقاند و سێ کەس لە خەڵکی ئاسایی و زەحمەتکێش و بێ چەکی ئاوەدانییان بە ناوەکانی عەلی سولەیمانی، ڕەشید سولەیمانی و دەروێش سولتانی فەرەجی دایە بەر دەسترێژ و شەهیدیان کردن.

# حکایەتی «گوێئاغاج» لەدڵی سووروووساتەوە

مێژووی گەلی کورد لە ئێران بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسەتی سەرکوت لەلایەن ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانەوە بە خوێن دەنووسرێتەوە .بە تایبەت کە لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆردڕندانە کەوتۆتە بەر هێرشی کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕێژیمە سەرکوتگەرە دوای هێرشی بۆ سەر کوردستان هیچ ڕێگایەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە کە بتوانێ سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بە خۆیەوە ببینێ. تەنانەت ڕێگای نەدا سەرەتاییترین ویستی لە ڕێگای هێمنانەوە بێنێتە گۆڕێ و لە ڕێگای چەک و زەبر و زەنگەوە هەموو ڕێگایەکی لە گەلی کورد بەست، هەر بۆیەش گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕێگایەکی هەڵبژارد کە بێجگە لە بەربەرەکانیی دیفاعی چەکداری هیچی بۆ نەمابۆوە. ئەوەتا دەیان و سەدان بەڵگە و دوکمینتاری زیندوو لەبەر دەست دایە کە باس لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا و، خەڵکی قارەمانی کوردستانیش وەک دژکردەوە ڕۆڵەکانی خۆیان بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی گەلەکەیان ڕەوانەی ڕیزەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات دەکرد و، لەهیچ فیداکارییەک دریغییان نەکردووە. هەستی کوردایەتی و بەرخۆدانی یەکێک لە گوندەکانی کوردستان منی هێنایە سەر ئەو باوەڕە لە گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەو ژمارەیە وەک پێزانین بۆ گوندی «گوێ ئاغاج»ی هەوشار بنووسم.

ناوچەی هەوشار یەکێک لە مەتەرێزە گرینگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە. خەڵکی خەباتگێری دێموکرات پەروەری ئەو ناوچەیە، هەمیشە بە دڵەوە لایەنگری حیزبەکەیان بوون و، باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی خۆیان ڕەوانەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە. دوژمنی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ داوە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوە دابڕێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووەو، وەک هەمیشە لەم جۆرە هەوڵانە شکستی خواردووە و، لەو ڕێگایە داماو

هاتۆتە دەر. ڕۆڵە قارەمانەکانی هەوشار لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبدا قارەمانەتی و، ئازایەتیی کەم وێنەیان نواندوە کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی گەلەکەماندا بە ڕێزەوە یادی دەکرێ. خەڵکی هەوشار لەمێژە نیشانیان داوە کە وەک هەموو خەڵکی کوردستان، لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێزارن و لایەنگری جووڵانەوەی حەقخوازانەی نەتەوەکەیانن، ئەم ڕاستییەیان هەم لەمەیدانی خەباتی ڕۆژانەیاندا دژی ڕێژیم و، هەم بە کردەوە ڕۆڵەکانیان لە بەرەکانی شەڕ دژی کۆماری ئیسلامی سەلماندیان کە ڕێژیمیان ناوێ و، بۆیە زۆر ڕۆڵەی ئازایان لەو پێناوەدا پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد.

ناوی ئاوایی »گوێ ئاغاج« لە ناوچەی هەوشار کەم کەس هەیە نەیبیستبێ. ناوی ئەو گوندە لەگەڵ ناوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لێک گرێ دراوە. لە ماوەی دەسەڵاتداریێتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی ئەم گوندە ٢٤ قارەمانی خۆیان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد و، بە خوێنی خۆیان داری ئازادییان پاراو کردوە و نەیان هێشتووە پاییزی زەرد ڕوخساری ببینێ و باڵی بەسەردا بکێشێ. ٢٤ پێشمەرگەی بە ئەمەگ، تەمەنی لاوەتیی خۆیان بەختی ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەیان کردوە و بە سەربەرزی ژیان و بەسەربەرزی سەریان نایەوە، بەڵام سەریان بۆ کۆنەپەرستەکان دانەنواند، بەڵکوو دژی دەسەڵاتی زۆردارانی حاکم خەباتیان کرد و لەم ڕێگا پیرۆزەدا گیانیان بەختی ئامانج و ڕێبازی پڕ لە شانازی گەلەکەیان کرد. ٢٤ڕۆڵەی ئەم گوندە میداڵی شانازییان بە سینگی گوندەکەیانەوە هەڵواسی، کە بۆ هەمیشە لە مێژووی حیزبەکەمان و نەتەوەکەماندا دەمێنێتەوە. زیاتر لە٣٠٠ ماڵ و نیزیک بە ٢٠٠٠ کەس لەخەڵکی ئەو گوندە لە٢٣ کیلومیتریی باشووری ڕۆژهەڵاتی ساینقەڵا دەژین. خەڵکی ئاوایی» گوێ ئاغا» بە کاری وەرزێری و مەڕداری و فەڕش چنینەوە ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن، خەڵکێکی دڵپاک بە یەکەوە دەژین. لەساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی فشاری زۆری خستە سەر خەڵک، کە وەدووی سیاسەتەکانی حیزب نەکەون. بەڵام ئەوان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بە بەشدارییی بەردەوامیان لە ڕیزی خەبات و بە پێشکەش کردنی ٢٤ شەهید سەلماندیان کە هیچکات ئامادە نەبوون سەر بۆ ڕێژیم دانوێنن و خوێنی ڕۆڵەکانیان

بۆ ئەوان چرایەکی ڕووناک کەرەوەی داهاتووی نەتەوەکەیان بوو.
شەهیدانی حیزبی دیموکرات لەو گوندە سەربەرزە توانیویانە هەموو خەڵک لێک گرێ بدەن و، هەستی کوردایەتییان تێدا بەهێزتر بکەن. ئەوان وەک هەمیشە بە دڵ و باوەڕەوە لەگەڵ جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد بوون و خوێنی ڕۆڵەکانیان هیچکات لەبیر ناکەن، خەڵکی ئاواییش بە باشی هەست بەوە دەکەن کە حیزبی دیموکرات نیزیک بە٥٠٠٠ شەهیدی هەیە، تەنانەت دەزانن زۆر گوندی دیکە هەیە کە نیزیک بە ٦٠ شەهیدی هەیە. ئەوانە هەموو سەرچاوەی ئەو بیروباوەڕەیە کە ٧٥ ساڵ لەوە پێش لە نێو کۆلامەنی خەڵکدا ڕیشەی داکوتاوە. کاتێک لە شەڕ و بەربەرەکانیدا یەکەم شەهیدی ئەو گوندە بەناوی «عەبدوڵا لوتفی» لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم شەهید دەبێ، خەڵکی پێشمەرگە پەروەری گوندی »گوێ ئاغاج« ڕوویان کردە ڕیزی پێشمەرگایەتی و بە دەیان کەس چەکی پڕ لە شانازییان لە شان کرد و ناو و یادی شەهیدەکەیان بە درێژە پێدانی ڕێگاکەی بەرز ڕاگرت. هەر بۆیەش حیزبی دیموکراتی کوردستان حەقیەتی شانازی بە بنەماڵەی شەهیدانەوە بکا چونکی ڕۆڵەکانیان بۆ ڕزگاری گەلی کورد پەروەردە کرد و هەر لەم ڕێگایەشدا سەریان دانا. گوندی »گوێ ئاغاج« ٢٤ قارەمانی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا دژی داگیرکەرانی کوردستان لێ شەهید بوو، بۆیە پێویستە ئاماژە بەچەند حەماسە و فیداکاری ئەو مەڵبەندە بکرێ. قارەمانانی هەوشار لە زۆربەی گوند و تەپۆڵکە و ڕێگا و جادەکانی ئەو دەڤەرە فیداکاری گەورەیان لێ تۆمار کردووە، ئەوان ئەگەر لە گوندێک ٢٤ تێکۆشەریان گیانی بەخت کردوە، لە شەڕەکانی »کووچەتەڵا«، »تورکان بلاغ«، »قەرەزاخ«، » ئاغدەرە«، »کانی سپی«، نێوشاری ساینقەڵا، »حەسەنئاوا«، »کولتەپەی جانگیرخان« و شەڕەکانی ناوچەی فەیزوڵابەگی و دەیان شەڕی گەورە و چووکەی دیکە نموونەی بچووکن لە بەرخۆدانی ناوچەی هەوشار کە بە سەدان کەس و بگرە زیاتر لە هەزار کەس لە داگیرکەرانی کوردستان کوژراوە و بە دەیان ماشێن و بە سەدان چەکی جۆراوجۆر دەسکەوتی قارەمانانی ئەو مەڵبەندە بووە. هەربۆیە خەڵکی تێکۆشەری »گوێ ئاغاج« نەک بە شەهید بوونی ٢٤ تێکۆشەریان پشتی حیزبەکەیان بەر نەدا بەڵکوو پتەوتر و قایمتر لە پێشوو بوونە پاڵپشتی تێکۆشەرانی دیموکرات.

# سەرشۆڕییەکەی ڕێژیم لەشەڕی «سەوجە»دا

نەتەوەی کورد لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی خۆیدا و بە گوێرەی هەلومەرج، هەمیشە هەوڵی بۆ دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی داوە و فیداکاری و لەخۆبوردوویی و گیانبازی و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە باشترین بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە. مێژووی خوێناویی ئەو گەل و نیشتمانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە تا نەتەوەی کورد هەیە دەنگ و هاواری بۆ خەبات و گەیشتن بە مافەکانی کپ ناکرێ. چونکی نەتەوەیەکی خۆڕاگرە و، ئامادەشە نرخی ئازادیی خۆی بدا. لەو بارەوە بست بە بستی ئەم کوردستانە، لە پێدەشت، لەو شاخ و کێوانە، لەو شیو و ودۆڵانە، لە شار و دێ، لە مووچە و مەزرا، لە هەموو جێیەکی، جێگە پەنجە و دڵۆپی خوێنی ڕۆڵەکانی پێوە دیارە و بەرگرییان لە بوون و شەرەف و کەرامەتی گەلەکەیان کردوە. بۆ یاد و بیرەوری و ڕێزگرتن لە فیداکاریی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە ئەمجارەیان لە »هەگبەی شاخ وشۆڕش« سەرێک لە ناوچەی پیرانشار و شنۆ هەڵدێنین. مێژووی پڕلە سەروەریی داستانەکانی هێزی قەندیل و کێلەشین لێوانلێوە لە حەماسە و قارەمانەتی و فیداکاری، کە نەک لەو چەند دێڕەدا بەڵکوو دەکرێ دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێ. ئەگەر باس لە هەر خۆڕاگرییەکی ئەو دوو هێزە بکرێتەوە هەرکام پەرتووکێکی سەدان لاپەڕەیی لەخۆی دەگرێ. لەو ساڵانەی هێرشی جینایەتکارانەی دژە کوردیی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتن و قەڵاچۆکردنی شار و گوندەکانی کوردستان لەوپەڕی خۆیدا بوو هێزی کۆنەپەرستی، لرفەی ڕق و قینیان بە خوێنی کورد دادەمرکا، هێزی قارەمانی قەندیل و شنۆ لە ڕاسان دژی ئەو زوڵم و زۆرییە بێبەری نەبوون، وەک هەموو هێزەکانی دیکەی حیزبی دێموکرات وەستانەوە و تەنانەت بەشی شێریان پێ بڕا. بیرەوەریی حەماسەکانی ئەو ناوچەیە وەک شەڕەکانی نێو شاری شنۆ و پیرانشار، گەلی قاسملوو، نەغەدە، پیر ناسر، نەڵۆس، چەپەراوێ، پووشاوێ، شاوانێ، حەڵبێ، شێلم جاڕان، قەبەری حوسێن جادەی سەردەشت_ پیرانشار، لاجان و بەری مێرگان و دەیان و

سەدان عەمەلیاتی دیکەی ئەو دوو هێزە قارەمانە بووە کە ئێستاش ڕۆڵەکانی ئەو دەڤەرە بۆ نەوەی نوێی وەک دەرسێکی پڕلە سەروەریی نەتەوەکەیان بۆ لاوانی تازە پێگەیشتووی دەگێڕنەوە. گێڕانەوەی داستانە پڕلە سەروەرییەکانی پێشمەرگە تەنیا لایەکی ئەو مێژووەیە، چونکی ئەگەر وردتر بڕوانینە حەماسە و فیداکاریی ڕۆڵەکانی کورد، بەبێ بەشداریی خەڵکی خەباتکاری کوردستان مانایەک نادا، چونکی ئەوان لە زۆر بارەوە بەشی شێریان پێ براوە، هەم کوڕەکانیان پێشکەش بە حیزبەکە و نەتەوەکەیان کردوە هەم لە بواری یارمەتی و حەشاردان و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی پێشمەرگە دریغییان نەکردوە و بە سەر و ماڵەوە بەشدار بوون. بەخشینی ورە بە پێشمەرگە لەو سۆنگەوە بووە کە بەسەدان کەس و جاری وا بینراوە بە هەزار کەسیش هێرشیان بۆ قارەمانانی دیموکرات کردوە، بەڵام بەچۆکدا هاتوون. یەکێک لەو بەرخۆدان و بەربەرەکانییانە کە لاپەڕەکانی مێژووی ڕاوەستانی پێشمەرگە لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستانی پێ ڕازاوەتەوە، حەماسەی ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوییە کە وەک ئەستێرەیەکی ڕووناک بە ئاسمانی بەرخۆدانی کوردەوارییەوە دیارە.

ئێوارێی ١٨ی خەرمانانی ساڵی١٣٧٢ی هەتاوی نیزیک بە ١٠٠پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کێلەشینەوە بەرەو قووڵایی ناوچەی شنۆی دڵسۆز و خۆڕاگر شۆڕ بوونەوە. ناوی شەو، شوێنی مانەوە، مەودای پێشمەرگە و وردەکارییەکانی دیکەی هێزێکی پارتیزان بەهەموو هاوڕێیان گوترا، مانگەشەوی ئەوشەوە نەک دڵی پێشمەرگە بەڵکوو دڵی ئاشقانیشی لە نێو سینگیاندا وەجووڵە دەخست. سریوە لە هیچ بوونەوەرێک نەدەهات، هەموو گیان لەبەرەکان لە خەودا بوون، تەنیا ئەوانەی گەورەترین سەرمایەی ژیانیان بۆ نەتەوەکەیان دەبەخشی لە حاڵی جووڵەدا بوون تا موژدەیەکی سەرکەوتن بە گەلەکەیان بدەن.

پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەڤەری شنۆ و پیرانشار بەرەو جەرگەی دوژمن دەخوشین. بریقەبریقی چرای مۆڵگەکانی سەر ڕێی پێشمەرگە ڕووناکایی دەخستە سەر زەوی و چەکی پێشمەرگە کە بە پێچەوانەی مۆڵگەکانی دوژمن بەشاندا کراوە، پاش چەند سەعات ڕێگا بڕین جار جار بۆ پشوودانێکی چەند دەقیقەیی ڕادەوەستان، سەعاتی یەکی نیوەشەو

پێشمەرگە بە نێو باخەکانی پڕ لە میوەی جۆراوجۆری شنۆدا هەنگاوی دەنا، هەر پێشمەرگە و خەیاڵ هەڵی گرتبوو کە لە ڕۆژانی داهاتوو لە کوێ سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکەن. جارجاریش دەستیان بۆ دار میوەیەک درێژ دەکرد کە ئەگەر بەدەستیانەوە بێ گەرووی پێ تەڕ بکەن. سەعات ٤ی بەیانی خەڵکی گوندی «سەوجە»ی شنۆ باوەشی گەرمیان بۆ ڕۆڵەکانیان کردبۆوە. هەر تیمەی لە ماڵێکیدا جێگیر ببوون. بەشێک ڕەخت و تفەنگیان لەبن سەری دانابوو و هێندێکیش لە کادرەکان بە دەنگ و باس و وتووێژی خەڵک و پێشمەرگە لەمەڕ ناوچە و هێزی داگیرکەر وەزعییەتی خەڵکەوە تا ڕووناکیی بەیانی درێژەی کێشا. پێشمەرگە خەریکی پشوودان بوو غافڵ لەوەی کە سیخوڕی ترسەنۆک هەواڵی هاتنی هێزی پێشمەرگەی بۆ گوند بۆ دوژمن بردوە. دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە کاتژمێری ٩ی بەیانی ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٢ هێرشی کردە سەر ڕۆڵەکانی گەل و شەڕێکی قورس لە نێو ئاوایی و باغەکانی دەورووبەری، دەستی پێکرد. هێزی هەمیشە ترسەنۆکی ڕێژیم ئەگەرچی چەندین بەرامبەری هێزی پێشمەرگە دەبوو، بەڵام هەموو جارێ لە پەلامارەکانیدا شکستی دەخوارد و، پاش هەر شکستێک بە ئاوری تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا ناوچەکەی دادەگرت و تەڕ و ویشکی پێکەوە دەسووتاند. ڕۆڵەکانی دێموکرات بە ئیمان و بیروباوەڕی بەرزیان لە شەڕێکی ١٠ سەعاتەدا توانییان زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن بوەشێنن. پاش شەڕێکی قارەمانانە کەلاکی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی دوژمن لە شەڕگەدا کەوتبوو.

خەباتگێڕانی دێموکرات ئەو ڕۆژە بە لێوەشاوەیی خۆیان توانییان زەبرێکی گاریگەر لە هێزی دوژمن بدەن و سەرشۆڕییەکی دیکە بە نسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی بکەن. قوربانیی ئەم سەرکەوتنەش خوێنی شەهید ئەبووبەکری دەرەوی بوو کە هەتایە لە مێژووی نەتەوەکەیدا ناو و یادی دەمێنێتەوە. بەڵام جێگەی ئاماژەیە کە لە شوێنێکی وەها ئاستەمدا تێکۆشەرانی دێموکرات توانیان زەبری گاریگەر لەدوژمن بوەشێنن کە دوژمن ئیدیعای ئەمنیەتی دەکردو بە فیداکارییە و بەربەرەکانی خۆیان توانیان ئیدیعای دوژمن مایە پووچ بکەنەوە و جارێکی دیکە بە دوژمن بسەلمێنن کە کوردستان جێگەی شێرەکوڕانی کوردە و ئەوان لێی بێگانەن.

# «نییەر»، سروود و حەماسەی نیشتمانێك

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئاوایی نیەر بدەینەوە بۆ هەموو کەس ناو ناوبانگی ئازایەتی قارەمانەتیی بنەماڵەی منبری‌یەکان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشنایەو لە مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورد جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی کردۆتەوە، ناوی نیەر بەجۆرێک خۆی لەگەڵ بنەماڵەی منبری‌یەکان تێکەڵاو کردوە کە لەراستی‌دا زۆر بەزەحمەت لێک جیا دەکرێتەوە چونکی بزووتنەوەی کوردستان لەو دەڤەرە بەشیکی زۆری قورسایی، خەڵکی نیەر خستیانە سەرشانی خۆیان.

«نییەر» لە ناوچەی ژاوەرۆی سنەیە، گوندێکی خۆش و دڵرفێن و سازگارە، نزیکەی ٣٥٠ ماڵ دەبێ. خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە زۆربەیان خزم و کەس و کاری یەکترن و شۆڕەتیان مینبەری‌یە. ئەو شۆرەتە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئاشنایە. زیاتر لە پەنجا کەس لە مینبەری‌یەکانی گوندی نییەر لە سەنگەری خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی‌دا شەهید بوون. نیەر لە ٥٠ کیلۆمیتری باشووری رۆژاوای شاری سنە هەڵکوتووە. لە شیویەکی سەرسەوز، پڕ رەز و باخ دا و، لە بناری زەنجیرە کێوەکانی ‹‹کوڕەی مریەم››، ‹‹شانشین›› ، ‹‹قازی‌بەکر››، ‹‹هێلان داڵ›› و ‹‹زریە›› دا هەڵکەوتووە. هەوارگەی بەرز، دڵنشین و بەناوبانگی ‹‹مێرگەوار›› شوێنی کار، ژیان و سەیرانی هاوینانی خەڵکی نیەرە و لە پێ خوشی و دڵنشینی مێرگەوار، ئەم شێعرە فۆلکلۆریە دەماودەم لە خەڵکی ناوچە ئەبیسرێ:

هەوای بەن وە بەن، دوو بەن دیارەن یان بەنی شاهۆن، یان مێرگەوارەن

خوزگەم بە نیەری، رۆژێک هەزار جار بۆ گەشت و سەیران ئەڕۆن مێرگەوار.

سەرچاوەی داهاتی خەڵک بە باخداریە،و توو فەڕەنگی‌و میوەی دیکە

شوێنێکی گەورەی لە داهاتی ئەواندا هەیە .ئەو گوندە شۆڕشگێرە نزیک بە ٣٥٠ ماڵ پێکهێنەرێتی، بەشێکی زۆریان بنەیەکیان لە سنە یا کامیاران هەیە حەشیمەتی ئاوایی نیەر زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوە بە زاراوەی رەسەنی هەورامی قسە دەکەن و دابو نەریتی کوردەواریی زمان و رەسەنی ناوچەیان وەک خۆی پاراستوەو تۆزی فەراموشی بە خۆیەوە نەدیوە. گوندی نیەر لە کۆنەوە خەڵکی بەتواناو لێهاتووی بەخۆیەوە دیتوە هەرکام لەوانە شوێنی تایبەتیان لە ناو خەڵکداو لەسەر خەڵک داناوە. یەکێک لەوانە حاجی مەلامحەممەد نیەری ناسراو بە حاجی مامۆستا، کە لە دەورانی ناسرالدین شادا ژیاوەو لە بەر زانایی جێگایەکی تایبەتی لە ناوشاردا هەبوە.

بێجگە لە حاجی مامۆستا چەند کەسی دیکە لە ناو عالمانی کورد دا جێگای خۆیان کردۆتەوە وەک مەلا عەبدولمەجیدی مودەڕڕەسی نیەری، مەلا محەممەد مودەررەسی نیەری کە چەندین کتێبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوە، هەروەها مەلا محەممەد سادقی منبری.

ئاوایی نشینەکانی نێەری منبرییەکان، لە مێژە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکەڵ بوون و بەرگی پیرۆزی پیشمەرگایەتیان لەبەر کردوە. لە سەرەتای رێپێوانەکانی خەڵک لە دژی رێژیمی شا، چەند بنەماڵەیەکی نیەری لە سنە دەژیان و هێندێک لە منالانی گوندیش لە ماڵی ئەواندا دەیانخوێند. زۆربەی ئەم گەنجە خوێندکارانە تێکەڵی سیاسەت بوون و کاک جەعفور مەنبەریش، کە پێشتر پێوەندی نهێنی بە حیزبی دیموکراتەوە هەبوو سەرچاوەی ئەم دەست پێکە بوو یەکێک لە مامۆستاکانی گوندی نیەریش( مامۆستای قوتابخانە) کە خەڵکی شاری مەهاباد بوو بە ناوی عەبدول ناسری قورەیشی، بناخەی بیری نەتەوەیی لە گوند و نێو قوتابیاندا داڕشت و لە راستیدا قورەیشی مامۆستای نیشتمان پارێزی نێویان بوو .بەڵام ئەوەی بۆ نیەر لە خەبات وتێکۆشان جێگای لێ ورد بوونەوەیە هەر دوو رۆژ لە شەڕی ٢٦ رۆژەی نێو شاری سنەدا کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە پەلامار درابوو تێپەری کە عەبدووڵا منبری و جافرمنبری و دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوی کەریم و عەزیم مەنبەری شەهید بوون و ئەم رووداوەش وەک کۆستێکی گشتی گوند ئەژمار کرا.

شاعیری گەلەکەمان جلال مەلەکشا شێعرێکی پڕ لەهەستی بۆ یەکێک لەو بنەماڵە تێکۆشەرانە کە نموونەی فیداکاری قارەمانەتی بوو هۆنیوەتەوە.

«کە خۆم ناسی وتم دایە من کێم‌و چیم، خەڵکی کام شار، کام مەڵبەندی سەر رووی زەوی، وتی رۆڵە تۆ کوردیی‌و دیل‌و هەژار، نیشتمانت کوردستانە، بەڵام ناوی نیشتمانت لە سەر نەقشەی جیهان نیە، بێ نیشانە. وتم دایە باوکم کوانە بۆچی هەرگیز دەستی حەزی نەگوشیوم، بەکام تاوان هەتیوم، وتی رۆڵە! رۆژێک هاتی داگیرکەران شاریان سووتاند، تەفەنگی مافی کردە شان، رووی کردە ئاسۆی سەربەستی، لێزمەی خوێنی گەشی لەشی، بەسەر لێوی خاکا پژاند، وتم دایە ئەی براکەم، شەپۆلی خەم، ئاوی ماتەم، گۆمی چاوی پڕکرد لەئەستێرەی فرمێسک، وتی رۆڵە، لە کازیوەی وەرزی رەشا، لاشەیان کردە نیشانە،سەری کاتی خەمەکانی بردە ژێر خاک، گیانی پاکی کردە سەربەستی ئەو کوردستانە. وتم دایە ئەی من چی بکەم؟ هەستا سەر پێ، تەفەنگێکی برنووی کورتی بزمار رێژی دایە دەستم، وتی رۆڵە، ئەی هۆی ئاوات‌و مەبەستم، دەیان ساڵە لە چوار لاوە کوردستان دیل‌و یەخسیرە، دەست‌و پێ زنجیر کراوە، رێبازی خوێن بگرەو برۆ، دوعای گەلی چەوساوەی کورد لە پشتی تۆ، سنوورەکان بشوێنێ کوردستانم بۆ بێنەوە، با بەدەوریدا بسوورێمەوە، کوردستانم بۆ بێنەوە با دانیشم لەتە لەتە وڵاتەکە بدورمەوە». (جلال مەلەکشا)

دوای شەهید بوونی جەعفەر منبری نزیک بە ١٥ کەس لەو گەنجانەی شار، یان قوتابخانەی گوند بوونە پێشمەرگە،و پاشان بەوە گرێدانێکی عاتفی و فکریش لە نێوان خەڵکی گوند و حیزبی دیموکرات دا درووست بوو. کەسانێکی تایبەتیش لە ناو پێشمەرگەکاندا رۆڵی گرنگیان بۆ ئەم تێکەڵاوییە بەرینە هەبوو کە دوای شەهید جەعفەر، هاشمی کوڕی جەعفەر، عەبول حەسەن منبەری و چەند کەسی تر دیارترینیان بوون.

بەڵام ئەوەی دەبێ بە ئاوی زێر بینووسی بەشداریی چالاکانەی هەمەلایەنەو بەرخۆدانی خەڵکی ئەو گوندە قارەمان پەروەرە بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی کە لەسەنگەری بەرگری لە ئاوو خاک ونیشتمان زیاتر لە ٤٠ کادرو پێشمەرگە گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە. ئەوانە کە هەموو وجوودی خۆیان بۆ

دابین کردنی ئازادی تەرخان کردبوو تەرمیان کەوتە سەر زەوی‌و لەسەنگەری شەرەف‌و ئازادی‌دا خاکی پیرۆزی کوردستانیان لە باوەش گرت‌و بۆ هەمیشە چاویان لەسەر یەک داناو خوێنیان رژایە سەر خاکی نیشتمان، ئەو رۆڵە گیانبازو لەخۆبردووانە قەول‌و بەڵێنیان بردەسەر، سەریان بۆ دوژمنی داخ لەدڵ نەوی نەکردو لە وەرزەکانی تەبیعەت‌دا، بەدەیان لاوی نییەری قارەمانی دیموکرات بوو بەخەزان‌و لە حیزب‌و لە زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ هەمیشە ماڵئاوایان کردو لاپەڕێکی زێڕینیان بە مێژووی سەرانسەر خەبات‌و قارەمانەتی نەتەوەی کورد زیاد کردو میداڵی شانازیان بەسینگی گوندەکەیانەوە هەڵواسی، کە بۆ هەمیشە لە مێژووی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمان‌دا جێگای شانازین، دەمێنیتەوە. بێجگە لەوانە چەندین کەسی دیکە لە سیاچاڵەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەشکەنجەو زیندان مانەوە وسەرئەنجام ئیعدام کران، هەروەها کۆماری ئیسلامی چەندین جار ئەو گوندە خۆراگرەی بە ئاورو ئاسن ئاورباران کردوە خەڵکی لێ شەهید کردوە لەماوەی دەسەڵاتی خۆی‌دا کۆماری ئیسلامی کوشتن وبرێن و ئێعدام وسووتان ومال وێرانی بەدیاری بۆ ئەو گوندە هێناوە، بۆ وێنە لە رۆژی ١٧ی رەزبەر ساڵی ١٣٦٢ بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە هێزی پێشمەرگە ئەو گوندەی کردە ئامانج‌و زیاتر لە ١٠٠ ماڵی سووتاند، قین لەدڵان بەوەش دانەمرکان‌و سەرچاوەی بژێوی خەڵکیان ئاگرداو جارێکی دیکە قەڵاچۆکردن‌و وێرانکردنی ماڵ‌وحاڵی خەڵکیان لەدەفتەری ئینسان‌کوژیی خۆیان‌دا تۆمار کرد. بەڵام خەڵکی قارەمانی گوندی نیەر بەدانی خوێنی رۆڵەکانیان ئامادە بوون فیداکاریی کەم وێنە لە خۆیان نیشان بدەن و رووخساری زەرد بە رووی ئەم گوندە قارەمانەوە دیار نەبێ‌و وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە نێوئاسمانی جووڵانەوەی گەلی کورد بە درۆشاوەیی بمێنێتەوەو لە ماوەیەکی کورت‌دا ئاوایی نیەریان جارێکی دیکە رازاندوەو کردیانە چقڵێکی دوژمن تۆقێن‌و بەچاوی کۆماری ئیسلامیان داکرد.

لە نیو شەهیدانی ئاوایی نیەر چەندین کەس لە نێو یەک بنەماڵە دادبینرێن وەک فەرەج، واسیح، کەیکاوس و عەبدوڵا منبری کە هەر چواریان برا بوون‌و تەنانەت ئیحترام منبری هاوژینی فەرج منبری بووە.

ئەوەی سرنجی خەڵکی راکێشاوە پڕکردنەوەی سەنگەرەکانی شەهیدان ودرێژەپێدانی رێگایانە، ئێستا لاوانی ئاوایی نیەر لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا لەسەنگەری بەربەرەکانیدا دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەنو بە درێژە پێدانی رێگایان لاپەڕەکانی زێڕین بە مێژووی سەرانسەر خەباتو قارەمانەتیی نەتەوەی کورد زیاد دەکەن. خوێنی رۆڵەکانی ئاوایی نیەر لە زۆر ناوچەی کوردستان وەک: کامیاران، سنە، دیواندەرە، بانە، سەقز، کرماشان، مەریوان و دالاهۆ داری ئازادیان ئاو داوەو بەو خوێنە گەشو ئاڵە توانیان بۆ هەمیشە نیەر لە مێژووی حیزب ونەتەوەی کورددا بە گەشاوەیی راگرن.

خەڵکی ئاوایی نیەر هیچکات بەشەهید بوونی رۆڵەکانیان تازیەدارو خەم داینەگرتن. چونکی زەبری پەیتا پەیتای هێزی پێشمەرگەی دیموکرات لە پەیکەری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بزەی خستە سەرلێوی خەڵکی زەحمەتکێشی ئاوایی نیەرو هەموو کوردستانو بە پێکەنینەوە بە یەکتریان دەگوت رێگای شەهیدانی نیەرو هەموو شەهیدانی کوردستان درێژەی هەیە لەم دەرفەتەدا بەڵێن دەدەین تا سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر دوژمنانی ئازادیدا رێگای شەهیدان هەر درێژەی دەبێو خوێنی شەهیدانی کوردستان و ئاوایی نیەر دەستەبەری سەرکەوتنو مەشخەڵی پڕ نووری رێگای خەباتو تێکۆشانی پێشمەرگەکانی دێموکراتو میللەتی کوردە.

## لە "کۆساڵان"ەوە بۆ "ئەنبار"ی سەرگورد عەلیار

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ڕێبەرایەتیی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بڕیاری شەڕی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد، لە ئاکامی ئەم بڕیارەدا شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هێزی کۆنەپەرستی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە بە شەڕی سێ مانگە دەناسرێ دەستی پێکرد و، بە شکستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش سێ مانگ کۆتایی پێهات. ڕێژیم شکستی لەم شەڕەدا قەبووڵ کرد و بەمەبەستی خۆڕێکخستنەوە داوای وتوویژ لەگەڵ ڕێبەرانی کورد کرا و بەم شێوەیە ئەو شەڕە ڕاگیرا.

شەڕەکانی سەرەتای شۆڕش یا هێرشەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان تا کۆتایی ساڵی ١٣٦٢ و سەرەتای ١٣٦٣ی هەتاوی لە قۆناغێکی جبهەییدا بوو. دواتر بەگوێرەی پێویست و بەپێی بارودۆخ شێوە شەڕەکان و جموجۆڵی پێشمەرگە و هەروەتر شێوە و تاکتیکی هێرشەکانی هێزی داگیرکەریش گۆڕدرا. لە زۆربەی شوێنەکاندا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچە ئازادکراوەکانی بەدەستەوە نەمابوو و دیسانەوە هێزی ڕێژیم داگیری کردبۆوە. هەر بەم هۆیەوە ڕۆڵەکانی دێموکرات بەمەبەستی درێژەدان بە خەبات و بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی ڕێژیم بەردەوام لە جێگۆڕکێ و جموجۆڵدا بوون. وەرزەکانی ساڵیش کاریگەری لەسەر چالاکیی پێشمەرگانە هەبوو، هەرکام لە وەرزەکانی ساڵ تایبەتمەندی و دژواریی تایبەت بەخۆیان هەبوو. وەرزی زستان و هاتنی سەرما و سۆڵ بەتایبەت لەو کاتەیدا کە ناوچە ئازادکراوەکان کەم بوون، کۆسپێکی گەورە بوو لەبەردەم هێزی پێشمەرگەدا.

بەدەست پێکردنەوەی بەهار وەک چۆن گیایەکی سەوز سەری دەردێنا و مزگێنی بەهاری دەدا بەوجۆرەش پێشمەرگە دەست بەکار

دەبوو و، مزگێنی ئازایەتی و قارەمانەتی و بەرخۆدانی بە خەڵکی کوردستان لە سەرەتای بەهارەوە دەدا. زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ بە بەردەوامی حەماسەی پێشمەرگەی تێدایە و بە جۆرێک لە جۆرەکان یان بەرگری لە خۆی، یا کەمین و گرتنی مۆڵگەکان فیداکاری تێدا دەبینرێ و تەنانەت لەو نێوەدا زۆر تێکۆشەری ئازا و فەرماندەش کە مێژوو شاهیدە لەسەر گیانبازییان، شەهید بوون. لەو نێوەدا ئەوەی جێگای ڕێز و پێزانینە و لەنێو هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەرچاو دەکەوت لەبیر نەچوونەوەی هاوڕێکانیانە. بەدرێژایی خەباتی چەکداری لەنێو ڕیزەکانی ئەو حیزبە بیری یادکردنەوە لە هاوسەنگەرانیان لە پێشەوەی هەموو کارە نیزامییەکانیاندا بووە.

لە هاوینی ١٣٦٤ی هەتاویدا فەرماندەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرپرسی کۆمیسیۆنی پیشمەرگە، سەرگورد کەریم عەلیار لە ناوچەی بانە شەهید کرا. شەهید بوونی ئەو زەبرێکی کاریگەر بوو لەڕووی نیزامییەوە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان درا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە تێکۆشەرانی دێموکرات بیریان لەوە دەکردەوە کە لە تۆڵەی گیان لەدەست دانی سەرگورد عەلیاردا زەبرێکی باش لە دوژمن بدەن. هەر ئەو ساڵە بەهۆی گۆڕینی قۆناغی شەڕ لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو هێز و توانای خۆی وەگەڕ خستبوو بۆ ئەوەی پێش بە چالاکیی هێزی پێشمەرگە بگرێ یان لانیکەم بارستایی زەبرەکانی کەمتر بکاتەوە، هەر بۆیەش ڕێژیم بەردەوام ئەو شوێنانەی گومانی پێشمەرگەی لێ کردبوایە هێرشی بەربڵاوی بۆ دەکرد. لەو بارودۆخە هەستیار و ئەستەمەدا بوو کە هەل هەڵکەوت بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.

ڕۆژی ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ تەنیا مانگێک دوای شەهیدبوونی سەرگورد عەلیار، کۆماری ئیسلامی هێزێکی زۆری کۆ کردەوە بۆوەی بتوانێ زەبرێکی قورس لە هێزی پێشمەرگە بدا، بەڵام تێکۆشەرانی دێموکرات کە هەواڵی ئەم هێرشەیان بۆ هاتبوو، خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. قارەمانانی دێموکرات پێکهاتوو لە هێزەکانی زرێباری مەریوان، شەریفزادە و بێستوون بەرنامەیەکی دژی هێرش دادەڕێژن و خۆیان لە چوار لاوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشەی ڕێژیم ئامادە دەکەن.

شۆڕشگێڕانی ئەو دەڤەرە بڕیاریان دا ڕۆژی ٩ی گەلاوێژ هەم تۆڵەی هاوڕێکانیان بکەنەوە و هەم ئێستا کە مانگی گەلاوێژە، مزگێنی سەرکەوتنێکی گەورە بە خەڵکی کوردستان بە دیاری بێنن. بۆیە شەوێ لە کاتژمێرەکانی بەرەبەیانییەوە لە پشتی ئاواییەکانی گۆشخانی و نسڵ، بەرقەڕوو و نگڵ، سەوڵاوا و هەزارکانی، پشتی بلچەسوور و گڵیە چوونە کەمینەوە تا بە هێزی ڕێژیم بڵێن کە شێرەکوڕانی دێموکرات هەر کات ئیرادە بکەن توانایی زەبری باشیان لە هێزی دوژمن هەیە. ئەوان دەست لەسەر پەلاپیتکە چەند سەعات بوو لە کەمین چاوەڕوانی هێزی دوژمن مابوونەوە، هیواکانیان خۆی لە ئامێزی چیاکانی ئەو دەڤەرەدا مات کردبوو تا شنەی بەرەبەیان هەواڵی سەرکەوتنیان بۆ ئەنباری عەلیار بەرێ و، بڵێ کە یادگارەکان و ڕێبوارەکانی ڕێگەی عەلیار زەبری گاریگەریان لە دوژمن وەشاندوە. کاتژمێری ٥ی بەیانی لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیان هەواڵەکە سەراسەری ناوچەی داگرت. بەڵێ قارەمانانی دێموکرات پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند و کەلاکی دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمنیان لە شەڕگە خست. دیارە کوڕانی دێموکرات ئەزموونی پێویست بۆ ڕۆژی وا لە دەستیاندا بوو و، بەباشی دەیانزانی کە دوژمن دەستبەردار نابێ. هەرواش بوو چەند جاری دیکەش هێرشی کردە سەر شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی دێموکرات و، لە کاتژمێری ٨ی ئێوارێ پاش ١٥ سەعات شەڕ و قارەمانەتی؛ زیاتر لە ٨٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون. لەو شەڕەدا دەیان چەک و چۆڵی جۆراوجۆر و تەقەمەنیی زۆر بوون بە دەسکەوتی ڕۆڵەکانی گەل.

لەو یادە گەورە و لە بیرنەکراوەدا چەند مەسەلە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ. یەکەم: ئەوەی زۆر گرینگە یەکیەتیی فەرماندەیی لە نێوان ئەو سێ هێزەدا بووە. دووهەم: سلامەتیی و زیان وەبەر نەکەوتنی هێزی پێشمەرگە بوو. سێهەم: بەرنامەی بەڕێوجێی تێکۆشەرانی دێموکرات کە گەورەترین پیلانی دوژمنیان بۆ سەر خۆیان پووچەڵ کردەوە و پلانی شۆڕشگێڕانەی ئەوان هێندەی دیکە دوژمنی زەبوون و داماو کرد.

# ئەوینی ڕێبەر و ڕقی پیرۆزی پێشمەرگە

کاتژمێر ٥ی ئێواریێ بوو، لە پشت ئاوایی گلۆلانی خواروو لە ناوچەی گەورگی مەهاباد، هێزی پێشمەرگە بۆ پشوو دانێک لایان دابوو و خەریک بە نان خواردن بوون، یەکێک لە پێشمەرگەکان کە ئەرکی نیگابانی پێ سپێردرا بوو فەرماندەکانی لە هاتنی هێزی ڕێژیم ئاگادار کردەوە. بە بیستنی ئەو هەواڵە پێشمەرگە وەک هەمیشە بەخێرایی خۆیان ڕێک خست و هەر دەستە و پەلێک، بەپێی ئەرکێک کە بۆیان دیاری کرا بەرزاییەکانیان لە دوژمن گرت و پەلامارەکەیان تێک شکاند. پاش دوو سەعات شەڕ سپای ڕێژیم بە کوژراو و بریندار بوونی ژمارەیەک لە هێزەکانی سەرشۆڕانە ئەوەندەی توانیان ڕایان کرد، پێشمەرگەش بە سلامەتی بەرەو ئاوایی «کانیبەند»ی سەقز کشانەوە. ئەم ئاواییە پێشتر نیشانی دابوو کە چەندەی پێشمەرگەی کوردستان خۆش دەوێ و هەموو کات بە باوەشی ئاوەلاوە بەخێرهاتنی ڕۆڵە گیان لەسەر دەستەکانی نیشتمانیان دەکرد، هەر بۆیە لە دوای شەڕێکی دوو سەعاتە و ڕێپێوانێکی زۆر و هەست بە دڵنیایی کردن لەوێ، دەرفەتی ماندوو حەسانەوەیان بۆ ڕەخسا.

پێشمەرگەکان پاش پشوودانێکی کورت لە نێو ئەو خەڵکە حیزب خۆشەویستەدا، نانی سبەینێیان پێچاوە و بەڕیز و بە نیزامی پێشمەرگایەتی بەرەو چیای پیرچۆپان کە لە نێوان گوندەکانی شێخچۆپان، گوێزێ و مێرگەنەخشینەدا هەڵکەوتوە ڕێگایان بڕی. کاتژمێری ٣ی بەیانیی ڕۆژی ١٩ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بۆ پشوودان لە دەوروبەری ئەو چیایە مانەوە. هەر لەو بەرەبەیانییەدا ١٥ کەس لە پێشمەرگەکان بۆ کەمین دانەنەوە و پاراستنی هاوڕێیانیان و هەروەها پێشگیری لە هاتن و هەر جموجۆڵێکی ڕێژیم دیاری کران.

هەلومەرجی گونجاو و شەڕی پارتیزانی، پێشمەرگەی وا بار هێنابوو کە هەڵسووڕ بێ، پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان نیشانیان دابوو کە بیروبڕوایان ئەوەندە قایم و پتەوە کە هەم سەختی و دژواریی هاتوچۆ و جووڵەی بەردەوام لە ناوچەدا تەحەمول دەکەن، هەمیش خۆیان لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانیدا دەگونجاند.
کاتژمێری ٥ی بەیانی ڕۆژی ١٩ی پووشپەڕ، کە تەنیا ٢ ڕۆژی مابوو بۆ یەکەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو، گرمەی ئارپیجی و قریشکەی بیکەیسی و چەکی دیکە لە خەوی راپەڕاندن و دەرکەوت کە دوژمن پەلاماری هێزی پێشمەرگەی داوە، پێشمەرگە وەک هەمیشە کە بە دەیان جار بەو شێوەیە کەوتبوە بەر هێرشی کوتوپڕی دوژمن، قۆڵیان لێ هەڵماڵی و کاتێک لەگەڵ دوژمن دەرگیر بوون بە ڕقوقینی شۆڕشگێڕانەوە دەستیان پێکرد و بە قارەمانەتی و ئازایەتی، بەبێ دوودڵی زەبری کوشندەیان لە ڕێژیم دا.
دوژمن لە کاتێکدا لەگەڵ کەمینەکانی سەر چیای پیرچۆپان تووش ببوو، بەڵام لەو لاوە بە دەیان تیربار و چەکی دیکە پەلاماری ئەو پێشمەرگانەیان دا کە لە حاڵی پشوودان‌دا بوون. ئەوە نە یەکەم جار و نە ئاخر جار بوو کە بە شێوەی «کەمتیار» پەلاماری هێزی پێشمەرگەی دەدا، کوڕانی دێموکرات بەپێی ئەزموونێکی کە لە مەیدانی بەرخۆدان وەسەریەکیان خستبوو بە یادی دوکتور قاسملوو بڕیاریان دا دەرسێکی لەبیر نەکراو بە هێزی دوژمن بدەن، بۆیە لە دوژمنی کۆنەپەرست ڕاسان و لە ماوەی ٢٠ دەقیقەدا پشتیان لەدوژمنی داخ لەدڵ گرت و سەری هێرشکەرانیان پان کردەوە و پشتیان شکاندن. کاتێک هێزی دوژمن کە بەو گوردانە واتە گوردانی «جنداللە»ی سەقز مانۆڕی بەهێز بوونی دەدا، لەماوەی نیزیک بە ٣ سەعات ئەوەی توانی لە مەیدانی شەڕ ڕای کرد و خۆی دەرباز کرد، ئەوانی دیکە یا کوژران یا بەدیل گیران. لەو عەمەلیاتەدا لە گوردانێکی ٢٠٠کەسی زیاتر لە ٦٠ کەلاک بەجێ ما و ٩١ کەسیش بەدیل گیران. ئەم دەسکەوتانە لە سایەی ورەی بەرز و بڕوای پۆڵایین و هەڵسووڕ بوونی هێزی پێشمەرگە وەدەست هات.
لەو عەمەلیاتەدا کە ٣ سەعاتی خایاند لە دوو بەرەی جیاوازدا ٨

قارەمانیش بەناوەکانی عەلی شەهابی، ساڵح شەریفی، عەبدوڵڵا چراغوارە، خدر عەرەبی، برایم پوورسەعید، محەمەد خانەخا، سەعید شکەنجە و برایم جەهاندیدە تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی گەل بوون و، بوونە نرخ و قوربانیی ئەو سەرکەوتنە پیرۆزە.
ئەو عەمەلیاتە لە چەند بارەوە گرینگیی تایبەتی بوو. یەکەم: بە یادی شەهید دوکتور قاسملوو لە یەکەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونیدا بەڕێوە چوو و، دوژمنیش پێی وابوو دەتوانێ لەو کات و زەمەنەدا زەبرێک لە هێزی پێشمەرگە بوەشێنێ، بەڵام لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بۆوە و پێشمەرگە تاڵەواری مەرگیان پێچێشتن. دووهەم: شوێنی عەمەلیاتەکە گرینگییەکی تایبەتی بوو لە هەموو ناوچەکانی سەقز، بۆکان، مەهاباد و بانە ڕا دیار و بەرچاو بوو و چەندین مۆڵگە و جادە، چیای پیرچۆپانی تەنیبوو، هەر بۆیە ئەم تایبەتمەندییانە ببوە هۆی ستراتێژی بوونی ناوچەکە. سێهەم: ڕێژیم زۆر مانۆڕی بە گوردانی «جندالله»ی سەقزەوە لێدەدا و پێی وابوو ناوچەی گەورکی سەقز جێگای تەراتێنی ئەوانە، بۆیە کاتێک هەواڵی شکستی ئەو گوردانە بە شاری سەقز و سپای پاسدارن گەیشتەوە، ڕێژیم بە چەندیین گرووهی زەربەتی لە بانە، مەهاباد، بۆکان و میاندواو و ساینقەڵا و گوردانی تیپی «مدینە منورە»ی زیراندۆڵ بۆ قەرەبووی شکستەکەی پەلکێشی مەیدانی شەڕ کرد، بەڵام بەتەواوی تاسابوون و بەهۆی بێ ورەییەوە نەیانتوانی خۆ لە قەرەی پێشمەرگە بدەن. چوارەم: ئەوەی جێگای سەرنجە پێشمەرگە لەو شوێنە لە تاکتیکی شەڕی شێر و کەمتیار کەلکی وەرگرت و توانیی زەبری گورچکبڕ لە ڕەوەی کەمتیار بدا.

## خەڵك و پێشمەرگە
## دووانەیەك لە هەموو وەرزەكاندا

لە ژیانی ئینسانەکان‌دا لەهەر کردەوەیەکدا ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆی هەیە، بە تێپەڕینی زەمان، پسپۆڕانی شەڕ بەو قەناعەتە گەیشتوون، کە ئوسولی شەڕ، بە پەیدابوونی چەک و کەرەسەی نوێ‌وە ئاڵووگۆڕی گرینگی بەسەردا نایە بەڵکوو لە جێگەو شوێنی خۆی بە پێی پێویست کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بەهاتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەسەڵات، و هێرشی بەر بڵاوی بۆسەر خەڵکی کوردستان، رۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد بۆ بەرەنگاری لەماف وداخوازییەکانی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردو پۆل پۆل لەریزی حیزبەکەیان‌دا دەستیان بە بەرەنگارییەکی لێبڕاوانە لەبەرامبەر ڕێژیمی خوێنمژی کۆماری ئیسلامی‌دا کرد. هەر لەیەکەم رۆژەکانی بەربەرەکانی‌دا ئوسولی شەر فێر بوون، واتە ئەوە بوونی حەقیقی سەلمێندراو لە مەیدانی شەڕدا کە دەسەڵاتدارن و بەڕێوەبەری ئەو مەیدانن. هەر بۆیەش فەرماندەکانی حیزبی دیموکرات لە مەیدانی شەڕ، بە کەڵک وەرگرتتن لەو ئەسڵە توانیان رۆڵی گرینگ بگێڕێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر کە گەیشتە دەسەڵات دەستی کرد بە سڕینەوەی هەر هێز و دژبەرێک کە پرسیار بخاتە سەر هەیمەنەکەی. کوردستان کە پێشەنگی «نا» گوتن بەو ڕێژیمە بوو، زۆر زوو هێرشی کرایە سەر و گەمارۆ درا. ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردیش بۆ بەرگری لە ماف و داخوازییە رواکانیان چاریان نەما دەست بۆ چەک ببەن و نەیەڵن زێد و نیشتمانیان بکەوێتە ژێر پۆستاڵی ڕەشی هێزی داگیرکەر. بۆ ئەو مەبەستەش پۆل پۆل لە ڕیزی حیزبەکەیان حیزبی دێموکرات‌دا خۆیان ڕێک خست و چوونە مەتەرێزی داکۆکی لە خاک و وڵاتەکەیان.

مێژووی خۆڕاگری و بەربەرەکانیی هێزی پێشمەرگە لەدژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شکۆدار و پڕ واتایە. ڕێژیم چەک نەما لە دژی بزووتنەوەی کورد تاقی نەکاتەوە و پیلان نەما بۆ بەچۆکداهێنانی هێزی پێشمەرگە نەیگێڕێ و ڕێگە نەما بۆ دابڕاندنی خەڵک و حیزب نەیگرێتە

بەر و تاکتیکی سەربازی نەما لە دژی جووڵەی پێشمەرگە دەکاری نەکا.
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا نزیک بە ٣٠٠ هەزار چەکداری خزاندبووە کوردستان، ٣ هەزار پایەگای دانابوو، و سەدان گرووپی زەربەتی لە کوردستان دامەزراندبوو و، بە تاکتیک و ئوسولی شەڕی جۆراوجۆریش هەر نەیتوانی دەرووەستی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بێ. تەنانەت لە بەشی هەرە زۆری عەمەلیاتەکاندا ڕێژیم هێرشکەر بووە و لە ئوسولی شەڕدا هێزی هێرشبەرە چەشنی عەمەلیات دیاری دەکا و لەئەساسدا ئەوە درێژە بەشەڕ دەدا و دەیهەوێ ویستی خۆی بەسەر لایەنی دیکەدا بسەپێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. هەموو ئەو کاتانەش کە ڕێژیم پیلانی گۆڕیوە ،شکستی خواردوە و لە بیری پیلانی دیکەدا بووە. یەک لەو پیلانانە چەکدارکردنی خەڵکی گوندەکان و هاندانیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوو کە ریژیم لە دەیەی ١٣٦٠دا زۆر بە چڕی کاری لەسەر دەکرد. هۆکارەکەشی ئەوە بوو هێزە چەکدارەکانی لە بەرەکانی شەڕی ڕاستەوخۆدا ناچار بە شکست بوون و ڕێژیم کەوتبووە پیلانی بەگژ یەکتری داکردنی خەڵک و پێشمەرگە.
ڕێژیم لەو هەوڵەیدا بێجگە لەوەی کە خەڵکی چەکدار دەکرد، پایەگایەکیشی لە نیزیک ئاوایی دادەنا و هێزە چەکدارە سازماندراوەکانی دیکەی تێدا جێگیر دەکرد. بەڵام سیاسەتی چەکدارکردنی خەڵک قەت لە کوردستان جێ نەکەوت، چونکی خەڵکی کوردستان قەت هێزی پێشمەرگەیان بە هێزێکی جیا لە خۆیان و بە کەسانێکی جیا لە کوڕ و کچ و کەسوکاری خۆیان نەزانیوە. خەڵکی کوردستان ئیمانیان بەوە هەبوو کە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان گیان بەختی بەختەوەریی خەڵک دەکەن و کردوویانە، بۆیە ئەگەر لە شوێنێک و لە گوندێکیش کۆمەڵە کەسێک بە زۆر و لەڕووی ناچارییش چەکدار کرابن، قەت سیلەیان لە پێشمەرگە نەگرت و ڕووی تفەنگیان نەکردە هێزی پێشمەرگە.
کۆتایی ساڵی ١٣٦٢ و سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ دەسپێکی ئەو پیلانە بوو کە بڕیار درابوو لە سەرتاسەری کوردستاندا جێبەجێ بکرێ. هێزی پێشمەرگەش لە بەرامبەر ئەو پیلانەدا تاکتیکی خۆی هەبوو. هەر بۆیە لەسەرانسەری کوردستاندا تێکرای هێزەکانی حیزبی دێموکرات دژی وەستانەوە و هەوڵیان دا پیلان و دەهۆی دوژمن

شکست پی بێنن. دوایە بینیمان کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەزۆر چەکدارکراوان لەگەڵ یەکەمین تەقە کە لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا دروست دەبوو، خۆیان و چەکەکانیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە دەکرد، یان دەنا شەوانە پۆل پۆل هەڵ دەهاتن و بەو چەک و تەقەمەنییەی ڕێژیم دایبوونێ، دەهاتنە ریزی پێشمەرگەکان و لەدژی ڕێژیم ڕادەبوونەوە. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژیم لە هیندێک ناوچەدا توانیبووی کۆمەڵە کەسێکی نەفس نزم وەک مۆرە دەستەمۆ بکا و بە تەماح وەبەرنان بیانکڕێ و بەکاریان بێنێ، بەڵام هەم ئەو کەسانە بێزراوی خەڵک بوون و هەم ئەوەی پیلانەکەی ریژیم لە تەواوەتیی خۆیدا شکستی هێنا. لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەین:

ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی قارەمانەکانی هێزی ئاگری بۆ چەککردنی دوو گوندی "قەسریک" و"کەڵەڕەش" بە پێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێک دەستبەکار بوون. ئەوان بە شێوەیەکی پارتیزانی لە کاتژمێری ٩ی شەودا توانییان تەواوی چەکوچۆڵی بەزۆر چەکدارکراوان بە هەموو کەلوپەلێکی نیزامییەوە بەدەسکەوت بگرن. ئەم دەسکەوتە بریتی بوو لە زیاتر لە٤٠ قەبزە تفەنگ و بە هەزاران گوللەی جۆراوجۆر. هاوکات لەگەل چەککردنی بەزۆر چەکدارکراوان دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دیموکرات پایەگای «کەڵەڕەش» بە چەکی جۆراوجۆر ئاورباران کرد کە نەتوانن ببنە لەمپەر لەسەر ڕێگای تێکۆشەرانی دیموکرات. هەر بەپێی گەڵاڵەی عەمەلیاتی بڕیاریان دابوو کە دوای عەمەلیات مینێکی دژەتانک لەسەر ڕێگای قەسریک دابنێن کە سەر لە بەیانیی رۆژی٣ی گەلاویژ ماشێنێکی پڕ لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی هەڵتەکاند و ١١ کەس لە هێزەکانی ڕێژیمی تێدا برد. یەکی لە کوژراوەکان فەرماندەی سپای پاسداران لە سەڵماس بوو کە بۆ پێوشوێنی چەککردنی ئەو دوو گوندە هاتبوو و نەیتوانی لە زەبری هێزی پێشمەرگە ڕزگاری بێ.

ئەوە بوو کە ئیدی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆی دەرکەوت کە پێوەندیی هێزی پێشمەرگە و خەڵک بەو جۆرە پیلانانە کەلێنی تێ ناکەوێ هیچ، بگرە پتەوتر و قایمتر خۆی نیشان دەدا و ئەوەی زیانی لێ دەبینێ و ناچار بە پاشەکشەیە هەر ڕێژیمە.

# « ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ هەرگیز ناکوژێتەوە»

لەهەر بستە ڕێگایەکی ئەم ڕێبازەدا، فیداکاریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دیار و بەرچاوە و ئاڵای ئەم خەباتە لە ئاکامی ئەو خوێنانەدا سوور بووە کە لەبەر ڕۆڵەکانی حیزب و گەل ڕۆیوە و ئاسۆی سووری ئازادیی نەخشاندوە.
سێ چارەگە سەدەیە حیزبەکەمان بە هەوراز و نشێوی ڕێگای خەباتدا دێ و ئەوەتا بێوچان بەرەوپێشەوە بە ڕێبازی دروستی خۆیدا دەڕواتە پێش، بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا حیزبەکەمان بێ پسانەوە درێژەی بە خەبات داوە و، لەو ماوەیەدا بە سەدان و هەزاران گیانبازیی لەخۆی نیشان داوە. تەنانەت ڕێبەرانی هەرە سەرووی لەم ڕێگەیەدا بەخت کردوە و بە خوێنی ئەوان ئاشی شۆڕش و خەباتی گێڕاوە. ئازایەتی و حەماسەخوڵقاندن بۆ ڕێگای ئازادی هێندە زۆرن کە هەر لاپەڕەیەکی مێژووی ئەو سێ چارەگە سەدەیەی حیزب و نەتەوەکەمان جێگای شانازییە بۆ هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز. با لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا یادێک لە حەماسەخوڵقێنیی سەرەدەمە سەختەکانی خەبات و تێکۆشانی هێزی گیاڕەنگ بکەینەوە.
پێشتریش لە باسی جادەی سەردەشت_ پیرانشار ئاماژەم بەعەمەلیاتێکی هێزی گیاڕەنگ کرد کە وەک دیاریی ٢٥ی گەلاوێژ، لە ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژدا کرا. ئەم داستانە هەر لە سەردەشتی سەرسەوز و هەر لەلایەن هێزی "گیاڕەنگ"ی هێمای بەرخۆدان و ئازایەتی، جارێکی دی لەساڵی ١٣٦٩ دا دووپات بوویەوە و جارێکی دیکەش مزگێنیی ئەو سەرکەوتنەیان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە بەخەڵکی کوردستان دا.
هێزی گیاڕەنگ چەند ڕۆژ پێش لەم ڕێکەوتە بەپێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێکی داڕێژراو عەمەلیاتێکی گەورەیان بەڕێوە برد کە دەبێ وەک وانەیەک بۆ فێربوون بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوترێتەوە. گەڵاڵەی عەمەلیات، جۆری عەمەلیات، شوێنی عەمەلیات، کاتی عەمەلیات و جێبەجێکردنەکەی بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی گەورە و دەسکەوتێکی پڕبایەخ بۆ حیزبی

دێموکراتی کوردستان هەم لەباری سیاسی و هەم لەباری نیزامییەوە بوو، کە ئەمەش نیشانەی ئەزموون و دیسیپلین لە کاری خەباتگێڕانەدایە.
ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژ بەپێی ئەو گەڵاڵەی کە داڕێژرابوو و پێشتر کاری شناساییەکەی بۆ کرابوو، دەست بەکار بوون. بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکەیان ناوەندی گورهانی یەک، لە تیپی دووی لەشکری ٢٣ی هێزی تایبەتی ڕێژیم دیاری کرا، کە لە بەرزاییەکانی پشتی ئاوایی "وەردێ" هەڵکەوتبوو و لە هەمان کاتدا پایەگایەکی دیکە کە بۆ پارێزگاری لە گوردان لە بەرزایی "خۆڵەپۆلێ" و پایەگایەکی دیکە کە بەسەر گوندی "کانییەزەردی" دەڕوانی. سەرەتا تێکڕای فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لە وردەکارییەکانی عەمەلیات ئاگادار کرانەوە و هەرکەس بەپێی ئەرکی خۆی لە کاتژمێری ٦ی پاش نیوەڕۆ دەست بەکار بوون و تا کاتژمێری ٧، هەموو ئەو دەستە و پەل و تیمانەی کە بۆ مەئمووریيەت داندرابوون لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون و ئامادەی بڕیاری فەرماندەرانیان مانەوە. لەکاتی دیاریکراودا بە ڕەمزی "ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ هەرگیز ناکوژێتەوە" یەکەم تەقەی تفەنگ لە لوولەی چەکی پێشمەرگە هاتەدەر و ڕێگرەکانی سەر ڕێگای گورهانیان نەهێشت. دواتریش بەبێ ڕاوەستان پەلاماری ناوەندی گورهانیان دا. قارەمانانی دێموکرات لەو ڕۆژەدا بە جۆرێک ئاوریان بەسەر دوژمندا باراند کە مەجالی سەرهەڵێنانیان لە دوژمن بڕی، لەبەر ئەوەی تیمی هێرشبەر بتوانێ لە ناوەندی گورهان نیزیک بێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دوژمن ناوەندی گورهانی بە تێلدڕوو، سەنگەری قایم، خاکڕێزی بەرز، مینڕێژ کردن، سەنگەری تاک و بەکۆمەڵ و هەروەها چەندین لەمپەری دیکە پاراستبوو. بەڵام ئەم کۆسپانە هیچیان نەیانتوانی پێش بە هێزی پێشمەرگە بگرن. ئاگری توندی چەکی فیداکارانی ئەو مەڵبەندە وەک بارانی مەرگ بەسەر هێزی دوژمندا دەباری و، ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەنگەرەکانی یەکەمی گورهان بەزوویی دەستیان بەسەردا بگیرێ. بە گرتنی سەنگەرەکانی یەکەم ئەوەندەی دیکە هێزی داگیرکەر ورەیان دابەزی و توانای دەست کردنەوەیان لێ بڕا، بەڵام گرتنی سەنگەرەکانی خوێنباییەکەی شەهیدبوونی ڕۆڵەی ئازا و بەوەفای هێزی گیاڕەنگ «عەلی باساوێ» بوو. هەر بۆیەش تێکۆشەرانی دێموکرات کاتێک لە گەرمای شەڕدا هەواڵی شەهید

بوونی «عەلی باساویێ»یان بیست بڕیاریان دا، هەتا گرتنی یەکجاری پایەگاکە و سڕینەوەی لە جینایەتکارانی ڕێژیم دەست هەڵنەگرن. بەم جۆرە لەماوەی یەک سەعات حەماسە خوڵقاندن، شانازییەکی گەورەی دیکەیان لە لاپەڕەکانی پڕ لە فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات تۆمار کرد هەموو هێزەکانی ڕێژیم لەو پایەگایە کوژران کە زیاتر لە ٣٠ کەس بوون. هەروەها تەواوی چەک و چۆڵی ئەم گورهانە وەک دەسکەوت بۆ شۆڕشگێڕانی دێموکرات بەجێما.

بەشێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی لەو عەمەلیاتەدا مەئموورییەتیان ئەوە بوو کە نەهێڵن لە پایەگای کانییەزەردەوە بە یارمەتیی ناوەندی گورهانەوە بێن. بۆ پێشگیریی لەم کاردانەوەیە ئەم تیمە لە پێشمەرگەکان بەردەوام تا کۆتایی عەمەلیات پایەگای کانییە زەردیان ئاگرباران کرد و هەروەها، دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان بە ئاگری چەکەکانیان پایەگای خۆڵەپۆلێیان دایە بەر ڕەهێڵەی فیشەکەکانیان و هەموو جموجۆڵێکیان لە هێزی دوژمن بڕی. هەر بەپێی گەڵاڵەی فەرماندەکانیان دەستەیەکی دیکەش لە پێشمەرگەکان بۆ لەداو خستنی یارمەتیدەرانی دوژمن دیاری کرابوون، کە دوژمن بەپێی عادەتی خۆی غیرەتی ناردنی هێزی یارمەتیدەری بۆ هێزە لەداو کەوتووەکانی نەبوو. لەم عەمەلیاتەدا چەند مەسەلە جێگای سەرنجە و بۆ باس کردن دەبێ.

یەکەم: ناوەندی گورهانی یەک، لە تیپی دووی لەشکری ٢٣ی هێزی تایبەتی ڕێژیم، کە خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچەیەیان ئازار دابوو، بە تێکڕایی بە سزای ڕەفتاری دوژمنکارانەیان گەیشتن و ئەمە دەرسی عیبرەتێک بوو بۆ هێزەکانی دیکە کە ئەم جۆرە ڕەفتارەیان نەبێ.

دووهەم: ئەوەی گرینگە لە ڕۆژێکی وادا، واتە ٢٥ی گەلاوێژ کە بناغەی حیزب لەو ڕۆژەدا دامەزراوە، ڕێبوارانی وەفادار بە ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم ڕۆژە، نیشانیان دا لەسەر ڕێبازی خوازیارانی ڕزگاریی کوردستان و لەسەر بەڵێنی خۆیان سوور و شێلگیرن و هەتا وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکان دەست لە خەباتیان هەڵناگرن.

سێهەم: ڕاستە کە ئاشی شۆڕش بە خوێن دەگەڕێ، بۆ ڕەشکردنەوەی پۆستاڵی خوێنمژان لە کوردستان و درێژەدان بە گەڕانی ئاشی شۆڕش، ئەمجار ڕۆڵەیەکی وەک عەلی باساوێ بوو بە سووتەمەنی ئەم ئاورە پیرۆزەی خەباتی کوردستان.

# ساڵێك دوای ١٧ی خەرمانان

لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەردەوامی ڕوو لە زیادبوونە، ئەگەر بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕابردوو، بەدەیان و سەدان بیرەوەریی تاڵ و ناخۆشمان دێتەوە یاد، ئەگەرچی حەسرەتێکی زۆرمان بۆ بەجێ دێڵن، بەڵام ئەزموونی پێویستیان لێ وەردەگیرێ و دەبنە هۆی دڵگەرمیی زیاتر بۆ بڕینی ڕێگا پڕ لە کەند و لەندەکانی سەرکەوتن. بێگومان لەم نێوەدا تاڵترین بیرەوەرییەکانی مێژووی خەباتی ئەم نەتەوە بندەست و ماف لێ زەوت کراوە، ژیانی پڕلە شانازیی ئەو دەستە لە ڕۆڵەکانی دەگرێتە خۆ کە لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەیاندا گیانی ئازیزی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژانی تەنگانەی زۆری هەبووە کە ئەگەرچی زیانیان بەم حیزبە گەیاندوە، بەڵام بە سەربەرزی و ڕووسوورییەوە تێپەڕی کردوون، ١٧ی خەرمانان یەک لەو ڕۆژانەیە.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا کە کەشێکی سەرکوت و زەبروزەنگ بەسەر هەموو گەلانی بندەست و کەمینەی ئێراندا زاڵ بوو، هەم دژکردەوەیەک بوو بەرامبەر بە سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی و هەمیش توانی ببێتە خاڵێکی وەرسووڕان لە بزاڤی سیاسیی نەتەوەی کورد بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی. ئەم حیزبە بە گیانبازی و گیان لەسەر دەستیی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆی توانی دەنگی کپی کۆمەڵگەیەکی ئازادیخواز و دژە ستەم بەرز بکاتەوە و بیگەیەنەتە گوێی هەموو جیهان. لەم پێناوە پیرۆزەدا حیزبی دێموکرات بەدرێژایی پتر لە حەوت دەیە خەباتی خۆی و بە پێشکەشکردنی زیاترین ڕادەی شەهیدان بە بارەگای سەربەستیی ئەم گەلە بەگژ گەرووی دوژمنی دڕندەدا چۆتەوە و، هەتا ئێستا ئاڵای خەباتی پڕلە شانازیی خۆی شەکاوە ڕاگرتوە. ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، نەک نەبووە هۆی ئەوە یاد و ناو و ڕێبازی حیزبەکەی و کۆمارە ساواکەی تۆزی لەبیر کردن لەسەری بنیشێ، بەڵکوو بووە هەوێنێک بۆ درێژەدان

بەم تێکۆشانە لەلایەن نەوەکانی داهاتوو. شڵەژاندنی گۆمی مەندیی پاشایەتی لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧دا دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە ڕێبازی دێموکرات لەنێو هەناوی خەڵکی کوردستان چەکەرەی کردوە و مستێکی توند بوو لە دەمی بەناو ژاندارمەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

ئێستا زیاتر لە ٤٠ ساڵە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوەتەوە و لەو ماوەیەدا بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی خۆی درێژە پێداوە و، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەی کورد لە هیچ جەنایەتێک نەپرینگاوەتەوە و هەموو ڕێگە و ڕەفتارێکی دژە ئینسانی بەمەبەستی بەچۆک داهێنانی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تاقی کردۆتەوە. هەر لە قەڵاچۆکردنی خەڵکی بێدیفاعی کوردستانەوە بگرە هەتا ئابڵۆقەی ئابووری و تۆپ و خۆمپارەبارانی شار و دێ و مووچە و مەزراکان و کاولکردنی دێهات و بە کارهێنانی بۆمی ناپاڵم و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارە دان و ... بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا نەیتوانیوە لە ورەی پۆڵایینی خەڵک و هێزی پێشمەرگە کەم بکاتەوە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی بێ پسانەوە لەبیری لەنێو بردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوە بەرحەقەکەیدا بووە، لەو پێناوەشدا بەداخەوە هێندێک جار توانیویەتی پیلانە گڵاوەکانی خۆی بەرێتە سەر کە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

لە ڕووبەڕووبوونەوە لە مەیدانی شەڕدا هەمیشە هێزەکانی دوژمن زیاترین خەساریان بەر کەوتوە، بەڵام ئاماژە بەچەند بەشێک کە لەوێدا هێزی پێشمەرگە زەبری قورس وێکەوتوە مەبەستی ئەم دێڕانەیە.

لە سەرەتای شۆڕش و لە شەڕێکی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی ڕێژیمدا نیزیک بە چل قارەمانی دێموکرات لە ورمێ شەهید بوون، لە ناوچەی موکریان ساڵی ١٣٦٣ لە عەمەلیاتێکدا بیست وپێنج پێشمەرگەی قارەمان و فیداکار شەهید و، لە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژی ساڵی ٦٢ لە ناوچەی سنە ١٦ کوڕی لێهاتوو بوونە قوربانیی هێرشی دڕندانەی ڕێژیم، بەڵام ئەوانە هیچکام نەیانتوانی کەمترین کارتێکەرییان لەسەر هێزی پێشمەرگە هەبێ و زۆر زوو توانییان هەم هێزەکانیان زیندوو و هەمیش تۆڵەی هاوڕێکانیان بکەنەوە.

ڕێژیمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بە پیلانە گڵاوەکانی توانی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو تیرۆر بکا و، دەری خست کە نایهەویێ لە نێوەرۆکی ڕەش و لە ڕەفتار و کردەوەی دژەمرۆیی خۆیدا ئاڵوگۆڕێک پێک بێنێ. دوژمن پێی وابوو بە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو ئاسەوارێک لە جووڵانەوە و حیزبی دێموکرات نامێنێ، بەڵام تەنیا دوو ڕۆژ دوای شەهید بوونی تێکۆشەرانی دێموکرات بەڵێنیان دا کە ڕێبازی قاسملوو بگرنە بەر و لە سەرانسەری کوردستان بە زەبر لێدان لە هێزی ڕێژیم نیشانیان دا کە دێموکرات هێشتا هەر زیندووە.

دواتر تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیش، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەبات بەکردەوە چقڵی چاوی ڕێژیمی تیرۆریستپەرەوەری ئێرانە. ڕێژیمی تاران بەم تیرۆر و وەحشیگەرییانەی لە خەیاڵی خاوی خۆیدا دەیهەویست حیزبی دێموکرات بەگشتی لەنێو ببا.

هێرشی فڕۆکەیی بۆ سەر پلینۆمی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٧٣ی هەتاوی و پەلاماری زەمینی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە قووڵایی خاکی هەرێم لە گەلاوێژی ٧٥ و دەیان کردەوەی قیزەونی دیکە و تەقینەوەی شەوی یەلدا لە نیزیک قەڵای دێموکرات و لەسەر ڕێگای هاتوچووی ژن و منداڵانی بەشداربوو لە ڕێوڕەسمی ئەو شەوەدا، هەر لە درێژەی هەمان پلانی سڕینەوەی ئەم حیزبە ئیلهامدەرەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

پەلاماری مووشەکیی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویش هەوڵێک بوو بۆ زەبر لێدانێکی جیدی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام دیسانیش و ئەم کردەوەیەش هەر ئاسنی سارد کوتان بوو، چونکی تێکۆشەرانی دێموکرات لێ بڕاوانە هەتا دوا قۆناغی سەرکەوتن لە مەیدانی خەباتدا بەڵێنی مانەوەیان داوە.

بێگومان کۆماری ئیسلامی پتر لە پێش ئەم ڕاستییە تاڵەی بۆ دەرکەوت کە حیزبی دێموکرات ڕیشەی لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندایە و بەم هەڕەشە و کردەوانە تەنیا شێلگیرتر دەبێ، چونکی تەنیا سێ ڕۆژ لە دوای ئەم هێرشە، خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان لەبیر نەکرد و، بە مانگرتنی شکۆمەندیان لەگەڵ دەربڕینی پشتیوانیی هەمە لایەنەی خۆیان سەرەڕای هەموو زەبر و زەنگێک، مۆرکی قەبووڵیی سیاسەتە دروستەکانی حیزبەکەی خۆیان لە کارنامەی پڕلە شانازیی حیزبی دێموکرات بۆ هەتا هەتایە زیاد کرد.

# خۆبەدەستەوەدان یان مەرگی سەربەرزانە؟

لاپەڕە زێڕینەکانی خەبات و بەرگریی پڕشکۆی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆی دەر دەخست و هەموو ڕۆژانی ئەم سەردەمە، سەردەمی نووسینەوەی حەماسە و ئازایەتیی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بوون.

مێژوو هەمیشە وەک ئاوێنەی باڵادەست دەبێ ڕووداوە شاراوەکان نیشان بدا بە تایبەتی بۆ نەتەوەیەکی کە لە سەراپای ژیانی لە لایەن زۆردارانەوە زوڵمی لێ کراوە و چەوسێندراوەتەوە و لەژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا پان کراوەتەوە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو گەلانەیە کە بە درێژایی مێژوو بەتایبەتی لە دوو دەسەڵاتی سەرەڕۆی پەهلەوی و ئیسلامیدا لەژێر سێبەری ئاڵای حیزبەکەیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەردەوامی و بێوچان لە مەیداندا بوون و حەقانییەتی گەلەکەیان نیشان داوە و بە خوێنی خۆشیان پاراستوویانە.

کاتێک گەلێک هەستی شۆڕشگێڕانەی بەرەو ڕاپەڕین دەڕوا و دەیهەوێ لە دیلی ڕزگاری بێ، قوربانییەکانی بە خوێنبایی سەرکەوتن دادەنێ و تارای سووری بە مرادنەگێشتووی گەنجان و لاوان، بە پێی سوننەتی کۆن و لەمێژینە، وەکوو ئاڵای سووری خوێناویی شۆڕش بەسەر گۆڕی شەهیداندا دەکێشێ و بەرەو پێشەوە دەڕوا.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شەڕفرۆشتن بە کورد، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بێدەنگ نەوەستانەوە و قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵی و لە دڵڕەشانی کۆنەپەرستی، ڕاسانەوە. بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە بەهاری سنەی خوێناویدا دەری خست کە ئەمیان نەک لە ڕێژیمی پێشوو باشتر نییە، بەڵکوو بە چەند قات دڕندەتر و بێ بەزەییانەتر خەڵکی کوردستان قەتڵوعام دەکا. بەڵام ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ماوەی دوو ساڵدا ڕێگەیان

نـەدا کە هێزی داگیرکەر لە کوردستان بە مەیلی خۆی تەڕاتێن بکا، قارەمانانی هێزی شەریفزادە چەندین زەبـری کاریگەریان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی سنە لە پەیکەری هێزی کۆنەپەرستی دا و، دەیان کەمینیان دانایەوە دەیان هێرشیان تێک شکاند و چەندین ماشێنی جۆراوجۆر لە هێزی دوژمـن ئاگری تێبەر درا و چەندین مۆڵگەش دەستی بەسەردا گیرا و بە سـەدان کەسیشی لێ کـوژرا.

پێشمەرگەی بەزیبک و زاکوونی ناوچەی سنە هیوا و هومێدیان بە خەڵکی ناوچە بەخشی و سەلماندیان کە خەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی گەلی کـوردن. زەبـری یەک لـەدوای یەکەکانی هێزی شەریفزادەی سنەی قارەمان لەساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی تەنگی بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، هەڵچنیبوو. بۆیە کۆماری ئیسلامی لەبیری داڕشتنی پیلانێکی بەهێز بە مەبەستی تۆڵە ئەستاندنەوە لە قارەمانانی دێموکرات، هێزێکی زۆری لە مانگی گەلاوێژدا کۆ کردەوە تا لە نیزیک ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زەبر لە ڕۆڵەکانی دێموکرات بدا.

سەرئەنجام هێزی داگیرکەری کوردستان ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا، بەڵام بەرەبەیانی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ ناوچەی لەیلاخی سنە، یەکپارچە بوو بە گۆڕەپانی حەماسە و قارەمانەتیی دەستەیەکی چەند کەسی لە پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی هێزی شـەریـفزادە، کە شێرانە و ئازایانە لەبەرامبەر پەلاماری دڕندانەی هێزە دڵڕەشەکانی کـۆمـاری ئیسلامیدا، سەنگەری بـەربـەرەکـانـی لـە مەوجوودییەت و مانی نەتەوەکەیان گرت و، تا دوا فیشەک و دوا دڵۆپی خوێن و دوا هەناسەی ژیانیان شـەڕی داگیرکەرانیان کـرد و، دەرسـی کۆڵنەدان و بەچۆکدا نەهاتنیان بۆ هاوسەنگەرانیان بەجێ هێشت.

لـەم ڕۆژەدا هێزی ترسەنۆک و لە ئـەژمـار نەهاتووی کۆماری ئیسلامی کە بە پشتیوانی تانک و تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا، لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی لەنێو بردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، هێرشی دڕندانەی بۆ سەر ناوچەی «ڕمشت و میراوە» دەست پێکرد. هێزی دوژمن تەواوی ئەو ڕێگایانەی کە شوێنی پێشمەرگەی لێ بەدی دەکرا گرتبوو و، هیچ ڕێگایەکی دەرباز بوونی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دێموکرات دوو ڕێگای لەبەر بوو، یا تەسلیم بوون یان

مەرگی سەربەرزانە، بۆیە وەک هەمیشە ڕێگای دووهەمیان هەڵبژارد. ئەوان بەڵێنیان دا بە شانازییەوە سەر دابنێن، بەڵام لەبەرامبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن. پاش ئەو بەڵێنییە، هەموویان بڕیاریان دا بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی دوژمن ئەوەی لە توانایاندا هەیە بە کاری بێنن، هەر بۆیەش بەپێی سازماندەهی و ئوسوولی پارتیزانی لە قۆڵەکانی جۆراوجۆر بەرەنگاری هێرشی دوژمن بوونەوە و هێرشیان بۆ سەر سەنگەرەکانی دوژمن کرد و چەندین کوژراویان پێ بەجێ هێشتن. ناوچەی «ڕمشت و میراوە» ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەباری و نوقمی گڕ و دووکەڵ ببوو. لە هەموو لایەک گرمەی تۆپ و قریشکەی بی کەی سی و هاژەی کاتیۆشا و لوورەی خۆمپارە دەنگی دەدایەوە و شاخ و پێدەشتی دەبڕی و بەرەو سەنگەری ڕۆڵەکانی دێموکرات دەچوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە قەت لە ئاور و ئاسنی دوژمن نەترساوە و هەر بەرەو سەنگەری دوژمن پێشڕەوییان دەکرد.

ئەوەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕۆژەکانی ٢٧، ٢٨ و ٢٩ ی گەلاوێژ و لەماوەی سێ ڕۆژ شەڕی دەستەویەخە و سەنگەر بەسەنگەر، سێ ڕۆژ حەماسە خوڵقاندن و قارەمانەتی نواندن، سێ ڕۆژ بەربەرەکانی توانیان گەمارۆی دوژمن تێک بشکێنن، لەو بەربەرەکانییانە کە ئەگەر بەقسە بگێڕدرێتەوە ڕەنگە وەک ئەفسانەیەک بچێ، چونکە سێ ڕۆژ کارێکی سانا نییە بەبێ هیچ خواردن و پشوویەک، لەنێو ئاگر و ئاسندا شوناسی گەل و نیشتمان بپارێزی. بەڵام سەروان ئیقباڵ کەریمنژاد، موزەفەر تابیعی، شوکڕوڵڵا وەیسی، حەبیبوڵڵا وەیسی، عەباس شەریعەتی، تۆفیق ئەسەدنژاد، عەبدوڵڵا ڕەزایی، ئەمیری محەممەدی، ناسری ڕۆستەمی، محەممەد زیبایی، یەدوڵڵا هادی، ئەمیر ئەنساری، هاشم سەلاحیان، زاهید عەلامی، حەمید یەحیەوی و عەلی حەبیبنژاد؛ ئەو ١٦ جوامێرە بوون کە کەلاکی دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمنیان خستە سەر عەرز و دواجار بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم سروود و حەماسەیەیان تۆمار کرد.

خەڵکی ناوچەی سنە بە بیستنی شەهید بوونی ئەو ١٦ قارەمانە لێوەشاوە، بەداخ بوون و هەرلەم کاتەشدا ڕۆڵەکانی دێموکرات بە شەهید بوونی هاوسەنگەرانیان نەک ورەیان بەر نەدا بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد.

# لە کوێستانەکانی سەقزەوە بۆ دەشتی هەبەتوو

ڕۆڵەکانی سەقز هەر لەکۆنەوە و بەتایبەتی لە دەورانی کۆماری کوردستانەوە لە مەیدانی بەربەرەکانی دژی دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی وئیسلامیدا دەوریان بووە و وەک هەمیشە بۆ دیفاع لە مەوجوودییەت و پاراستنی شەرەف وکەرامەتی گەلەکەیان لە هیچ کردەوەیەکی شۆڕشگیرانە بۆ پاراستنی نیشتمان دریغیان نەکرد. بەتایبەتیتر لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمار ئیسلامی تێکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە بەهێزتر دەرکەوتن و وەک ڕێبوارانی شەهیدانی کۆمار و فیزوڵابیگی هەردەم لەمەیداندا خۆیان نیشان دەدا.
سەقز لە پێنج ناوچە وەک خوڕخوڕە، سەرشیو، گەورگ، تیلەکۆ و فەیزوڵابەگی پێکهاتووە و بەشی هەرەزۆریشی کوێستانی و شاخاوین. ئەو ناوچەیە بۆ خەباتگێرانی دێموکرات لەباری نیزامییەوە گرینگیی خۆی هەیە. بەشیکی تیلەکۆ کە پێی دەڵین پێدەشتی "بان هەبەتوو"یان (بان هەوەتوو)، لە نێوان شارەکانی سەقز، دیواندەرە و تیکاب هەڵ کەوتوە و دەشتایەکی زۆرە کە بۆ مانەوە و هەڵسووڕان و مانۆردانی پێشمەرگە شوێنێکی دژوار ئاستەنگ بوو. هێندێک جار بەتایبەتی دوایی میلیتاریزە بوونی ناوچە پێشمەرگە و کادری کومیتەی ناوچە بە چەند ڕۆژ سەردانیان دەکرد و زۆر بە وریایی هاتووچویان تێدا دەکرد و هێندێک جاریش لەگەڵ هێزی دوژمن تووشی پێکدادان دەبوون کە بە داخەوە چەند کادر و پێشمەرگەش لەم ناوچەیەدا شەهید بوون.
هاوینی ساڵی ١٣٦١ هەتاوی کۆمیتەی شارستانی سەقز و هێزی عەزیز یوسفی بڕیار دەدەن بە هێزێکی زۆرترەوە جەولەیەک بۆ ئەو ناوچەیە بکەن و ئەگەر لوا زەبرێکیش لە دوژمن بوەشێنن. بۆ ئەو مەبەستە دوو لک پێکەوە بەرەو ناوچەی بان "هەوەتوو" وەڕێ کەوتن. ئەم هێزەی حیزب لە کاتی ڕۆیشتن بۆ بان هەبەتوو ئێوارێ چوونە شوێنێکی حەساسی وەک سەر جادەی سەقز_ سنە و لە نیزیک گوندەکانی "شەمسە" و "میراوە" جادەیان گرت و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک قسەیان کرد. دوای تەواو کردنی کاری سەرجادە

ڕوویان لەو پێدەشتە کردو  پاش چەند رۆژ سەردانی چەند گوندی گەورەی ئەو ناوچە و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک و باسکردنی سیاسەتی حیزب و لەقاودانی پیلانەکانی ڕێژیم لە کارەکانی ئەو جەوڵەیەدا بوو.
ڕێژیم بە بوونی ڕۆڵەکانی دیموکرات لەو ناوچەیە کێچی کەوتە کەوڵی و دستی بە پیلانگێڕی کرد کە بتوانێ لەو ناوچەیە زەبرێک لە هێزی گەل بدا. هەر بۆیەش تێکۆشەرانی دیموکرات بەپێی ئەزموونی خۆیان دەبوو شوێنێک دیاری بکەن کە جێگای بەربەرەکانیی هەبێ بۆ ئەم مەبەستە گوندی ”زەکیوە“ و ”مەڕانی سەروو“یان هەڵبژارد.
خەڵکی ئەم گوندانە لە باری ئابوورییەوە بە بەراوەرد بە خەڵکی ناوچەکانی دیکە وەزعیان باشتر بوو، بەڵام بە داخەوە ژمارەیەکیان فریوی ڕێژیمیان خواردبوو و چەکی دوژمنیان هەڵ گرتبوو، و چەند گوندێکش بەزۆر چەکدار کرابوون کە لەسەر هەڵسووڕان وهاتووچۆی پێشمەرگە لەم دەڤەرە بەربەستیان پێک دێنا.
دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەنیوەی یەکەمی مانگی گلاوێژ دەستەیەک لە گوندی «زەکی» و دەستەیەک بۆ پشتیوانی لە گوندی «مەڕان» جێگیر کران، مەوقعییەتی گوندی زەکیوە بۆ زەبرلێدان لەدوژمن گونجاوتر بوو. چونکی دار و چەم و چەند بەرزاییەکی کە لە دەوری خۆی هەبوو. دوای ڕووناکیی هەوا دیدەبانەکان هەواڵ بە فەرماندەکانیان دەدەن کە ستوونێکی زەبەلاحی دوژمن بە چەندین ماشێنەوە بەرەو ئەوان دێن. بەبیستنی هاتنی هێزی دوژمن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بڕیاریان دا زەبرێکی وەها لەبیر نەکراو لە هێزی دوژمن بدەن کە لە ناوچەکەدا دەنگ بداتەوە. هەر بۆیە لە نێو چەم و نزیک ئاوایی کەمینیان بۆ داگیرکەران دانا و دوژمنیان لە داو خست و شەڕێکی سەخت لەبەرامبەر هێزی زۆری دوژمن دستی پێکرد. شەڕی دەستەویەخە تا نزیک  نیوڕۆ درێژەی کێشا و سەرئەنجام هێزی داگیرکەر تووشی شکان هات و دوو ماشێنیان کەوتە دەست پێشمەرگەکان و هێزی شکاوی دوژمن گەڕایەوە بۆ شاری دیواندەرە.
پێشمەرگەکان بەپێی ئەزموونەکانی شەڕی پارتیزانی دەیانزانی کە دوژمن دوای شکستی هێزەکانی بۆ تۆڵەکردنەوە خۆی ڕێک دەخاتەوە و، بە هێزی زیاتر، چەک وچۆڵی تەیارتر و تۆپخانەی قورستر پێوشوێنیان دەکەوێ.

تەنیا چەند ڕۆژ دوای شەڕەکە، پێشمەرگەکان بۆ کاروباری حیزبی ڕووو لە گوندی "گۆڕباوەلی" کە لەسەر ڕێگای تیکاب هەڵ کەوتوە دەکەن کە هەواڵیان پێدان هێزێکی زۆری دوژمن لە ئێرانشا و گەردەنەی تیکاب خۆیان بۆ هێرش ئامادە کردوە. ڕۆژی دواتر پێشمەرگەکانی هێزی عەزیز یوسفی لە چەند لاوە هێرشی گەورەیان کرایە سەر. ڕێژیم دەیویست بە هێرشێکی "گازەنبوری" لە سێ لاوە لە گەمارۆیان بخا و لەو پێدەشتانەی "گۆرباوەلی" و "قەڵا کۆن" زەربەی قورسیان لێ بدا.

پێشمەرگەکان لە چەند شوێن کۆکرانەوە و بابەتی پووچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمن و گۆڕینی تاکتیکی خۆیان تاوتوێ کرد. پاشان نانی شەویان خوارد ودواتر هەموو لک و پەل ودەستەکانیان ئاگادار کردەوە کە هەرکەس پارتیزانی نانی خۆی هەڵگرێ کە ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەپێشدایە. پاش هەموو کارێکی حیزبی و پاش ڕێگایەکی دوور بەری بەیان، ناوچەی بان هەوەتوویان بەجێ هێشت و خۆیان گەیاندە بەرزاییەکانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆ لای پشتی قەپڵانتوو، پاشبڵاخ و کۆرکەن. بە گەیشتنیان بۆ ئەو بەرزاییە ئەگەرچی ماندوو بوون بەڵام دڵنیا بوون بێتوو گەورەترین هێزی دوژمنیش هێرشی هێنابایە، پێشمەرگە خۆڕاگری دەکا و تووشی شکانی دەکات. ماوەتە بڵێم ئەو جەولە سیاسی و نیزامییەی بۆ پیدەشتی بان هەوەتوو کرا، گرینگی خۆی هەبوو. چونکی دوژمن لەمێژبوو لەو ناوچەیە زەبری وێنەکەوتبوو و لەم جەولەیەدا ئەم زەبرەی خوارد. پێشمەرگەش هەموو سڵامەت بوون. لەوە گرینگتر تاکتیکی فەرماندە بەتواناکانی حیزب ئەوەی دەرخست کە لەکاتی ئەوتۆدا بۆ هێرشی گەورە مجال بە دوژمن بدەی بەسەر هەواری خاڵیدا بکەوێ و ئەویش لێک گرێدانی هاوکاریی خەڵک پێشمەرگە پێکەوە توانی پیلانی دوژمن پووچەڵ بکاتەوە، هەروەها خاڵێکی دیکە ئەوەیە کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرمی تازە ڕووی کردە ریزەکانی حیزب کە لە ئەژمار نەدەهاتن. ئەوانەش هەموو نیشانەی سیاسەتی دروست و ئوسولیی حیزب بوون کە لەلای خەڵک پەسند و پیرۆز بوون.

# چاودێریی هێزێکی پەلاماردەر و لێدانی زەبرێکی کاریگەر

بە هاتنی هێزی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و تەمای داگیرکردنی ئەو خاکە، کوردستان هەلومەرجێکی تایبەتی بەخۆیەوە بینی. قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان و خاشەبڕکردنی کورد یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی بوو، بۆیەش لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد درێغی نەکرد و هەر ڕۆژێ لە شوێنێکی کوردستان دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور دەبوو. لە بەرامبەر ئەو دڕەندەییەی ڕێژیم، خەڵکی کوردستان بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی خۆیان، چەکی پاریزگارییان لە شان کرد و، پۆل پۆل لە هەموو چین و توێژێکی کوردەواری دەهاتنە ڕیزی حیزبی دێموکراتەوە. ئەگەرچی لە سەرەتای شۆڕشدا کەمئەزموونی بە هێزەکانی کوردستانەوە دیار بوو، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش زەبری کاریگەر لە هێزی دوژمن دەدرا.

دوای شەڕی سێ مانگە و شکستی هێزەکانی ڕێژیم لە سەراسەری کوردستان، جارێکی دیکە هێزی کۆنەپەرستی بە چەک و چۆڵی زۆر و بە پشتیوانیی فڕۆکە و هێلیکۆپتێر، هێرشی بۆ سەر هەموو کوردستان دەست پێکردەوە و تا ساڵی ١٣٦٠ لەسەرتاسەری کوردستان بەبێ بەکوشتدانی سەدان کەس لە بەکرێگیراوانی خۆی بۆ گرتنی تەپۆڵکەیەک یا شوێنێکی چووکە نەیدەتوانی دەستی بەسەردا بگرێ.

لە دوای دەسبەسەردا گرتنی جادە سەرەکییەکان وردە وردە هێزی دوژمن لە بیری هێرش کردنە سەر شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان بوو. ڕێژیم لەمێژ بوو پلانی داگیرکردنی هەموو کوردستانی داڕشتبوو و هەر جارە و بەپێی دۆخەکە لە شوێنێکەوە بەدوای ئەو مەبەستەیەوە بوو. ناوچەی ڕەبەت لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦١دا لەلایەن هێزی

ڕێژیمەوە پەلامار درا و پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە ئاڵوگۆڕێکی جیدی بەسەر شێوەی خەباتیاندا هات. بەرەبەرە قۆناغێکی سەخت لە خەبات لەو ناوچەیەش چاوەڕوانی هێزی پێشمەرگەی دەکرد.

پێشمەرگەکانی دەڤەری ڕەبەت شەو و ڕۆژ لە حاڵی ئامادەباشدا بوون. زۆربەی کاتەکان لە سەنگەردا و تەنانەت هەتا بەیانی بۆسەیان بۆ هێزی دوژمن دەناوە. پاییزی ساڵی ١٣٦١ ئەگەرچی ئیمکاناتی پێوەندی گرتن لەوپەڕی لاوازیدا بوو، بەڵام پێوەندیی خەڵک و پێشمەرگە هێندە بەهێز بوو کە بەشێکی لەو بۆشاییەی پڕ کردبۆوە. چەند حەوتوویەک لە پاییز تێپەڕ ببوو، پێشمەرگە تازە لە کەمین گەڕابوونەوە بۆ نێو گوندی «هەمران» لە چەند کیلۆمیتریی ڕەبەت کە بنکەی لکی ٢ی مینەشەم لەوێ جێگیر ببوو. لەو هەلومەرجەدا کە پێوەندی گرتن زۆر ئەستەم بوو، هێشتا پێشمەرگەکانی کەمین بە تەواوی نەحەسابوونەوە هەواڵیان هێنا کە دوژمن لەبەری سەردەشتەوە لەلای گوندی «کاڵەدەرێ» لە چۆمی کەلۆێ پەڕیوتەوە و لە بانووی کاڵەدەرێ لەسەر زەوییەکی ڕووت و قووت سەنگەربەندییەکی باشیان بە تەلیسەگڵ دروست کردوە. بۆ ئەوەی دەرفەتێک دروست بکەن کە لەو گوندانە زەبرێک هەم لەخەڵک هەم لە پێشمەرگە بدەن. کاتێک هەواڵی هاتنی دوژمن بە فەرماندەرانی پێشمەرگە گەیشت بەپێی ئوسوولی شەڕ و هەڵکەوتەی جوغرافیایی ناوچە، هەشت پێشمەرگە دیاری دەکرێ بۆ لەژێر چاودێری خستنی ئەو هێزە، ئەوانیش بەپێی ئەزموونی خۆیان بە نێو دار و دەوەنەکانی ئەو دەڤەرەدا خۆیان لە هێزی دوژمن نزیک کردەوە و خستیانە ژێر چاودێری بۆ ئەوەی ڕوونی کەنەوە بە چ مەبەستێک هاتوون.

هێزی دوژمن کە زیاتر لە سەد کەس دەبوو، هیچ هەستی بەو ٨ پێشمەرگەیەی کە بۆ چاودێریی ئەوان نزیک ببوونەوە نەکردبوو. دەمە و ئێوارەیە وەک دەڵێن شەو قەڵای مەردانە، ئەو پێشمەرگانە بیریان لەوە دەکردەوە کە زەبرێک لەو هێزە بدەن بەڵام کارێک بوو لەوپەڕی سەختی و دژواریدا. ئەوە بووە هۆی مەقۆ مەقۆی نێوان پێشمەرگەکان، ئایا بە ٨ کەس دەکرێ ئەو هێزە ناچار بە پاشەکشێ بکەن؟ پێشمەرگەکان هێشتا بڕیاری شەڕیان نەدابوو کە هێزی دوژمن سەنگەرەکانیان ڕووخاند و پاش ماوەیەک کۆڵەپشتی بە کۆڵەوە

ئامادە بوون، کە بۆ پێشمەرگەکانیش ڕوون نەبوو مەبەستیان چییە!
هێزی دوژمن کۆ بۆوە. ئەو ٨ قارەمانەی مەیدانی خەبات و تێکۆشان لە دەست و تفەنگی خۆیان ڕادیت زەبرێکی باش لە دوژمن بوەشێنن، بۆیە بەیەکەوە بەناوی «بژی دێموکرات» دەسرێژیان لە هێزی زۆری دوژمن کرد و سەریان لێ شێواندن و لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە ٦٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژرا و، ئەوەی توانیی خۆی دەرباز بکا ڕووی لە دەراوی «کانی گوێز» و «گورگاوێ» کرد، بەڵام غافڵ لەوەی دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە چۆمی «هورمزاوێ» شۆڕ بوونەتەوە سەر چۆمی لە دەروای گورگاوێ و، پێشیان بەو بەشەی کە ڕایان دەکرد گرت و ئەوەی توانیبووی ڕا بکا ئیدی لەوێ دەرچوونی مەحاڵ بوو. لەو هێزە زیاتر لە سەد کەسییەی دوژمن تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم توانیان لە چۆمی کەڵوێ بپەڕنەوە و دەرباز بن. لەسەر یەک تا کۆتایی شەڕ نزیک بە سەد کەس کوژران.
ئەوەی گرینگە لەو شەڕەدا لە شوێن و لە کات و ساتێکی هەستیاردا کە هێزێکی زۆری دوژمن تەنیا بە دوو دەستەی چووکە لە پێشمەرگەکانی دێموکرات زەبرێکی کوشندە و لەبیر نەکراویان بەر کەوت. لەوە گرینگتر ئەوەیە کە نزیک بە سەد کەس لە هێزی دوژمن کوژرا بەڵام لە هێزی پێشمەرگە هیچ کەس تنۆکە خوێنێک لە لووتی نەهات. گرینتر لە هەموو ئەوانە، شکستی ئەم هێزەی ڕێژیم نەک ورەی باقی هێزەکانی دیکەی تێک قرماند، بەڵکوو زۆر بە دەگمەن لە پاش ئەو عەمەلیاتە دەیانتوانی ڕوو بکەنە جێگا و شوێنێک کە هەستیان کردبا پێشمەرگەی لێیە. لەلایەکی دیکەشەوە چەند قات ورەی خەڵک و پێشمەرگە پاش وەشاندنی ئەو زەبرە گورچکبڕە بەرز بۆوە.

## جاشسازی و جاشپەروەری، پیلانێك و شکستێکی دیکە بۆ ڕێژیم

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەیشتنی بە دەسەڵات هەر زوو سیاسەتی سەرکوتی کەمینە ئەتنیکییەکانی گرتە بەر و لەو نێوەشدا ئەوپەڕی لەسەر نەتەوەی کورد بوو. لەکوردستان بۆ ئەوەی هێژمۆنیی خۆی داسەپێنێ بەهەموو شێوەیەک و لە هەموو ئیمکاناتی بەردەستی و هەموو جۆرە تاکتیکێکی نیزامیی بۆ خاشەبڕکردنی جووڵانەوەی کورد کەڵکی وەردەگرت. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتاوە هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد بدۆزێتەوە. بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ ئاکام مایەوە و کۆماری ئیسلامی زۆر بێ بەزەییانە هێرشی کردە سەر خەڵکی کوردستان و، هێزی پێشمەرگەش وەک قەڵایەک لە کوردستان خۆڕاگری لە بەرامبەر لەشکری ڕەشی ئیسلامیدا نیشان دا. ڕێژیم لەسەرەتاوە لە هەستی مەزهەبی و عەشیرەیی کەڵکی وەرگرت و توانی ژمارەیەک خەڵکی ساویلکە هەڵفریوێنێ و بەدژی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بەکاری هێنان. ئەلحەق لە هێندیک شوێنیش بوونە کۆسپی سەر ڕێگای جووڵانەوە و لە جووڵەی پێشمەرگەش‌دا بوونە کۆسپی سەر ڕێگای تێکۆشان. دەمانهەوێ لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا ئەو لایەنە بپێکین کە چۆن خەڵک وشیار بۆتەوە و بەکارهێنانی تاکتیکی ڕێژیم لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگە بە وشیاری و هاوکاریی خەڵک لەگەڵ پێشمەرگە نەک پووچەڵ بۆتەوە بەڵکوو دوژمن زەبری قەرەبوو نەکراویشی لێکەوتووە. دیاردەی جاشسازی لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەی جۆراوجۆر زوو سەری هەڵدا و، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەر زووش هەڵخەڵەتاوەکان چەکیان فڕێ دەدا و ئامادە نەبوون شەڕی دژی پێشمەرگە بکەن و، ئەوەش لەوە سەرچاوەی دەگرت کە سیاسەتی ئوسوولیی حیزبی دێموکرات یارمەتیی زیاتری بە توندتر بوونی ئەو ڕەوتە کرد و لێرەدا بە تایبەتی باس لە ناوچەی هەوشار و چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونیان لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا دەکەین.

پاش چەند ساڵ شەڕ لەکوردستان، ناوچەی هەوشار یەکێک لە ناوچە گرینگەکانی کوردستان بەهۆی هاوسنوور بوون لەگەڵ ئازەرییەکان گرینگییەکی زۆری پێ دەدرا. خەڵکی خەباتگێڕی دێموکراتپەروەری ئەم ناوچەیە، هەمیشە بە دڵەوە لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی خۆیان ڕەوانەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە و، زۆریش ئازایانە دژ بە سیاسەتی چەپەڵی کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە. هێزی قارەمانی هەوشار لە زۆربەی ناوچەکان و بەندەنەکانی هەوشار لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبدا قارەمانەتی و ئازایەتیی کەم وێنەیان نواندوە کە بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی گەلەکەماندا بەڕێزەوە یادی دەکرێ.

سیاسەتی جاشسازی لە ناوچەی هەوشاریش کەمتر لە ناوچەکانی دیکە نەبوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەڕای شکستی سیاسەتی جاشپەروەری دەستی هەڵنەگرت. پەرەپێدانی سیاسەتی کوردستانی کردنی شەڕی کردە ئامانج، واتە لەجیات ئەوەی هێزی داگیرکەری خۆی بێنێ لەکوردستان بەکوشتیان بدا شەڕەکەی دەکردە کوردستانی و شەڕی کوردی بە کورد دەکرد. جا هەر بەم مەبەستە لە ئاستێکی بەربلاودا دەستیان کرد بە سیاسەتی جاشسازی و بەزۆر چەکدار کردنی خەڵک، کە ئەم سیاسەتە زۆر بە زیانی جووڵانەوەی کورد بوو.

بۆ بەرپەرچ دانەوەی پیلانی گڵاوی ڕێژیم، لەسەراسەری کوردستان ڕادیۆ کوردستان لە لایەک، کادر و پێشمەرگەکانی ناوچە و خەڵکی وشیاری کوردستانیش لە لایەکی دیکەوە شان بەشانی ڕۆڵەکانیان هەموو ئەو کەسانە و بنەماڵەکانیان ئاگادار کردەوە کە ئەو پرۆژەی ڕێژیم هۆنیویەتەوە زۆر مەترسیدارە. بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم پیلانەی ڕێژیم حیزبی دێموکرات بە هەر شێوەیەکی گونجاو بەرەوڕووی دەبۆوە، چ بە کاری تەبلیغی چ بە کردەوە لە باری نیزامی. تێکۆشەرانی دێموکراتیش لە ناوچەی هەوشار بەهەموو شێوەیەک دەستیان بە تەبلیغاتی خۆیان کرد و چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بەڕێوە برد. ئەم عەمەلیاتانە ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە تێکشکاندنی ورەی هێزەکانی دوژمندا هەبوو. یەک لەو عەمەلیاتانە کە بەمەبەستی خاشەبڕکردنی ئەم پیلانە بوو، بریتی بوو لە هێرشێکی جوامێرانە بۆ سەر ئاوایی «قەرەزاخ» کە خەڵکی ئەو ئاواییەیان بە زۆر چەکدار کردبوو و،

لەگەڵ ئەوەشدا هێزێکی دژی گەلیی پاسدار مۆڵگەی لێ دامەزراندبوو.
وەک باسمان کرد ڕێژیم بەپێچەوانەی ناوچەکانی دیکە، لە ناوچەی هەوشار بە جیاوازییەوە سیاسەتی خۆی بەڕێوە دەبرد. خەڵکی ناوچەی هەوشار بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ خەڵکی ئازەری دۆخەکەیان جیاوازتر بوو، هەر ئەمەش ببووە هۆی ئەوە ڕێژیم گرینگییەکی زیاتر بدا بەم ناوچەیە و دابەزاندنی سیاسەت و پیلانەکانی خۆی لەوێدا چڕتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی وا نیشان بدا خەڵکی ئەم ناوچەیە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکەن. بەڵام عەمەلیاتی ئازایانە و گرتنی چەندین پایەگا و نانەوەی چەندین کەمین ترسی خستە نێو دڵی هێزەکانی ڕێژیم، هەر بۆیەش لەو شوێنانەی خەڵکیان چەکدار کردبوو هێزێکی سپای پاسدارانیان لەنێو گوندەکان یا لە دەورووبەرەکەی جێگیر دەکرد.
هێزی قارەمانی هەوشاری خوێناوی بەرنامەیەکی عەمەلیاتیی ڕێکوپێکیان داڕشت کە بتوانن گوندی «قەرەزاخ» لە هێزی دوژمن پاک بکەنەوە و پاشان هەموو چەکوچۆڵی بەزۆر چەکدارکراوان کۆ بکەنەوە. بەپێی ئوسوولی شەڕ لە پێشدا هەموو ئاگادارییی جموجۆڵەکانی هێزی ڕێژیمیان بەدەست هێنا و پاشان ئەرکی هەموو بەرپرس و پیشمەرگەکانیان دیاری کرد. گشت ڕێگاکانی هاتوچۆی نێو گوند خرایە ژێر دەستی خۆیان و، هەروەها ئەوکەسانەی لایەنگری پێشمەرگە بوون و ئاگاداری عەمەلیات بوون کەڵکیان لێ وەرگیرا. دوای هەموو ئەوانە کاتژمێری پێنج و نیوی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی خەباتگێرانی دێموکرات بە قرمەی چەکەکانیان بێدەنگییان شکاند و سەریان لە هێزی دوژمن شێواند. شەڕ سات لەگەڵ سات گەرمتر دەبوو، بە جۆرێک پاش یەک سەعات شەڕ تەنیا چەند کەس لە هێزی دوژمن خۆیان لە ماڵان شاردبۆوە کە ئەوانیش بە هەڵمەتێکی کوتوپڕ و ئازایانە و بە هاوکاریی خەڵک لەگەڵ هێزی پێشمەرگە نەیانتوانی دەرباز بن. پاش یەک سەعات و نیو شەڕ دەیان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و بەدیل گیران و، هێزی پێشمەرگەش هیچ زەبرێکی وێنەکەوت لەم عەمەلیاتەدا. هەروەها بە دەیان قەبزە چەکوچۆل بووە دەسکەوتی فیداکارانی ناوچەی هەوشار. بەمجۆرە کوڕانی لێوەشاوەی هەوشار توانیان پیلانی بەربلاوی ڕێژیم پوچەڵ بکەنەوەو دەسکەوتێکی دیکە بۆ هێزی قارەمانی هەوشار تۆمار بکەن.

# ئەو ئاگرەی هێزی «ئاگری» لەسەر پشتی دوژمن کردیەوە

مێژووی حیزبی دێموکرات پڕاوپڕە لە فیداکاریی ڕۆڵەکانی و لەمبارەوە لە بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان پارێزگاریی کردوە و، بەهایان بۆ داوە، بەڵام ئێمە نابێ تەنیا چاو لە شانازییەکان بکەین چونکە ئەگەر هەر ئەوان ببینین و چاو بە خاڵە لاوازەکاندا نەخشێنین ئەگەری دووپات بوونەوەی هەڵەکان زۆر دەبێ. مێژووی حیزبی دێموکرات تەنیا سەرکەوتنەکان نییە بەڵکوو ئەوە نزیک بە سێ چارەگە سەدەیە، بە هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و پاشەکشە و هەستانەوە و گۆڕینی شێوەکانی خەبات و ... هەموو ئەوانە بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە پێکهێنەری ڕاستیی مێژووی حیزبن.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی پێشینەی مێژوویی و تێگەیشتوویی سیاسی زۆر زووتر لەبەشەکانی دیکەی ئێران، ماهییەتی چەپەڵ ونێوەرۆکی فاشیستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بناسن. هەربۆیەش لە سەرتاسەری کوردستان بە بانگەوازی حیزبەوە بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان هاتن و دەستە دەستە چەکی خۆڕاگرییان دەکردە شان و، لە هەموو شێوەیەکی خەبات بە تایبەتی خەباتی چەکداری لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دڕندەیە وەستانەوە، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی بەرپرسایەتیی دوو ئەرکی گرینگیان بکەوێتە سەرشان.

یەکەم: هەڵگرتنی چەکی دیفاع لە مافەکانی گەلی کورد و چوونە سەنگەری پێشەوەی خەبات. دووهەم: ئەو خەبات و گیانبازییە هەستی دڵسۆزی و لایەنگریی هەموو ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی ئێرانی بۆ لای گەلی کورد ڕاکێشابوو. لەلایەکی دیکەش خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە هەست کردن بە ئەرکە قورسە مێژووییەکەی خۆیان، بوونە قەڵایەک بۆ قارەمانانی دێموکرات کە لەپشت ئەو قەڵایە زەبری

کاریگەریان لە دوژمن دەوەشاند. بۆیەش خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نزیک بە ٢٠ساڵی ڕەبەق نەک یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو وەک ئاماژەم پێدا لەلایەن هەموو گەلانی ئێرانەوە نیشانەی هیوا بوو. زەبرە کاریگەرە یەک لەدوای یەکەکانی پێشمەرگە دوژمنی سەرسام دەکرد.

«هەگبەی شاخ و شۆڕش» باس لە قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەدژی داگیرکەرانی کوردستانەوە دەچوون، دەکا. ئەوەی لێرە باسی دەکەین تەنیا لاپەڕەیەکە لە لاپەڕە زێڕینەکانی هێزی «ئاگری»ی قارەمان کە بەدەیان و سەدان عەمەلیاتی سەربەرزانەی لە ناوچەی شیمالی کوردستان بەدژی هێزەکانی کۆماری تێرۆریزمی ئیسلامی بەڕێوە بردوە.

باسکردن لە هێزی «ئاگری»ی قارەمان لەو چەند لاپەڕەیەدا ناکرێ، ئەوەی لێرە باس دەکرێ تەنیا گۆشەیەکی چووکە لە بەرخۆدان و فیداکاریی ڕۆڵەکانی ئەم هێزەیە. چونکی قارەمانانی هێزی ئاگری ڕۆژ نەبوو کە سەری دوژمن لە تاشەبەردەکانی ئەو مەڵبەندە نەدەن و هەر ڕۆژێ لە گۆشەیەکی ئەو دەڤەرە بە نانەوەی کەمین و بەرپەرچدانەوەی هێزی پەلاماردەر و بە هێرش کردنە سەر پایەگاکانی دوژمن و دەست بەسەردا گرتنیان، شانازی بۆ خۆیان و سەربەرزیی حیزب و گەلەکەیان بە دیاری دەهێنا.

لە تەواوی ڕۆژ و مانگەکانی ساڵ ئەو تێکۆشەرانە لەو ناوچەیە حزووریان بووە و تەنانەت زۆر جار بۆ مانەوە لەنێو خەڵکی خۆیان مایەی زۆریان داناوە. هەر کۆڕی ئەو تێکۆشەرانە کە تەژی لە پێشمەرگە قارەمان و فەرماندەی بەتوانا بوو بە گەڵاڵەی ڕێکوپێک دوژمنیان دەتەزاند.

ئەوەی باسی دەکەین ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٠ڕووی دا.

بەپێی هەموو ئوسوولێکی شەڕی پارتیزانی، هێزی پێشمەرگە کاروباری پێوەندیدار بە شناساییەوە بەوپەڕی سەرنجەوە لەژێر فەرمانی فەرماندەدا بەڕێوە برد و، دواتر نەهێنییەکانی عەمەلیات، پاراستن و دابەشکردنی ئەرکی هەرکام لە دەستەکان بۆ شوێنی خۆی دیاری کرا و، بەپێی ئوسوولی شەڕ هەرکەس لە کاتی خۆی و لە جێگەی خۆی ئامادە بوو. کاتژمێری ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ، بە

مەبەستی زەبرلێدان لە هێزی دوژمن لە نزیک ئاوایی «سوڵتانی» لە ناوچەی سۆما چوونە کەمینەوە و چاوەڕوانی هێزی دوژمن مانەوە، تەنیا نیو سەعات لە کەمیندا بوون کە گرووهێکی زەربەتی دوژمن کەوتە داو. ئەو هێزە هیچکات چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە لە شوێنێکی ئەوتۆ و لەکاتێکی ئاوادا، بکەوێتە بۆسەی هێزی دێموکراتەوە.

لەپڕ دەنگی تفەنگی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی سۆما دڵی هێزی دوژمنی داخورپاند. هێزی دوژمن هەر کە کەوتە بەر دەسڕێژی هێزی پێشمەرگە وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان سەریان لێ شێوا و توانای دەسکردنەوەیان لێ بڕا. ئاگری چەکی قارەمانانی هێزی «ئاگری» ئەوەندە توند بوو کە لەماوەیەکی زۆر کەم گرووهی زەربەتی دوژمنی لێک هەڵتەکاند و دەرفەتی دەست کردنەوەیان پێ نەدان.

لەو کەمینەدا کە لاپەڕەیەکی پڕلە شانازیی دیکەیان بۆ هێزی «ئاگری» تۆمار کرد، نزیک بە ٤٠ کەس لە بەکرێگیراوانی سپای پاسدارانی ڕێژیم کوژران و چەند کەسیش بەدیل گیران، هەر لەو عەمەلیاتەدا دەسکەوتی پارتیزانانی دێموکرات لەو مەیدانەدا دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و، بە هەزاران فیشەک بوو. گەڵاڵەی عەمەلیات بەجۆرێک داڕێژرا کە دەستەیەکی دیکە بۆ ئەوەی پایەگای دوژمن لە ئاوایی سوڵتانی نەتوانێ بە یارمەتیی لەداو کەوتووەکانەوە بێ و، یان ناوچە تۆپباران بکا، دایانە بەر دەسڕێژی ئاوری چەکەکانیان و بۆ ماوی پتر لە سەعاتێک ئەو مۆڵگەیان ئاگرباران کرد. ئەوەی گرینگە و جێگای ئاماژەیە کە لە ناوچەیەکی سەخت و میلیتاریزە توانیان زەبرێکی باش لە پەیکەری هێزی کۆماری ئیسلامی بدەن و قارەمانانی دوژمنشکێنی «ئاگری» لە کۆتاییدا بۆخۆیان هەموو سلامەت بوون، گرینگتر لەوانە ئەو ناوچەیە بە چەندین پایەگا و گرووهی زەربەتی هێزی داگیرکەر تەنرابوو، بەڵام کوڕانی دێموکرات توانیان ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەو دەڤەرە بەڕێوە بەرن و، هەموویان بە سروودی «بۆ پێشەوە ئەی کوردی ئازا» تێکەڵ بە خۆشحاڵیی خەڵکی ناوچە، هاتنەوە بەرەو سەنگەرەکانی خۆیان.

# گرتنی حەوت پایەگاکەی مەڵبەندی شنۆ

ئاشکرایە خەبات و تێکۆشانی هەر حیزبێکی سیاسی بەبێ پاڵپشتیی کۆمەڵانی خەڵک ناتوانێ تێکۆشانەکەی بەردەوام بێ، حیزبێکی سیاسی دەبێ بە لانی کەمەوە بەشێکی هەرە زۆر لە داخوازییەکانی خەڵک لە بەرنامە و پێڕەوەکەیدا ڕەنگ بداتەوە. ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوام لەنێو خەڵکدا بوون و زیاتر دروشم و سیاسەتی حیزبەکەیان بۆ خەڵک شی دەکردەوە، ئەم لەگەڵ و لەنێو خەڵک بوونە هەمیشە بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنج و هاوسۆزیی خەڵک بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستان. پێوەندیی دوو هێزی پێشمەرگە و خەڵک توانیویەتی زۆر کاری گەورە و لەبیر نەکراو لە مێژووی بەرخۆدان و خۆڕاگری لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ گەلی کورد و ئەم حیزبە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تۆمار بکا.
بەدوای شەڕی داسەپاوی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا، لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان تەنیا ڕێگەی بەرخۆدانیان بۆ مابۆوە، ئەوانیش بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ داگیرکەران دەردەبڕی، یا ڕاستەوخۆ دەبوونە پێشمەرگە و یا خود پاڵپشتی ئەم هێزە خەڵکییە. لەو پەلامارەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ سەراسەری کوردستان کرا، ناوچەی شنۆش بێبەش نەبوو لە ماڵوێرانی و کوشتوبڕەکانی. هەر جارێ گوندێک و شوێنێک دەکەوتە بەر پەلاماری هێزی دڕندەی ڕێژیمی ئیسلامی و خەڵکی زۆر گوندی ئەو دەڤەرە وەک حەڵبێ، کوێکان، سۆفیان، گوندەوێڵە و کەریزەی شکاکان و چەندین شوێنی دیکە ڕووبەڕووی قەتڵوعام و وێرانی بوونەوە. کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی کوردستان لەو ساڵانەدا بووە هۆی نیشان

دانی دژکردەوەی خەڵکی ئەم دەڤەرە و بۆ ئەم مەبەستەش خەڵکانێکی زۆر ڕیزی پڕلە شانازیی حیزبی دێموکرات و هێزی سمکۆیان هەڵبژارد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو مەڵبەندە هەر ڕۆژێ لە شوێنێکەوە بەرپەرچی هێرشی هێزی کۆماری ئیسلامییان دەدایەوە. هێزی ڕێژیم لەدوای داگیرکردنەوەی شاری شنۆ بەمەبەستی زیاتر جێگیر بوون لەو مەڵبەندەدا، هێزێکی زۆری لەم پێناوەدا تەرخان کرد. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم هەتا کۆتایی دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی بە کوژرانی هەزاران کەس لە سەراسەری کوردستان لە سۆنگەی شەڕی قارەمانانەی هێزەکانی دێموکراتەوە درێژەی کێشا، کە شاری شنۆش یەکێک لەو شوێنانە بوو.

ناوچەی شنۆ وەک هەمیشە پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە بووە. شنۆ لە ناوچەکانی نەلۆس، حەسەننووران، دۆڵ و دەشتەبێڵ و سینگان پێک هاتووە. لەو شارە چووکەیەدا قارەمانانی ئەو مەڵبەندە بەدەیان و سەدان عەمەلیاتیان دژی داگیرکەران بەڕێوە برد. لەدوای گرتنەوەی هەموو ناوچەکان و دانانی چەندین پایەگا لە بەرزاییەکان و، چەندین گرووهی زەربەتی گەڕۆک لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگە ئازاکانی دێموکرات بە هاوکاریی خەڵکی دڵسۆزی ئەو ناوچەیە بڕیاریان دا زەبرێکی گاریگەر لە هێزی ڕێژیم بوەشێنن، کە تا ئێستاش تامی تاڵی ئەو زەبرە هێزی دوژمنی تاساندوە. بەو پێیە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە تیمێکی شناساییان بۆ چەندین پایەگا لە ناوچەی گەڵی گادەران بەڕێ کرد. پێشمەرگەکان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وردەکارییەکانی ئەو پایەگایانە و، هەروەها هەموو جۆرە حەرەکەت و هاتوچۆ و ئیمکانات و چەک و چۆڵی ٧ پایەگا ئەرکدار کران و، خاڵی ستراتیژی و پێکانی ئامانجی عەمەلیات لەنێو بەرپرسان و فەرماندەرانی پێشمەرگە لێک درایەوە. پاشان بە شێوەی ئوسوولیی خۆی لە شەڕدا، تیمی تایبەت بەسەر بەشی جۆراوجۆردا وەک هێرش، پشتیوانی، بریندار، شەهید، دەسکەوت و ... دابەش و دیاری کران، کە لە سێ بەشی سەرەکیی ڕۆژ، کاتی عەمەلیات و شوێندا دەست بەکار بن.

تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی دەڤەری شنۆ بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی گەلاڵە کراو و، زەبر لێدان لە هێزەکانی دوژمنی گەلی کورد، ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی سەعاتی ٥ی بەیانی،

توانیان هاوکات ٧ پایەگای ڕێژیم لە بەرزاییەکانی «گردەسوور» بەپێی بەرنامەی دیاری کراو بپێکن. کاتژمێری ٥ی بەیانی هەمان ڕۆژ، لە هێزی دوژمن لەو مۆڵگانە نزیک بوونەوە و هێرشیان کردە سەر ئەو شوێنانە و، دەستیان بەسەر هەموویاندا گرت و تەفرو توونایان کردن.
لە جەریانی گرتنی پایەگا و بەپێی گەڵاڵەی دیاریکراو دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات لەسەر ڕێگای هاتنی هێزی یارمەتیدەر کەمینیان دانایەوە و، لەو کەمینەدا ماشێنێکی دوژمن کەوتە کەمین و لێک بڵاو بۆوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێزی دوژمن ئاگاداری هێزی پێشمەرگە لە ناوچەدا بوو و، لە ئامادەباشی تەواودا بوو کە قارەمانانی دێموکرات توانیان لە بەرەبەیانیی ئەو ڕۆژەی مانگی پووشپەڕدا حەماسەیەکی پڕلە شانازی بۆ گەل و نیشتمان بخولقێنن و، بە خوێنی ٢ تێکۆشەری ڕێگای خەبات بە ناوەکانی شەهاب سەیادی و سەدیق ڕۆستەمنژاد لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان لە دەڤەری شنۆ بنووسنەوە.
ئەو قارەمانانە بە خوێنی دوو ڕۆڵەی نیشتمان توانیان ٧ پایەگا بگرن، نزیک بە ٧٠ کەس لەهێزی دوژمن بکوژن و دەیان چەکی جۆراوجۆر بەدەسکەوت بگرن و، بە هەزاران فیشەک بوو بە دەسکەوتی تێکۆشەرانی ڕێگەی خەبات. بەڵام ئەوەی گرینگە لە هەلومەرجێکدا ئەو عەمەلیاتە بەڕێوە چوو کە جێگەی خۆی لە دڵی نەتەوەی کورددا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کردەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە ناوچەی شنۆ و دەوروبەر زۆر کەم ڕووناکایی دەبینرا و، کاریگەریی ئەو عەمەلیاتە لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان ڕەنگی دایەوە و مێژووش لە لاپەڕەکانی خۆی جێگەی تایبەتی بۆ کردەوە. ئەم عەمەلیاتە بەهێزە لەو ساڵانەدا بەڕێوە چوو کە بێجگە لە حیزبی دێموکرات هیچ هێزێکی دیکە لە مەیداندا نەبوو کە بتوانێ لاپەڕەکانی مێژوو بەو شێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەخشێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە دانانی پایەگا نەیتوانی چارەی هێزەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیە و لە سەرتاسەری کوردستان بکا.

# بەربەرەکانیی هێزی «دمدم» و زەبوونیی دوژمن

بەدوای داگیرکردنی شارەکان و جادە سەرەکییەکانی نێوان شارەکان ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بەسەر تێکۆشانی نیزامیی حیزبی دێموکراتدا هات. شەڕی پێشمەرگە لە شێوەی جبهەییەوە بۆ نیوەجبهەیی و پارتیزانی گواسترایەوە و بەم کارەش تێچوویەکی زۆری دا تا توانی خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ ڕێک بخا.

پێشمەرگەکانی کوردستان هەر لە سەرەتای دەیەی شەستەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە کۆکردنەوەی ئەزموونی زیاتر توانییان زەبری کاریگەر لەسەر جادەکان، نێوشارەکان، دەوروبەری گوندەکان و شاخەکانی کوردستان لە هێزی دوژمن بوەشێنن. هەر لەو کاتەدا و لەو هەلومەرجەدا دەسکەوتی باش و زەبری گیانی و ماڵیی گەورەی لە هێزی داگیر دەدا و، تەنانەت بە شێوەیەک کە هێزی پێشمەرگە ئەوەندە گرینگیی بە تێکۆشانی خۆی دەدا بە فیشەکەکانی دوژمن، خودی خۆیانی پێ ڕاو دەکرد. ئەوە بۆ ڕێژیم دەردێکی گران و چارەسەر نەکراو بوو. بەو پێیە هەرکات ڕێژیم پەلاماری شوێنێکی پێشمەرگەی دابایە و نیازی داگیرکردنی بوایە بە دەیان و سەدان کەسی بەکوشت دەدا، لە لایەکی دیکە هێزی پێشمەرگە بە وەسەریەک نانی ئەزموونی خەبات هەر ڕۆژێ دەیتوانی هەم زەبر لە دوژمن بدا هەم پیلانی گڵاوی لێ پووچەڵ بکاتەوە و، تەنانەت زۆر جار پیلانی دوژمن بۆ هێنانەخواری ورەی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەم شوێنێک داگیر بکا هەم زەبرێک لە پێشمەرگە بدا بەهۆی وشیاری و ئازایەتیی قارەمانانی کوردستان پووچەڵ کراوەتەوە.

لەو کاتەدا زۆر جار هێزی پێشمەرگە بێجگە لەوەی دیفاعی لە بەشێکی خاکی ئازادی کوردستان دەکرد، زۆر جاریش گەلاڵەی ڕێکوپێک بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ڕێژیمیان لە شارەکان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دادەڕشت و تامی تاڵییان بەو هێزە دەچێشت.

لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی دەیەی ١٣٦٠، هێزی ڕێژیم زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی داگیر کردبوو، لە ناوچەی نەغەدە هێندێک شوێن و ناوچە مابوو کە هەم نەخۆشخانەی حیزب و هەم بازاڕێک کە خەڵک کار و کاسبی لێ دەکرد، لەژێر کونترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا کار و ئەرکیان بەڕێوە دەبرد. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای مانگی گەلاوێژدا ڕۆژانە تەبلیغ و پیلان و چەواشەکاری لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە بۆ ناوچە ئازادەکان دەنارد تا بتوانێ هەم وورەی خەڵک تێک قرمێنێ هەم هێزی پێشمەرگە ماندوو بکا و پاشان نیازی گڵاوی خۆی جێبەجێ بکا. دیارە بەدرێژایی خەباتی چەکداری، هەمیشە ڕێژیم و هێزەکانی لە مانگی گەلاوێژ هەم لە حاڵی ئامادە باشدا بوون، هەم لە بیری زەبرێک لە حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ئازادی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون.

ناوچەی سەرشاخان کە ناوچەیەکی سەخت و دژوارە و بەدرێژایی مێژوو جێگەی بەرخۆدان و بەربەرەکانیی ڕۆڵەکانی کورد بووە، کۆماری ئیسلامی وەک دوا پێگەی دێموکرات لە ناوچەی موکریان چاوی لێ دەکرد، کە بتوانێ هێزی خۆی لێ جێگیر بکا و زیاتر هێژموونیی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. هەر بۆیە هێزێکی زۆری لە سەرەتای مانگی گەلاوێژەوە لە شارەکانی مەهاباد، نەغەدە، شنۆ و پیرانشار کۆ کردەوە، تا لە نزیک بوونەوەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دوو ئامانج بپێکێ. یەکەم: لەو ڕۆژەدا هێزی ڕێژیم لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە زەربە نەخوا و دامودەزگا و هەموو ناوەندەکانی لە ئامادە باشیدا بوون. دووهەم: ڕێژیم بتوانێ زەبرێک هەم لەپێشمەرگە بدا هەم ناوچەیەکی ئازاد بەبێ کوژرانی هێزەکانی بگرێتەوە. لە لایەکی دیکە و بۆ حیزبی دێموکراتیش گرینگ بوو لە ساڵڕۆژی دامەزرانی خۆی زەبر لە دوژمن بوەشێنێ بۆیە ئەویش بۆ بەرز ڕاگرتنی ساڵیادی خۆی بیری لە زەبری کاریگە دەکردەوە. دیارە هەموو هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە مانگی گەلاوێژدا ئاگاداری فڕوفیشاڵی ڕێژیم بوون. لە ناوچەی نەغەدەش هێزی "دمدم"ی ئەوکات وەک هەموو هێزەکانی دیکە لە ئامادە باشیی تەواو ئاگاداری جموجووڵی هێزی دوژمن بوون.

هێزەکانی ڕێژیم بەرەبەیانیی ٢٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی هێرشیان کردە "سەر بازاڕگە" و "دۆڵە درێژ" لە ناوچەی سەرشاخان

و کاتژمێری ١٠ی بەیانی کەوتە کەمینی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە لە هێزی دمدم و، لەو پەلامارەی دوژمن لەو شەڕگەیە ژمارەیەکی بەرچاو کوژران و هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی چەکی قارەمانەکانی مەڵبەندی نەغەدە، دوو دەستەی دیکە لە هاوسەنگەرانی خۆیان لە بەرزاییەکانی "جمیلان" و دەستەیەکی دیکە بۆ بەرزاییەکانی "شیوەبرسی" نزیک کردەوە کە هێزی داگیرکەری لێ جێگیر ببوو. بەگەیشتنی هێزی پێشمەرگە لە پاسدارانی جەماران درانە بەر هەڵمەتی ڕووخێنەر و هێزی دوژمنیان بەرەو ئاوایی شیوەبرسی ڕاونا. هەر لەو کاتەدا بەپێی بڕیاری فەرماندەری عەمەلیات دەستەیەکی دیکە لە نزیک ئاوایی، هێزی هەڵاتووی دوژمنیان خستە گەمارۆ و لەگەڵ هەر هەڵمەتێکیان بە چەندین کەسیان دەکوشت. سەرئەنجام پاش شەڕێکی دەستەویەخە کە تێکۆشەرانی نەغەدە شانازییەکی پڕ لەسەروەرییان بۆ لاپەڕەکانی دەفتەری هێزی پێشمەرگە زیاد کرد و توانیان بە فیداکاریی خۆیان چۆک بە هێزی جەماران دادەن. لەو داستانە لەبیر نەکراوەدا نزیک بە ٥٠ کەلاکی هێزی دوژمن لە مەیداندا کەوتبوو، تەنانەت فەرماندەی گوردانی سپای پاسدارانی محەممەدیار دەبینرا. هەروەها دەیان چەکی جۆراوجۆر وەک دەسکەوتی پێشمەرگە ئەژمار کرا و بە هەزاران فیشەکی جۆراوجۆریان لەگەڵ خۆیان هێنا.

ئەوەی گرینگ و جێی سەرسووڕمان بوو بۆ هێزی دوژمن، باوەڕی بە شکستی هێزەکانی نەدەکرد چونکی ئەوان بە نیاز بوون بەو هێرشە، هەم ئەو ناوچە ئازادە داگیر بکەن و هەمیش زەبرێک لەپێشمەرگە بدەن. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە بەدرێژایی ئەو خەباتە هەمیشە هێزەکانی دوژمن، تامی تاڵییان بەدەست هێزی پێشمەرگەی دێموکراتەوە خواردووە و لەو ڕۆژەشدا هەر بەو ئاقارەیاندا بردن. بەڵام لە هەموو گرینگتر پڕژانتر بۆ هێزەکانی ڕێژیم ئەوە بوو کە لە شەڕێکی چەند سەعاتە و دەستەیەخەدا، هێزی پێشمەرگە هەموو سڵامەت بوون لەکاتێکدا ئەوان هێرشیان هێنایە سەر پێشمەرگە.

# ٢٦ی سەرماوەز و زەبری بەهێزی هێزی شاهۆ

هێزەکانی پێشمەرگەیی حیزبی دێموکرات وەک نەریتێک ڕۆژە مێژووییەکانی حیزبەکەیان لەکات و ساتی خۆی دا لەڕێگای زەبرلێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرز دەنرخاند، بە نزیک بوونەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب و ٢٦ی سەرماوەز کە پێشمەرگە وەک ڕۆژی خۆی چاوی لێ دەکرد جموجۆڵیان زیاترو بەرفراوانتر نیشان دەدا و بەشی هەرە زۆری هێزەکان لەبیری کێبەکێ بۆ لێدانی هێزی دوژمن بوو، ئەو دیاردەیە لە دوای دیاری کردنی ڕۆژی پێشمەرگە لەساڵی ١٣٦٣ زیاتر خۆی نیشان دا.
بۆئەم ژمارەی کوردستان لە ستوونی «هەگبەی شاخ و شۆڕش» دا زەبری کاریگەر و دوژمن شکێنی هێزی شاهۆ لە مانگی سەرماوەز و لەبەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز وساڵی ١٣٦٤ لە هێزی شاهۆی قارەمان دەنووسینەوە.
بۆ پێکانی ئەمانجی ڕوون و هەڵسەنگێندراو دەستەیەک لە فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی شاهۆ بۆ وەشاندی گورزی خۆیان گەڵالەیەکی ڕێک وپێک دادەڕێژن تا بتوانن لەڕۆژی دیارکراو زەبری خۆیان بوەشێنن وئەرکی پێ ئەسپێردراویان بەڕێوە بەرن.
دوای تەواو بوونی کاری شناسایی فەرماندەی بەتوانا سەید فەرج حوسێنی بە خۆیەوە ٧ کەس لە کوڕانی ماندوونەناس شەهیدان: ئەنوەر دەرویانی، قادر وەلدبەگی، عەزیز سەلیمی، سێ پێشمەرگەی دیکە، لە ئازاترین پێشمەرگەکانی لکی شەهید «نادر» بۆ ڕۆژی دیاری کراو ئامادە دەکا و ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز لەبنکەی خۆیانەوە سەرکەوتن و بەدیوی «گاکوژە»دا بۆسەر ئاوی سیروان شۆڕ بوونەوە.
لەو ناوچەیە یەکێک لەڕێگا ناخۆشەکان مەیدانی مین ڕێگای پێشمەرگەی بەتەواوی ئاستەنگ کردبۆوە بەڵام قارەمانانی ئەو دەڤەرە لە مەیدانی بەکردەوە بار هاتبوون لەمێژ بوو دەست وپەنجەیان لەگەڵ ئەو ناهەمواریيان نەرم دەکرد. هەربۆیە زۆر

زیرەکانە لەتاریکی شـەو کەڵک وەردەگـرن و لە مەیدانی مین و جـادەی «دووئـاو»- «مەڕەخێڵ» تێدەپەڕن ولەبەرزاییەکانی زاڵ بەسەر جـادەی دوو ئـاو – پـاوە نزیک تۆنێلی «دەرەویـــوەر» کە شوێنی مەبەست وکەمین دانانەوە دیاری کراو بوو خۆیان حەشاردا.

ئەو شوێنە کە پلانی عەمەلیاتی لێ دارێژرابوو سەخترین وئاستەمترین و شوێنێکی هەڵدێری ناوچەی هەورامانە، لە نێو قووڵایی دوو چیای سەرکەش وبەرز وگەردنکەش، لای باکوور «نانەوێژە» و لای باشوور «کەلەقەند»ی هەڵکەوتووە جادەیەکی باریک وتەسک لەلای نانەوێژەوە لەقەد شاخەکە هەڵکەندراوە و چۆمی پاوە لەنێو ئەم قووڵاییە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوە لە ژێر جادەکەوە سەرەو خوار دەبێتەوە و چەند سەد میترێک خوارتر تێکەڵ بە ئاوی سیروان دەبێتەوە.

بەو پێیە دەردەکـەوێ تەنیا ڕێگای هاتووچۆ بـەری «نانەوێژە»، جادەکەیە و بەری جادە وپشتی جادە هەڵدێر و چڕو سەختاییە. لەلای «کەلەقەندی باشووری ئەو شوێنە کە ڕێگای چوونە خـوارەوەی پێشمەرگەکان بۆ شوێنی عەمەلیات و ئەویش جێگایەکی توش و هەڵدێر و سەرەو لێژێکی سەخت وتوند بە جۆرێک هەر شتێک بەر بێتەوە تا ناو چۆمەکە نەدەوەستا. هەر لەو کاتەشدا چوونە خوارەوی پێشمەرگەکان بۆ سەرجادە بە ڕووناکایی ئیمکانی نەبوو بۆیە لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا لەژێر ڕێنوێنی فەرماندەکەیان بەرەو خوارەوە داکشان و پاش پەڕینەوە لە ئاوی پاوە، بۆ لە داوخستنی هێزەکانی ڕێژیم خۆیان مات دا، تا دەمـەو بەیانی بێجگە لە چەند ماشێنێکی مەدەنی هیچ هێزێکی دوژمـن لەهاتووچۆ دا نەبوو فەرماندەکەیان کاتێک دەزانێ لە کەمینی شەو هیچی دەست ناکەوێ بڕیار دەدا لە کەمین دا بمێنەوە بەڵام بڕیار دەدا لەو ٧ کەسە ٥ کەس لە نزیک جادە لەداوێنی کەلەقەندی بمێننەوە و دوو کەسەکەیتر لەبەرزاییەکان بۆ پشتیوانی لەوان بەرگری کردن لەهاتنی هێزی یارمەتیدەری دوژمن.

لەو سەروبەندە بۆ بەرپرسانی سپای پاسداران نیسان پاترۆلیان تازە هێنابووە کوردستان لەدوانیوەڕۆ یەک دانە لە تۆنێلەوە دەردەکەوێ کە لێی بەشک وگومان دەبن کە نەکا ماشێنی شەخسی بێ چەند دەقیقەی دیکە ٥ دانە لەو ماشێنانە لە تونێلەکەوە سەردەر دێنن و

بێ ئەوەی پێشمەرگەکان دوو دڵێک لە عەمەلیات بێتە پێش، بە نزیک بوونەوەی ماشێنەکان زۆر ئازایانە وهەڵۆ ئاسا هەر کام یەک دانەیان بەر دەسرێژی چەکی خۆیان دەدەن دوو لە ماشینەکان لەجادەوە بۆ ناو ئاو خلۆر دەبنەوە و سێ دانەی دیکەش بە ئاوری پێشمەرگەکان تێک دەشکێن وزەبرێکی کاریگەر لە هێزی دوژمن دەوەشێنن و دەیان کەس دەکوژن و ٥ ماشێن لەناو دەبن، ئەو هەڵمەتە شۆڕشگێرانە هێندە لەنەکاو چاوەڕوان نەکراو بوو کە هێزەکانی رێژیم لەو ناوچەیە بەتەواوی پەشۆکاو تاسان وکە نەیان توانی هیچ دژکردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن، هەرچەند هێزێکی جاشی رێژیم کە تەئمینی جادە تا نزیک دەرەوەیوەیان لە ئەستۆ بوو بەرەو شوێنی رووداوەکە وەجووڵە دەکەون ئەوانیش دەکەونە بەر دەسرێژی دوو قارەمانەکەی پشتیوان کە ژمارەیەک دەکوژن وبریندار دەکەن. لەو عەمەلیاتە دا نوێنەری خۆمەینی بە ناوی « موسەوی» لە گەڵ دوو ئاخوندی دیکە و چەند فەرماندەی سپا لە ڕۆژئاوای ئێران بۆ بەرەی شەڕ بۆ سەردانی بەرەی نەوسود کە هێزەکانیان بۆ چەند ساڵێک زەبونی دەستی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ ببوون و جوڵەیان لێ بڕابوو بۆ دۆزیینەوەی ڕێگا چارەیەک روویان لەو ناوچەیە کردبوو کە بە لەدەست دانی گیانی خۆیانی لێ کەوتەوە. دیارە هەر ئێوارێی ئەو رۆژە رادیۆ بی بی سی هەواڵی کوژرانی نوێنەری خومەینی چەند فەرماندەیەکی سپا بەدەستی تێکۆشەرانی دیموکرات بڵاو کردەوە.

لیرەدا پیویستە ئاماژە بەچەند مەسەلەیەک بکرێ. کە تێکۆشەرانی دیموکرات لە شوێنێک عەمەلیاتیان بەڕیوەبرد کە هێچکات دوژمن چاوەڕوانی لێ نەدەکرد و وەک شوێنێکی ئەمن چاوی لێ دەکرد و بە دەیان پایەگاو تەئمینی سەر جادە تەنرابوو. لەوە گرینگتر تەنیا ٧ پێشمەرگە قارەمان لەوەها رۆژێک و سەرماو سەخلەتێکدا چەندین شوێنی دژوار ببڕی و بتوانی لەنێو جەرگەی دوژمن بەو تێعدادە کەمەوە زەبری کوشەندە لە دوژمن بدەی ئەوە بێجگە بە بیروباوەری کورانی دیموکرات نەبوایە چ شتێک دەتوانێ ئەو هەڵمەتە قارەمانانەیە بەڕێوە بەرێ لە هەموو گرینگتر زەبری ئاوا بە ژان لە دوژمن و دواتر ساغ وسلامەتی پێشمەرگەکان ئەوەندەی دیکە تارانی لەرزاند.

# گەڵاڵەی جوان و سەرکەوتنی بەنرخ

نێوەڕاستی دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی لە باری نیزامییەوە ساڵانێکی پڕ لە سەروەری و فیداکاریی پێشمەرگە ماندوویی‌نەناسەکانی دێموکراتە، لەبەر ئەوەی هەم پێشمەرگە بەتەواوی پارتیزانی بار هاتبوو هەم زەبری کاریگەر لە دوژمن دەدرا و شەهیدی پێشمەرگەش کەم ببۆوە. تەنیا لە سێ مانگی هاوینی ١٣٦٥ ئەگەر بەراوردێک بکەین بۆ ڕاستیی ئەو قسەیە دەتوانین بڵێین تەنیا لەو سێ مانگەدا، زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژرا و، ١٥٠ کەس ئەسیر و بە سەدان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و بە دەیان هەزار فیشەکیش دەسکەوتی پێشمەرگە بووە. ئەمە لە کاتێکدایە ڕێژەیەکی زۆر لە عەمەلیاتەکانی پێشمەرگە لە شوێنێک باس نەکراون و ئامارەکانی لەبەر دەستدا نییە. هەروەها لە بەرامبەریشدا ٧٠ کوڕی قارەمان و لێوەشاوەی حیزب شەهید بوون. مەبەستی من تەنیا یەک عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەیە لە ناوچەی مەهاباد و لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویدا کە پێشمەرگە چۆن لە قۆناغە سەختەکانی خەباتدا بەربەرەکانیی کردوە.

ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا دەستیان بە زەبر وەشاندن لە هێزی داگیرکەر کرد، کە ڕێژیم زۆری هەوڵ دا پێش بە هەڵسووڕان و چالاکیی پێشمەرگە بگرێ و، بەبەردەوامی هێزی لە کوردستان زیاد دەکرد و بەدەیان و سەدان پایەگا و گرووهی زەربەتی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە پشت ئاواییەکان و سەر تەپۆڵکە و ڕێگا و جادەکان و هەموو شوێنە ستراتێژی و ئەستەمەکان، هەم پێش بە هێزی پێشمەرگە بگرێ هەم خەڵکی پێ چاوترسێن بکا کە نەتوانن هاوکاریی ڕۆڵەکانیان بکەن. دیارە هەر

کات زەبرێکی وێدەکەوت، لە هەر ناوچەیەک زەربەتی لێ زیاد دەکرد و تەنانەت لە هەندێک ناوچە و بەتایبەتی لە ناوچەی مەهاباد قەرارگای «سیدالشهدا»ی جێگیر کردبوو. هەروەها هەوڵی دەدا شەڕی کوردستان پەرە بستێنێ بۆ ئەوەی کە سەربازە کوردەکانیش زیاتر تێوە بگلێن.
لە لایەکی دیکەوە بۆ ترساندنی پێشمەرگە، سیاسەتی ئازار و ئەزیەتی بنەماڵەکەیانی گرتبوە بەر بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان لە خەبات و تێکۆشان شل بکاتەوە. بەپێی ئەو بیرۆکەیە سەرانی سیاسی و نیزامیی ڕێژیم پێیان وابوو، دەتوانن هێزەکانیان لە دەستی زەبری کاریگەری پێشمەرگە ڕزگار بکەن، کەچی لەگەڵ هەموو ئەو پیلانانەی کە ڕێژیم دایڕشتبوو تێکۆشەرانی دێموکرات بە لێزانیی تەواوە، توانیان لە سەرانسەری کوردستان زەبری کوشندە لە هێزی کۆماری ئیسلامی بدەن.
لێرەدا باس لە ڕۆژی ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٥ دەکەین کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەدەستی ڕۆڵەکانی هێزی «پێشەوا»وە دامابوون.
بەپێی گەڵاڵەیەکی داڕێژراو، بۆ پێکانی مەبەستی شۆڕشگێڕانەی خۆیان ڕۆژی ٥ی خەرمانان نێوان گوندەکانی «گاگەشی سەرێ» و «گاگەشی خوارێ» و «شەگربەگ» و «میرەسێ»یان دیاری کرد و، پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بۆ کەمینێکی چەند لایەنە خۆیان ئامادە کرد و لە شوێنی مەبەست چاوەڕوانی هێزی ڕەشی ڕێژیم مانەوە. پێشمەرگە قامک لەسەر ماشەی تفەنگ ئامادە بوون بۆ ئەوەی بە داگیرکەران بڵێن ئێوە خاوەنماڵ نین و بڕۆنەوەماڵی خۆتان. لەو کاتەدا کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆ دوو تویوتای پڕ لە نەفەراتی دوژمن لە نێوان گوندەکانی «گاگەشی سەرێ» و «گاگەشی خوارێ»، کەوتنە داوی تێکۆشەرانی مەڵبەندی پێشەوای خۆڕاگر کە زۆر جەسوورانە لێیان ڕاپەڕین و ژمارەیەکیان کوشتن و ژمارەیەکیش ڕایان کرد. هاوکات دوو دەستەی دیکە بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانن شوێنی کەمینی پێشمەرگەکان ئاورباران بکەن، پایەگای گوندەکانی هەردوو گاگەشیان دایە بەر دەسڕێژی چەکە قورسەکانیان. لە هەمان کاتدا دەستەیەکی دیکە لە قارەمانانی هێزی پێشەوا لە نێوان گوندەکانی «گاگەشیسەرێ» و «شەکربەگ» کەمینیان بۆ دوژمن نایەوە و هاوکات دەستەیەکی دیکە خۆیان لە پایەگای «شەکربەگ» نزیک کردەوە هەتا زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن

بدەن. لەسەعاتی ٥:٣٠ی خولەکی ئێواری تویوتایەکی دیکە کەوتە کەمین و، هەموو سەرنشینەکانی کوژران و هاوسەنگەرانی دیکەشیان پایەگای «شەکربەگ»یان بە چەکی جۆراوجۆر ئاگر باران کرد.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی چەکی پێشمەرگە، هێزی دوژمن وەک هەمیشە دەستی بە تۆپبارانی ناوچە کرد و هێزی یارمەتیدەریش ڕەوانەی مەیدانی شەڕ کردوە. هێشتا هێزی یارمەتیدەر لە گرووهی زەربەتەکەی دوور نەکەوتۆتەوە کە لە نێوان گوندەکانی «شەکربەگ» و «میرەسێ»، لە لایەن پێشمەرگەوە هێرشی دەکرێتە سەر و ژمارەیەک لە هێزی دوژمن لەوێ دەکوژرێن و بەم شێوەیە پێش بە هێزی یارمەتیدەری ڕێژیم دەگرن.

هێزی دوژمن پاش ئەو شکستە لە هەموو شەڕگەکان بۆ سەعاتی ٧ی ئێواریێ خۆی سازمان دەداتەوە و لەژێر ئاوری تۆپخانەیەکی قورس هێرش دەکاتەوە، بەڵام دیسان لەسەر ڕێگا هێزی پێشمەرگە پێشی پێدەگرێ و شەڕێکی گەرم دەست پێدەکا. سەرەنجام پاش ٣ سەعات شەڕ و بەربەرکانیی خۆڕاگرانە توانیان هێزی دوژمن تێک بشکێنن و لەسەریەک نزیک بە ٥٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژرا و، ژمارەیەکی بەرچاویش بریندار و دیل لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما و، هەروەها چەک و چۆڵی بەرچاو دەسکەوتی تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات بوو.

خاڵی سەرەکی و هەرە گەورەی ئەو عەمەلیاتە لەوەدا دەبینرا کە پاش ٣ سەعات شەڕی دەستەویەخە، ئەویش لە شوێنێک کە هەموو بە پایەگا و هێزی دوژمن تەنرابوو، هێزی پێشمەرگە هەموو ساغ و سلامەت بوون. ئێواری پاش تاریکان بە سروودی شۆڕشگێڕی و دیل و دەسکەوتەوە مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو گوندەکانی ئەو ناوچەیە هێزی دوژمنی لێ جێگیر بووە و پایەگایان لەنێو ئاوایی یا لە دەوروبەری ئاواییەکان داناوە. خاڵێکی دیکە کە زۆر گرینگ بوو شوێنی عەمەلیات و گەڵاڵەی عەمەلیات بوو، بە جۆرێک کە هەموو فەرماندەکانی دوژمن لە دوای عەمەلیات سەریان سووڕ مابوو کە تێکۆشەرانی دیموکرات لە چ شوێنێکی ئاستەم زەبریان لێداون.

# شەڕەکەی بوغدەکەندی، چاوەڕوانیی خەڵك و دۆشداماویی ڕێژیم

دوایین شاری کوردستان کە لە کۆتایی مانگی خەرمانان و سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، شاری بۆکان بوو. لە میاندواو و سەقز و «ساینقەڵا»وە تا بۆکان شەڕ و پێکدادانی وا گەورە دەکەوتەوە بە جۆرێک چەند سەعاتێک ستوونی دوژمن لە وەستان دەکەوت و دیسان سەرلەنوێ بە ئیحتیاتەوە پێشڕەویی دەکرد، سەرئەنجام کە لە ڕۆژی ١١ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ شاری بۆکان داگیر کرایەوە و، هێزی پێشمەرگە شاریان بەجێ هێشت و، بە گەیشتنی هێزی دوژمن بۆ دەوری شار، بەرەبەرە لە شوێنە ستراتێژییەکان جێگیر کران. هەر ئێوارێی ئەم ڕۆژە چەند کەسێک لە حەمامیان دەگرن و لە نزیک ئاوایی داشبەند گوللەبارانیان دەکەن و عەوڵای حەسەن موکری لە گەڵ چەند کەسی دیکە لە قەراغ شاری بۆکان دەگرن و ئەوانیش گوللەباران دەکەن. ئەوە دەسپێکی دیکتاتۆرییەتی ڕەشی ئیسلامی بەسەر ئەو شارەدا بوو کە پاش چەند ساڵ هەڵمژینی هەوای ئازادی، بەسەریاندا زاڵ ببوو. دوابەدوای جێگیربوونی هێزی داگیرکەر، بە سەدان کەس لە بەندیخانە خران و بە دەیانی دیکە ئێعدام کران و بە چەندانیش بێ سەروشوێن کران.

هێزی پێشمەرگە کە ئاڵوگۆڕێکی دیکە بەسەر کار و تێکۆشانیدا هات، دەبوو پێدا چوونەوەیەک بەسەر هەلومەرجی نوێدا بکا. ئەگەرچی ئەزموون بە شێوەیەکی بەرچاو و زۆر نەبوو بەڵام توانیان هێندێک تاکتیک بگۆڕن و خۆیان سازمان بدەنەوە و هێندیک جار بەرپەرچی پەلاماری دوژمنیان بۆ سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەدایەوە و زەبری باشیان لێدەدا و هیندیک جاریش خۆیان لە جادەی سەرەکیی

نێوان شارەکان نزیک دەکردەوە زەبری زۆر کوشندەیان لە هێزی دوژمن دەدا. ئەوەیان کە کەمین نانەوە بوو یەکەمین قۆناغی گۆڕینی تاکتیکی پێشمەرگە لە خەباتی چەکداریدا بوو. هێزی پێشمەرگە وردە وردە لەگەڵ ئەم تاکتیکە نوێیە ڕاهات و دەسکەوتی باشیشی بۆی هەبوو.

سەرەڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە باری جوغرافیاییەوە لە زۆرینەی خەڵک دوور کەوتبووەوە، بەڵام خەڵک بە چاوی ڕۆڵەکانی خۆیان چاویان لە پێشمەرگە دەکرد و هەمیشە درگایماڵیان بۆ ئەوان ئاوەڵا بوو.

پاش ئەوەی دوژمن لە شار بەتەواوی جێگیر بوو هەر جارێ پەلاماری شوێنێکی ڕزگار کراوی دەدا و، لەبەر ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو جار جارە بەداخەوە دەسکەوتیشی دەبوو، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا پەلامارەکانی تێک دەشکا و ژمارەیەک کوژراوی لێ بەجێ دەما.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا باسی لێ بکەین حەماسەی گوندی «بوغدەکەندی»یە چاوەڕوانیی خەڵکی لێ کەوتەوە، چونکی پێش لەوە ڕێژیم هێرشی کردە سەر بەندیخانەی حیزب لە ئاوایی «داربەسەر» و ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر خەڵک دانابوو.

ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لکێک لە پێشمەرگەکانی دێموکرات لە بۆکان، بە فەرماندەیی شەهید عەلی باڵدار لە ئاوایی «بوغدەکەندی» لە نزیک شاری بۆکان دەمێننەوە و خەریکی پشوودان دەبن کە کاتژمێری ٥ی بەرەبەیانیی ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ، هێزی سپای پاسدارن لە شاری بۆکانەوە پەلاماری ئەو گوندە دەدەن. هێزی پێشمەرگە کاتێک دەبیستن دوژمن لە هەموو لایەکەوە پەلاماری هێناوە بڕیار دەدەن تۆڵەی هەموو ئەو هێرشانەی لێ بکەنەوە کە لە زستان و بەهار بۆسەر خەڵک و پێشمەرگەی کردبوو، بۆیە بە بڕیاری فەرماندەی پێشمەرگە یا هەموویان شەهید دەبن یا زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن دەوەشێنن.

دوژمن هەروەک جارەکانی پێشوو بۆ کوشتنی خەڵک خۆیان بە ئاواییدا کرد. بەڵام تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەوروبەری ئاوایی وەک هەڵۆی چنگبەگڕ لێیان ڕاسان و شەڕێکی زۆر گەرم و دەستەویەخە دەستی پێکرد و لە هەموو لایەکەوە بە چەکی دستیان دوژمنیان زەبوون و داماو کرد. شەڕ بەجۆرێک گەرم بوو کە هێزی دوژمن ڕووی لە هەر جێگایەک کردبایە دەکەوتە بەر ئاوری چەکی پێشمەرگە و جەندەکیان

لێ بەجێ دەما. سەرئەنجام تا کۆتایی شەڕ کە هێزی پێشمەرگەی قارەمان لە بۆکان لاپەڕەیەکی پڕ لە حەماسە و سەروەرییان بە لاپەڕەکانی خۆیان زیاد کرد، چەندەکی ٧٠ کەس کوژراو و بریندار لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما و دەیان کەس بەدیل گیران. دستکەوتی چەک و چۆڵیش بێجگە لە کالیبر ٥٠ نزیک بە ٥٠ قەبزە چەک و چۆڵ و هەزاران فیشەک و وەسایلی نیزامی دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوون. ئەو حەماسە خولقاندنە کە لە دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی دێموکراتدا تۆمار کران بە خوێنی دوو خەباتکاری ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان بە ناوەکانی تاهیر ئەمینی ومحمد قادری سوور بوو.

لەو خۆڕاگرییە قارەمانانەی دێموکرات پێویستە ئاماژە بە چەند لایەنی ئەو سەرکەوتنە بکرێ: یەکەم: عەمەلیات لە شوێنێک بەڕێوە چوو کە دوژمن لە ڕادیۆ تارانەوە هەر ڕۆژێ دەیان گوندی دەخوێندەوە کە لە لایەن هێزەکانییەوە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بووە و، بەناو «پاکسازی» کراوە هەر ئەو زەبرە کاریگەرەی وێی کەوتبوو بە سەرکەوتنی خۆی لە ڕادیۆ تاران خوێندرایەوە، بەڵام خەڵک وەک شاهید بە چاوی خۆیان دیتیان فروفیشاڵی دوژمن بۆ ورەدان بە هێزە تێک شکاوەکانیەتی.

دووهەم: شوێنی عەمەلیات نزیک شاری بۆکانە و ئەو ڕۆژە خەڵک هەموو کارێکیان تەعتیل کردوە لە سەربانی ماڵەکانیانەوە چاویان لە سەرکەوتنی پێشمەرگە دەکرد و خۆشحاڵی هەموو بەشی شاری داگرتبوو.

سێهەم: ڕاستە لە شۆڕشدا هەر سەرکەوتنێک خوێنی دەوێ بەڵام لە ڕاستیدا فیداکاریی ئەو دوو شەهیدە لەو ڕۆژەدا نیشانەی سەربەرزیی نەتەوەکەیان و حیزبەکەیان بوو کە توانیان بە خوێنی خۆیان دەسکەوتێکی گەورە بۆ گەلەکەیان تۆمار بکەن هەم لە ڕووی سیاسییەوە هەم لە ڕووی نیزامییەوە تا ئێستاش وەک دەسکەوتێکی گەورە چاوی لێدەکرێ، ڕۆحیان شاد.

# تۆڵە بەسەبرە ئەمان بەزەبرە

لاپەڕە زێڕینەکانی خەبات و تێکۆشانی پڕشکۆی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕاوپڕە لە ئازایەتیی ڕۆڵە گیانبازەکانی ئەم گەلە لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیاندا. لەم ژمارەیەی «کوردستان» و گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش» لاپەڕەیەک لە ناوچەی سەقز هەڵدەدەینەوە.

سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی ٦٣ی هەتاوی، دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەی کومیتەی شارستانی سەقز لە نزیک شار خەریکی بەڕێوەبردنی کاری حیزبی بوون کە لەپڕ لای ئێواری ڕێژیم هەستیان پێدەکا و لە خوار ئاوایی «ئایچی» شەڕێکی سەخت ڕوو دەدا و زوو پاشەکشە بە هێزی ڕێژیم دەکەن. ئەگەرچی ڕێژیم شکستی خوارد بەڵام کادری بەتوانا و ڕووناکبیری ناوچەی سەقز «خالید زەکی»، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی سەقز بریندار دەبێ و پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید دەبێ.

هاوسەنگەرانی کە بۆ لەدەستدانی کوڕی چالاک و تێکۆشەری وەک خالید زەکی بەداخ بوون، بڕیاریان دا لە شوێنی بریندار بوونی شەهید خالید چالاکییەک کە یەکێک لە دەیان سەروەری و شانازیی هێزی شەهید عەزیز یووسفی کە لە ناوچەی خولقاندی بەڕێوە ببەن. بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەرانی پێشمەرگە لە کۆبوونەوەیەک بڕیاری کۆتاییان دا.

بۆ ئامانجی دیاریکراو لکی یەک و سێ و ئەرکانی هێز، ناوچەی گەورک و جادەی سەقز_بانە کۆنترۆڵ دەکەن. لکی دوو لە ناوچەی سەرشیو لە دەوروبەری ئاوایی «کەسنەزان» و «سماقلوو» مانەوە و چاوەڕێی فەرماندەکانیان بوون.

پێشمەرگەی خاراوی مەیدانی خەبات لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە مەیدانی شەڕدا ئەزموونێکی زۆریان کۆ کردبۆوە، خەڵکی گوندەکانی «قەبەغلوو»، «هێجانان»، «قشڵاخەکان»، «کۆنەلان»، «مەرخوز» و «ئاخکەند» بە بینینی ئەم هەموو پێشمەرگە ڕێکوپێکە دڵخۆش ببوون و پێشوازییان لێ دەکردن،

چەند ڕۆژ لەو گوندانە پشوویان دا و کۆبوونەوە بۆ خەڵک گیرا.
تیمی شناسایی بۆ دوو ڕۆژ لە پشتی «ئایچی» و «عەلیاوە» مایەوە و ڕێگای بانەی خستە ژێر چاودیری و شوێنی دیدەبان و تەئمینی جادەی و کاتەکانی هاتوچۆ و هەموو جموجۆڵێکی دوژمن شناسایی کرا. هەرچەند خەڵک هەستیان بەوە کردبوو کە عەمەلیاتی گەورە لەڕێدایە، بەڵام تەنیا فەرماندەکان دەیانزانی کە چ گەڵاڵەیەکیان بەدەستەوەیە هەر لەو کاتەشدا بە پێشمەرگەکان هەواڵ گەیشت کە ڕێژیم زانیویەتی هێزی پێشمەرگە لەدەوری شاری سەقز لە جووڵەدایە و هێزەکانی خستووەتە ئامادە باشەوە.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە کاتی خۆی دەسبەکار بوون و زۆر بەنهێنی خۆیان گەیاندە بەرزاییەکانی پشتی «ئایچی»، «عەلیاوە»، «قشڵاخ» و بەرامبەر «تەمۆغە» و تاکوو لای نیوەڕۆ لەوێ مانەوە.
دوانیوەڕۆ تیمەکان بەپێی گەڵاڵە دابەش کران و هەر تیمێک بەرەو شوێنی خۆی وەڕێ کەوت.
تیمێک بە فەرماندەیی شەهید «ئەحمەد تەمۆغەیی» بۆ سەر ڕێگای سەقز_بانە لەنێوان «قشلاخ» و «تەمۆغە» کە زۆر شارەزای ئەو بەشە بوو، جێگیر بوون.
تیمێکی دیکە بە فەرماندەیی شەهید «ڕەحمەت دەستئامووز» و «ئەحمەد وەکیلی» بۆ پشت «عەلیاوە» لەسەر ڕێگای ئەسڵیی سەقز–بانە.
هەروەها کۆمەڵێک کوڕی شەڕکەر و لێوەشاوە، ژمارەیەک پێشمەرگەی کارامە لە پێش ئاوایی «ئایچی» لە پێنج کیلومێتریی پادگان، کە شوێنی سەرەکیی تۆڵەکردنەوە بوو، ئامادە بوون.
تەواوی تیمەکان لە کاتی خۆیدا گەیشتنە شوێنی مەبەست و دیاریکراوەکان لە نزیک ڕێگای ئەسڵیی سەقز بۆ بانە، چەند دەستە لەنێو گوندی «ئایچی» کە هەموو کات نموونەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بوون، بە دیتنی پێشمەرگەکان بەپیریانەوە هاتن و، باسی شەهیدبوونی «خالید» و ئازایەتییەکانیان دەکرد.
کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ سەرەتاکانی مانگی خەرمانان، بە پێی بەرنامە یەکەم تیم بە فەرماندەریی شەهید «ئەحمەد تەمۆغەیی» لە نزیک قشڵاخ هێرشیان کردە سەر تەئمین و دیدەبانەکان و هاوکات ماشینێکی

دوژمنیان خستە داوەوە و، تیمی دووهەمیش هەڵۆئاسا بەخێرایی توانیان پشتی عەلیاوە کۆنترۆڵ بکەن و ڕێگرەکان بکوژن و بەدیل بگرن.

هەروەک چاوەڕوان بوون بە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە، یەکەم گرووپی یارمەتیدەر لە سەقزەوە هاتنە مەیدانی شەڕ، تیمەکانی «ئایچی» کە خۆیان بۆ تۆڵەی «خالید زەکی» ئامادە کردبوو، بێدەنگ لە سەنگەردا بوون. هێزەکانی دوژمن کە چەند ماشین بوون بەسەر کەمینی پێشمەرگەدا تێپەڕین و، چوونە نزیک «عەلیاوە» و لەوێ کەوتنە نێو کەمینی بەشێکی تر لە ڕۆڵەکانی حیزب و گەل. مەیدانی شەڕ وردەوردە گەورەتر بۆوە، لە بەرەی «قشلاخ» و «عەلیاوە» دوژمن زەربەی باشی خوارد و تێک شکا.

هێشتا سەعاتێک تێنەپەڕی دووهەم گرووهی زەربەتی یارمەتیدەر لە سەقزەوە بەرەو مەیدانی شەڕ هاتن و زۆر زوو غافڵگیر کران و، لەپێش گوندی «ئایچی» لە شوێنی شەهیدبوونەکەی «خالید»، کەوتنە نێو داوی هێزی پێشمەرگە، ئەم پێشمەرگانە هەر کام قەڵایەک بوون لە ورە و باوەڕ.

شەڕێکی قورس و نزیک لەم شوێنەدا بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر درێژەی کێشا، دوژمن کە زانی لە چ داوێک کەوتوە، زۆر بێ بەزەییانە دەوروبەری گوندی «ئایچی»ی تۆپباران کرد و چەند گوللەتۆپ لە نێو ئاوایی کەوت، بەڵام بەخۆشییەوە زەرەری گیانیی نەبوو، پێشمەرگە بەباشی لەسەر ئەم ڕێگایەدا زەربەیان وەشاند و خۆڕاگرییان کرد و، ڕێگایان نەدا ئەم بەکرێگیراوانە یەک هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن، تیمەکانی پشتیوان بە ئارپیجی و خومپارەی ٦٠میلی و چەکی بیکەیسی پشتیوانیان لە هاوسەنگەرانیان دەکرد، بە جۆرێک هێزی دوژمن هێز و توانای لێ بڕا و نزیک تاریکیی هەوا بەرەو سەقز پاشەکشەی کرد.

لەم شەڕە حەماسییەدا کە بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە کۆتایی هات، بەدەیان کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران کە یەک لەوان جاشێکی بەناوبانگ و فەرماندەی عەمەلیاتی سەقز بوو بەناوی «مەنسوور بەناتیان»و، چەند ماشینی ڕێژیم دەستیان بەسەردا گیرا و هەر لەوێ سووتێنران، هەروەها ١٨ کەس لە بەکرێگیراوان و خۆفرۆشان بەدیل گیران.

لە خولقاندنی ئەم سەروەری و حەماسەیەدا پێشمەرگە هیچ چەشنە زیانێکی بەر نەکەوت و هەموو بەسڵامەتی و سروودی «من پێشمەرگەی کوردستانم» گوندی «ئایچی»یان بەجێ هێشت.

# داڵاهۆ، مەیدانێکی نوێ دژی داگیرکەران

ئەگەر باسی هەموو لایەنەکانی هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕابردوودا بەوردی وەرد بدەینەوە دەبێ زۆر قووڵ و هەمەلایەنە لاپەڕەکانی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە هەڵدەینەوە، بەسەدان و هەزاران عەمەلیات و بەرخۆدان لە مێشک و بیری ئینسان خول دەخۆن و دادەمێنی کام یەک لەوان باس بکەی. کاتێک سەر هەڵدەبڕم و لەهەر گۆشەیەکی ئەم کوردستانە ناوی بەرزی هێزی پێشمەرگە خۆی نیشان دەدا، لە کرماشانەوە تا خۆی وسەڵماس، خەبات وفیداکارییان لە بست بە بستی ئەم کوردستانە نەخشاوە و لاپەڕەکانی زێڕینی حەماسەکانی کوردستانیان پێ رازاوەتەوە، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ لێدانی باڵی هەڵۆ خۆیان ڕێک دەخست و لە چیا ڕژد و هەڵەموتەکان لەنگەریان دەگرت.

لەنێو هێزەکانی دێموکرات دەنگ و سازی زۆر هێز، لەنێو کوردستاندا دەنگی دەدایەوە. یەک لەوانە کە درەنگیش درووست بوو، هێزی قارەمانی «داڵاهۆ» بوو کە لەساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی مەیدانی شەڕی خۆی لە دژی داگیرکەرانی کوردستان ڕێک خست و بۆ دەرپەڕاندنی هێزی داگیرکەر هاتە مەیدان. کاتێک دوژمنی ماڵوێران تەپڵی شەڕی دەست دایە و ویستی خۆی لە مەیدانی هێزی تازە دامەزراوی دێموکرات تاقی بکاتەوە، خۆی لەبەرامبەر کێوی «داڵاهۆ»ی سەربەرزدا دیتەوە و لەو مەڵبەندەش کوڕانی وەک خەلیل خەلەبان و دەیانی دیکە لمبۆزی داگیرکەرانیان لە قوڕ و چڵپاوی ئەو دەڤەرە وەردا.

هەموو کاتێ کە ئاوڕێک بۆ ڕابردووی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دەدەمەوە، خەم و خەفەت هەموو ئازای لەشی ئینسان دادەگرێ. خەفەتی نیشتنی تۆزی فەرامۆشی لە حەماسەی هێزی پێشمەرگە، تۆمار نەکرانی هەموو ڕووپەڕەکانی خەباتی هێزی پێشمەرگە و زۆر جار ونبوونی ناو و بیرەوەریی ئەو

قارەمانەتییەی هێزەکانی حیزب خوڵقێنەری ئەو شانازییانە بوون. هەرچی بێ مێژووی جووڵانەوەی کورد لە دەیەکانی ڕابردوودا لە سات بە ساتی ئەو ساتانە و ئەو ڕۆژە سەخت و ناهەموارانە و لەو حەماسە و سەرکەوتنە شیرین و شکستە تاڵ و ناخۆشانە پێک دێ. کەواتە ئەو مێژوویە خۆی بە خۆی قەرزدارە و ئەگەر لە ڕۆژانی سەختی بەرگریی خوێناوی و چەکداریدا دەرفەت و دەرەتان و بوار و ئیمکاناتی تۆمار کردنی ئەو ڕۆژانەمان نەبووە، ئەمڕۆ ئەگەر دەرفەت هەیە نەیان نووسینەوە غەدرێکی گەورەمان لەخۆمان و حیزبەکەمان کردوە. ئەگەرچی مێشکی ماندوو ناتوانێ بۆ فیداکاری و بوێری هێزی پێشمەرگە لە ڕەستەیەک کەلک وەرگرێ کە بتوانی حەقی خۆیان بەو فیداکاریی و لێهاتووییان بدا. لێرەدا «هەگبەی شاخ و شۆڕش» جێگەی هێزی قارەمانی دالاهۆ دەکاتەوە باس لە فیداکاری ئەو هێزە دەکەین.

پاییزی ١٣٦٤ تەنیا سێ ڕۆژ بوو سەری بەماڵاندا کردبوو کە دەنگوباسی عەمەلیاتی قارەمانانەی ئەو ناوچەی لە هەموو ناوچە دەنگی دایەوە و شادی خستە دڵی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

کوڕانی دێموکرات بەپێی گەڵاڵەی ڕێکوپێکی داڕێژراو، ئێوارێی ٣ی ڕەزبەری ١٣٦٤ی هەتاوی تەقسیم کار دەکەن و بە بڕیاری فەرماندەری عەمەلیات دەستبەکار دەبن. دەستەیەک لە پارتیزانەکانی دالاهۆ کاتژمێر ١١ی شەو بە شێوەیەکی زیرەکانە لە پایەگای ڕێژیم لە «امام حسن ازگلە» لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی نزیک دەبنەوە و لەکاتی دیاریکراودا قرمەی چەکی دەستی پێشمەرگە و موشەکی ئارپیجی بێدەنگی شەو دەشکێنێ و تاریک پەرەستان ئەوانەی لە نێو پایەگادا جێگیر بوون بەتەواوی دەکوژرێن و پایەگا بەتەواوی ئاگر دەگرێ.

هاوکات بەپێی دەستووری کاری خۆیان دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات پایەگایەکی دیکە کە بەناوی فەرماندەیی و پێرسینلی لە دەورووبەری ئەوێ دانرا هێرشیان کردە سەر و قارەمانانی دێموکرات لەگەڵ یەکەم تەقەی پێشمەرگە سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمنیان دەست بەسەرداگرت و شەڕێکی دەستەویەخە لەنێو پایەگا دەستی پێکرد، ئەوە لەکاتێکدایە کە پایەگای یەکەم بە تەواوی ئاگری گرتوە هیچ چاوەڕوانییەک بۆ یارمەتی نەماوە.

پێشمەرگەی قارەمانی هێزی دالاهـۆ لـه شـەڕێکی حەماسیی ٥ سەعاتەدا توانییان دەست بەسەر پایەگا دابگرن و زیاتر له ٥٠ کەس بکوژن، ژمارەیەکی بەر چاو بەدیل بگرن و ژمارەیەکی زۆر چەکوچۆڵ و ماشێن و لۆدێر ئاگر بدەن. خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە کادرێکی تێکۆشەر و خەباتگێڕ بە ناوی «سوحبەتوڵلا مێهرابی»، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی دالاهۆ بوو.

پێشمەرگەکانی هێزی دالاهـۆ دوای عەمەلیات له نیوان «خورنوک» و «امامحسن» تووشی تێک هەڵچوون بوونەوە و لەوێش ژمارەیەکیتر لە هێزەکانی دوژمن کوژران. ڕێژیم هەر بەوەندە نەوەستا کاتێک زانی زەبرێکی کاریگەری خواردوە لەسەر ڕێگای پێشمەرگەکان لە نێوان پایەگای «امام حسن» و ئاوایی «کورەی» کەمینیان نایەوە، بەڵام قارەمانانی دێموکرات هەستیان بە بوونی بۆسەی دوژمن کرد و هەڵۆ ئاسا لە دوژمن ڕاپەڕین و کەمینیان تێک شکاند و بەسەربەرزی ناوچەیان بەجێ هێشت.

عەمەلیاتێکی ئەتۆ لە ناوچەیەکی وەک دالاهۆ کاریگەریی زۆری لەسەر خەڵک دانا و خەڵکی ناوچەکەی دڵخۆش کرد، و هەروەها ترس و دڵەخورپەی خستە نێو هێزی دوژمن. لەلایەکی دیکەوە شوێنی عەمەلیاتەکە بوو کە هێزێکی زۆری دوژمنی بۆ پشتی بەرەی شەڕی ئێران و عێراقی لێ جێگیر کرابوو، بۆیە دوژمن چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد کە قارەمانانی دێموکرات زەبری ئاوا گاریگەری لێ بدا، جیا لەوە خەڵکێکی زۆری ناوچەی دژی جووڵانەوەی کورد چەکدار کردبوو. ئەگەرچی هەرسەرکەوتنێک خوێنی کوری کوردی پێویست بووە لەو عەمەلیاتەشدا بە خوێنی لاوێکی کورد بە ڕێژیمیان سەلماند دوژمن هەرچەند هێزی ڕەش و زۆرو بۆر لەناوچەدا جێگیری بکا قارەمانانی دێموکرات کە سیمبولی خەبات و تێکۆشانن دەتوانن زەبری خۆیان لەدوژمنی گەلی کورد بوەشێن وسوکنایی بخەنە نێو دڵی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان

.

# جێژنانەی پێشمەرگە بۆ خەڵکی بانە

خەڵکی قارەمانی کوردستان بە نرخێکی زۆر گرانەوە توانیویانە ماوەی چوار دەیە لە بەرامبەر پەلاماری بێ بەزەییانە و سیاسەتی دژی گەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوەستنەوە. لە ماوەی شەڕی چەکداریی کوردستان و، ئەم بەشە لە ئێران بە سەنگەری ئازادی دەناسرا، خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات مەیدانیان بۆ پەنادانی شۆڕشگێڕانی گەلانی دیکەی ئێرانیش کە لە دەستی ڕێژیم خۆیان دەرباز دەکرد، کردبۆوە. لە ماوەی هەموو ئەم سالانەدا خەڵکی کورد لەم بەشە لە کوردستان زیاتر لە ٥٠ هەزار شەهیدی داوە، برسیەتیی چێشتوە، ئاوارەیی دیوە، مافەکانی بەخڕی پێشێل کراوە، بەڵام هیچ کات سەری بۆ زوڵم دانەنواندوە.

نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو، لە پێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیدا شەڕ و خەباتی کردوە، بەڵام خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی تایبەتمەندیی جیاوازی هەبووە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کوردستان لە سایەی تێکۆشانی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەدا ببووە مەڵبەندی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران.

لەو سەروبەندەدا تەنیا ڕێگەی بەردەم هێزە سیاسییەکان خەباتی چەکدارانە بوو بەدژی ئەم ڕێژیمە دژە مرۆییە و، ئەم خەباتەش بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە دەچوو. بۆیە ئەو کات ئاوەدان هێشتنەوەی سەنگەری ئازادیی کوردستان، هاوواتای پاراستنی گشت زەحمەت و تێکۆشان و هیوایەک بوو کە لە پێناو گەیشتن بە ئازادی چێژرابوو و بنیات نرابوو.

بۆیە تێکۆشەرانی دێموکرات قورسایی بەرگری و پاراستنی کوردستانیان خستە سەر شانی خۆیان و ڕۆژ نەبوو لە گۆشەیەکی

کوردستانی خۆڕاگر زەبرێکی کاریگەر لە داگیرکەران نەدەن. هێزەکانی حیزبی دێموکرات وەک ئەرکێکی گرینگی نەتەوەیی داکۆکییان لە ئاو و خاکی نیشتمانی خۆیان دەکرد. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم جارەماندا باس لە بەشێکی چکۆلە لە قارەمانەتیی رۆڵەکانی کوردستان لە ناوچەی بانە دەکەین.

بەهار نزیک ببۆوە و وردە وردە سەرما و سۆڵی زستان شکابوو. تەنیا دوو ڕۆژی بۆ خۆشییەکانی نەورۆز مابوو، خەڵک هێدی هێدی بەرەو پێشوازی ئەم ڕۆژە مێژووییە دەچوون. لەم کاتەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پیلانێکی بەدژی خەڵکی ناوچەی بانە داڕشتبوو و هێزێکی گەورە و زۆروبۆری لە هەموو بەشە چەکدارەکانی ڕێژیم کۆ کردبۆوە.

هێزەکانی ڕێژیم بۆ دانانی پایەگا لەو ناوچانە کە پێشتر لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کرابوون، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمەیساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی کەوتنە خۆ. سەدان کەس لەم هێزانە لە بەرزاییەکانی «هەڵاس‌بار»، «سپی‌داری»، «بەردەڕەش»، «سی‌کانی‌لان»، «ساڵووکی‌سەروو»، «گردی‌گویل»، «قوڕنێ»و «زەربەنێ»لەناوچەی بانە جێگیر بوون و، تۆپخانەیەکی قورسیش پشتیوانیی لێ دەکردن.

سەعات ٦/٣٠ لە تاریک و ڕوونی بەیانی، هێزی قارەمانی شەهیدانی وردی خۆیان ڕێک خست و لە چەندین بەرەوە بەپێی گەڵاڵەی ڕێکوپێک، هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و، پاش شەڕێکی حەماسەیی توانیان چەند نوقتەی ستراتیژی لە دوژمن بستێننەوە و بەرەوخوار ڕاویان بنێن. پاشان بەوەش نەوەستان و هێرشیان بۆ شوێنەکانی دیکەش دەست پێکرد و لە هەموو بەرەکان شەڕ بەتوندی درێژەی کێشا و، سەرەنجام تا خۆر لە پەنا چیا سەرکەشەکانی کوردستان سەری دەرێنا بەتەواوی هێزەکانی دوژمنیان تێک شکاند و پاشەکشەیان پێکردن.

هێزی ڕێژیم بە پێی عادەتی خۆی دوای هەر شکستێک ئاوری تۆپخانەی وەگەڕ خست و سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاورباران کرد. پاشان لەژێر ئاوری چەکی قورس هێزە شکست خواردووەکانی سازمان داوە و، لەگەڵ ژمارەیەکی تازەنەفەس لە سەعاتی ١٠ی بەیانی سەر لە نوێ پەلاماری سەنگەری تێکۆشەرانی دێموکراتی دا. ئەگەرچی هەر زۆر بێ ورە بوون، بەڵام بە زەبری فەرماندەرانیان دەهاتنەوە

پێش و بە بیستنی دەنگی تەقەی پێشمەرگە سەرەوخوار ڕایان دەکردەوە. لای دوانیوەڕۆ جارێکی دیکە هێز کۆ کراوە و بۆ ئەوەی ورەی ڕووخاویان بەرز بێتەوە، دیسان پەلاماری هێزی پێشمەرگە درایەوە. ئەم جارە هێزی پێشمەرگە زۆر ئازایانە لێیان وەدەست هاتن و له ئاکامدا و لەسەر یەک پاش ٩ سەعات شەڕی قارەمانانە، سەرشۆڕیی گەورەیان نسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی کرد و، بە قارەمانەتی و فیداکاری توانیان نزیک بە ٩٠ کەس لە هێزی دوژمن بکوژن، کە دەیان کەسیان جەندەکیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما. بێجگە لە تۆپێکی ١٠٦ میلیم و کالیبر ٥٠، دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و هەزاران فیشەک و تەقەمەنی دەسکەوتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بوو.

زۆر جار سەرکەوتنەکانمان بە بەختکردنی ڕۆڵە ئازاکانی گەلەکەمان کۆتایی پێ دەهات، ئەم جارەش خوێنبایی ئەو حەماسە پڕ لەسەرووەرییە، ٣ تێکۆشەری مەیدانی بەربەرەکانی و فیداکاری بە ناوەکانی عەبدوڵڵا ڕەحیمی، عەبدول فاتحی و کەریم قادری بوو، کە گیانیان بووە چرای بەرپێی تێکۆشەرانی دێموکرات.

تێکشکانی هێزی زوبدە و پۆشتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوو بارەوە گرینگە کە ئاماژەی پێ دەکەین.

یەکەم: هێزی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی شەڕی ئێران و عێراقەوە لە ناوچەی بانە، بە هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرنی ئەو سەردەمە تەیار بوو، ئەوە لە کاتێکدایە کە هێزی پێشمەرگە تەنیا بە چەکی دەستی و بە ژمارەیەکی کەمەوە توانی زەبرێکی کاریگەر لەوان بدا.

دووهەم: ڕێژیم لە تاکتیکی شەڕی «شێر» و «کەمتیار» کەڵکی وەرگرت. وەک کەمتیار هێزێکی زۆری کۆ کردەوە، دەوری شێرە کوڕانی حیزبی دا بەو مەبەستەی بتوانێ لە پشتەوە «گازنبور»ی پشتی شێری پێ بشکێنێ؛ بەڵام ئەوانیش ڕاست بە پێچەوانەی تاکتیکی ڕێژیم، لە کەللەی مێگەلە کەمتیاریان دا تەفروتوونایان کردن.

# کە «چڕووسانە» و «شێرینسوار» دەبنە جەهەندەم بۆ دوژمن

ئاوردانەوە لە مێژووی گەلێکی چەوساوە وکاراکتێرەکانی نێو ئەو مێژووە، کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و پەند و ئامۆژگارییەکانی کە لەئەنجامی تاقیکردنەوەی تاڵی و سوێری چەندین ساڵەی بەدەست هاتوون، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی نەسڵی تازەی ئەو گەلەیە. ئەمە گرینگە، چونکە گەلێک ڕووداو و کارەسات لە ژیانی ڕۆژانەی هەر ئینسان یا گەلێکدا ڕوو دەدا و دێتە پێش، کە ئەو پێشهات و ڕووداوانە تەنیا پەیوەندییان بە یەک قۆناغ لە ژیانی ئینسانەوە نییە، بەڵکوو تا ژیان بەردەوامە ئەوانیش هەرهەن. جا نەسلی رابردوو لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی لەسەر ئەو ڕووداوانە هەیە و، گیروگرفتەکانی کێشە و بەربەرەکانی ڕووداوی بەتەواوی دیوە و گواستوویەتەوە بۆ نەسلی دوای خۆ؛ بۆیە پیویست ناکا جارێکی دیکە تاقی بکرێنەوە. وەختێک باس لە بەربەرەکانییەکی هێزی پێشمەرگە دەکەین، چ لەباری نیزامی و چ سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە مەبەست تەواوی هێزەکانی حیزبی دێموکراتە، نەک تەنیا هێزێک یان دەستە و لکێک. هەرچەند خەباتی گەلێک بەبێ پێشڕەوایەتیی حیزبێکی شۆڕشگێر کە ئەرکی هەرە گرینگی دیاریکردنی ڕێبازی سیاسی بۆ ئەو گەلە و هەڵبژاردنی شێوەی خەباتە لە قۆناغی دیاریکراودا هەرگیز سەرکەوتوو نابێ. هەر بۆیە حیزبەکەمان لەباری نیزامیشەوە لەو ئەرکە گرینگەشدا پێشڕەوایەتی کردوە کە لەو شێوە خەباتە بۆ ڕزگاریی نیشتمان کەڵک وەرگرێ. هەڵبەت هەموو هێزەکانی حیزب لە مەیدانی شەڕدا وەک یەک بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون، هەر کام لەو ڕووداوانە و هەر کام لەو حاڵەتانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە دا باسمان کردوون. ڕەنگ بێ » شاخ وشۆڕش « کە ئێمە تا ئێستا لە هەگبەی ئەم گۆشەیە لە

ڕۆژنامە نەپڕژابێتەوە هەموو بوارەکانی خەباتی چەکداری یا باشتر بڵێم وەک یەک ڕۆڵ و بەشداریی هێزەکانی لەبەر چاو نەگرتبێ، بەڵام شانازییەکانی هێزی پێشمەرگە هەموو بۆ ڕۆڵە فیداکارەکانی ئەو حیزبەیە کە وەک کاراکتێری سەرەکیی نێو ڕووداوەکان ڕۆلیان گێڕاوە. کاتێک سەراپا کوردستان لەژێر ئاگر و ئاسن و گوللەبارانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو، هێزی پێشمەرگەی دێموکرات وەک هەڵۆی سەرچیا بە گیان و بە دڵ پارێزگاری لە خاکی نیشتمان دەکرد.

دووهەم ڕۆژی بەهار سەعاتەکانی کۆتایی دەپێوا. هێشتا خەڵک هەر بەدەم شادییەکانی نەورۆزەوە، دەم بەپێکەنین سەروسەودای نەورۆزیان بەرز ڕاگرتبوو. لە لایەکی دیکەوە پۆستاڵ لەپێیانی جەماران بیریان لە پیلانێکی قێزەون دەکردەوە کە ئەم جێژنە خۆشە لە ڕۆڵەکانی دێموکرات و لە خەڵکی کوردستان تاڵ بکەن و لێیانی بشوێنین.

شەوی سێی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١ بوو. دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون لەئاوایی چڕوسانە «و» زیوییە «لەگەڵ خەڵکی جێژنی نەورۆزیان دەکرد کە هەواڵ گەیشت هێزە کۆنەپەرستان هێرشیان کردۆتە سەر بەرزاییەکانی چروسانەو، لاشانی»کەوانە»یان گرتووە تا نزیک گوندی زیوییەو بەرزاییەکانی شێرین‌سوار لە ناوچەی بێڵەواری کامیاران هاتوون. کوڕەکان خۆیان ڕێکخست و دەستەیەک بە فەرماندەیی سالار ئیبراهیمی بەرەنگاری دوژمن بوونەوە. سەدان کەس لە هێزەکانی دوژمن شاڵاویان بۆ ئەو دەستە پێشمەرگەیی هێنا. کاتێک دەستەیەک لە تێکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە بە هێرشی دوژمنیان زانی، خۆیان بۆ سازمان دا و لە پشتەوە لە دوژمن ڕاسان و شەڕێکی سەخت و نابەرامبەریان لەگەڵ دوژمن دەستی پێکرد. ئەوە یەکەم جار نەبوو کە دوژمن هێرشی بۆ سەر ئەو شوێنە دەبرد، بەڵکوو چەند جاری دیکەش دەست وپەنجەی لەگەڵ قارەمانانی دێموکرات نەرم کردبوو، و هەموو جارێکیش سەری وەبەر بەردی ئەلحەد کەوتبوو.

شەڕێکی گەرم و سەنگەر بەسەنگەر لە چەندین لاوە درێژەی پێ دەدراو ڕۆڵەکانی دێموکرات هەرجارێ بەرزاییەک و نوقتەیەکی ستراتیژییان لە دوژمن وەر دەگرتەوە و بەرەو خوار ڕاویان دەنا. ڕێژیمیش بەپێی سروشتی بەزیوی خۆی هەموو جارێ پاش تێکشکانی

لە مەیدانی بــەرەوڕوودا بە ئاگری تۆپخانەی قـورس بـەردەبووە تۆپباران کردنی سەنگەری پێشمەرگەکان و پاش ماوەیەک سەرلەنوێ و بە زۆر و زۆرداری هێزی پیادەی بۆ مەیدانی شـەڕ بە زۆری ڕەوانــە دەکـرد. هەڵبەت هێزی بەزیوی دوژمـن بە بیستنی دەنگی چەکی پێشمەرگە زراویان دەچوو و نەیاندەوێرا لە سەنگەرەکانیان نزیک بـنـەوە. بـە یەکگرتنەوەی هــەردوو تیمی پێشمەرگە، هێزی دوژمن  کیشومات کراو هێزەکانی پێشمەرگە پاش ١٨ سەعات شەڕ و فیداکاری و بـەرخـۆدان دوژمنیان بە یەکجاری بەچۆک داهێنا. خۆش ئـەوە بوو هەر لەوکاتەدا و لەکاتی ڕاونانی هێزی بەزیوی دوژمـندا ماشێنێک پڕ لە پاسدار کەوتە سەرمین و لێک هەڵتەکا.

لـەو شــەڕە حەماسییە دا کە ١٨ سەعاتی خایاند و لاپەڕەیەکی پڕشنگداری دیکەی لە فیداکاریی پێشمەرگە بە دەفتەری قارەمانەتی هێزی بێستون زیاد کرد، نزیک بە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون. هەروەها دەیان قەزبزە چەک وچۆڵی سووک و نیوەقورس و بەدەیان کەلوپەلی دیکەی نیزامیی بوو بە دەسکەوتی هەڵۆ بەرزەفرەکانی بێستوونی خۆڕاگر. بەڵام نابێ لەبیر بچێ کە ئەو قارەمانەتییە و خۆڕاگرییە کە زەبرێکی گاریگەری لە دوژمن دا، بە خوێنی دوو تێکۆشەری مەیدانی حەماسەکانی ناوچەی کامیاران وەدی هات. لەو شەڕە قورسەدا شەهیدان مەحموود گـودەرزی و تەیوب حەیاتی بە خوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیان نووسییەوە و داستانێکی پڕ لە سەروەرییان بە خوێنی گەش و ئاڵی خۆیان تۆمار کرد.

ئەوەی گرینگە باس بکرێتەوە ئەوەیە کە لەو حەماسەخوڵقێنییەی پێشـمـەرگەدا هـێـزی دوژمــن چـەنـد بــەرابــەری هـێـزی پێشمەرگە وتەیارتر بە جۆرەها چەکی مودێرن و هـەروەهـا، پشت ئەستوور بە تۆپخانە بوو. بەڵام هێزی قارەمانی بێستون بە پێشمەرگەیەکی زۆر کـەم کە تەنانەت یـەک لـە پێجی دوژمنیش نـەبـوو، بـەڵام بە ورە و بیروباوەڕەوە زەبرێکی بەهێزیان لە شەوپەرستان وەشاند.

# ڕۆڵی فەرماندەرانی نیزامیی لە مێژووی حیزبدا

ئاوردانەوە لە مێژووی سێ چارەگە سەدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کارێکی سانا نیە چونکی ئەو حیزبە لە ماوەی ٧٥ساڵدا قۆناغی جۆراوجۆری خەباتی تێپەڕاندووەو لە درێژەی ڕێبازی خۆیدا زۆر هەنگاوی بەنرخی هەڵێناوەتەوەو کەندو لەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای بڕیون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ڕێگایەکی درێژی پێواوە.

لە یادی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەبێ زۆر لایەنی ئەو خەباتو تێکۆشانە هەڵسەنگێنین‌و زۆر پێویستە هەموو لایەنەکانی خەباتی زیاتر لە ٧ دەیەی حیزب بخرێنە بەرباس‌و شیکرێنەوە. بەسەرنجدان بە جۆراوجۆریی بوارەکانی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەمان دەزانین کە یەکێک لە شێوەکانی کاری نیزامی‌یە. با بزانین لەوماوەیەدا کاراکتیرەکانی ئەو بەشە چ ڕۆڵێکیان لە جووڵانەوەی نەتەوەکەماندا هەبووە. لەوانەیە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو بەشە لەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر کەرەسە پێویست بێ کە ئێستا لەبەردەستدایە.

هەر نەتەوەیەک کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خەبات بکا، تەنانەت نەتەوەیەک کە ئازادیش بێ پێویستیی بە ئەمنییەتی نەتەوەیی هەیە. پاراستنی ئەمنییەت گەلێک کەرەسەی نیزامیی پیویستە و یەکێکیش لەوانە کە فاکتەری سەرەکیی پاراستنە، ئینسانە نیزامی‌کارەکانن کە لە ئۆرگانە جۆراجۆرەکاندا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی وڵاتێکی ئازادو دیموکراتیکدا ڕێک خراون و لە دابین کردنی ئەمنییەتی دامودەزگاکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن. ئەگەر لە باری نیزامییەوە ئاوڕێکی کورت لە مێژووی ئەو ٣چارەگە سەدەیەی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کاراکتێرە نیزامی‌یەکان

چ رۆڵێکی گرینگیان لە خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەماندا گێراوە.
حیزبی دێموکرات ئەگەرچی حیزبێکی سیاسیو ئاشتیخواز بووە بەڵام پاراستنی ئەمنییەتی میللی وەک یەکێک لە بنەماکانی رێبازی سیاسی خۆیو نەتەوەکەی داناوە. لەکاتێکدا باسی ئەمنییەتی نەتەوەیی دەکەین کە خەڵکی کوردستان هەر لەسەرتاوە ئەمنییەتیان نەبووەو لە لایەن دوو رێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامییەوە زوڵمو زۆریان لێکراوەو بە ناچاری بۆ پاراستنی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردوە.
هەر لە ڕۆژەکانی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٣٢٤دا حیزبی دیموکراتی کوردستان بیری لەوە کردەوە کە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی میللی پێویستیی بە هێزێکی خەڵکی هەیە. هەربۆیەش سپای میلليی دامەزراندوو کۆمەڵێک خەڵک وەک فەرماندەری نیزامیی ئەو سوپایە کە دواتر بوو بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرپرسایەتییان وەئەستۆ گرت. فەرماندەرانی هێزی پاراستنی ئەمنیەتی نەتەوەیی بریتی بوون لە ژەنڕاڵە نیشتمانپەروەرەکانی وەک سەیفیقازی، عومەرخانی شکاک، حەمەرەشیدخانو مەلامستەفای بارزانی. جگە لە وانیش زۆر کەسی دیکە وەک عەلی بەگی شیرزادو محەممەدی نانەوازادەو زێڕۆ بەگی هەرکی و مستەفا خۆشناو لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە ئەرکی قورسیان لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا لەسەرشان بوو.
لێرەدا نامانەوێ هەموو ئەو کەسانە بناسێنین کە لە قۆناغ جیاجیاکاندا ئەرکی پاراستنی میللییان لەسەرشان بووە، بەڵکوو دەمانەوێ ئەهمییەتی ئەو ئەرکە کە حیزبێکی سیاسیی وەک حیزبی دیموکرات لە هەموو هەلومەرجێکی خەباتدا وەئەستۆی گرتوە بخەینە بەر چاو.
با هێندێک هەورازتر بە مێژووی حیزبدا هەڵکشێین. لەساڵی ١٣٤٦ی هەتاویدا بەشێک لە ڕۆڵە شۆرشگێڕەکانی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات روویان لە رۆژهەڵات کردەوەو ڕێبەریی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦و٤٧یان بەئەستۆوە گرت. دەتوانین بڵێین هەلومەرجی ئەوکات ئەوەی دەخواست کەسانی وەک شەریفزادە، موعینییەکان، مەلا مەحموودی زەنگەنەو مینەشەمو چەندانی دیکە کە لە سەتحی رێبەریدابوون، دەست پێش بخەن و بە فیداکاری بێنە مەیدان. بوونی کەسانی سیاسی ونیزامی لە قۆناخێکی

سەختو دژواردا هێزوتوانایەکی زیاتری بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەکە بەو خەباتکارانە بەخشیوە کە بە شێوەی چەکدارانە بەرگری لە ئازادیو ئەمنیەتی گەلەکەیانیان وەئەستۆ گرتوە.

ئەم باسە تەنیا باسێکی کورتە لە رۆڵی فەرماندەران لە مێژووی ئەو ٧٥ ساڵەی حیزبەکەماندا. هەر بۆیە بە پێویست دەزانین ئاماژە بە دژوارترین هەلو مەرجی سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانیش بکەین. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا خەڵکی کوردستان یەکێک لەو گەلە بەشخوراوانە بوون کە کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی ئەو رێژیمە،و کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە دەستی بە قەڵاچۆکردنی ئەم گەلە کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەڵوێستێکی بەرپرسانە و ئازایانە جارێکی دیکە خەڵکی لە دەوری ئاڵای خۆی کۆ کردەوەو بە گژ هێرشی رێژیمی کۆنەپەرستدا چۆوە. لێرەدا جارێکی دیکە رۆڵی گرینگ بە هێزێکی مونەززەمو سازماندراوی پێشمەرگە درایەوەو بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە سوککانی ئەمنییەتی نەتەوەییان وەئەستۆ گرتەوەو پێشمەرگە رۆڵی سەرەکیی لە پاراستنی کوردستاندا گێڕا. ئەم ئەرکە کەوتە سەر شانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ کە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان هەرگیز فیداکارییەکانیان لەبیر ناکا. ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی وەک شەهیدان سەرگورد عەلیار، سەرگورد عەباسی، سەروان چەلەبی، سەروان ئەفشین، سەروان حاتم، سەروان ئەحمەدی جاوید فەڕ، سەروان اقبال کەریمنژاد، سەروان برایم بەهرامپوور، خەلیل خەلەبان لە سەرەتاوە ئەو ئەرکەیان بەرێوە برد. لە خەباتو بەربەرەکانیی بێوچانی خەڵکی کوردستاندا بە دەیان کەسی دیکە وەک: حەسەنی شیوەسەڵی، مەنسوور فەتاحی، شاپوور فیرۆزی، سەدیق فیروزی، ئەسەد سولیمانپوور، خەلیل محەممەدی، شاروخ موورادی، حەکیم رەزایی، عەباس ئەکرەمی، وەستا ئەحمەدی کووهگەرد، قاسمی باقی، خدرە سوور، چرچەیبارام میرزا، حەمە نارستی، قادر ئیفتخاری، برایم شیخالی، عومەر قەیتەران، هەمزە بێهنام، فەقێ عەوڵاو دەیانی دیکە نەخشیان گێڕاوە کە رۆڵو ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنین،

کە بەداخەوە زۆربەیان گیانیان بەخشیوە. ڕێبەریی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەهمییەتی زۆری بە ڕۆڵی فەرماندەرانی نیزامی لە نێو خەباتدا داوەو زۆر لەوانە کە شەهید بوون لە ڕێبەری حیزبدا مەسئوولییەتیان هەبووە. واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان چەکەکەی لە خزمەت قەڵەمەکەیدا بووە. هەر بۆیەش ڕۆڵی فەرماندەران لە خەباتی بەردەوامی حیزبەکەدا توانیویەتی کاریگەر بێ.

لە کۆتایی دا دەتوانین بڵێین کە مێژووی حیزبەکەمان قارەمانی زۆر هەیە، نزیک بە ٥٠٠٠ هەزار شەهید کە گیانی خۆیان پیشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە، بە هەزاران کەس لە ئەندامانی ئاوارە بوون، یان لە شارەکانی کوردستان خەباتیان دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کردوە ڕەوانەی زیندانەکان کراون و ئازارو ئەشکەنجەی زۆریان چێشتوە، بە هەزارانی دیکە ئێستا لە سەر ئەم ڕێبازە دروستە بەردەوام لەخەباتدان.

وەک شەهید دوکتورقاسملوو فەرمووی» ئەوانە هەموو قارەمانی حیزبەکەمانو گەلەکەمانن. بەڵام مێژووی چەندین ساڵ خەبات یەک قارەمانی ئەسڵیی هەیە کە لەسەرەتاوە تا ئێستا تاقە سواری مەیدانی خەباتە، هەورازو نشێوی زۆر دیوە، تاڵی سوێری زۆر چیشتوە، تووشی شکست بووە بەڵام ناهۆمێد نەبووە، سەرکەوتوە بەڵام لەخۆبایی نەبووە، چۆتە پێش، پاشەکشەی کردوە، بەڵام هەموو کاتێک بێوچانو کۆڵنەدەرانە درێژەی بەخەبات داوەو ئێستاش هەروا سوارچاکو یەکەم قارەمانی مەیدانی خەباتە. قارەمانی هەموو قارەمانانی سەرانسەری ئەم مێژووە، حیزبی دیموکراتە».

# پاشکۆ

**خۆشەویستان! ئـەوەی لێرەوە لەبەر دەست دایە ئەو نووسراویە کە پێشتر بۆ بڵاوکراوەکانی حیزبی نووسراوەو یان لە کوردکانال بڵاوکراوەتەوە بەپێویستم زانی ئەوانێش لەگەڵ ئەو نووسراوەی سەرەوە بە چاپ بگەیەنم تا خوێنەرانی خۆشەویست و تێکۆشەرانی مـەیدانـی خـەبـات بتوانن کەڵکی لـیَ وەر بگرن.**

## لە یادی شەهیدانی سوورخەڵاتی یەڵدای خوێناویدا

لە کاتێکدا کە رێبوارانی رێگای رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو لە دوایین شەوی پاییزو درێژترین شەوی ساڵدا، یادی لە دایکبوونی ئەو رێبەرە نەمرەیان دەکردەوە دەستی رەشیَ تیرۆر کۆمەڵێک هاورِێی بەئەمەگی بە ناوەکانی شەهیدان: عەلی قۆیتاسی، وەهاب میرخزری، ئەرسەلان عەباس‌نیا، سالار باقری و ناسر کەریمی لیَ‌ئەستاندین. ئەگەرچی هەر لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند کە شکو گومانی نیە دەستی کۆماری ئیسلامی لەپشتی ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یە هەیەو کۆماری ئیسلامی عامیلی ئەسڵیی ئەو کارە دزێوەیە.
ئەگەر ئاورِێکی کورت لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە بە روونی بۆمان دەردەکەویَ کە بناغەی ئەو رێژیمە لەسەر تیرۆریسم دامـەزراوەو راوەسـتـاوە، چونکە دەسەڵاتـدارانـی رێژیمی ئێران لە تیرۆریسم وەک ئامرازێک بۆ بردەنە پێشی سیاسەتەکانی خۆیان کەڵک وەردەگـرن. هـەر لـەدووهـەم ساڵی دامـەزرانـی رێژیم یەکەم کردەوەی تیرۆریستییان دەرحەق بە گەلی کورد وحیزبی دیموکرات لە شاری مەهاباد بەرِێوە بردو شەهیدسەرگورد عەباسی‌یان تیرۆر کرد.
پاشان روخساری ئـەو رێژیمە لە بازنەیەکی گـەورەتـردا خۆی

نیشان دا. سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی دەسەڵاتدارانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران وەک کورد، تورک، عەرەبو بلووچ شتێک نین کە بۆ کەس شاراوە بێ. ئێران لەو نەتەوانە پێکهاتوە کەدەیان ساڵ لەبن دەستی حکومەتە زۆردارەکاندا زوڵم وزۆریان چێشتوەو بەدرێژایی مێژوو لە مافە رەواکانیان بێبەش ماونەوە. بە تایبەتی لەماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا ئەو زولمە چوارچێوەیەکی زۆر سامناکترو پانو بەرینتری بە خۆیەوە دیت. چونکە سیاسەتی بۆ دەرەوە ناردنی شۆڕش لە رێگای تیرۆریزمی دەوڵەتی‌یەوە دەستی پێکرد، تەنانەت دوای مردنی خۆمەینیش کەوایان نیشاندا گۆیا دەست لەو کردەوە قێزەونە هەڵدەگرن، زۆر زوو بێ بناغەبوونی ئەو ئیددیعانە دەرکەوت هەر یەکەم هەنگاویان راست لە چلەی «ارتحال»ی بە ناو «ئیمامی موستەزعەفان»دا بوو کە رێبەری گەورەی نەتەوەی کورد شەهید دوکتور قاسملوو هاورێیانییان لەکاتی دانیشتن لەسەر میزی وتووێژ بەناو چارەسەری کێشەی کورددا تیرۆر کرد، ئەویش بە پیلانێک کە لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران دارێژرابوو.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مێژ بوو، تیرۆری کردبووە بەشێک لە سیاسەتی رەسمی‌و، بێ ئەوەی چووکترین بایەخ بۆ کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتی‌یەکان دابنێ، ئەو کردەوانە بەجۆرێک کە جێ پێی تیرۆریستان لە کۆنسول خانەکانی رێژیمدا ئاشکرابوو و لە وڵاتی جۆراوجۆردا لێی لەقاو درا، بەردەوام دووپات دەبوونەوە.

تیرۆری دوکتور قاسملوو تەنیا هەنگاوی رێژیم نەبوو بەڵکوو بەدەیان رێبەرو کەسایەتی سیاسی لە دەرەوەی وڵات بە شێوەی ناجوامێرانە لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کران. هەر لەو پێوەندییەدا لە دەیەی ٩٠ی میلادی بە کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی کوردستانی عێراق بە سەدان کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی لە شارە جۆراجۆرەکانی باشووری کوردستانی تیرۆر کرد.

کردەوەی شەوی یەڵدا لە درێژەی ئەو کردەوانەی دەسەڵاتدارانی تاران دابوو کە لە ماوەی دەسەڵاتی رێژیمی ئاخوندی‌دا دژی حیزبی دێموکڕاتو دژبەرانی کردوویەتی. ئەگەرچی دەزگا سیخوڕییەکانی

ئێران زۆر زوو هەوڵیاندا دەستی چەوری خۆیان بە سەری خەڵکی دیکە بسڕنەوەو وایان نیشاندا کە ئەو کردەوە ناجوامێرانەیە دەستی لایەنی دیکەی تێدایەو چەندین گوزینەی درۆو چەواشەکاریان ریز کردبوو کە گومانو تۆمەتەکە لە خۆیان دوورِ بکەنەوە. بەڵام بێشک کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە لە یەکەم ساتەکانی ئەو کردەوە بێ شەرمانەیە، خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکرات قامکیان بەرەو ئەو ڕێژیمە درێژ کرد، چونکە بەدرێژایی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە بۆ ساتێکیش چاویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان غافڵ نەکردووە. بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش دەتوانین بڵێین حزووری کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەنێو کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستاندا نیشانەی ئەوە بووە کە ئەم حیزبە خەباتی خۆی دژی ئەو ڕێژیمە درێژە داوە. هەر لەوپێوەندییەدا هەرەشەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ئەو راستیيە دەسەلمێنن کە لە پشت کردەوەکەی شەوی یەڵداوە بوون.
ماوەتەوە بڵێین، هەق وایە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش بە سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستان بگرنو نەهێڵن جارێکی دیکە وەک دەیەی ٩٠ی سەدەی رابردوو، لە خاکی پیرۆزی کوردستان تەراتێن بکەن. بۆیە پێویستە هەم حکومەتی هەرێمو هەم خەڵکی باشووری کوردستان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان هەبێو ڕێگا نەدەن جارێکی دیکە ئەم بەشە لەکوردستان ببێتە مەیدانی رمبازێنو رەشەکوژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و پێش بە هەموو ئاژاوەگێڕییەکانی ئەو ڕێژیمە بگرن.
لە یادی شەهیدبوونی شەهیدان، عەلی قۆیتاسی، وەهاب میرخزری، ئەرسەلان عەباسنیا، سالار باقریو ناسر کەریمی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتو دووکەس لە کارمەندانی ئاسایش بەناوەکانی: عەدنان عەبدوڵڵا و سەنگەر ستار سەری ڕێز بۆ شەهیدانی شەوی یەڵدا دادەنوێنینو پەیمان نوێ دەکەینەوە تا گەیشتن بەئامانجی شەهیدان درێــژەدەری ڕێگایان بین.

# قاسملوو ڕێبەرێکی واقع بین

ئێوارێیەکی درەنگی ئەنگوستە چاو، پێشمەرگە بە لاپاڵێکی دەڤەری حەوتەوانەی بانە بە بەرزاییەکی کە ٥ ناوچەی بانە، سەردەشت، سەقز، مەهاباد و بۆکانی لێوە دیار بوو، ڕێزیان بەستبوو، بەرەو گەورکایەتی مەهاباد دەرویشتن، لەو بەرزاییە شۆقی چراکانی شارو گوندەکان بریقەبریقیان دەدایەوە، پێشمەرگە خەیاڵ هەڵی گرتبوو و بیری لە نان‌و ئاو و چوونە ناو خەڵک دەکردەوە کە بە دیتنیان هەموو دەحەسانەوە. سەعات دووی شەو بوو لە دۆڵە درێژی پشتی مووسێ لە چۆمی «بناوەرەشان» وەک هەمیشە بارگەوبنەیان کردەوەو لە تاشەبەردێک دەگەڕان کە بەیانی سەریان لەبن سێبەرەکەدا بێ، بەڵکوو خۆر زوو لە خەو راستیان نەکاتەوە. بەیانی رۆژی ٢٢ی پووشپەر جیژنی قوربان بوو پێشمەرگەکان نەک هەر نانیان پێ نەبوو، بەڵکوو لەو شوێنە ئاوێکی زۆر خاوێنی فێنکیشی لێ‌نەبوو، سەرەڕای ئەوە چەند ئاژەڵێکیان هێناو راستەو پاستەیان کردو بێ نان دەستیان کرد بە برژاندن، وەک عادەتی هەموو رۆژێ سەعاتی ١٢ی نیوی نیوەرۆ لە چەند رادیۆ چووکە کۆدەبوونەوە کە گوێ بۆ هەواڵەکانی رادیۆ کوردستان رابگرن، بە نەبوونی دەنگی شمشاڵی قالەمەڕەو خوێندنەوەی سروود، پێشمەرگە کەوتنە دەنگەدەنگ، کەمێک دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە ناو دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی پڕ شوورەیی دا لە سەر مێزی بەناو وتوویژ دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی شەهید کردوە.

بە روودانی ئەو کارەساتە خوێناوییە کە لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش روویدا، دۆستان ولایەنگرانی گەلی کوردی لەسەرانسەری

جیهان بەگشتیو گەلی كوردی بەتایبەتی لە هەر چوار پارچەی كوردستان هەژاند، تیرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامی كە ٣ كەس بوون، راستەوخۆ لە لایەن دەسەلاتدارانی كۆماری ئیسلامییەوە بۆ تیرۆری رێبەرانی حیزبو هاورێیانی رەوانە كرابوون.
ئەگەر بمانهەوێ باسی كارنامەی كۆماری ئیسلامی بكەین تا ئێستا زۆر باس لە كردەوە تێرۆریستیەكانی كراوەو بە دەیان و سەدان بەڵگەی روون بۆ ئەو كردەوە قێزەونانەی خراوەتە روو، هەروەها لەسەر شەهید بوونی رێبەری شەهیدمان زۆر لایەنی ئەو جینایەتە سامناكە باس كراوە، بەڵام بەپێویستی دەزانین لەسەر هێندێک خاڵی گرینگی روانگەی رێبەری شەهیدمان لە رۆژی شەهید بوونیدا پێدا بگرینەوە.
شەهید دوكتور قاسملوو تا كاتی شەهید بوونی خزمەتێكی گەورەی بە نەتەوەی كورد كردو شەهید بوونەكەشی ئەو راستییەی دەرخست كە، كەسایەتییە گەورەكان بە مردنیان شوێنەواری زۆر گەورە لەسەر خەڵكو نەتەوەكەیان دادەنێن، ئەو لەسەردەمی خەباتو تێكۆشانی سیاسیدا خزمەتێكی گەورەی بە حیزبو نەتەوەكەی كرد، كاردانەوەی شەهید بوونەكەشی هێندەی دیكە گەلی كوردی بەدنیا ناساند. نامەی هاوخەمی گەلانی دنیاو رێكخراوە نێونەتەوییەكانو كەسایەتییە سیاسیەكان سەبارەت بە كارەساتی ڤییەن دەری دەخا كە نەمر دوكتور قاسملوو خاوەنی كەسایەتییەكی بەرز سیاسی لە ئاستی جیهان دابووە.
پاراستنی روحییە لای دوكتور قاسملو، تایبەتمەندی رێبەری كارامە لەوەدایە كە لەكاتی تەنگانەدا، مێتۆدو میكانیزمی دەربازبوون لە تەنگو چەڵەمەكان بخاتە ڕوو. كاتێک بزووتنەوە یان میكانیزمی دیپلۆماسیو تەنانەت بزووتنەوەی چەكداری كارایی ئەوتۆی نابینێ یان لەكزی دەدات، ئەوە سەركردەی لێزان و كاریزمایە كە دەبێ روحییەی خۆی بپارێزێتو ورە بە هاوسەنگەرەكانی ببەخشێ ئەو هاوسەنگەرانەی لەرەوتێكی دێموكراتیكدا بڕیاریانداوە ئەو سەركردەیە سەركردایەتیان بكات. دوكتور قاسملو لە گۆڕینی میكانیزم لە دۆخە جیاوازەكاندا كەسێكی كارامەو لێهاتوو بوو. هەمیشە ئەو كردەوەیەی سەركردەیەک دەبێ لەكاتی پێویستدا بیكات، ئەگەر تەنانەت گیانیشی لەپێناویدا فیدا بكردایە جێبەجێی دەكرد. ورە بەخشین بۆ پاراستنی

روحییەی هاوسەنگەرەکانی یەکێک لەخسلەتە بەرزەکانی نەمر دوکتور قاسملو بوو. دوکتور قاسملو دەیویست بە هاوسەنگەرەکانی بڵێ کە دێموکراتێکی راستەقینە هەم دەتوانێ دیپلۆماتێکی کارامە بێت، هەمیش پارتیزانێکی نەسرەوتوو. ئەو لەواقیعدا درێژدەری راستەقینەی رێبازی پێشەوا قازی محەممەد بوو، چونکە هەردووکیان شەهیدبوونیان نەک نائۆمێدی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکوو رووحییەو ورەی نەتەوەو هاوسەنگەرەکانی بەرز کردەوەو، ئەوەی بەکردەوە سەلماند کە شۆڕشگێڕ بوونو دیپلۆماتبوونو تەنانەت شەهید بوونیشی دەبێتە هۆی بەرهەق بوونو زیاتر ناساندنی دۆزی رەوای نەتەوەکەیان. هەر ئەوەش وایکردووە کە درێژەپێدەرانی رێگەکەی ئێستاش لەحیزبی دیموکراتی کوردستان لەپێناو رووحیەدان بە ئەندامان و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی هەموو گیانفیدای لەخۆبردوویەکن.

شەهید دوکتورقاسملوو لە سەرەتای لاویەوە هەوڵی بۆ لابردنی زوڵم و ستەم داوە تا کاتی شەهیدبوونی ئەو تایبەتمەندییەی ئالوگۆری بەسەردا نەهاتووەو بەردەوام خەباتی بۆ کردووە، ئەو هەمیشە خۆشبین بووە لە سەخترین هەلومەرجدا روحیەی خۆی پاراستوە.

دیموکراسی وەکوو کردارێکی شۆرشگێرانە، لەمێژووی سیاسیی جیهاندا دەگمەنن ئەو رێبەرانەی دێموکراسی وەکوو میکانیزمی رزگاری و رێبازی دوای رەزگاربوون سەیربکەن، زۆربەی بزووتنەوەکان لەجیهان رەواییان بەهەموو توندوتیژی و کردەوەیەکی نادیموکراتیک لەپێناو بەئەنجام گەیشتنی خەباتەکەیان داوە، هەمیشەش و یان لانیکەم زۆربەی کات شۆڕشگێڕەکان پاش گەیشتن بە دەسەڵات بوونەتە دیکتاتۆرو، لەسەر میراتی خەباتە رەواکەیان بوونەتە سەرکردەیەکی داپلۆسێنەری خۆسەپێن، بەڵام دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەوە دیموکراسی وەکوو رێگەی راستەقینە بۆ رزگاری و رێبازی ژیان بۆ بەختەوەرکردنی گەل لەدوای رزگاری چاو لێدەکرد.

لەناوخۆو دەرەوەی حیزب، باوەرێکی پتەوی بە دیموکراسی وەکوو میکانیزمی سەرەکی خەبات هەبوو، لەناوخۆی حیزب هەمووان دەیانتوانی هەموو قسەیەک و هەموو پێشنیارێک بۆ سەرخستنی خەبات بکەن،و کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکرات سەلمێنەری

ئەو راستییەیە. جاری وا هەبووە هەبووە لەژێر رەحمەتی تۆپبارانی دوژمن و لە تاراوگەو لە ناوشاخ و بەندەن‌دا، کۆنگرە وەکوو سیمبولی دیموکراسی رێکخراوەیەکی سیاسی، بەستراوە. لەدەرەوەی حیزبیشدا دوکتور قاسملو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە دەبێ لەناو ئۆپۆزسیۆنی رێژێم هاوفکرو هاوخەبات بدۆزێتەوە،و لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران کار بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە ئێران‌دا بکەن. دوکتور قاسملو باش لەوە تێگەیشتبوو کە ئەگەر کورد لەئێراندا بمێنێتەوە، دەبێ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پێشوو و تەنانەت حاکمییەتی ئێستادا بکات،و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەکگرتوو و هەماهەنگ بێ، جا ئەگەریش کورد بڕیاری جیابوونەوە و بوون بەدەوڵەت بدات، پێویستی بەدراوسێی دۆست هەیە. هەربۆیە دیموکراسی لای دوکتور قاسملو هەم میکانیزم بوو، هەمیش ئەنجام. کوردستان وەک سەنگەری ئـازادی رێبەری شەهیدمان پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە خەڵکی کوردستان داوای دیموکراسی و مافی چارەنووسی خۆیان دەکـەن، سـەرکـردەو حیزبێک کە باسی مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت- نەتەوە دەکات، هەرگیز کوردستان بە مەبەستی ئێرانچییەتی ناکاتە سەنگەری ئازادیی هەموو ئێران، بەڵکو رێبازو کرداری حیزبی دیموکراتی کوردستان و دوکتور قاسملوو وایکردبوو کە هەموو نەتەوە ژێر دەستەکانی ناو جوغرافیای ئێران، کوردستان بە شوێن و زەمینەی خەباتی رزگاری نەتەوەیی خۆیان بزانن، و هاوکات بیروراو فیکری دوکتور قاسملوویان بەو دەروازیە دادەنا، کە ئازادی ئێرانیی لێ دەبینراو هەست پێدەکرا. چونکە باوەری دەولەت -نەتەوەو مافی چارەی خۆنووسینی دوکتور قاسملوو لەسەر حیسابی هیچ نەتەوەو جوغرافیای هیچ لایەکی دیکە نەبوو، کوردستان سەنگەری ئازادییە لەبەر ئـەوەی هەر کەس و لایەنێک لەروانگەی کوردەکانەوە سەیری خەبات بکات، هەم مانەوەی لەناو ئێران بە رزگـاری دەبینێت، و هەمیش دابەشبوونی ئێران بـەرەزگـاربوون دەزانێت،و رێک لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە دیموکراسی دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرز کردبۆوە. هەروەها ئەو باوەڕی وابوو خەباتگێرانی رێگای رزگاری ئێران هەر ئەوانە نین چەکیان لەشانە

ولە بەرەکانی شەڕدا دژی ڕێژیم شەڕ دەکەن بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیم بەشدارن، تێکۆشەری ڕێگای ئازادین.

ئێستا کە ئەمڕۆ ڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوویە، لەراستیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێبەرە مەزنەی لێ ئەستاندین کە لە کردەویەکی تێرۆریسیدا لە گەڵ هاوڕێیانیدا شەهیدیان کرد، بەڵام ڕێبازی قاسملوو، ئامانجەکانی قاسملوو، هەر لە مەیدان دایە، حیزبی قاسملوو و نەتەوەی قاسملوو هەر زیندوون، هەر بە ڕێگای قاسملوودا بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانی قاسملوو هەنگاو دەنێن. بە شەهید بوونی قاسملوو نە خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبی قاسملوو وەستا، نە کۆماری ئیسلامی بە ئاواتی گەیشت، چونکە کۆماری ئیسلامی خەونی یەکجاری نابوودیی حیزبی قاسملووی بینیبوو، بەڵام خەون و ئاواتەکانی بوونە بلقی سەر ئاو، خەڵکی قارەمانی کوردستان و قوتابییەکانی قاسملووی شەهید لە خەبات نەوەستان و هەر بە ڕێبازی ئەودا دەڕۆن. لەم یادەشدا بەڵێن بە ڕێبەری شەهیدمان دەدەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی دەست لە خەبات هەڵنەگرین.

# ٢٥ی گەلاویژو چەند وتەیەك

یەکێک لەگرینگترین رۆژەکانی مێژووی نەتەوەی کورد رۆژی ٢٥ی گەلاویژە، کە لەم رۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزراوە،و لە مێژووی جوولانەوەی گەلی کورددا جێگایەکی تایبەت بۆ خۆی هەیە، لە سێ چارەگە سەدە لەوە پێش بە حەول‌و تێکۆشانی رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لەسەر رێبازێکی نەتەوەیی‌و پێشکەوتنخوازانە دامەزرا. لەمێژووی کوردستان‌دا دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی گەلی کورد دانراوە، لەراستی‌دا ئەگەر ئاورێک لە مێژوو بدەینەوەو لە لایەن مێژوونووسان‌و نووسەرانەوە کە لەخەباتی ئەو سێ چارەگە سەدەیە خەڵکی کوردستان‌و حیزبی دیموکرات لێکۆڵینەوەیان کردوە پێ لەو راستی‌یە دانراوە. هەر بۆیەش بە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان قۆناخێکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان دەستی پێکرد.

گرینگترین خاڵی ئەوە بوو کە جوولانەوەی سیاسی کورد بۆ هەمیشە چوە قالبی رێکخراوەیی‌و حیزبێکی سیاسی بە بەرنامەی پێشکەوتنخوازانەو روونی سیاسی رێبەرایەتی جوولانەوەی وەستۆ گرت. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر هەست‌و بیری کۆمەلانی خەڵک دانا، بە جۆرێک کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان و ئەو زەبرە قورسەی پاش زاڵبوونەوەی رێژیمی پاشایەتی بە سەر خەڵکی کوردستان وەپەیکەری حیزب کەوت دەستی لەخەبات هەڵنەگرت‌و ئالای خەباتی بۆ وەدی هێنانی ماڤە لەمێژینەکانی گەلی کورد هەر شەکاوە راگرت. ئەگەرچی حیزبەکەمان لەکاتی دامەزرانی‌یەوە تا ئێستا رێگای زۆر سەختی پێواوە، هەورازە نشێوی لەرادەبەدەر بە

جێ‌هێشتوەو هەر لەهەمان کاتیش‌دا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوەو لەگەڵ ئەوەش برینی زۆر قورسی هەڵگرتوە. بەوحاڵەش تائێستا نە سەرکەوتنەکانی مەغروورو لەخۆبایی کردوە، نە ئەو برینە قووڵانە توانیویەتی بەچۆکی دابێنێ. هەربۆیەش حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم لەئاستی دەرەوە وهەم لەناوخۆی کوردستان وئێران جێگای تایبەتی خۆی‌و ئیعتبارو پرستیژی تایبەتی هەیە، روونیشە کە ئەو دەسکەوتانە زۆر بە ئاسانی بەدەست نەهاتوە. لەوبارەوە دەبێ بڵێن حیزبێک کە داوا رەواکانی ئەوەندە بەر حەق‌و عادڵانەیە کە بێ شک لە سەتحی جیهانی‌و روو بەدەرەوە خاوەنی ئەوپرستیژە دەبێ.

لەلایەکی دیکە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکریزی ماڵی کورد هەوڵی زۆری داوەو لە هەموو ئەحزابی رۆژهەڵات زیاتر خۆی بۆ ئەم مەسەلەوە ماندوو کردوە چونکی باوەڕی وایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی درێژە بە مولهوڕی خۆی لە ئێران وبەگشتی‌و لە کوردستان بەتایبەتی دەدا لەبەر ئەوە نیە کە جێ پێی لە ناو خەڵک دا بەهێزە، بەڵکوو هۆکاری سەرەکی پرش‌و بڵاوی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی وکوردستانی‌و نەبوونی هاوکاری نێوان حیزبەکانە. لەو پێوەندی‌یە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر هەنگاوی گرینگی هەڵێناوەتەوەو بۆ یەکریزی ماڵی کورد دریغی نەکردوە.

بەڵام لە ناوخۆی وڵاتدا سیاسەتەکانی پێشووی رێژیم هەروا بەردەوامن، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ توندتر لەپێشوو بەڕێوە دەچێ. نموونەکەی ئێعدامی لاوانی کورد لەم چەند ساڵی دوایی‌دا ئەمەش رەخنەو بێزاریی زۆری لێ بەرز بۆتەوە. ئەم رێژیمە پێی وایە کە بە کوشتنی لاوانی کورد دەتوانێ خەباتی رەوای کورد بێ دەنگ بکا. بەڵام دژکردەوەی بەرینی رۆڵەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بەرامبەر بەو ئێعدامانە بۆ جارێکی دیکەش ئەو خەیاڵە خاوەی پووچەڵ کردەوەو سەلماندی کە زیندان، ئیعدام، دەربەدەری وکوشتن وماڵ وێرانی.... ناتوانێ چۆک بە خەباتکاران داداو تێکۆشانی ئەوان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد درێژەی هەیە.

لە ساڵی رابردوو رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەک ساڵانی پیشوو خەڵکی کوردستانی هەر لە ژێر فشار ناوەو چالاکوانان و کاسایەتی‌یە

سیاسی‌یەکانی لە بەندیخانە خزاندوون، کاسبکاران‌و کۆڵبەرانی بەر گوللە دراون، سەرەڕای ئەو زەبرو زەنگە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی کوردستان هەروا قایم لەسەنگەری خەباتدا وەستاونەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تێپەڕکردنی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ قۆناخێکی نوێ لەخەباتی دەست پێ دەکاتەوە، دیارە شارەواوە نیە لە ماوەی چەندین دەیە تێکۆشان‌دا کە دەسکەوتی بووەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، شکانیشی هەبوەو بێ هەڵەش نەبووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ڕێگای خەباتی خۆی گرتۆتە بەرو لە هەڵەکانی دەرسی وەرگرتوەو لە کورەی خەباتدا قاڵ‌و پوختە بووە، توانای ئەوەی هەبووە لە راستی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستان تێ‌بگاو بە قازانجی بەرەو پێشبردنی خەباتی گەلەکەی کەڵکیان لێ وەر بگرێ. سەرەڕای ڕێگای دوورودرێژو پڕ لەکەندولەندی خەبات، ئێستاش گەرموگوڕتر لەجاران لەمیدانی خەبات‌و تێکۆشان‌دا ماوەتەوەو درێژە بە خەباتە پیرۆزەکەی دەدا.

# با هەوڵی ژیاندنەوەی «بەسیج» لە کوردستان مایە پووچ بکەینەوە!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە نەبوونی یەکریزی وهاوپێوەندی هێزە شۆڕشگێرو پێشکەوتووخوازەکان لە دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران کەڵکی وەرگرت وبە وورووژاندنی هەستی مەزهەبیی خەڵکی ساویلکە ودرووشمی ریاکارانە توانی جڵەوی دەسەلات بگرێتەدەست وبۆ پتەوکردنی بنەمای دەسەڵاتەکەی پەنا بەرێتەبەر سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە و، لە پنا ئەوش دا هێزە دێموکرات وئازادیخوازەکان توانی سەرکوت بکا، بەڵام بەم حاڵەش لە درێژەی دەسەڵاتی خۆی دا هەهیشە لە گەڵ گەلێک گیروگرفت وقەیران بەرەو روو بووە. بەربەرەکانی هێزەشۆڕشگێڕ ودێموکراتەکانی وڵات لە گەڵ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وبێ باوەری ڕێژیم بە ئەرتەش، کۆماری ئیسلامی لە وەزعییەتێکی تایبەت خست. هەر بۆیەش ڕێبەرانی نیزامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە سەرووی هەموانەوە شەخسی خومەینی بۆ پاراستنی حکوومەتەکەیان کەوتنە بیری دامەزراندنی هێندێک دەزگاو ناوەندی نیزامییو سەرکوتکەری دیکەی وەک «کومیتەی شۆڕگێڕیەکان»و سوپای پاسداران ..... کە بە ڕێژیم وەفادار بن و ئامادەی خۆ بەخت کردن لە پێناو درێژەی دەسەڵاتی ڕێژیم دابن.

دارشتنی گەلاڵەی «بەسیج»یش هەر لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە وپێکانی ئەو ئامانجەدا بوو. کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی کەسانێکی ساویلکە، بناغەی هێزێکیان دارشت و هەموو هێزو تواناایان وەگەر خست تا «بەسیج» و فەرهەنگی «بەسیجی« لە هەموو شوێنێکی ئێران پەرە بگرێ. خەونی خومەینی بۆ رێکخستنی هێزێکی ٢٠ میلیونی، ئەو ئەرکەی خستە سەرشانی ڕێبەرانی نیزام تا

بە هاندانی گوندنشینان، خوێنكاران، قوتابیان وكارمەندەكانی ئیدارە دەوڵەتییەكان و...... هێزی «بەسیج» كە لەژێر بیرۆكەی ملكەجی بۆ دەسەڵات و حكوومەت بە ناو ئایینی كۆماری ئیسلامی دا كۆ بكەنەوە بۆ ئەو كارەش ئێستاش لە گەڵ بیّ لە هیچ هەوڵێك نەوەستاون، لە دارشتنی گەڵاڵەی « بەسیجی دانش‌آموز»ی، «بەسیجی دانشجوویی« و دامەزراندی بەناو «پایگای مقاومت» و «هەستەی مقاومەت» لە ئیدارە دەوڵەتییەكان رابگرە، تا دانی ئیمتیازی جۆراوجۆرو ساویلكە هەڵ خەڵەتێن بۆ بەشداری ئەو جۆرە دامەزراوانەدا.
ئەو سیاسەتەی رێژیم لە كوردستان بە شێوەیەكی جیدی‌تر پەیرەو كراوە ئێستا زۆر جیددی تر هەولّی پەرە پێدانی دەدریّ. رێژیم لە كوردستان لە هێزی« بەسیج» وەک سیخوڕ وئامرازێكی كاتی بۆ سەركوتی جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی كورد كەڵك وەردەگریّ.
رێژیم لە هەلومەرجی ئێستا دا بەشێک لە پێگە و موڵگە نیزامییەكانی لە كوردستان كۆ كردۆتەوەو دەیهەویّ لە رێگای بەهێزكردنی بەسیج وكەڵك وەرگرتن لە كەسانی ساویلكە بۆ سیخوڕی ئەو بۆشاییی‌یە پڕ بكاتەوە.
لەم دواییی‌یانە دا جموجۆلی رێژیم بۆ پەرە پێدان وبەهێز كردنی بەسیج لە كوردستان بەرچاوتر خۆی نواندوە. لەو بارەوە هەوڵی زیاتر لە خۆی نیشان دەداو لەوپێوەندییەش‌دا بە مەستی سڕینەوەی ئەوكارە گەڵاڵەی تێپەڕكردنی ماوەی سەربازی لە ماڵەوە بۆ بەسیجەكان هێنایە گۆڕیّ وبەڕێوەی برد. لە شێوەی سازماندەهی ئێستا دا بەسیجی‌یەكان لە گوندەكان و گەڕەكی شار بە شێوەی دەستەی نیزامی سازمان دراون بەردەوام لە مزگەوتەكان دانیشتنی حەوتوانە پێک دێنن وشەوانەش گەشت ونگهبانی دەدەن. جگە لەوە لە لایەن بەرپرسانی ئیتلاعاتی بەسیج وسپاوە حەوتووی جارێک كۆبوونەوەیان بۆ دەگیریّ. و ئەرک و وەزیفەی تایبەتیان (كە هەمان سیخوڕی وخەبەرچینیی‌یە) بۆ دیاری دەكریّ.
لە بۆنە و رێورەسمەكانی رێژیمدا، بەسیجیی‌یەكان ناچار دەكرێن بە جل وبەرگی نیزامییەوە بەشداری بكەن و خۆیان بە خەڵک نیشان بدەن، بۆ ئەوەی رێگایەک بۆ گەڕانەوەیان نەمێنێتەوە. جیا لەمە مەبەستی شاراوەی دیكەی ئەوكارە ئەوەیە وا نیشان بدریّ كە رێژیم پێگەی لە

نێو خەڵک دا هەیە. چونکە ڕێژیم چاک دەزانێ فەرهەنگی کوردەواری بە گشتی فەرهەنگێکە دژی دیاردەی خزمەت بە بێگانە وسەرکوتکەران، بەکرێگیراوان ئەوانەی لە خزمەتی دوژمنانی کورد دان، لە بەر چاوی خەڵک سووک چرووکن. هەژاری، بێکاری، بێ دەرامەتی لەو هۆیانەن کە کەسانێکیان پاڵ پێوە ناوە بچێتە خزمەت ڕێژیمەوە وڕێژیمیش زۆربەی هەرە زۆری مۆرەکانی خۆی لە نێو ئینسانە لاوازو گوێ لە مستەکان هەڵ دەبژێرێ، وئەوە لە حاڵێک دایە هەر ڕێژیم عامیلی سەرەکی هەژاری، بێکاری، ماڵوێرانی ودارمانی ئابووری وڵاتە.

ئەگەرچی ڕێژیم ئێستاش هەروەک ساڵەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی لە بیرو هەوڵی دەستەمۆ کردن وملکەچ کردنی خەڵک دایە ودەیهەوەێ چەندی دەکرێ ژمارەیەکی زیاتری مۆرە وگوێڕایەڵی بۆ کۆنترۆڵ کردنی جموجۆلی دژ بە خۆی درووست بکا، بەڵام لە بیرمان نەچێ هەر لە ئێران دەزگا سامناکەکەی ساواک، چەند فریای ڕێژیمی پاشایەتی کەوت، ئەرتەشە بیست میلیۆنی‌یە خەیاڵی‌یەکەی خومەینی وئەو جۆرە پیلانانەش هەر ئەوەندە فریای کۆماری ئیسلامی دەکەون. لە بەرامبەر ئەو پیلانەی ڕێژیم (وەک باقی پیلانە نەزۆکەکانی لەو بابەتە)دا پێویستە خەڵکی کوردستان بەگشتی ولاوانی کورد بە تایبەتی بە خەباتی بێ وچانی خۆیان و یەکریزی ویەکدەنگیی خۆیان، ئەو پیلانەی ڕێژیم لە گەل شکان وناکامی بەرەوروو بکەنەوەو جارێکی دیکە سەرشۆری ودامـاوی بۆ ڕێژیم ودامـوو دەزگا ئیتلاعاتی‌یەکان مسۆگەر بکەن.

# بە بۆنەی پنجایەمین ساڵی راپەرینی جوتیارانی موکریان

بە دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان وگیرانەوەی شارو ناوچە ئازادکراوەکانی کۆمار، جاریکیتر زوڵم وزۆری وسەرکوتی دەست وپێوەندەکانی حەمە رەزا شا لە سەر کوردستان، سێبەری خستوو بێ حورمەتی و سووکایەتی بە وەرزێران و زەحمەتکێشان سەری هەڵدایەوە. ئاغاو دەرەبەگەکان ئازارو ئەزییەتی وەرزێران و پێشل کردنی مافەکانی ئەوان گەیاندبووە ئەو پەری خۆی و بە شێوەی جۆراوجۆر جوتیارانیان دەچەوساندەوە هەر بەو پێیەش بزووتنەوەی خەباتگێڕانە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دەرەبەگەکان لە نێو جوتیارانی موکریاندا بەرە بەرە لە حاڵی گەشەکردن دا بوو. هاتنە سەرکاری دەوڵەتی دوکتور محەممەدی موسەددیق و کرانەوەی فەزایەکی ئاوالای سیاسی دەرەفتێکی باشی بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی جووتیاران بە دژی حەمەرەزاشا و دەرەبەگەکانی ناوچە خولقاند. خەڵکی کوردستان بە گشتی و وەرزێڕان بە تایبەتی کە هێشتا داخی لە دەستچوونی کۆماریان لە دڵ دا بوو لە لایەکی دیکەشەوە پشتیان لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و فشاری باج وخەراجی  ئاغاکان دا چەمابووە، بە دژەی ئەو باروو دۆخە راپەڕین و جووڵانەوەیەکی بەرینیان وەرێ خست.

دوکتور موسەددیق سەرۆک وەزیری ئەو کات لە رەزبەری ١٣٣١بۆ کەم کردنەوەی دەسەلات و پاوانخوازو دەرەبەگەکان قانونێکی لە ژێر ناوی سەدی بیست( لە سەدا بیستی)  پەسەندەکرد. ئەو قانونە جۆرێک دابەشکردنی بەرهەم لە نێوان جوتیاران خاوەن موڵکەکان دا بوو، بەو شێوەیە دەبوو لە سەدا بیستی داهاتی موڵکانە لە دەرەبەگ وخاوەن موڵکەکان وەربگیرێ وسەدی دەی بدرێ بە وەرزێران و سەدی دەی دیکەش لە رێگای شوڕایەکەوە بۆ ئاوەدانی ئاوایی کەڵکی

لێ وەربگیرێ. ئەو قانونە ئەوەندەی کە لە نیو وەرزێراندا پێشوازی لێکرا ئەوەندەش بووە هۆی توورەیی و نارەزایەتی دەرەبەگەکان هەر بۆیەش دەرەبەگەکان بە ئاشکرا بەر هەڵستی بوونەوە و بە کردەوە زیاتر لە جاران فشاریان خستە سەر جووتیاران و لە زۆر شوێنانیش لە دانی بیست لە سەدی دیاریکراو خۆیان دەپاراست وزوڵمێکی یەکجار زۆریان لە جوتیاران دەکرد ئەگەر ئاورێک لە پێوەندی ئەو کاتی نێوان خاوەن مولک و جوتیاران بدەینەوە دەبینین پەسەندکرانی ئەو یاسا نوێیە هاندەرێک بوو بۆ خەبات دژی دەرەبەگە چەوسێنەرەکان و بەرەنگاربوونەوەی جووتیاران بۆ وەدەست هێنانی مافە چیینایەتیەکانیان لەو هەلوومەرجەدا جووتیاران لە بەرانبەر یەکگرتوویی دەرەبەگەکان و هاودەستی ژاندارمەکاندا بە ڕێنوێنی پشتیوانی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەرەنگاری ئاغاکان بوونەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی هەرچەند ئەو کات بە تەواوی زیندوو نەبوونەوە بەڵام لە دوو لاوە یارمەتی باشی جووتیارانیان کرد، لە لایەک ڕاستەوخۆ ڕێنوێنیان دەکردن کە چۆن حەقی خۆیان بە پێی قانوونی پەسندکراو بستێنن و تێیان گەیاندن کە گونجاندنی ئەو قانوونە پاشەکشەیە بە دەرەبەگایەتی و هەنگاو بۆ دواڕۆژ خۆش دەکا، لە لایەکی دیکەوە هەوڵیان دەدا کە ڕاپەڕینی جووتیاران لە تاران دەنگ بداتەوەو رەنگدانەوەی سیاسی هەبێ.

لە هێندێک جێگا وەک فەیزولابەگی، بەتایبەتی گوندی «ئاڵبلاغ» کە ناوەندی راپەڕین بوون، ئاغاکان گوندەکانیان بە جێ هێشت وچوونە نێو شاری بۆکان. بە شێوەیەک کە بۆکان ببووە جێگای ئاژاوە و پیلانگێڕی دەرەبەگان وژاندارمەکان دژی جووتیارانی ناوچەی موکریان. هەر وەها لە شامات وشاروێران و چۆمی مەجیدخان، ناوچەی سندووسیش، جووتیاران کومیتەی خۆیان پێک هێناو لە ژێرناوی جێبەجێ کردنی قانوونی سەدی بیست دا خەباتی خۆیان پەرە پێداو لە نێو کۆمیتە پێک هاتووەکاندا نوینەریان هەڵبژاردوو بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانی دەرەبەگەکان وژاندەرمەکان دەیان ناردنە ئیدارەکانی دەوڵەتی و هەموو خەرجێکی پێویستی ئەوکارە یان دابین دەکرد. ئەو کات لە ئێران بە گشتی و هەر وەها لە کوردستانیش دوو سیاسەت بەڕێوە

دەچـوو، یەکەمیان سیاسەتی دەوڵـەتـی (بەرنامەکانی موسەدیق)، ئەویتریان سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەرتەش بوو کە راستەوخۆ لە شا فەرمانی وەر دەگرت. هەربۆیە ئامرازێک بۆ گونجاندنی قانوونی لە سەدا بیست بە دەستەوە نەبوو، چونکە لە کوردستان ئەرتەش راستەوخۆ دەستی لە هەموو کارێک وەر دەدا، لە هەلومەرجێکی یەکجار دژواردا جوتیاران زۆر ئازایانە بە رێنوێنی حیزبی دیموکرات لە بەرەیەکدا بەرەنگاری دەرەبەگەکان و هاوپەیمانەکەیان(ئەرتەش وشا)بوونەوە وراپەرین. شا بە پێچەوانەی موسەدیق ودەوڵەتەکەی، پشتیوانی لە دەرەبەگەکان دەکرد. بۆیە سەرتیپ «موزەفەری» فەرماندەی ئەو کاتی مەهاباد کە گوێ رایەڵی دەرەبەگەکان بوو، بە لەشکرێکی کۆک وپۆشتەوە بەسەر کوتی جووتیارانی راپەڕیو واتە جووتیارانی ناوچەی بۆکان کەوتە رێو وچەک وتەقەمەنییەکی زۆری لە نێو دەرەبەگەکان دا بڵاو کردەوە. لەو هێرشە سەرکووت کرانە و وەحشیانەیەدا جووتیارانی ناوچە بە توندی سەرکوت کران و ماڵ ومنداڵ وپیرو لاو وەک و یەک کەوتنە بەر پەلاماری هێرشکەران( دەرەبەگەکان ژاندارمەکان). تەنانەت منداڵی چەند مانگەیان بە لانکەوە لە چۆمی تەتەهوو دەهاویشت وخەڵکی تازەکەند وقەباکەندی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان تەرمی خنکاوی ئەوانیان لە ئاو دەگرتەوە. دەرەبـەگـەکـان بـە هـاوکـاری پشتیوانەکانیان، ئـەو کەسانەیان کە دەوری بەرچاویان لە راپەرینەکەدا هەبوو دەربـەردەر کردوو هەر بەوەندەش رانەوەستان. سەدانی کەسیان بە ماڵەوە لە گوندەکان دەر کرد. ئەم کردەوە سامناکە هەرچەند لە ناوچەیەکی بچووک دا بەڕێوە چوو بەڵام لە ئاکامی هەوڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا لە ئێران دا دەنگی دایەوە. دەربار ناچاربوو بۆ ئـەوەی ریسوا نەبێ پێشی دەرەبەگەکان بگرێ تا چی دیکە کوشتاری خەڵک نەکەن. ئەم کردەوە شۆڕشگێرانەیەی حیزبی دیموکرات لەو سەردەمەدا لە لایەک کاریگەرێکی زۆری لە سەر پێ گەیاندن و وشیار کردنەوەی جووتیاران و زەحمەتکێشان هەبوو لایەنگرێکی زۆری لە دەوری حیزب کۆ کردەوەو پایەی رێکخراوەیی حیزبی دیموکراتی لە نێو جووتیاران دا بە هێز کردوو جووتیارانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی موکریان

بە تایبەتی ئەزموونێکی باشیان لی وەرگرت. لە لایەکی دیکەشەوە زەمینەیەکی وای پێک هێنا کە دوا بە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەو ناوچەیە ببێ بە پەناگەیەکی ئەمن بۆ ئەندامانی حیزب، بە چەشنێک کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هەموو شێوەیەک یارمەتی ئەندامانی حیزب بدەن. ئەگەرچی راپەرینی جووتیارانی موکریان پاش ٦ مانگ سەرکوت کرا، بەڵام ئێستا پاش تێپەڕینی ٥٠ سال بە سەر ئەم راپەڕینە دا، هێشتا یادی ئەو بزووتنەوەیە لە نێو دڵی جووتیاران دا زیندوویەو حیزبی دیموکراتیش ئەو راپەرینە وەک لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی خۆی چاو لێ دەکاو رێزی لێ دەگرێ.

راپەرینی جووتیارانی موکریان ئەگەرچی سەرکوت کرا بەڵام وەک ئەزموونێک لە لایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە کەڵکی لێ وەرگیراوبوو بە هەوێنی خەبات و خۆڕاگری وبەربەرەکانی بە دژی زۆردارانی دەسەڵاتدار لە قۆناغەکانی دواتردا. خەڵکی ناوچەی موکریان لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئێسلامی دا بەر دەوام لە مەیدانی خەبات وتێکۆشان دا بوون و وەک هەمیشە بە پێی رێنوێنییەکانی حیزبی دیموکرات درێژەیان بە خەبات بە دژی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی داوەو لە رێگای وەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان دا هەزاران رۆڵەی خۆیان لە ریزەکانی حیزب و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا، کردووە بە قوربانی. یادی خەبات وبەربەرەکانی جووتیاران و زەحمەتکێشانی موکریان لە راپەرینی ٦ مانگەیان دا بە دژی دەرەبەگەکان وپشتیوانەکانیان لە پاییزو زستانی ١٣٣١دا بە رێز بێ.

# پەیامی فێرگەی سیاسی نیزامی
# بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگە

هاورێیانی بەرێز و خۆشەویست
خوشک و برا بەرێزەکان! بۆ مراسمی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی –نیزامی وکۆتایی دەورەی ١٨٥ی سەرەتایی بەخێر بێن لە پێش هەمووشتێک دا بە بۆنەی تەواو بوونی سەدو هشتا وپێنجەمین دەورە لە کارو تێکۆشانی فێرگەی سیاسی- نیزامی پیرۆزبایی یەکی گەرم پێش کەشی هەمووتان دەکەم. لە ئەندامانی رێبەری ڕا تا تازەترین پێشمەرگەکان و هەموو ئەو کەسانەی ڕێبازی حیزبی دێموکراتیان گرتوتەبەر. هاورێیان! بەرلە دامەزرانی ناوەندێکی فێرکردن و بارهێنانی پێشمەرگە، ئەوکەسانەی دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەرکی فێرکردنیان بە شێوەی پچڕ پچڕ، بە گوێرەی سەلیقەی جیاواز لە ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە دەچوو کە لە جێی خۆی دا شتێکی بە کەڵک و باش بوو. بەڵام مخابن بە هۆی هەل ومەرجی دژوار و هێندێک هۆی دیکە ئەو دەورە ئاموزشیانە تەمەنیان کەم بوو. ئەو دەورە ئاموزشیانە ڕێکوپێک نەبوون و مەودای ئیدامەی کاریان نەبوو. لێرەدا وەک نمونە ئاماژە بە هێندێک لەو دەورانە دەکەین.
١-یەکەم دەورەی نیزامی حیزب لە بەهاری ١٣٥٨ لە سەری مەیدانانی ناوچەی مەهاباد پێک هات.
٢-لە ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩تا ٢٠ ی گەلاوێژ دەورەیەکی سیاسی نیزامی گەورەتر کە لاوانی پێشمەرگەی زۆربەی ناوچەکانی تێدا بەشدار بوون لە باغی «یەنگیجە»ی نیوان ئاشی گوڵان و سەردەرابادی بۆکان بۆماوەی ٢مانگ بەرێوە چوو. هاوکات شانبەشانی ئەو دەورەیە هەر لەو ماوە زەمانی یە دا لە گوندی« خرە جۆی« مەهاباد دەورەیەکی سیاسی کادر بە بەشداری کادرەکانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

٣- نیوەی یەکەمی هاوینی ١٣٦٠ لە ئاوایی نەڵۆسی شنۆ دەوەرەیەکی سیاسی نیزامی بۆ ماوەی یەک مانگ بەڕێوە چوو دواتر گۆازرایەوە بۆ گوندی سینگان.
٤-لە گوندی گرژاڵی سەردەشت لەساڵی ١٣٦٠ دەورەیەکی دیکە بە ڕێوە چوو.
٥- لە ناوچەی مەنگورانی مەهاباد لە ها وینی ١٣٦١ بۆماوەی ٢ مانگ دەورەیەکی سیاسی نیزامی بەڕێوە چوو .
٦-لەئاوایی خدراوێی نێوان سەردەشت و پیرانشار دەورەیەکی سیاسی نیزامی لە ساڵی ١٣٦١ بەڕێوەچوو.
ئەوە هێندێک لەو دەورانە بوون لە هێندێک شوێنی کوردستان بەڕێوە چوون
لە گەڵ ئەوەی دەورەکان هەر جارێ لە شوێنێک و لە لایەن ئۆرگانی جیا جیا بەڕێوە دەچوون و حیزب ناوەندێکی هەمیشەی تایبەت بە فێرکردنی نەبوو، بەو حاڵەش بارهێنانی پێشمەرگە نەوەستاوە و بە شێوەی جۆراوجۆرو بە ئیبتکاری فەرماندە نیزامیەکان کە ئەو کات زۆربەیان ئەفسەرو دەرەجەداری نیشتمانپەروەری پێشووی ئەرتەش بوون بەرێوە دەچوون. بۆ وێنە لە بەهاری ١٣٦٠دەورەیەکی سیاسی نیزامی لە «ئەشغەڵی» ناوچەی ڕەبەت بە بەشداری رادەیەکی بەرچاو تر لە بە شدارانی دەورەکانی پێشوو بۆ ماوەی دوو مانگ ونیو بەڕێوە چوو کە جیاوازی یەکی تەواوی لە گەڵ دەورەکانی پێشوو هەبوو. بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ بە شدارانی دەورەکەدا بۆ یەکەم جار بوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لاوانی بە هەست ونیشتمانپەروەر لەیەک دەورەدا کۆ دەکرانەوە. بەڵام بەهۆی هاتنی بەر بڵاوی لاوان بۆ ریزەکانی حیزب لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بەرین بوونەوەی بەرەکانی شەڕ کە هەموو کوردستانی گرتبۆوە ئەو دەورە بڵاوانە نەیانتوانی وڵامدەری هەلومەرجەکە بن، هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ لە سەر پێشنیاری فەرماندەرانی نیزامی و هەستکردن بە پێویستی پەروەردەی زیاتر لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە ، ئۆرگانێک بە ناوی کۆمیسیونی پێشمەرگە پێک هات .
یەکێک لە بەشە بنەرەتیەکانی کومیسیونی ناوبراو بەشی

فێرکردنی سەرەتایی پێشمەرگە بوو کە لە گوندی بێتووشی ناوچەی سەردەشت دەستی بەکار کرد . ئەرکی ئەو بەشە بریتی بوو لە :
_فێرکردنی لاوەکان لە سەر شەڕ و ئاشنا کردنیان بە چەک وکەرستەی نیزامی و ئەرکە کانی دیکەی پێشمەرگایەتی، بە تایبەت گۆڕینی هەستی شۆرشگێرانەی لاوان بەشعووری سیاسی، بردنە سەری توانای فەرماندەران لەبواری سیاسی نیزامی دا، دانانی بەرنامەی ئاموزشی بەپێی ئال و گۆڕی وەزعی خەبات و جۆری تاکتیکەکانی ڕێژیم وخۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکان بەپێی ئاموزشی نوی وچۆنیەتی ڕەفتار لە گەڵ دیلەکانی شەڕ.
سەرەنجام بە هۆی گۆرانکاری و گرینگیی فێرکردن وبارهێنانی پێشمەرگە، ڕێبەرایەتیی حیزب و لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدی هەمیشە زیندو دوکتور قاسملوو ئیمکاناتی پێویستی بۆ پێک هێنانی زانکۆی حیزب تەرخان کرد. زانکۆی حیزب لە ساڵی ١٣٦١ لە پیربابای ناوچەی ئالانی سەردەشت و لەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی کومیسیۆنی پێشمەرگە دەستی بە کار کرد. دەورەکانی یەکەم تا سێهەم لە بنکەی پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت ئاموزش دران. بەڵام بە هۆی زۆر بوونی ڕادەی بەشدارانی دەورە وپڕ کاری و ئالۆزیی شوێنی دەورەکان، بەو جۆرە چاوەروان دەکرا کاری فێرکردن بە باشی بەڕێوە نەدەچوو. هەر بەو هۆیەوە داوا لە دەفتەری سیاسی کرا شوێنێکی سەربەخۆ بۆ فێرکردن دیاری بکرێ.
لە سەر ئەو پێشنیارە دەفتەری سیاسی موافقەتی کرد لە شوێنێک لە بەرزایی تالیشی ناوچەی سەردەشت کە لە دەوروبەری دفتەری سیاسی هەڵکەوتبوو ناوەندی زانکو دابمەزرێنێ بو ئەوێ هەم پاریزەری بنکەکانی دەفتەری سیاسی بێ و هەم بتۆانێ کاری ئاموزشیی خۆی لەشوێنێکی سەربەخۆ بەڕێوە بەرێ.
لە بەر ئەوەی دانانی ناوەندێکی ئاموزشی سیاسی _نیزامی بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار بوو کە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە لە کاتی بەربەرکانی لە گەڵ ڕێژیم داپێک دەهات، یەکەم دەورەکانی زانکۆ گرینگی تایبەتی هەبوو .
ساڵی ١٣٦٢ بڕیاری گۆڕینی ناوی زانکۆ بە فێرگەی سیاسی _نیزامی درا ولەمە بەدوا بەرنامەکانی کاری فێرگە بەشێوەوی خۆارەوە بەرێوە دەچوو.

١- دەورەکانی سیاسی سەرەتایی، سیاسی نێونجی و سیاسی عالی لە ژێر چاوەدێری بەشی سیاسی دا بەڕێوە دەچوون.
٢_ دەورەکانی نیزامیی سەرەتایی و مودیرییەتی لەژێر چاوەدێریی بەشی نیزامی‌دا بەرێوە دەچوون.
بۆ باشتر بەرێوە چوونی کارەکانی فێرگە ی سیاسی _نیزامی ئایین نامەی نێو خۆیی دارێژرا کە بە پەسەندی دەفتەری سیاسی گەیشت. لەو کاتە بە دواوە فێرگە کارەکانی خۆی بەپێی ئەم ئایین نامەیە بەڕێوە بردوە، بە پیێ قوناغە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕی پێویستی بەسەر ئەو ئایین نامە دا هێناوە وخۆی لەگەڵ هەلومەرج و قوناغەکانی خەبات گونجاندوە.
دوای کونگرەی حەوتەمی حیزب، بریاری پێک هاتنی کومیسیونی سیاسی _ نیزامی لە تێکەڵاو کردنی کومیسیونی پ_م و کۆمیسیونی تەشکیلات درا. فێرگەش کە تا پێک هاتنی کومیسیونی سیاسی _ نیزامی لەلایەن ئەو دوو کومیسیونە ئیدارە دەکرا وتەنانەت لە ئیدارەی نێوخۆیشی دا ئەو شێوە ئیدارە کردنەی پێوە دیار بوو. بە پێک هاتنی فێرگەی سیاسی _نیزامی، فێرگە وەک بەشێکی فەعال وچالاکی ئەو کومیسیونە شێوەی کاری گۆڕاو، خۆی لە گەڵ شەرایەت و مودیرییەتی نوێی حیزب گونجاندو هێندێگ بەشی نویی پێوە زیاد کرا.
ئەو بەشانەی بەو شێوەیە دەتوانین باس بکەین:
١- کۆڕی هونەری، لە پێش کونگرەی هەشتەمی حیزبەوە وەک بەشێک خرابووە سەر فێرگەی سیاسی نیزامی و هەتا دوای کۆنگرەی ١٢وەک بەشێکی سەر بە فێرگە درێژەی بە چالاکی هونەریی خۆی داو لە دەیان بۆنەو جێژنی حیزبی دا بەرنامەی هونەرییان پێشکەش کرد ئێستا ئەو کۆڕە سەر بە کومیسیونی ئامووزشی حیزبە.
٢- یەکیتی لاوانی دێموکرات وەک رێکخراوێکی سینفیی لاوان، لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٥ بە پێی بریاری دەفتەری سیاسی هاتە ژێر چاوەدێری فێرگە تا دوای کونگرەی هەشتەم ئەو وەزعە درێژەی هەبوو بەڵام بە دوای کونگرەی هەشتەمەوە بە شێوەی سەربەخۆ درێژەی بە کارەکانی دایەوە.
٣- تەعمیرگای چەک وچۆڵ کە لە ساڵی ١٣٦٧ ڕا خرایە سەر فێرگە.
٤- بەشی خەیاتی، ساڵی ١٣٧٥ بە مەبەستی دروونی جل وبەرگی پێشمەرگە تازە هاتووەکان لە فێرگە دامەزراوە کە تا

ئێستاش زۆر بە ڕێکوپێکی و دڵسۆزانە ئەو ئەرکە بەرێوە دەبا.
لە ماوەی تەمەنی فێرگەدا زۆربوون ئەو کەسانەی کە دڵسۆزانە ئەرکی مامۆستایەتیان لە بەشەکانی سیاسی و نیزامی دا بە ئەستۆ گرتوەو بە گەرماو سەرماو لە ژێر چادرو ئەشکەوتدا لە خوبوردوویی وفیداکاریان نواندوە و مایەیان لە خۆیان داناوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لە زانستی خۆیان بەهرەمەند بکەن و، تەنانەت هێندێک لەو مامۆستا بەرێزانە بێجگە لە کاری مامۆستایەتی کاری دیکەی حیزبیشیان بووە لە کاتی بەرێوەبردنی کاری حیزبی دا بە داخەوە شەهید بوون.
ژمارەیەک لەو تێکۆشەرانەی رۆڵیان لە بەرێوەبردنی فێرگەو وانەوتنەوە وکارو باری دیکەی فێرگەدا هەبووە وئێستا بە داخەوە لە ژیان دا نەماون بریتین لە:
شەهید دوکتور قاسملوو کە مامۆستاو پشتیوان و پێکهێنەری فێرگەی سیاسی نیزامی بوو. شەهیدان: دوکتور سادق شەرەفکەندی ، سەرگورد عەباسی، سەرگورد کەریم علیار، کاک هەژار، سەیدسەلام عەزیزی، نبی قادری ئەبوبەکر هدایەتی، تەها کرمانج، غفور مهدیزادە، خلیل مرادی، ئازاد رحیم زادە، سەروان خەلیل زارعی، چەکۆ رەحیمی، ئەبوکر مستەفا زادە، عەلی ئەمینی ، حیدر رۆستمپور و فەردین سادقی.
بێجگە لەو ماموستایانە ژمارەیەکی بەر چاو لە کادرو پێشمەرگەکان لە بەشەکانی دیکەی فێرگە ئەرکیان بەرێوە بردوە. فێرگەی سیاسی نیزامی بە درێژایی ٢٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆی دا دەوری بەر چاوی لە فێرکردن بار هێنانی لاوانی کوردستان دا بووە کارنامەی فێرگە لەم ماوەیە دا بەم جۆرەیە.
١٨٥ دەورەی سەرەتایی، ١١ دەورەی سەرەتایی کادر، ٣ دەورەی باز ئامووزی نیزامی، ٩ دەورەی تایبەتی چەکە سوکەکان، ٢ دەورەی فیلمبەرداری، ٧دەورەی مین هەڵگرتنەوە، ١٣دەورەی مودیرییەت وفەرماندەهی، ٢دەورەی مامۆستایەتی شۆڕش، ٢دەورەی چەکی نیوەقورس و١دەورەی نەقشەخانی ومین کاتۆشا و هاوەنی ١٢٠.
ماوەتەوە بلێم ئەوەی ئەورۆ جەژنی بۆ دەگرین لە و١٨٥دەورەیە، لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو دا بێ شک هەزاران لاوی بەهەست فێری سەرەتاکانی کاری نیزامی و سیاسی بوون. لەم هەزاران کەسە

بەشێکیان گیانیان بەخت کردوە، هێندێکیان بە هۆی جوراوجۆر لە کادرو پێشمەرگەی تەواو وەخت دابڕاون یا بە دلایلی جوراوجۆر بە هۆی موشکیلاتی ژیان دانیشتوون یان روویان لە ولاتانی دەرەوە کردوە، ئەوانەش دەتوانین وەک سەرمایە حساب بکەین. بە خۆشیەوە ئێستا فێرگەی حیزب لە سەر پێگەیاندنی لاوانی پێشمەرگە بەردەوامەو لە هەر دەورەیەک دا دەیان رۆڵەی دڵسۆز ونیشتمانپەروەری کورد، بۆ خزمەت بە حیزبی دیموکرات وجولانەوەی کوردستان ئامادە دەکا.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە فێرکردنی پێشمەرگە نابێ بە تەواو کردنی دەورەی فێرگە کۆتایی پێ بێ. نابێ هەر تەنیا فێرگەی سیاسی نیزامیی بنکەی ئاموزشی ئێمە بێ. دەبێ هەموو ئورگانەکانی حیزب ئەرکی پێگەیاندنی کادرو پـم کانی حیزب درێژە پێ بدەن جێی خۆیەتی قامک لە سەر ئەو پێویستی‌یە دابنێین کە دەبێ شێوەی فێرکردن و فێربوون بگۆرین وەک دەرسەکان ومامۆستاکانمان گۆڕیوە و مکانیزمی نوێمان داناوە با مەیدانی فێربوونمان بگۆرین نەک تەنیا لە فێرگە بەڵکو لە هەموو ئەو جێگایانەی کە بە شێوەی عەلەنی وئاشکرا حزورمان هەیە. دەبێ هەول بدەین فێرببین ، فێرکەین ، فێری مودیریەت بین. نەک مودیرییەت تەنیا بۆ بەرێوە بردنی کاروباری هەستەیەک یا پەلێک و لکێک، بەڵکو مودیرییەت لە بواری زۆر بەرینتردا چ لە تەشکیلاتی حیزبدا چ لە کاری دیپلۆماسی دا، دەبێ فێرببین لە گەڵ مودێرنترین و پێشکەوتووترین کەرەسەی دنیای ئەمرۆ خۆ بگۆنجینین.

لەم دەرفەتە دا بە پێویست دەزانم وێرای پیرۆزبایی دووبارەبە بۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی نیزامیی پیرۆزبایی گەرم لەو لاوە خوین گەرمانە بکەم کە لە دەورەی ١٨٥ دا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان لەبەر کرد .

لە کاتێک دا پڕ بەدل سوپاسی هەستی خاوێنی هەموو ئە و کەسانە دەکەین کە لە بەڕێوە بردنی فێرگە دا هاوکاریان کردووین و ئاواتم ئەوەیە هەموومان پێکەوە بەهاوکاری یەکتر و بە پشتیوانی کومەلانی خەڵکی کوردستان بتوانین ئەرکە نیشتمانی‌یەکانمان بەڕێوە بەرین و لای شەهیدانی نەمر و خەڵکی کوردستان سەربەرز و سەربڵیند بیینەدەر.

# یادی ٣٤ ساڵەی رادیۆ دەنگی کوردستان

رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٣، سی‌وچوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە. ئەوەی ئەمڕۆ لەو کورتە باسەدا یادی هەڵکردنی مۆمی ٣٥ ساڵەی رادیۆ دەنگی کوردستان دەکەینەوە زۆرتر دەبێ ئاوڕ لە سەرەتایی دامەزرانی‌و ساڵەکانی سەرەتایی بدەینەوە کە ئەو کات وەک دەنگی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لەمانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ بە سەرەتاییترین ئیمکانات دەستی بە کار کردو لە ماوەی چەند ساڵ کاری بەردەوامی خۆیدا لەگەڵ ئەو هەمووە گیروگرفتە جۆراوجۆرەی لە سەر رێگای بووە رۆژ لەگەڵ رۆژ بە گوڕو تینەوە درێژەی بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی داوە.

رادیۆ کوردستان لە کاتێکدا دامەزرا کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشی بەربڵاویان کردە سەر کوردستان،و لە راگەیەنەکانیشیان فڕوفیشاڵی درۆو ریباکارانەیان بۆ خەڵک بڵاو دەکردەوەو تا تۆوی دووبەرەکی‌و ناهۆمێدی لەنێو خەڵکی دا بچێنێن، بە تایبەتی ئەوکات پێشمەرگە بەرەبەرە لەشارەکان دەهاتەدەر، بۆیە دامەزرانی دەنگی کوردستان لە هەڵومەرجێکی ئەوتۆدا پێویستییەکی مێژوویی بوو.

لەماوەی کاری رادیۆ کە ببووە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و سەری بە هەموو ماڵ‌و کەلێن‌و قوژبنێک دا دەکرد، هەر لەو کاتەدا یەکێک لە هەدەفەکانی کۆماری ئیسلامی بوو ئەوەندەی لە توانایان دابوو شوێنی رادیۆ بدۆزنەوەو بۆمبارانی بکەن بەڵکوو ئەگەر بۆیان کرابوایە بۆ ماوەیەکی کاتیش دەنگی حەقخوازانەی کورد بێ دەنگ بکەن ئەگەرچی زۆرجار گرمەی تۆپ‌و بۆمبی فڕۆکەکانی کۆماری ئیسلامی، بێژەرانی رادیۆی راچڵەکاندوە بەڵام لەکار نەوەستاون‌و لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتانەی لەسەر

ڕێگای بوون ئەو رادیۆ خنجیلانەی کە لەسەردەمانێک چرای ڕووناکی نەتەوەی کوردبوو هەر درێژەی بە کاری خۆی دا.
خۆشەویستی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لای کۆمەلانی خەڵک لەوەدابوو کە لە هەموو هەڵومەرجیکدا راستییەکانی بە کۆمەڵانی خەڵک دەگوت، ئەگەر ژمارەیەکی زۆریش پێشمەرگە شەهید بوایە رادیۆ راستییەکانی بڵاو دەکردەوەو و تەنانەت زۆرجاریش داموودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی بۆ راستیودرووستی ئاماری شەڕەکان پشتیان بە هەواڵەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان دەبەست. بۆیە لەلایەک چقڵی چاوی دوژمن بوو لە لایەکی دیکە جیگایەکی حاشا لیَ نەکراوی لە نێو جوولانەوەی کوردو کوردستاندا بۆ خۆی کردبۆوەو خۆشەویستو جیگای باوەڕو متمانەی نێو خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنابوو، ئەوە شانازییەکی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەت ئەوانەی هەڵسوورینەرانی رادیۆ بوون بە حەق دەبیَ پێی بنازنو سەربەرز بن.
لەدنیای ئەمڕۆدا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بە تەکنەلۆژیدا هاتوەو پێشرەفتی زۆری کردوەو رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر بەرەو پێش هەنگاو دەنیَ، بەڵام با ئەوچرا گەشاوە لە بیر نەکەین کە لەسەردەمانێکدا جێگای هیواوهۆمێدی خەڵکی کوردستانو ئاوێنەی راستییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بوو.
ماوەتەوە لەو باسە کورتەدا بڵێن و ئاماژە بەوە بکەین کە زەحمەتو ماندووبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرێوەبەرانو هەڵسووڕاوانو کادرو پێشمەرگەی رادیۆ، لە رێبەرایەتیڕا بگرە تا پێشمەرگەیەکی سادە، کە ساڵانێکی بەردەوام زەحمەتیان کێشاو تکتک ئارەقەیان دەرِشت لە هەموو هەلومەرجێکدا بیَ وچان و راوەستان بۆ ساتێکێش ریگایان نەدا ئەو رادیۆ بە نرخە لە کار بوەستیو زۆر جاریش لە گواستنەوەدا تەنانەت ئامادە بوون گیانی خۆیان پێشکەش بکەن، سپاس بۆ زەحمەتەکانیان، بۆ فیداکارییان، بۆ ماندووبوونی شەوو رۆژیان، لەراستی ئەوانەی بوونە هۆکاری بەردەوامبوونی رادیۆ جێگای شانازی حیزبی دیموکراتو خەڵکی کوردستانن.

# مردنی داهێنەرێك

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی داهێنەری چەکی کلاش، میخایل کلاشینکۆف ماڵئاوایی لەدنیای پڕلە کێشە کردو بۆ هەمیشە سەری نایەوە.، ناوبراو بیرۆکەی داهێنانی چەکی کلاش «کلاشینکۆف» لەدوای شەڕ لەگەڵ ئالمانی نازی کە لەوێدا بریندار بوو بەزەین داهات.
سالی ١٩٤١ کاتێک لەشکری ئالمان شاری «بریانسک» بەتەواوی خاپوور دەکاو زیاتر لە حەفتا هەزار کەسی تێدا دەکوژرێ، سەرئەنجام پاشەکشە بە لەشکری یەکێتی سوڤییەتی پێشوو دەکا، مخایل کلاشێنکۆف لەو شەڕەدا بریندار دەبێ و خۆی لە نەخۆشخانەیەک دەبینێتەوە. پاش ئەوەی لەمردن رزگاری بوو بیری تۆڵەکردنەوەی ئەوە شەڕ بەتەواوی مێشکی میخایلی کۆڵی کە بەدەست ئێش وئازارەوە لەسەر تەختی نەخۆشخانە دەینالاند، کەچاوی هەڵێنا داوای کاغەز وقەڵەمی کردو زۆر کەس لەوانەی لە دەورووبەری بوون هەستیان کرد کە داهێنانێکی لەمێشک دایە. ناوبراو پاش ئەوەی نەخشەی داهێنانەکەی تەواو کرد خستییە باخەڵی وبەرەو ماڵی گەڕایەوە.
میخاییل کە وەک برینداریکی شەڕی دووهەمی جیهانی چاوی لێ دەکرێ، دوای زیاتر لە ٥ سال بیرکردنەوە لەو نەخشە سادەیەی لە نەخۆشخانە بە مێشکی داهات بڕیاری درووستکردنی چەکی ئوتوماتیکی کەلاشینکۆف ٤٧akی بەدژی ئالمانییەکان ڕاگەیاند. هەرچەند تا تەواو بوون و درووستکردنی ئەوچەکە نە دەسەلاتی ئالمانی مابوو نە ئێش وئازاری برینەکانی میخاییل، بەلام یەکەمین تاقی کردنەوەی ئەو چەکە لە سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی شۆڕشی بوداپێست پێتەختی مجارستان دا بوو، کە زیاتر لە پەنجا هەزار مجارستانی و نزیک بە ٨ هەزار سەربازی «یەکیتیسوڤیەت»پێشوو شورەوی تێدا کوژران.
دوابەدوای دووهەم شەڕی جیهانی، تفەنگی کلاش برەوێکی زۆری

بەخۆیەوە دی چونکە وەک چەکێکی سووک لە زۆربەی وڵاتان کەڵکی لێ وەردەگیرا تەنانەت بەرهەم هێنانی ئەو چەکە ٢٠ بەرابەر کراو لەدەورانی شەڕی سارد وای لێهات کە لە زۆر وڵاتان لە کەلوپەلی ماڵەوە هاسانتر دەست دەکەوت. وای لێهات میخاییل لە کۆتاییەکانی ژیانی‌دا لە درووستکردنی ئەو چەکە پەشیمان بۆوەو رایگەیاند کە « خۆزگە لە جیاتی ئەو چەکە ئامێرێکی وەرزێڕیم درووست کردبایە» چونکە بەسەری پیری ئاگادار بوو پێیان راگەیاندبوو ساڵانە زیاتر لە دووسەد هەزار کەس بە چەکی کلاشینکۆف دەکوژرێن. ناوبراو هەر چەند شانازی بە درووستکردنی کلاشینکۆفەوە دەکردو لە نێو هێندێک ئاڵاو ئارمی حیزبی وڵاتان دانراوە راشی گەیاندوە کە بۆ تیرۆریستانی درووست نەکردوە، کاتێک وێنەی چەکەکەی لە ئاڵای حیزبوولا دەبینێ خۆی بەشەرمەزار دەزانی.

شتێکی دیکە کەدەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە زۆر لە گەلانی بن دەست بەگشتی وکورد بەتایبەتی لە خەباتی چەکدارانەیان بۆ وەدەست هێنانی ماف وئازادییەکانیان کەڵکی زۆریان لەو چەکە وەر گرتوە.

کاتێک دوژمنان بە هەموو جۆرە چەکێک پەلاماری گەلی کوردیان دابوو، کاریگەرترین چەکی کورد بۆ بەرگری کردن لە خۆی چەکی میخاییل بوو کە بۆ بەربەرەکانی دژی زۆرداران کەڵکی لێ وەردەگرت. بۆ خۆی ئاماژەی کردوە بۆ بەرگری کردن لەبەرامبەر داگیرکەران دا درووستی کردوە نەک بۆ تیرۆریستان، بەڵام ئەو رایەی ناوبراو تەنیا لەقسە دا ماوەتەوە، چونکە ئەو چەکە بەدەست هەموو کەسەوەیەو تەنانەت بۆ سەرکوتکردنی گەلانی ژێر دەستیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

# هەوڵی رێژیم بۆدەسڕاگەیشتن بەچەکی ئۆتۆمی و هەڕەشەکانی ئەمریکا

رێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای شەڕی ئێران وعێراق هەوڵ وتەقەلای زۆری دا کە دەستی بە ریئاکتۆرێکی ئەتۆمی بگا. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای ساڵ ١٣٧٠چەند کەسی رەوانـەی چین کردو جەنجاڵێکی گەورەی لە سەتحی نێونەتەوەیی‌دا وەڕێ خست ودەوڵەتی رۆژئاواو زۆر لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان نیگەرانی خۆیان دەڕبری کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی دەست راگەیشتن بە ریئاکتۆڕی ئەتۆمی ولە ئاکامدا چەکی ئەتۆمی‌یە. هەر چەند ئەوکاتە کۆماری ئیسلامی وچین ئیدعایان کرد کە ئەو پڕۆژەیە لە سەری رێک کەوتوون تەنیا بۆ بەرهەم هێنانی ئینرژی‌یە و لە تواتای دا نیە چەکی ئەتۆم بەرهەم بێنێ. ئیعترازی کۆمەڵگای جیهانی دەوڵەتی چینی وادار کرد کە لە هەلومەرجی ئەوکات دا تەحویل دانی ریئاکتۆڕی ئەتۆمی بۆ ئێران ماوەیەک دەست رابگرێ. بە دوای ئەوە دا رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا لە دەگەڵ هێندوستان لە سەر کرینی تەکنۆلۆژیی ئەتۆمی رێک بکەوێ ولەو رێگایەوە بە ئامانجی خۆی بگا. بەڵام هێندوستان لە بەر نارەزایەتی کۆڕوکۆمەڵە جیهانی‌یەکان لە هاوکاری لەو بابەتە لە گەڵ ئێران خۆی بوارد. هەرچەند ئەوکات کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی کاتی نەیتوانی دەستی بە ئینیرژیی ئەتۆمی و سەرەنجام بە چەکی ئەتۆمی رابگا، بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی ریئاکتۆری ئەتۆمی بە مەبەستی ئاشتیخوازانە دەوێ؟ پاشان باس دەکەین و هەڵی دەسەنگێنین کە نیگەرانی گەلانی ئێران وبیرو رای گشتی لە دەست راگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی چیە؟ پسپۆڕان و کارناسانی بەرهەمهێنانی ئێنرژی لە جیهاندا باسی ئەوە دەکەن  کە ئێنرژی« حرارتی« واتە ئەو ئێنرژی‌یەی کە لە سووتانی بەرهەمە نەوتی‌یەکان بە دەست دێ

زۆر لەو ئێنرژی‌یە هەرزانتر تەواو دەبی کە لە ئۆڕانیۆم پەیدا دەبێ.
لە سەرتای دەیەی ١٣٧٠دا نرخی کیلۆواتێک برقی بە دەست هاتوو لە نەوت ١/٦ «سەنت»بوو لە حاڵێ نرخی ئەو برقە کە لەئۆڕانیۆم بەدەست دەهات ٢/٤ هێندە زیاتر دەبوو. جگە لەوە بەرهەم هێنانی ئێنرژی لە ئۆرانیۆم مەترسی گەورەی ئەمنییەتی بە دواوەیە کە هیچکات لە ئێنرژی حرارەتی چاوەڕوان ناکرێ. بۆ وینە کارەساتی «چرنوبیل»ی شۆڕەویی پێشوو باشترین بەڵگەیە کە لەو دا هەزاران کەس کوژران وپاش چەندین ساڵ هێشتا شوێنەواری ماوەتەوە. تەنانەت تڵتەی ئەتۆمی کە ماوەیەکی زۆر مەترسیدارە تا هەزاران ساڵ دەتوانی مەترسی هەبێ بۆیە دەبێ لە رووپۆشی قورقوشم‌داو لە گەرەی خۆی دا بخرێتە قووڵای حاکەوە. کارناسان وپسپۆرانی بەرهەم هێنانی ئێنرژی لە ئێران دا نەک بەم زانستەی سەرەوە دەزانن بەڵکوو ئاگاداری زۆرترو ورتریان لە زیان و مەترسی‌یەکانی ریئاکتۆری ئەتۆمی بە تایبەت لە وڵاتێک کە لە باری سەنعەتی تکنیکی‌یەوە زۆر لە پاشە، هەیە. ئەمجار بە هاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە کار بەدەستانی کۆماری ئسلامی تەکنۆلۆژیی ئەتۆمی بۆ بەدەستهێنانی ئێنرژی وکەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازانە نیە. بەڵکوو بە مەبەستی شەڕخوازانە ودروست کردنی چەکی ماڵ وێرانکەری ئەتۆمی‌یە.
بی گومان بۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە پاشەکەوتی یەکجار گەورەی نەوتی هەیە و لە پێشەوەی وڵاتانی خاوەن نەوت دایە، ئێنرژیی «حرارتی» ئەوەش هەرزانتر تەواو دەبێ کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی تەواو دەبێ. لەو نێوە دا ئەو ساڵانەی دوای روسیەش سەبارەت بە سەوداو هاوکاری کردنی ئەو چەکە لە گەڵ ئێران ناوی هاتە ناو ناوان و چەندین جار لە لایەن غەربەوە لە سەرووی هەموویان ئەمریکا ئاگادار کرایەوە کە هاوکاریی ئەتۆمی ئێران نەکاو ئاکامی مەترسی داری لیێ دەکەویتەوە. ئەمریکا لە گەڵ روسیە وچین و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی نێوکیش وتووێژی کردو پێی راگەیاندن کە دەبی سەردانی ئێران بکەن. تا بۆیان روون بێتەوە کە لە ئێران چ روو دەدا. چونکە ئێران زۆر لەوە زیاتر هەنگاوی بەرە دەست راگەیشتن بەو تەکنۆلۆژی‌یە هەڵێناوەتەوە کە چاوەڕوانی لێ دەکرا. هەر ئێستا بەرەو ئەوە دەچێ

کە لە ڕێگای ئەو کەرەستانەی بە دەستیەوەیەتی خەریکی دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم بێ. پشکێنەرانی ڕێکخراوە نەتەوەیەکگرتووەکان لە لێکۆلینەوەی زستانی رابردوویان دا (١٣٨١) لە ئێران تەئکیدیان لە سەر ئەو مەسەلەیە کردەوەو رایەنگەیاند کە دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم هەنگاوی جیددییان هەڵێناوەتەوەو ڕێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە قەدەغەبوونی پەرەپێدان وبەرهەم هێنانی چەکی ناوکی یان پێشێل کردووە.

«محمد البرادعی» بەر پرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کە لە مانگی فێوریەی رابردوو سەردانی ئێرانی کرد، چاوی بە سەدان لولە کەوت کە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئورانیۆم کەڵکی لێ وەردەگیرێ وکەرەستەی پێویست بۆ درووست کردنی ١٠٠٠ لوولەی دیکە چاو پێ کەوت. پاشان «البرادعی» سەردانی چەند ناوەند ودامەزراوەی ئەتۆمیی دیکەی ئێرانی کرد. دامەزراوەی ئەتۆمی «نەتەنز» یەکێک لەو دامەزراوانە بوو کە تا کاتی سەردانی «البرادعی» ئاژانسی نێونەتەوەیی هیچ زانیارێکی لە سەر نەبوو. ئەو دامەزراوەیە خاوەنی دزگای ناوەند بەزێن (سانتێریوفوژ) کە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەر چەندە ڕۆژێک پێش سەردانی «البرادعی»، «محمدی خاتمی» سەرکۆماری ئێران تەئییدی کرد کە زانایانی ئێران ئیتلاعاتی پێویست بۆ کەڵک وەرگرتنی غیری نیزامی لە ئێنرژی ناوەکییان بە دەست هێناوەو رایگەیاند کە نەتەوەکان حەقی ئەم کارەیان هەیە. ئەگەر بۆ ئاژانسی نێونەتەوەیی روون بێتەوە کۆماری ئیسلامی کەرەستەی دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆمی هەیە دیارە ئەم کردەوەیەی ڕێژیم بە تەواوی لە گەڵ ڕێوشوێنی پەرەپێدانی چەکی ناوەکی ناتەبایی هەیە ودەبی بە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنییەت بڕیاری لە سەر بدرێ. زۆر جار ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئێنرژی ئەتۆمی بە کەڵک وەرگرتن لە سازمانی ئیتلاعاتی ئەمریکا توانیویە بەرنامەی ئێنرژی ئەتۆمی ئێران، هەڵ سەنگێنێ تا ئەو ڕێکخراوەیە بزانێ کە ئێران لە باری چەکی ئەتۆمییەوە چەندە چۆتە پێشەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەو پێوەندیيەدا دەڵێ: بە پێی ئەو ئیتلاعاتەی کە دراوە پشکێنرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی چەکی ئەتۆم، ئێرانییەکان توانیویانە دەستیان بە کەرەسە

و دامەزراوەکانی بە هێزکردنی ئۆرانیۆم رابگا وئەوەش نیشان دەدا کە کاربەدەستانی ئێران سوورن لە سەر بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی. کەوابوو چۆن کۆماری ئیسلامی کە سوورە لە سەر بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەتوانێ بەرنامەکانی لە پشکێنەرانی نێونەتەوەیی بشارێتەوە؟

ساڵی ٢٠٠٢ ئەمریکا داوای لە روسیە کرد کە هاوکاری کردن لە گەڵ ئێران، لە پێوەندی لە گەڵ هاوکاریی ئەتۆمی دا کۆتایی پێ بێنێ، بەڵام روسیە ئەو داوایەی بە «منفی« ولام دایەوە. هەر لەو پێوەندی‌یەدا هاوکات لە گەڵ ئەوەدا سەرکۆماری ئەمریکا «بوش» ئێران وکورەی باکووری وعێراقی بە «محور شرارت» لە قەلەم دا. تەنانەت زۆر لە سناتۆرەکانی ئەمریکا ئێرانیان پێش کورەی باکوورو عێراق لە لیستەکەدا دانابوو پێیان وابوو بۆ جیهان مەترسی دارترە. کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە دێتە ولام دانەوەو دەڵێ: هاوکات لە گەڵ زۆربوونی حەشیمەت وپەرەپێدانی ئابووری وڵات، نەوت وگاز بۆ دابین کردنی ئێنرژی پێویست، ولامدەر نیە وبەکار هێنانی نێوخۆیی لە زیاد بوون دایەو نەوت گاز بۆ رۆژێک تەواو دەبن. هەر لە بەر ئەم هۆکارانەیە کە وزەگای بەرهەمهێنانی ئێنرژی ئەتۆمی «بوشهر»مان دامەزراند کە دیارە لە زەمانی حەمەرەزا شادا گەڵاڵەی دامەزراندنی دانراوە. دیارە ئەم بەڵگانە تەنیا بۆ فریودانی کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانە چونکە لە دە ساڵی رابردوو دا ئێران زۆر بە جیدی لەو بوارە هەنگاوی ناوەو ناوەندی دیکەی بە دامەزراوە هەستی‌یەکانی‌یەوە زیاد کردووە. بەڵام ئەمریکا لە بەرانبەردا دەڵێ: کە وڵاتێکی وەک ئێران ئەو هەموو نەوت وگازەی هەیە پێویستی بە تەکنۆلۆژی هەستەیی نیە. لەوەش روونتر ئێران ئێستا خاوەنی دەستگای «سانتێریوفووژ»ە بۆ بەهێز کردنی ئورانیۆم، وهێندێک کەرەسەی دیکە کە لەم چەند ساڵەی دوایی کڕیوە بۆیە ئەمریکا زیاتر بۆی روون بۆوە کە ئێران بە تەواوی پێوشوێنی چەکی ئەتۆمی کەوتووە ولە ژێر چەتری غیری نیزامی وئاشتیخوازانەدا بە کاری بەرەو پێش بردنی چەکی ناوەکی خەریکە. «پروتکل الحاقی« کۆمەڵە یاساو رێوشێنێکە کە پێوەندی بە پشگیری پەرەپێدانی چەکی ناوەکی‌یەوە هەیە. ئاژانسی نێونەتەوەیی ئێنرژی ئەتۆمی لە نێوە راستی دەیەی ١٩٩٠ زۆری هەوڵ دا کە هەموو وڵاتانی

ئیمزاکەر رازی بکا کە ئەو فەسلەی «پروتکل»ش دڵخوازانە ئیمزا بکەن کە بە پێی ئەم فەسڵە رێگا بۆ ئاژانسی نێونەتەوەیی هەستەیی خۆش دەکا سەردانی پرۆژە ئەتۆمی‌یەکان بکەن. هەروەها کارناسانی ئاژانسی نێونەتەوەیی پێیان وایە کە پێویستە هەموو وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی وەک ئێران کە بەرنامەی چەکی هەستەیی لە سەتحی یان سەرەوە هەیە، «پروتکل الحاقی» ئیمزا بکەن بە پێی نووسراوەی ناوبراو ئەگەر ئەو»پەراوێزە«نئیمزا بکرێ لە ئاستی نێونەتەوەیی دا تەزمینی زیاتر بۆ ئەمنییەتی گەلان پێک دێنێ. کەوابوو سروشتی‌یە کە وڵاتانی ئاشتیخواز بە بێ دوو دڵی ئەو «پروتکل»ە ئیمزا بکەن. بەڵام لێرەدایە کە ئێران نەک پێشوازی لە ئیمزا کردنی ئەو فەسڵەی «پروتکل» نەکردووە بەڵکوو تا ئێستاش وڵامی روونی نەداوەتەوە. بەڵگەی سەرەکی ئێران بۆ ئەو بڕیارەش ئەوەیە کە لە لایەن ئەمریکاوە تەحریم کراوەو پاشان ئیمزای ئەو فەسلە «الحاقی»یە ئیجباری نیە. ئێران وا نیشان دەدا کە لە بەرانبەر ئیمزای «پروتکل»ە دا ئیمتیاز لە ئەمریکا وەرگرن. ئەوە لە حالێک دایە هەلومەرجی نێونەتەوەیی دوای رووداوی ١١ی سێپتامبر، هەڵوێستی ئەمریکا لەم بارەوە بە روونی ئاشکرا کرد. ئەویش هەڵوێست گرتنی جیددیی لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەیە.

بزانین ئێران سەرەڕای هەمووی ئەوانە باسیان لێوە کرا بۆچی لە سەر درێژە پێدانی بەرنامەی هەستەیی خۆی سوورە؟ کار بەدەستانی ئێران وابیر دەکەنەوە کە پەرەپێدانی چەکی هەستەیی بۆ ئێران لە ناوچەدا گرینگی یەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئێران لە ناوچەیەکی ستراتیژی هەڵکەوتووە. لانی کەم دەبێ لەو بوارەدا بۆ پەرەپێدانی تواناو دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکە ودنیادا هەوڵ بدەن. دیارە ئەوە مانایەکی جیا لە هەستی پاوانخوازیی دەسەڵاتدارانی رێژیم ناگەیەنێ، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی هەرەشەی ئەتۆمی یا غیری ئەتۆمی لە ئێران ناکا. کەوابوو لەو هەلومەرجەدا پێوشوێن کەوتنی بەرنامەی هەستەیی لە لایەن ئێرانەوە تەنیا بە هەدەردان وبە فیرۆدانی سەروەت سامانە ماددی ومەعنەوی‌یەکانی وڵاتەکەمانە. ئەو پرۆژانە لە زیان زیاتر هیچ قازانجێکی بۆ گەلانی ئێران بە دواوە نیە. هەمووومان باش دەزانین کە سیاسەتی ئێستای حکوومەتی «بوش» لە سەتحی نێونەتەویی دا

لە سەر ئەو ئەساسە دەچێتە پێش کە ناسراوە بە «هەنگاو کردەوەی پێشگیرانە» واتە مەبەستی سەرەکی بریتی‌یە لە فشار هێنان بۆ وڵاتانێک کە لە روانگەی ئەمریکاوە ئیمکانی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی‌یان هەیە. ئەگەرچی زۆر لە وڵاتان بە تایبەت ئوروپاییەکان ئێران هان دەدەن کە هەموو رێوشوێنێک ووردەکاری‌یەکی پێویست بەڕێوە بەرێ. تا بتوانێ ئەمریکا بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئێران چەکی هەستەیی درووست ناکا، کەچی کۆماری ئیسلامی رایگەیاندووە بەو هیوایە لە ٢٠ ساڵی داهاتوودا گەڵاڵەی ساختمانی وزەگای هەستەیی کە توانای بەرهەمهێنانی ٦ هەزار مگاوات بەرقی هەیە دامەزرێنێ، کە دەشتوانێ هەموو شێوەکانی بەهێزکردنی ئوڕانیۆم لە خۆی‌دا جێ بکاتەوە.

ئەگەر ئەمریکا لە هەلومەرجی ئێستا داو لە داهاتووی نزیک دا هەڕەشەو تەهدیدەکانی بە کردەوە بەڕێوە بەرێ بێگومان باشترین بەهانە، بەرنامەی هەستەیی ئێرانەو یا لە روانگەی ئەمریکاوە درووست کردنی چەکی ناوەکی لە ئێران دەبێ. بۆچی گەلانی ئێران وئۆگرانی ئاشتی وئاسایش لە جیهان دا نیگەرانی دەست راگەیشتنی ئێران بەچەکی ئەتۆمین؟ شتێکی ئاشکرایە پەرەگرتنی زیاتری چەکی ئەتۆمی دەست راگەیشتنی ژمارەیەک زیاتر لە دەوڵەتانی دنیا بەو چەکەماڵوێرانکەرە مەترسی بەکار هێنانی زیاتر دەکا. لە وەزع وحاڵێکی ئەوتۆ دا ئەرکی لایەنگرانی ئاشتی وئاسایش لە جیهان دا ئەوەیە کە لە پێشدا هەوڵ بدەن پێشی بڵاو بوونەوەی چەکە مەترسی دارەکان بگرن ودوایەش بۆ کەم کردنەوەو خاشەبڕکردنیان تێ بکۆشن. بەڵام ئێمە کە ناسیارییەکی زیاترمان لە سەر رێژیمی حاکم بە سەر وڵاتەکەمان‌دا هەیە پتر نیگەرانی دوارۆژین. هێندێک دەوڵەتی گەورە کە چەکی پێشکەوتووی ئەتۆمی‌یان هەیە بەڵام لە گەڵ ئەوەی ئەو چەکانە دەتوانن هەرەشەو مەترسی یەک، بۆ سەر ئاشتیی جیهانی و ژیانی ئینسانەکان بن، بە کردەوە بوونەتە چەکێکی پێشگیرەوە، دەوڵەتە ئەتۆمی‌یەکان لە بەر ئەوەی لە مەترسی‌یەکانی بەکار هێنانی ئەو چەکە ئاگادارن و دەزانن شەڕێکی ئەتۆمی‌سەرکەوتوو وتێکشکاوی نابێ، هەموو ئینسانەکان بە دەستی‌یەوە گرفتار دەبێ، بۆیە بە هەموو توانایانەوە تێ دەکۆشن کە لە بە کارهێنانی خۆ بپارێزن.

بەڵام گومانمان نیە هەر کات دەوڵەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە بۆ سپاندنی ئیدەو ئیدئۆلۆژیی خۆی وبۆ دەرەوە ناردنی بەناو شۆڕشە ئیسلامی‌یەکەی ڕێگای باشتر لە زۆر ناناسیٚ، ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگا، زۆر بە هاسانی پەنا دەباتە بەر بەکار هێنانی. دەوڵەتێک کە بۆ سەرکوتی مخالیفانی لە نێو خۆی وڵات داو بۆ کپ کردنی دەنگی هەقخوازانەی گەلانی زۆر لێکراوی چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی دا، دەستی لە بەکار هێنانی هیچکام لە چەکە کوشندەکانی نێو جبەخانەکانی خۆی نەپاراستووە، چۆن کاتێک لە شەر دژی دوژمنانی ناوچەیی دا بە بن بەست بگا، ئەگەرچی ئەتۆمی هەبیٚ ئایا خۆی لە بەکار هێنانی دەپارێزیٚ.

هەر ئینسانێکی ئاشتیخواز باش دەزانیٚ بوونی چەکی ئەتۆمی و هەر جۆرە چەکێکی پێشکەوتووی کوشتاری بەکۆمەڵ لە دەستی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەموو کاتێک مەترسی ئەوەی لی دەکریٚ کە نەک ئێران رۆژهەلاتی نێوەراست بەڵکوو هەموو جیهان تووشی کارەسات بکا. جگە لەوەش ئێرانی ئاخوندی هەر هەوڵ وتەقەلایەک بۆ تەکنۆلۆژیی ئەتۆمی بە بیٚ دەوڵەتانی بێگانە بۆی جیٚ بەجیٚ نابیٚ چونکە لە مەیدانی تەکنۆلۆژی خاوەنی ئەزموون وپسپۆڕی نیە. لە وەزعێکی ئاوادا ئاشکرایە کە ئێران پاش چەندین ساڵ وەدای خەرج کردنی چەندین ملیارد دۆلار لە پوول وژیانی خەڵکی ئێران دەتوانی چووکترین واحیدی ئەتۆمی دروست بکا کە بە هیچ جۆر نەتوانیٚ پێشی هێرشی هێزی گەورەی خاریجی بگریٚ. کە وایە هەوڵی ئاخوندەکان بۆ کڕینی تەکنۆلۆژیی ئەتۆمی و دروست کردنی چەکی ئەتۆمی پێش ئەوەش مەترسی‌یەکانی دیکەی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی لەم بابەتی بێنە گۆڕیٚ، بە مانای بە فیڕۆدانی چەندین ملیارد دۆلار لە سەروەت وسامانی گەلانی ئێرانە. ئێستا دەوڵەتی ئێران بۆ قانع کردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وخۆ نەجاتدان لە چنگ هەڕەشەکانی ئەمریکا ڕێگایەکی پڕ هەورازوو دژواری لە پێشە.

# هێرشی شیمیایی بۆ سەر خەڵکی سوریە و گورزێکی سەربازی

هێرشی شیمایی بۆ سەر خەڵکی سوریە لە رۆژی ٤ شەممە ٣٠ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٢ بەرامبەر بە ١٩ی ئاگوستی ٢٠١٣ دنیای هەژاند، ئەو هێرشە دڕندانەیە لە دوای بۆمبارانی شیمای شاری هەڵەبجە لەکوردستان بە قێزێونترین کاری سەردەم ئەژمار کرا. هێرشیک کە دژبەرانی حکومەت و زۆر لایەنی دیکەش شکیان نەماوە کە ڕێژیمی ئەسەد کەڵکی لە چەکی شیمیایی وەرگرتوە، هەر وەها ریژیمی ئەسەد دەڵێ خودی مخالفان چەکی شیمیاییان بەکار هێناوە.

« ئەنگلاکانە » بەرپرسی لێپرسینەوە لە چەکی شیمیایی لە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە گەڵ وەڤدێکی شارەزا لە بواری چەکی شیمیایی و سەکۆی مووشەک لە شوێنی دیاری کراو، بە سەردانێکی کتوپڕ دوای ڕووداوی چوارشەممە سەردانی دمشق پێتەختی سوریەی کرد تا حکومەتی سوریە بە قناعەت بگەیەنەو بتوانێ سەردانی شوێنی هێرشی شیمیاییەکە بکا، کە ماوەی ٢٠ دەقیقە لە شوێنی مانەوەی هەیئەتی ناوبراو دوورە. هەرچەند رێگا درا کە سەردانی شوێنی کارەساتەکە بکەن، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا نەیانتوانی بە روونی دەست بۆ لای حکومەتی سوریە درێژ بکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئێران بە هێزترین دۆستی سوریە لە ناوچەدا فرمێسکی تیمساح هەڵدەڕێژێ، هەرچەند هێرشەکەی مەحکوم کرد بەڵام حەسەنی روحانی سەرکۆماری ئێران دەستی ئیتهامی بۆ لای کەس درێژ نەکرد. هەر دوای حەسەنی روحانی جێگری هیزەچەکدارەکانی سوپای ئێران رایگەیاند کە سوریە بۆ ئەوان هێڵی

سوورەو تەنانەت خامنەیی ناوچەکەی بە « باڕووت « شوبهاند کە ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر سوریە ئەو باڕووتە دەتەقێتەوە.
لەولاشەوە ئەمریکا کەڵک وەرگرتن لە چەکی شیمیای لە قەیرانی سوریـەدا بە هێڵی سـوور دەزانـێ وهەربۆیەش مانـەوەی کەشتی شـەڕکـەری ئەمریکا بە نـاوی «یو ئێس ئێس مـاهـان» لە دەریـای ناوەڕاست هەرچەند کاری لەو ناوچەیە تەواو بوو بەڵام مانەوەی ئەو پاپۆڕەو هێنانی چەندین کەشتی دیکە بەشیک دەبێ بۆ پشتیوانی هیزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، هەرلەو پیوەندییەدا وەزیری بەرگری ئەمریکا رایگەیاند کە هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە خۆیان ئامادە دەکەن و لە چاوەڕوانی ئوباما سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە دان کە لە بارەی سوریەوە چ بڕیارێک دەدا. لەو بـارەوە ئەگەر ئوباما بڕیاری شەڕ بدا کارناسان چەندین گوزینەیان لەوبارەوە دەست نیشان کردوە.
ڕێگـای یـەکـەم، هاویشتنی مـووشـەکـی «کــوڕوز» لـە دەریــای مدیترانەوە بۆ هەدەفەکانی نیزامیی سوریە کە بتوانێ لە ناویان بەرێ. دووهـەم، هاویشتنی مووشک لە ڕیگای هێزی هەوایی بەڵام دوور لە هەرێمی هەوایی سوریە بۆ ئەوەی فرۆکە شەڕکەرەکانی لە پـەدافـەندی هـەوایی سوریە بپارێزێ. ڕێگای سێهەم، کە باس کراوە دابین کردنی تەسلیحاتی نیزامیی وئاموزش دانی مخالفانی ڕێژیمی ئەسەد لەو پایەگایانەی جێگیر لە وڵاتانی دراوسـێ. ڕیگای چوارم، دیاری کردنی ناوچەی دژە فرین و لەکار خستنی پدافەندی هەوایی سوریە، یا لانی کەم درووست کردنی ناوچەیەکی ئەمن لە سنووری تورکیە وئوردون بە کەڵک وەرگرتن لە سیستمی موشکی لە دەرەوەی خاکی سوریە. ڕێگای ئاخر، کە ئاڵۆزترین ڕێگایە ناردنی هێزی پیادە بۆ کۆنترۆڵ کردنی چەکە شیمیاییەکانی سوریە، ئەو گزینەیەی هێزی پیادە پێویستی بە شەست هـەزار سەرباز هەیە.
هـەر لـە پـێـوەنـدی بـەکـارهـێـنـانی چـەکـی شـیـمـیـایـی، سـازمـانـی پزیشکانی بێ سـنـوور لـە دەوروبـــەری دمشـق پێتەختی سوریە لـە سـێ نەخوشخانەدا جێگای ٣ هــەزار کەسیان کـردۆتـەوە کە بە چەکی شیمیایی هێرشیان کـراوەتـە سـەرو لە دووهـەم رۆژدا نزیک بە چوارسەد کەسیان گیانیان لەدەست داوە. ئەو ئامارە لە

دوای دە ڕۆژ زیاتر لە ١٤٠٠ کەس بە گازی «سارین» مردن.
« ئەلستێر هەی» شارەزا لە بواری چەکی شیمیایی و مامۆستای «سەم» ناسی لە دانشگای لیدز لە بریتانیا بۆ درووست کردنی چەکی شیمیایی دەڵێ» شیوەی درووستکردنی گازی( اعصاب ) دەمار زور دژوارە، بەڵام پەیداکردنی چونییەتی درووست کردنی گازی دەمار زور دژوار نیە، کێشە لێرەدایە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن لە گەڵ کێشەی زۆر جیدی ڕووبەڕوو دەبن وتەنانەت تا سەرحەدی مردن هەنگاو دەنێن.» بۆیە دەبێ لە شوێنی دیاری کراو مەحدوددا،و بۆ ئەوەی گیانی دەوروبەر بپارێزرێ ، کاری لە سەر بکرێ. شارەزایانی ئەو بوارە یەکجار زۆر کەمە وکەسانێکی کەم شارەزاییان لەسەری هەیە، تەنانەت ئەلستیر هەی دەڵێ «من ساڵها کارو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم تا ئێستا نەمتوانیوە شێوەی درووست کردنی بزانم چونکی دەبێ بە جۆرێک درووست بکرێ کە چەندە موادی شیمیایی لە گەل موادی تەقینەوە تێکەڵ دەکرێ ئەو بۆمبە چۆن دەتەقێتەوە کە گازی « سارین» بە دەوروبەردا بڵاو بێتەوە. ئەوەندەی من بزانم تەنیا وڵاتان ئیمکانی ئەو کارەیان هەیە. ناوبراو وتیشی ئەوە کاری گروهێک یا حیزبێک نیە چونکی دەبێ پێوەندییان لە گەڵ ئەو شوێنانە هەبێ کە چەکی شیمیایی درووست دەکەن بۆیە تەنیا حکومەتەکان توانای ئەو کارەیان هەیە».
ئەو جۆرە چەکە تا ئێستا لە سێ وڵات ئەمریکا، روسیە، لیبی کە لە دەورانی قەزافی درووست دەکراو ئێستا لە حاڵی پشکنینی دان، ئەمریکا و روسیە ئەوانیش کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەزارەتی بەسەر دادەکاو بەرەبەرە لەبەینیان دەبەن، لەو نێوەدا میسر پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی شیمیایی مۆر نەکردوەو بەڵام روون نیە کە ئایە لەوجۆرەچەکانەی هەیە یان نا؟ سوریەش لەگەڵ ئەو ١٨٩ وڵاتە نیە کە پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی شیمیاییان مۆر کردوە، بۆیە گومان دەکرێ سوریە چەکی شیمیایی هەبێ وبەکاری هێنابێ.
ئەومەوادە شیمیایی کە دژی خەڵکی سوریە بەکاریان هێناو بە روونی دەردەکەوێ کە لە دەرمانێکی بەهێز کە مرۆڤ بخنکێنێ دیارە لە سەردەمارەکان کار دەکا، ئەو کردەوە دڕەندانەیە نیشان دەدا کە لە جۆری موادی «سارین» کەڵک وەرگیراوە، گازی

سارین لە پێشدا لە دەمارەکانی مێشک کار دەکا پاش ماوەیەک هیچ یەک لە ئەندامەکانی لەش ناتوانن فەرمان لە مێشک وەر بگرن بەرە بەرە لەش سست دەکەن وناتوانێ لەسەر پێ راوەستێ توانای نەفەس کێشان نامێنێ بەشی زۆریان دەمرن بۆیە ئەوەی لەسوریە کەڵکی لێ وەرگیرا گازی دەمار بە ناوی سارین بووە.

لە کۆتاییدا چۆن بۆ ئەو لایەنە کە لە گازی سارین کەڵکی وەر گرتوە بۆ بازرەسانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان روون دەبێتەوە، لە پێشدا لەشوێنی رووداوەکە دەکۆڵنەوە شارەزایان دەبێ لە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکە نمونەبەرداری بکەن وپاشان شارەزایان موشەک کە هاوڕیی وەقدی ناوبراون بزانن لە کوێوە هاویشتراوە، دواتر قسە کردن لە گەڵ ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی سەمەکە بوون، هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە کۆمەڵیک بەڵگە دەخاتە روو، هەرلەوکاتەدا دیسان کارێکی دژوارە کە راستەوخۆ دەست بۆ لای لایەنێک درێژ بکەن، بەڵام کۆ کردنەوەی ئەو بەڵگانە دەتوانێ بۆ دیتنەوەی بەکاربەرانی ئەو جنایەتە سامناکە یارمەتیدەرێکی باش بێ. هەروەها وەک لە نیشانەکان دەردەکەوێ سێ سەعات پێش ئەو کارەساتە هێزەکانی حکومەتی سوریەی لێ بووە دواتر ئەوشوێنەیان چۆل کردوەو دەنگی چەند راکێت بیستراوە کە بەرەو دەورووبەری دمشق پێتەختی سوریە هاویشتراوە.

# پەیام بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە

هاوڕێیان، کادروپێشمەرگە خۆشەویستەکان!

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕۆڵە ئازاو خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمان هێرشیان بردە سەر شارەوانیی مەهاباد کە دواین ئاسەواری بنکەی زوڵم وزۆرو دام ودەزگای ڕێژیمی پاشایەتی لەو شارە بوو کە لەماوەیەکی کورت دا توانیان دەستی بەسەردا بگرن. ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیە لە دووبارەوە بۆ نەتەوەی کورد گرینگ و جێگای خوشحاڵی و هەست بزوێن بوو.

یەکەم: سڕینەوەو لەنێوبردنی دام ودەزگایەکی سەرکوتکەری حکوومەتی دیکتاتۆڕی پاشایەتی و نەمانی بنکەی زوڵم وزۆرو داسەپێنەر، کە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوە چەوساوەکەمان بوو.

دووهەم: ئەو ئەزموون و ڕووداوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی ڕۆڵە دڵسۆزو فیداکارو بە ئەمەگەکانی نەتەوەکەمان بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ لە شێوەو شکلی سپای میللی دا کارو باری پارێزگاری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەدەستەوە بگرن و ببنە باسکی بە هێزی گەل و ئەرتەشی حکوومەتی کۆماری کوردستان کە پاش ماوەیەکی کورت لەو ڕووداوە، لەشاری مەهاباد پێکهات وراگەیەندرا.

دوا بەدوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی و داسەپانی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە مان ومەوجوودییەتی نەتەوەکەی وبۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتەوە گۆڕەپان و لەو ڕێگایەدا تا ئەمرۆکە، بەسەدان وهەزاران داستانی پڕلەسەروەری و ئازایەتی، فیداکاری ولەخۆبردوویی تۆمار کردوەو کە لە مێژووی

خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا دەدرۆشێنەوەو دەمێننەوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی گرینگیی مەفهوومی سیاسیی رووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لە لایەک و بە لەبەر چاوگرتنی رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغی نوێی خەباتدا، ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بڕیاری دا کە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز بەرۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ بۆیە لەوکاتەوە هەموو ساڵێک جێژنی بۆ دەگرین وبیرەوەرییەکەی زیندوو رادەگرین. هەر بۆیە دەتوانین بلێین پێشمەرگە گیان بەختکەری رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردە، ئەو ئینسانە بەرزو تێکۆشەرەیە کە ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لە رێی رزگاری دا بیکاتە قوربانی، کەسێکە کە خەبات بۆ رزگاریی وڵاتەکەی و پاراستنی دەسکەوتەکانی بەئەستۆوەیە.
خۆشەویستان! هەرلەوکاتەدا کە شانازی بەخەبات وتیکۆشان وسووربوون وخۆڕاگری کادرو پێشمەرگەی حیزبەکەمان دەکەین، لەهەمان کاتیشدا پێویستە زیاتر سەرنج بدەینە رابردووی خەباتمان بۆ نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان و بۆ بەهێز کردنی خاڵە باش وبەهێزەکانمان. دەبێ خۆمان گورج وگۆڵ وهەڵسووڕتر بکەین، پێویستە کادرو پێشمەرگەکانمان زیاتر فێر بکەین و ئاموزشی بەردەوام ئەرکمان سووکتر دەکاو بۆ ئەوەی زیاتر ئامادەگیمان بۆ رووبەرووبوونەوە هەبێ لەگەڵ هەموو هەلومەرجێکی سەخت وناڵەبار، ئامادە بین بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پیلانەکانی دوژمن، یا بۆ ئەو ئەرکەی کە لە داهاتوو دەکەوێتە سەرشانمان، بۆیە پێداچوونەوە بە تاکتیک و بەرنامەی کارو خەباتەکەمان بە پێی ئاڵووگۆڕو هەلومەرجی رووداوەکان دابڕێژین.
پێشمەرگەکانی کوردستان ئەوساڵ لە کاتێکدا رۆژی پیرۆزی پێشمەرگە رێز دەگرنەوە کە هێشتا خۆری ئازادیی نەتەوەکەمان لە رۆهەڵاتی کوردستان هەڵنەهاتووەو ئێران بەگشتی ورۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەروا لە ژێر سێبەری رەشی کۆماری ئیسلامیدا ژیانی کوێلەتی وکۆڵەمەرگی تێپەڕ دەکەن. دەسەڵاتدارانی دڵڕەش بۆ چاو ترسێن کردنی رۆڵەکانی کوردستان لە هیچ پیلانێک خۆی نەپاراستوەو ناپارێزێ، رایەڵکەی سیخوڕی وجاسووسی لە کوردستان

وتەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە هۆی کەسانی نەفس نەزم پەرە پێ دەداو لاوەکان بەرەو ئیعتیادو بەلارێ بردن رادەکێشن.
ئەگەر لە لووتکەی ریسوایی وبێ ئابڕوویی کۆماری ئیسلامیدا چەند مانگ لەمەوبەر قۆڵێکی نێو دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران ویستی بۆ دامرکانەوەی بێزاریی خەڵک و هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر بە قسە و کەمتر بە کردەوە سیمایەکی دیکە لەم رێژیمە نیشان بداو ئەو شک وگومانە بڵاو بکاتەوە کە بە مانەوەی بناغەی فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیش دەکرێ ئاڵوگۆڕێ بنەڕەتی، یان نیسبیی لە سیاسەت و هەڵوێست وکرداری ئەم رێژیمەدا بە قازانجی خەڵک پێک بێ!، شەش مانگ پاش هەڵبژاردنی رووحانی بە سەرۆک کۆماری ئێران دەرکەوت کە بۆچوونەکانی چەندە بێ بناغەو بێ بنەمان. رووحانی ئەگەر بیشی هەوێ مەبەستەکانی بە جێ بگەیەنێ، وادیارە تواناو دەسەڵاتی نیە.
ئاڵوگۆڕەکانی چەند مانگی رابردوو لە دوای هەڵبژاردنی ئێران بە تەواوی ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە نێوەرۆکی دژی خەڵکیی کۆماری ئیسلامی لەهەموو کات زیاتر بۆ خەڵک دەرکەوتوە بەڵام لەدەرەوە سازو هەوایەک لێ دەدا ودەیهەوێ وا نیشان بدا کە پێ بەپێی کۆمەڵگای جیهانی هەنگاو دەنێ و ئامادەی خۆی دەربڕیوە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاواو بە تایبەتی ئەمریکا لە مەڕ غەنیسازیی ئوڕانیوم. لەلایەکی دیکەوە لە ناو خۆی وڵات زیاتر تووشی قەیران بووە، لەتازەترین هەنگاوی دژی مرۆڤانەی بریتییەلە ئێعدامی لاوانی کوردو بلووچ کە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری دەکا. ئەمەش رەخنەو بێزاریی زیاتری لێ بەرز بۆتەوە، ئەم رێژیمە پێی وابوو کە بە کوشتنی لاوانی کورد خەباتی رەوای کورد بێ دەنگ دەکا. بەڵام دژکردەوەی بەرینی رۆڵەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بۆ جارێکی دیکەش ئەو خەیاڵە خاوەی پووچەڵ کردەوە.
زیندان، ئیعدام، دەربەدەری وکوشتن وماڵ وێرانی و کاول کردن ناتوانێ چۆک بە خەباتکاران دادا. لەسەردەمی دوو رێژیمی پەهلەوی و ئیسلامی دا، حیزبی دیموکرات خاوەنی خەباتێکی بەرحەق بووە لەداهاتووشدا تا وەدی هاتنی ئامانجە بەرحەقەکانی نەتەوەی کورد لە هەر هەلومەرجێکدا خەباتی رەوای خۆی درێژە دەداو تا ئامانجی

شەهیدان کە بریتیە لە دیاری کردنی مافی چارەنووس وەدی نەیە، کوردستان ئەمنییەت بەخۆیەوە نابینێ. کۆماری ئیسلامی بە چاوێکی ئەمنییەتی وەک هەمیشە چاو لەکوردستان دەکا هەربۆیەش پێویستە رۆڵەکانی کورد لەهەموو دەرفەتێکی لەبار کەڵک وەرگرن. ئەگەرچی پێشمەرگە رۆڵی پێشەنگی لە خەباتدا هەبووەو دەبێ، ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردوە بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر بەم مانایە نیە بەردەوام ئەو ئەرکە قورسە بە تەنیا هەر لەسەر شانی پێشمەرگەیە. خەبات بۆ رزگاری و ئازادیی بە دژی رێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەرە لەو خەباتە پیرۆزەدا بەشداری بکا، هاوکات لەگەڵ خەباتی هەمەلایەنە کۆمەلانی خەڵک دەبێ لە رابردوو زیاتر پاڵ وێک بدەن و ئازایانە بێنە مەیدانو رۆڵو دەوری خۆیان ببینن. خەباتو بەربەرەکانی شێوەو رێگای جۆراوجۆری هەیە هەرکەس بە پێی هەلومەرج و لەو پێوەندی لەگەڵ وەزع و ئەرکی دا دەتوانێ بە شێوەی تایبەتی لەخەبات دژی رێژیم بەشداری بکا، دیارە ئەرکی لاوەکان لەهەموو کەس زیاترو قورسترە.

پێشمەرگە خۆشەویستەکان!

ئەمڕۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دڵێکی پڕ لە خوشی وشادی رێز لە فیداکاری وخۆبەخشین، گەورەیی و جوامێریی ئێوە دەگرن. هەر بەرزو پیرۆزی نازناوی پێشمەرگە بێ چونکە پێشمەرگە، سوکنایی دەری هەموو ئەوانەیە کە بەدەست زۆڵم وناعەداڵەتیی رێژیمەوە دەناڵێنن. ئەو رۆژە مێژوویییە لە پێشمەرگە ولەهەموو ئەویندارانی ئازادیی کوردستان پیرۆز بێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

کومیسیونی سیاسی نیزامی

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی

# ئایا نەخۆشی ئەیدز قەیرانێکی ئابووریشە؟

کۆمەڵگای پزیشکی بنەبڕکردنی خوروکە (ئابلە) بە گەورەترین سەرکەوتنی خۆی لە نێو سەدەی رابردوو دا دەزانیّ و دۆزینەوەی نەخۆشیی ئەیدز و بڵاو بوونەوەی سامناکی ئەو نەخۆشی‌یە بە گەورەترین شکستی خۆی دادەنیّ. پەرەسەندنی رۆژ لە گەل رۆژ زیاتری ئەو نەخۆشی‌یە کۆمەڵگای نێو نەتەوەی لە گەڵ کێشەیەکی گەورەو چارەسەر نەکراو بەرەورِوو کردۆتەوە. لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دا کومیتەی بەربەرەکانی لە گەل ئێدز پێک هاتووە. لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کونفرانسی لە سەر دەگیریّ، بەلاَم لە هەمان کاتدا ئاماری توشبووان لە زیاد بوون دایە.

دوکتر» مینو محرز» پسپۆڕی نەخۆشی‌یە عفوونییەکان و ئەندامی کومیتەی بەربەرەکانی لە گەل ئەیدز لە ئێران، ژمارەی گیرۆدە بووان بە ئەیدز لە دنیا دا بە ٦٥ میلیۆن نەفەر دادەنیّ کە ٤٠ میلیۆنیان بە سەختی دەژین و ٢٥ میلیۆن کەسیش گیانی خۆیان لە دەست داوە. باکووری ئەفریقا بە ٣٠ میلیۆن کەس زۆرترین توشبووانی لە خۆی دا کردۆتەوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتادا کێشەی ئەیدزیان لە کۆمەڵگای ئێران بە هێند نەدەگرت وتەنانەت حاشایان لیّ دەکرد. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە «ئەیدز» بە خێرایی لە ئێران دا پەرە بستێنیّ. هەر ئێستا لە ئێران ٤٠٠٠ کەس بە گیرۆدە بوون بە «ئەیدز»ناسراون، بەڵام رێژەی توشبووان بە ٣٠ هەزار کەس مەزەندە دەکریّ. سەرەڕای ئەوەی کە زانیاریدان بە خەڵک و تێگەیاندنی بیروڕای گشتی و ئاموزش دان کاریگەریەکی ڕاستەو خۆو زۆر بەرچاوی لە پێشگیریو کۆنترۆڵی ئەو نەخۆشیەدا هەیەو لە ئێرانیش کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی بەر بەرەکانی لەگەڵ ئەیدز لە ساڵی ١٣٦٦ وە پێک هاتووە ،بەڵام لە کردەوەدا هەنگاوێکی کاریگەر بۆ ئەم مەبەستە هەڵ نەهێندراوەتەوە.

دیارە بڵاو کردنەوەی چەند برۆشورو پێشاندانی کورتە فیلمێک بۆ قوتابیان لە لایەن چەند ئورگانی غەیری دەوڵتی‌یەوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانی وڵامدەری ئەو مەترسی‌یە بیّ کە رۆژ بە رۆژ

زیاتر پەرە دەستێنێ. نەخۆشی ئەیدز گەڵێک کێشەی ئابوری وکۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێک هێناوە. کێشەی ئەیدز زیانە ئابورییەکانی بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی بە پەلەی بۆ هەڵگرێ وبەرنامەی بۆ دارێژێ. سرنجدان بە هەزینەی سەر سووڕهێنەری دەرمانی ئەیدز ئاڵۆزیی ئەم کێشەیەمان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و هەژاردا پتر بۆ دەردەخا.

خەرجی دەرمانی هەر کەسێکی گیرۆدە بە ئەیدز لە ساڵ دا لە نێوان ١٢ تا ١٨ هەزار دولار دایە. دیارە لە هێندێک وڵاتانی هەژار وەک هێند وبرێزیل لەژێر کاریگەری بنکە وبنیاتی غەیری دەوڵەتی ورێکخراوەکانی پشتیوانی لە توشبووانی ئەیدز لەم مەسەلەی پشگیری وچارەسەری ڤیروسی ئەیدز کێشەی ئابووری بۆ زۆر وڵاتان پێک هێناوە و تەنانەت دەبینین لە کۆبوونەوەی (ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی) لە دۆحە پێتەختی قەتەر چارەسەری نەخۆشی ئەیدز، تەوەری سەرەکی باسەکانی کۆبوونەوە بۆوە وهەر لەو کۆبوونەویەشدا مافی بەرهەم هێنانی دەرمانی چارەسەری ئەیدز بە هێندێک لەو وڵاتانە درا کەبە شێوەیەکی بەربڵاو تووشی ئەو نەخۆشییە بوون. بەڵام بەو مەرجەی تەنیا بۆ مەسرەفی نێو خۆی بێ ومافی فرۆشتنیان بۆ دەرەوەی وڵات نەبێ.

لە لایەکی دیکەوە وڵاتی ئەفریقای باکوور کە زۆرترین ڕێژەی گیرۆدەبووانی ئەیدزی لە خۆی دا کۆ کردۆتەوەو توانایی بەرهەم هێنانی دەرمانی چارەسەری هەیە، بەڵام ئیزنی بەرهەم هێنانی پێ نەدراوە، لەو لاشەوە بریزیل یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بەرهەم هێنانی ٨ تا ١٢ جۆرە دەرمان بۆ چارەسەری ئەیدز توانیویەتی پێ بەپێی ئوروپا هەنگاو هەڵێنێتەوەو ڕێژەی مردنی نەخۆشەکانی گیرۆدە بە ئەیدز تا رادەیەکی زۆر لە وڵاتەکەیدا کەم بکاتەوە. گەرچی کۆمپانیا گەورە چەند نەتەوەییەکان (شرکتهای چند ملیتی) بەرهەم هێنانی دەرمان، کە بەرهەم هێنەری ئەسڵی دەواو دەرمانی ئەیدزن و لەو ڕێگاوە قازانجێکی سەرسووڕهێنەرو یەکجار زۆر دەکەن. لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە ژێر گاریگەری بەربەرەکانیی ناوچەیی و «سیاسەتی بە دیل سازی»بۆ وێنە وڵاتانی هێند وبریزیل ناچاربوون نرخی دەرمانەکانیان لە بازاری جیهاندا لە سەدا دەی بهێنە خوارێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە گەڵ کەم کردنەوەی نرخەکە دەرمانی پێویست بۆ خەڵکی گیرۆدە لە

وڵاتانی هەژار دەست ناکەوێ. بۆ وێنە توشبووان لە وڵاتانی ئوروپا بۆ بەکارهێنانی ئەو دەرمانە لە مانگدا هەزار تا هـەزارو پێنج سەد دولاردەبێ هەزینە بکەن. ئێستا ئەگەر ئەو نرخە لە مانگدا ١٥٠ دولاریش بێ، دیسان لە وڵاتانی فەقیر بە هۆی پلەی نەزمی خزمەتگوزاریی پزیشکی ولەشساغی وبودجەی کەمەوەکە لە ساڵدا بە هەر کەس ١٠ دولار ناگا ناتوانن لەو دەرمانانە بکرن یا کەڵکی لێ وەربگرن.

هەر لەو کونفرانسەی لەم دوایانەدا لە سەر ئەیدز بەسترا، بە تێکرا داوا لە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنەری دەرمانی ئەیدز کرا کە نرخی بەرهەمەکانیان بێنە خـوارێ، بـەڵام کۆمپانیاکان بـەم بیانوویە کە دۆزینەوەی دەرمانی نوێ لێکۆڵینەوە و تاقیگەکان چەند میلیون دولار هەزینە هەڵدەگرن، نرخی بەرهەمەکانیان شتێکی وا بەرچاو نەهێنایە خوار. خەباتی جیهانی دژ بە نەخۆشیی ئەیدز لە کردەوەدا بۆتە یەکێک لە بەرنامە سەرەکی‌یەکانی ریکخراوی نەتەوە یەککگرتووکان. لە کونفرانسی ژوئن ٢٠٠١ کە لە سەر ئەیدز بەستراو زۆربەی رێبەرانی پایەبەرزی وڵاتانی جیهان بەشدار بوون، بریار درا بۆ خەبات دژ بە ئەیدز ساڵانە بری ١٠ ملیارد دولار بۆ ماوەی ١٠ ساڵ یارمەتی بدرێ بە وڵاتانی جیهانی سێهەم. بـەڵام بە پێی قسەی کارناسانی کۆمیسیۆنی پێوەندیدار تا ئێستا هیچکام لەو بریاردەرانە سەهمی دیاری کراوی خۆیان نەداوەتە ئەو سندووقە. لە لایەکی دیکەشەوە بانکی جیهانی بەو سیاسەتە ئابوری‌یەی لە بەردەم وڵاتانی هەژاری داناوە بە کردەوە زۆربەی دانیشتووانی لە لانیکەمەی ئەو ئیمکاناتە دەرمانی وبهداشتی‌یەی کە لە وڵاتی خۆیان دا هەیە بێبەش دەکا. ئێستا بە لێکدانەوەی هەموو ئەو کێشە ئابوورییانەی کە ئەیدز لە کۆمەڵگای مرڤایەتی‌دا پێکی هێناوە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە: دەرمان یان پێشگیری؟ رێگا چارەی سەرەکی کامەیانە؟ بە سرنجدان بەوە کە زۆربەی گیرۆدەکانیش لە وڵاتی هەژارە کەم داهاتدا دەژین گرینگیی ئەو ئەسڵە زۆرتر دەردەکەوێ کە روون وئاشکرایە پێشگیریی، رێگای چارەی خەڵکی هەژارە. هەربۆیە دەبێ تێگەیاندن وئاموزشی خەڵک لە سەر چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەو گیرۆدەبوون بەو نەخۆشی‌یەو هەروەها رێگاکانی پێشگیری، بەرنامەرێژی بۆ بکرێ ولە هەموو تواناکانی راگەیاندن وئاموزش کەڵک وەربگیردرێ.

# ژیان وخەبات لە ناوچەی بۆکان

ناوچەی بۆکان ناوچەیەکی پێدەشتەو لە ٥ ناوچەی بچووکتر بە ناوەکانی: ئەحمەدیکۆر، پیرمحەممەد، ئاڵەشین, تورجان وفەیزوڵابەگی(فەرهادتاش) پێک هاتووەو شاری بۆکانیش لە داوێنی ناڵەشکێنە هەڵکەوتوە.لەسەرناوی «بۆکان»بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، گۆیا لە پێشدا ناوی «شارە کۆن» بووە. لە باشووری رۆژئاوای بۆکانی ئێستا هەڵ کەوتوە و، بۆمەلەرزە ویرانی کردوەو لەم شوێنەی ئێستا کە قامیشەلان وسەرچاوەیەکی خۆش بووە درووست کراوەتەوە. هێندێک کەس لە سەر ئەو باوەڕن کە لە کۆن دا، کاتی بووک گواستنەوە شایییان لە سەرکانییەکانی ئەم شوێنە کردوە و پێیان گوتوە کانی بووکەکان. هێندێکیش پێیان وایە لە کاتی هێرشی مەغوولەکان دا ناوی«بیکەند» بووە دوایە گۆڕیویانە بە «بۆکان. [1]

بۆکان یەکێک لە شارەکانی موکریانەو رووبەری تەقریبی ناوچەکەی ١٦٩١ کیلۆمیتری چوار گۆشەیە[2] هەڵکەوتی جوغرافیایی بۆکان لە درێژایی ٤٦ دەرەجەو ١٣ دەقیقە وپانایی ٣٦ دەرەجەو ٣٢دەقیقە دایە و لە ئاستی دەیاوە ١٣٧٠ میتر بەرزە. لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ «سایین قەڵا» لە باکوورەوە لە گەڵ میاندواو لە رۆژئاواوە لە گەل مەهابادو لە باشوورەوە لە گەڵ سەقز هاوسنوورە..

حەشیمەتی بۆکان لە سەردەمی ناصرالدین شای قاجاردا ١٢ ماڵ ٦٠ نەفەر بووە ولە سەر ژمێری ساڵی ١٣٤٥ دا ٩٣٥٧ کەس بووە.[3] ساڵی ١٣٦٥، ٩٠٠٠٠ کەس بووە. لە سەر ژمێری ساڵی ١٣٧٥دا حەشیمەتی بۆکان ١٧٥٥٤١ کەس و لەساڵی ١٣٩٦ لەسەر ژمێری تازەدا گەیشتۆتە ٢٥١١٤٩ کەس کە ١٩٣٥٠٠کەس لەشار

١- تاریخ فەرهنگ ادب موکریان(برایم افخمی) "ل ١٨"
٢- نگاهی به آزربایجانغربی جلد ٢ ایرج افشار سیستانی "ل ٩٧٩"
٣- تاریخ فەرهنگ ادب موکریان "ل٦"

دەژین. ٥٧٦٤٣ کەس گوندنشین بوون. هەروەها ناوچەی بۆکان لە ١٩٤ گوند بەتەقسیماتی حیزبی پێک هاتووە. دیارە لە پێوەندی لەگەل حەشیمەتی ناوچەکەدا دەبێ ئەو راستییەش لەبەر چاو بگرین کە رێژیم بە ئەنقەست حەشیمەتی ناوچەکانی کوردستان کەم نیشان دەدا یان هەر لە جێ دا ئامارەکانی زۆر جێگای باوەڕ نین.

## چیا گرینگەکان:

لە بۆکان بە هۆی پێدەشت بوون کێوی زۆر بلیندی لێ نیە. گرینگترو بەرزترین کێوی تەرەغەیە کە لە ناوچەی پیرمحەممەد هەڵکەوتوە وچەندین کێوی دیکە قووشەهوو کە بۆکان ومهاباد لێک جیا دەکاتەوە، وەستا مستەفا، حاجی کیمی، بەردەزەرد، فەرهادتاش، بێ ژەنگبەسەر، ئاڵەشین، کەڵتەکە وچەندکێوی دیکە کە ئەوانە گرینگتریانن لە بۆکان.
لە بۆکان چەندین چۆم هەیە کە ٢ دانەیان لە هەموویان گرینگترن، ١ـ تەتەهوو(سیمینەرود) ٢ـ جەغەتوو(زرینەرود) ١ـ سەرچاوەی چۆمی تەتەهوو گەنمان وزمزیران ناوچەی گەورکایەتییە کە لە چەندین چۆمی چووکە پێک هاتوە کە لە نزیک گوندی قەرەگوێز لە ناوچەی پیرمحەممەد لە باشووری رۆژئاوای بۆکان تێکەڵ دەبنەوە وچۆمی گەورەی تەتەهوو پێک دێنن وبە رۆژئاوای شاری بۆکان دا تێدەپەڕێ ودەرژێتە گۆلی ورمێوە. ئێستا بە هۆی کەم بارانیی ئەم چەند ساڵەی دوایی هاوینان ئاوی کەم تێدا دەمێنێ زۆر جار ویشک دەکا.
٢ـ چۆمی جەغەتوو لە ٣٦کیلۆمیتری رۆژهەلاتی بۆکان هەڵ کەوتووە. سەرچاوەی ئاوی جەغەتوو کێوەکانی زاگرۆسەو لە چەندین چۆمی چووکە پێک دێ وبە نێوەراستی شاری سەقزدا دێتە خوارێ و لە چۆمەکانی ئەسیران، خورخورە، ساروق، لەیلان، ماینبلاغ تێکەڵ دەبێتەوەو لە نزیک ئاوایی ساروقامیش لە ناوچەی فەیزەلابەگی چۆمی گەورەی جەغەتوو پێک دێنن. حەوزی ئاورێژی جەغەتوو ٦٧٨٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە، نێونجی ئاوی ساڵانەی ١٢٨١ میلیون میتری «مکعبە».[٤]
بەنداو سەدێک کە رێژیم ناوی «کازمی» لە سەر داناوەو بەنداوی

٤- هەمان سەرچاوە "ل٢٣"

«نەورۆزلوو» کە لە باکووری بۆکان هەڵکەوتووە لە سەر جەغەتوو هەڵبەستراون. بەنداوی یەکەم بۆ کاری کشت وکاڵی بەهرەی لێ وەردەگیرێ. چۆمی جەغەتوو لە رۆژئاوای شاری میاندواو لە گەڵ چۆمی تەتەهوو تێکەڵ دەبێتەوەو دەرژێتە نێو گۆلی ورمێوە.[٥]

هەروەها لەبۆکان چەندی ئەوشکەوتی گرینگی لێیە. ئەشکەوتی سەهۆڵان لەنێوان مەهاباد و بۆکان، کیلۆئاباد، موکری‌قڕان وچەندانی دیکە. بەڵام لەباری مێژووییەوە ئەشکەوتی موکری قران جێگەی خۆی هەیە. ئەشکەوتی موکری‌قەڕان لە رۆژهەڵاتی گوندی خوراسانە هەڵکەوتوە لەسەردەمی شاعەباسی سەفەوەی‌دا وەک هەمیشە کورد کارەساتی بەسەر هاتوە، بەدەیان وسەدان کەسیان کوری کوردیان خزاندۆتە ئەو ئەشکەوتەوەو ئاگریانداوەو هەموویان بەچڕەدوکەڵ قڕ کردوون و ئەوە بۆتە هۆکاری سەرەکی کە ئەو کردەوەیە لەبیروزەینی خەڵکی ناوچەدا بمێنێتەوەو وەک کارەساتێکی گەورە لەوسەردەمەدا چاوی لێ بکرێ و تەنانەت وەک ژینوساید لەمێژووی کورددا سەیر دەکرێ.[٦]

**ئاوهەوا:**

ئاوهەوای بۆکان ـ جگە لەم چەند ساڵەی دوای دا کە ویشکە ساڵی بووە، بەهارانی پڕباران وپاییزان بای زۆرو زستانەکەی لە ئاخر مانگی پاییزەوە دەست پێدەکاو زۆر جاران پێی لە خاکەلێوەو تەنانەت بانەمەڕ دەنێ وهاوینی پلەی گەرما دەگاتە ٣٥ دەرەجەی سەرەوەی سیفرو زستانانی ساردە. بەکورتی دەتوانین بڵێین وەرزەکانی ساڵ هەرکام لە کاتی خۆی دا رەنگ ورووی خۆی دەنوێنێ.

---

٥- جغرافیا تاریخ کردستان لاپەرە ٦٤

٦- کتێبی «مە ئموورییە تی زانستی لە ئێران » ژاک دو مۆرگان» لە ٥ بەرگدا بەزمانی فرانسەوی چاپ کردوە لەبەرگی دووهەم دا ٤٥ لاپەرەی یەکەمی باسی بۆکان دەکا. کە بەفارسی بەناوی «جوغرافیای غرب ایران» وەرگێڕدراوەتە فارسی. ئەو ماوەیە لەناوچەی موکریان گەڕاوە سەردانی زۆر شوێنی کردوە وەک مەهاباد ومەنگورایەتی و دواتر لەرێگای بورهانەوە چۆتە گوندی سەردەراباد و کاتێک سەیفەدینخان دەمرێ لەگوندی سەردەراباد بوو هەروەها چاوی بەکێوی تەرەغە کەوتوە سەردانی ئەشکەوتەکانی ناوچەی کردوە. دیارە ناو براو وێڕای هەیئەتەکەی پێوشوێنی شتێک بووە.

## ئابووری

ژیانی خەڵکی بۆکان بەشی زۆری لە ڕێگای کشت وکاڵ، ئاژەڵداری وباغداری‌یەوە دابین دەکرێ ولە بەر ئەوەی ئەو ناوچەیە پیدەشتەو زەوی‌یەکی زۆری دێم و بەراوی هەیە. بەشێکی دیکەی خەڵک لەساڵی ١٣٧٠وە هات وچۆی کوردستانی عێراق دەکەن وبە بردەن وهێنانی شتومەک بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن.
گرینگترین بەرهەمی کشت وکاڵی ناوچەی بۆکان ئەمانەن: گەنم، جۆ، گەنمەشامی، گوڵەبەرۆژە، هێرەڵماسی(پەتاتە)، چەوەندەر، لە میوەش: سێو، قەیسی، شووتی، کۆخ، ئاڵووباڵو، هەڵووچە، لە هەموو مێوەکان زیاتر دەتوانین بڵێین سێو کە چەند جۆری باشی لێ بەرهەم دێنن.
دیارە لە بۆکان لەم ساڵانەی دوایی دا وشکە ساڵی زەرەرێکی گەورەی لە ئابووری ناوچەکە داو هەروەها ٣ یا ٤ ساڵە «سن» وەک ئافەتێک زۆربەی ئاواییەکانی گرتۆتەوەو زیانێکی زۆری بە دەغڵ ودانی جووتیاران گەیاندوەو لەو بارەوە دەوڵەت کەمتەرخەمیی کردوەو هەنگاوێکی ئەوتۆی بە سەمپاشی هەڵ نەهێناوەتەوە. لە ساڵی ١٣٦٤ بەم لاوە بە هۆی میکانیزە بوونی ئاودێری بەشێکی زۆر لە دێمەکارەکانیش بوونەتە بەراو. کانگای بۆکسیتی بۆکان کە زیاتر لە ١٤ ساڵە ئێستا کە چەندین ساڵە دۆزراوەتەوەو بە تاڵان دەچێ. لەو ماوەیەدا بەردەوام بەردەکانی ئەم کانگایە بە بیانووی تاقیکاری رادەگوێزرێن بۆ کرمان ودەکرێنە ئالومینۆم. هەروەها سەنعەتی خۆماڵی فەرش چنین کۆڵەکەی ئابووریی زۆر لە بنەماڵەکانی ناوچەی بۆکانە.

**کارخانەی گارگەی بۆکان بریتیی لە:**

رست وچنین، لولەی ئیستلن، موزائیک سازی، پوفەکنمەکی، دەستماڵ کاغەزی، پەنیرسازی، لاستیکی ئیزوگام، سابون سازی. جگە لەوانە نزیک بە ١٠٠ کورەخانەی لێیە کە خشتی سوور بەرهەم دێنن. دەتوانین بڵێین بۆکان لە باری ئابوورییەوە زۆر دەوڵەمەندە و هەر لە مێژە پێی دەڵێن ئەمباری دانەوێڵەی ئازەربایجان.

**شوێنەواری مێژوویی:**

قەڵای« قەڵایچی« یەکێک لەو قەڵا کۆنانەیە کە شوێنەواری کۆنی تێدایەو لە نزیک ئاوایی قەڵایچی لە رۆژئاوا لە ژێر تەپێک دایە. لە ژێر ئەو زەوی‌یەدا ئاسەواری کۆن کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا دۆزراوەتەوە وەک کۆڵەکەی بەرد، بە سەدان خشت کە هەر یەکەی چەند کیلۆ قورسایی‌یان هەیەو وێنەی ئاژەڵ وپەلەوەریان لە سەرە، لە کۆڵەکەی بەردەکەڕا وا دەرکەوتوە کە پادگانی ئەشکانیان بووە. لە ساڵی ١٣٦٦ڕا تا ٧٣ کۆماری ئیسلامی پێگەی لە سەر ئەم قەڵایە داناو لە بەتاڵان بردنی خشتەکانی کە هەر کامەی نرخێکی زۆری هەیە رانەوەستاوەو بە ئامرازی وەک لۆدێر هەموو قەڵای داوەتەوەو ئاسەواری مێژوویی لێ نەهێشتۆتەوە. جگە لەم قەڵایە بە تەپۆڵکە کە وەک شوێنەواری مێژووی حیسابیان لە سەر دەکرێ کە بریتیی لە تەپۆڵکەی تابانی، ئاشەکۆن لە ئەحمەدئاوا، کەڵتەگە، قەڵای تەپی، قەڵاکۆن لە ئاڵبلاغ، تەپۆڵکەی قەرەکەند، داربەسەر، گردی خلیسکێنە و گردەشین لە سەرای ئەحمەدئاغا، تەپۆڵکەی ئاشی لە قەرەمووسالی، گۆکتەپە، گردەشین لە رەحیمخان، گردی مەحموود لە ئەرمەنی بلاغی، کانی کووزەڵە، قەڵای ناچیت، عەولاتەپەسی، کێوی مەقسوود لە مەلالەر، تەپەی عەرەبلوو لە ئاڵیکەند، تەپۆڵکەی سەردەراباد، قەڵای سەردار لە شاری بۆکان، ئەوانە وەک شوێنەواری میللی چاویان لێ دەکرێ.

## باری فەرهەنگی:

خەڵکی بۆکان لە باری فەرهەنگی‌یەوە پێشکەوتوون وبە زاراوەی موکریان قسە دەکەن، عەلاقەیەکی زۆریان بە زمانی زگماکی خۆیان هەیە، بەڵام سیستمی پەروەردەو فێرکردن نەک لە بۆکان بەڵکوو لە هەموو کوردستان داتەپیوە. ئەو ناوەندە وەک ناوەندێکی رێکخراوی پەروەردە قەت بەرنامەکانی لە خزمەت بە بارهێنان وراهێنان، گەشەی فەرهەنگی کوردیی ئەو ناوچەیە نەبووە، حکوومەتە زۆردارەکان پێشیان بە هەر چەشنە هەنگاوێکی جیددی لەم پێوەندی‌یەدا گرتوە. پێویستە بگوترێ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە سەر هەموو کوردستان دا نەگرتبوو وحیزبی دێموکرات لە زۆربەی گوندەکان‌دا حزووری هەبوو، کلاسی کوردی بە هاوکاری خەڵک پێک هێناو دەرسی کوردیی تێدا گوترایەوەو بەشێکی زۆر لە خەڵکی ناوچە فێری خوێندن ونوسینی کوردی بوون.

لە ناوچەی بۆکان عالم وشاعیرو سیاسەتمەداری گەورەی لی هەڵکەوتوون و لێی لە دایکبوون. کە دەتوانین لە قزڵجی‌یەکان، عبدالحمید عبقری‌تورجانی، عباس حقیقی، سەید کامیل ئیمامی(شاعیر)، خاڵەمین »سیدمحمدامین برزنجی« (شاعیر)، سوارەی ئیلخانیزادە(شاعیر)، عبدالرحمان شەرەفکەندی (هەژار) شاعیر ونووسەر، سیاسەتمەداری گەورەی وەک شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات کە ساڵی ١٣٧١ بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئسلامی لە برلێنی پێتەختی ئاڵمان شەهید کراو هەر وەها کەسایەتیی وسیاسەتمەداری وەک خوالێخۆشبوو کاک سەید سەلام عەزیزی کە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بوو، ناو بەرین.

## تێکۆشانی سیاسی لە ناوچەی بۆکان

بەشداری خەڵکی ناوچەی بۆکان لە کاروباری سیاسی دا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشداریان لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا کردووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا(١٣٢٤) لاوانی ئەوکات لە نێو ریزەکانی حیزبی دیموکرات‌دا خۆیان سازمان داو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، نیزامیی دا بەشداری چالاکانەیان لە کۆماری کوردستان‌دا کرد. کەسایەتیی گەورەی وەک حاجی بابا شێخ سەرۆک وەزیری کۆماری کوردستان بووەو عەلی شێرزاد فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان، کە دوای تێکچوونی کۆمار لە لایەن رێژیمی شاوە لە سێدارە دراو هەر وەها لەو سەردەمەدا لە بۆکان بڵاو کراوەی ئەدەبی بە ناوی «هەڵاڵە» لە بۆکان چاپ وبڵاو کراوەتەوە. کە کۆماری کوردستان تێکچوو و سێبەری دیکتاتۆری باڵی بە سەر کوردستان دا کێشا شانەکانی حیزبی بە نەهێنی دەست بە کار بوونەوە. لە پاییزی ساڵی ١٣٣١ دا راپەرینی جووتیارانی موکریان بە پشتیوانی و رێنوێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە سەردەمی حکومەتی میللی دوکتور مصدق‌دا ناوچەکانی فەیزوڵابەگی گرتەوە، شێوەی سیاسی بە خۆیەوە گرت. زۆری نەکێشا کە ناوچەکانی شامات وشارۆیران ومحاڵیشی گرتەوەو لە ناوچەی بۆکان ئاغاکان گوندەکانیان چۆل کردو چوونە شاری بۆکان. لەماوەی چەند رۆژێک زیاتر لە هەزار کەس لەخەڵکی ناوچەی بۆکان لەگوندی ئاڵبڵاغ کە ناوەندی جووڵانەوە بوو، بەتایبەتی فەیزوڵابەگی لەپێشەوەی هەموان حاجی قاسم کەریمی و رەئۆف حافزوڵقورعان و عەبدوڵڵا ئێرانی هێرشیان کردە سەر ئاغاو دەرەبەگەکان خۆیان بەشاری بۆکاندا کردو تەنانەت چەند رۆژ لە شاری درێژەی کێشا، سەرئەنجام ئاغا و دەرەبەگ پەنایان بۆ دەرباری شا بردو زۆری نەخایاند کە ئەرتەشی دیکتاتۆری حەمەرەزا شا بە پشتیوانی نۆکەرو ئاغاکانیانەوە تا بەهاری ١٣٣٢ راپەرینەکەیان سەرکوت کرد و چەند کەسیش لەبۆکان شەهید بوون. سەرکوتی جووتیاران بە رادەیەک بێ رەحمانە بوو کە مناڵەکانیان بە

بێشکەوە لە چۆمی تەتەهوو داویشتن کە خەڵکی قەباغکەندی منداڵانیان بە لانەکەوە دەگرتەوەو ڕێبەرانی جووڵانەوەش پەڕیوەی هەندەران بوون و حاجی قاسم لە ساڵی ١٣٨١ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.
ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ ناوچەی بۆکانیش وەک ناوچەکانی پیرانشار، سەردەشت، بانە، مەهاباد وشوێنەکانی دیکە جێگای ئەندامانی حیزب وکادرەکانی لە مەیدانی خەباتی چەکدارانە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو. لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دا گرتنی پاسگاکان لە لایەن خەڵکەوەو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب بنکەکانی حیزبی دیموکرات لە نێو شاردا، دامەزران وخەڵک ناوی خۆیان دەنووسی. بۆکان پاش فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان دواین سەنگەری خۆڕاگری بوو. کە تا ساڵی ١٣٦٠ لە دەست حیزب دابوو وتام وچێژی ئازادی بینی. لە بۆکان خەڵک بۆ مەجلیسی شووڕا کە کاندیدای خۆی هەبوو و بۆ مەجلیسی موئسسان کە حیزبی دیموکرات کاندیدای خۆی هەبوو بە تـەواوی سەرکەوتوو بوو. بۆ مەجلیسی موئسسان خەڵکی بۆکان دەنگیان بە ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو دا. بە دوای ئەوەی وتووێژ لە گەڵ حکوومەتی تازە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد بێئاکام مایەوە شەڕ دژی گەلی کورد دەستی پێ کردەوە وپێشمەرگەکانی هێزی بەیان جگە لە ناوچەی بۆکان بە دەیان سەدان عەمەلیاتی قارەمانانەیان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان وەک( پیرانشار، ڕەبەت، بانە، سەردەشت، مهاباد، میاندواو، ساینقەڵا، سەقز، مەریوان، دیواندەرە) بەڕێوە بردوو زیاتر لە ٢٥٠ کادرو پێشمەرگەی لەم ڕێگا پیرۆزە دا گیانیان بەخت کردوەو بە دەیان ڕۆڵەشی بوونەتە کەم ئەندام. ئێستا بە دەیان قارەمانی لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا درێژە بە خەبات وتێکۆشان دەدەن وتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی شەهیدان وحیزبی دیموکرات، کە دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردە و ئازادی نەتەوەی کوردە تێ دەکۆشن.

کۆتایی